`

# بەشیر موشیر



## ئەو سەرۆکەی نە درۆیکردوە نە راستیوتوە

## دەوڵەتی ساسانی پێکئەهێنێتەوە

❊

## کامیل ژیر

`

**ناوی پەرتوک: بەشیر موشیر**

**نوسەر: کامیل ژیر**

**ئەم پەرتوکە لەسێ بەش پێکهاتوە:**

**١-فەلسەفەی بەشیری**

**٢-رۆمانی بەشیر موشیرو رێگەی سەربەخۆیی**

**٣-شانۆنامەی بەشیر موشیر  بەهۆنراوە**

**چاپی: ٢٠٢٢**

**<u>وەک سەرنجێک</u>: پێشتر دو پەرتوکمان لەسایتی بەڕێزی ئەمڕۆدا بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناوی (فەلسەفەی بەشیری و داستانی بەشیر موشیر)دا بەقەبارەو ناوەرۆکێکی کەمەوە. لەم پەرتوکەدا، بەلێزیادکردنێکی زۆرەوە، لەگەڵ شانۆنامەیەکدا، هەمویان بەیەکەوە بڵاوئەکەینەوە. هیوادارم زانیارییەکی زیاترم پێشکەش بە بەشیردۆستان کردبێ.**

# ناوەرۆک

**ل٩-بەشی یەکەم: فەلسەفەی بەشیری**

٢١-بەشیر موشیر لەهۆنراوەکانما

٣٠-بەشیر موشیر لەکورتە وتارەکانما

٥٧-لەئێوارە کۆڕێکا

٦٠-باخچەی بەشیر موشیر

٦٥-گەڕایەوە بۆسلێمانی

٧٠-هەژارو خەزنەدارو ئیزی خۆیانبەدەرکردندا

٧٢-خۆری بیرۆکەی کاژیك

٧٦-وتەو نوسراویتر لەسەر بەشیر موشیر

**١٠٥- بەشی دوەم: رۆمانی بەشیر موشیرو رێگەی سەربەخۆیی**

١١٤- بەیانی خۆپالاوتنی بەشیر بۆپەرلەمان سالی ١٩٢٨

١٢٠-بەیانی خۆپالاوتنی بەشیر بۆپەرلەمان سالی ١٩٣٧

`

١٢٥-خەوەکەی شامیل

١٢٧-لەدوکانی بەرگدویەتییەوە بۆباڵێوزخانەی کوردستان

١٢٧-با هکومەت گەواد نەبێو منیش دژینەبم

١٢٨-بەشیرو نەوت

١٣٠-دەمەتەقێی بەشیرو مریدەکانی

١٣٤-کوردی گەیانە سەد ملیۆن

١٣٨-تۆ کە نازانی بۆپرسیارئەکەی!

١٤٠-کێشەی داماو

١٤١-هۆی ناکۆکیی سۆڤێتو چین

١٤٢-بەپاپۆر لەتارانەوە چوە بۆئەستەموڵ

١٤٤-رازوگلەیی نێوان رەفیق هیلمیو برایم ئەهمەدو بەشیر موشیر

١٤٦-بەشیرو ئەهمەد شوکری

١٤٨-بەشیرو ئەفتابی سەبعە

١٤٩-بەشیرو فسکولبەسەرەکان

`


١٥١-هەژاری دەرکرد

١٥٢- سیپارەی هەقپەرستی ١٩٣١

١٥٤-سەفەری ژیرو دەنکەکەی بەشیر

١٥٥-بەشیرو هێلگاو لۆدڤیك

١٥٨-بەشیر زیندانیکرا

١٦٣-بەشیرو مەجی شەیتان

١٦٦-وەسێتەکانیو دواڕاسپاردەکانی

١٦٨-دوای کۆچی دواییەکەی

١٧٤-هۆنراوەی قارەمان

١٨١-هۆکانی نەبونی دەوڵەتی کوردی

٢٠٢-چارەسەرییەکان

٢٠٥-مریەم باڵیگرت

٢٢٦-هۆنراوەی چەك

٢٣٣-راپەڕینە گەورەکە

`

٢٣٨-هێزەکانی ڕژانە ناوەند

٢٤١-دەوڵەتی ساسانیو مادی دوەم پێکئەهێنێ

**٢٤٢-بەشی سێیەم. شانۆنامەی بەشیر موشیر بەهۆنراوە**

**٢٩٤-بەشیر موشیر لەدیدی نوسەرانو هونەرمەندانەوە.**

**٢٩٨-سی ڤی نوسەر**

**CurriculumVitaeC.V**

`


باخچەی
بەشیر موشیر

`

# بەشی یەکەم

# فەلسەفەی بەشیری

`

ئیتر وایه، هەنێ کەس گەمەکەی لێئەبێ بەڕاستو ئەکەوێتە مشتومڕ! هەیشە تا ختوکەی نەدەی پێناکەنێ.

گەمەی فەلسەفە، چەندین چەرخ مروڤایەتیی بەجۆرەها مشتومرەوە خەریککرد کە ئەگەر بەهەمویان دەریایەکی لیپڕکەی، بەڕادەی ئەو موبایلەی ئەوەندەی چوار پەنجەیە، راژەی مروڤایەتییان نەکردوە. مەبەستم ئەوەیە ئەمڕۆ تەکنەلوجیا تەنگی بە فەلسەفەو وێژە هەلچنیوە. ئەی فەلسەفە چیە؟ بەکورتی، فەلسەفە بیرکردنەوەیە بۆپەیبردن بەنهێنیی دیاردە نەزانراوەکان. لەم پێناسەیەش کورتتر: فەلسەفە زانینی نەزانراوەکانە. یا: لێکدانەوەی سروشتی بون.

ئنجا ئەگەر ماوەیەك بگەڕێینە دواوە، ئەبینین ئەو هەمو پایەبەرزو خوێنەوارو رۆشنبیرانەی، ئەفلاتون ئاسا، خۆیانکردۆتە شاگردی بەشیر، وەك شاگردییەکەی ئەفلاتون بۆسوکراتو شەپۆلێکی وەهمییان بۆ بەشیر موشیر دروستکردوە کە فەیلەسوفبوە، راستیانکردوە. دیسان ئەگەر بڵێین خوێنەواریو بڕوانامەی بەرز مەرجێکنیە بۆفەیلەسوفێتی، ئەمیش هەر راستە.

فەیلەسوفە ناودارەکانی جیهان وەك سوکرات، ئەفلاتون، ئەرەستو، دیکارت، هیگل، نیتشە، شوبنهاوەر، فیورباخ، سارتەر، فوکو، پوپەر، مارکس، راسلو هتد هەمویان خاوەن بڕوانامەی بەرزنەبون. هەروەها پەیامبەرەکانیش. ئیسلام بەوەوە

`

شانازی ئەکا کە پەیامبەرەکەی نەخویندەواربوە. زوربەی پەندی پێشینانی نەتەوەکانیش، هی نەخوێندەوارەکانیانن.

من نازانم کێو چۆن سوکراتو بەشیری بە یەك چواندوە. ئەشێ ئەوە لەوەوەبێ کەبیروکەکانی هەردوکیان، خەلکیتر نوسیویانەتەوە وەك ئەفلاتونو زەینەفون بۆسوکرات، نەبەزو ژیرو زۆریتر بۆبەشیر. یا بەوەی هەردوکیان دژی چەواشەکاریبون (سەفسەتە). یابەوەی هەردوکیان دژی رژیمبون. یابەوەی هەردوکیان رژیمی دیکتاتوری لەناوبردن. جیاوازیی نیوانیشان ئەوەیە کە ئەفلاتونی زیرەکترین شاگردی سوکرات، بەخۆیو بەبۆماوەی وەستاکەشیەوە، نەگەیشتە وەلامی ئەو پرسیارەی دنیا چۆن دروستبوە؟ تەنیا ئەوەندەی وت :(خودا دنیای دروستکردوەو دوایی بیریچوتەوە، کە بەم وتەیە ریسەکەی خۆیانی کردوتەوە بەخوری! بەلام فەلسەفەکەی بەشیر کەدوایی دیمە سەری، ئامانجەکەی خۆی پێکاوە.

تا ئیستا فەلسەفە گەلێ بواری گرتوتە خۆ، وەك فەلسەفەی: مادی، نامادی، زانست، زانین، ئاین، پەروەردە، دەرونی، بیرکاری، شیکاری، میژو، یاسا، زمان، سیاسەت، فیزیك، فەلسەفەی فەلسەفە، واتا دوای فەلسەفەو هتد. رای فەیلەسوفەکانیش بەرامبەر ئەم بوارانە بەپێی سنوری جوگرافیایان، یا بەپێی دیدگایان، جیاوازن لەیەکدیو کۆکنین لەسەر یەك را، وەك: فەلسەفەو فەیلەسوفەکانی: گریکی، روژهەلاتی، چینی، یابانی، هیندی، ئنگلیزی، فەرەنسی، ئەلمانی، روسی، ئیسلامی، بوزی، کوردیو هتد.

`

بەلام گرنگیی فەلسەفەکەی بەشیر لەچاو ئەوانیکەدا، لەم دو خالەدا چڕئەبیتەوە:

1-لەهەمو ئەو فەلسەفانەیتر جیاوازە..

2-هەموانیش لەسەری کۆکن.

ئیستا دیمە سەر گەوهەری فەلسەفەکە، یا لیکدانەوەی ئەو دو خاڵە.

فەلسەفەی بەشیری، فەلسەفەی پێکەنینە.



بەلێ پیکەنین. پیکەنین لایەنیکی گرنگە لەژیانی مروڤا. پیکەنین زەردەخەنە ئەخاتە سەر لێوان، خۆشیی ئەباتە ناو دڵان، رەوینەری پەژارەیە، بۆنەخۆشی چارەیە، پارێزەری دڵە، ئەندامەکانی لەش چالاکئەکا، ماسولکەکان بەهێزئەکا، وزەبەخشە، ئامێری بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوە ئەپارێزێ، دڵەڕاوکێو گرژی ناهێڵێ، شآنەکانی بەرگری زیادئەکا، گەشبینی ئەبەخشێ، هۆکاری داهێنانە، خەمڕەوێنە، ئازارشکێنە، پەتاپەڕێنە، کەمکەرەوەی پاڵەپەستۆی خوێنەو گەلێ سودیتر. بەشیر

`

موشير فەیلەسوفو پزیشکی ئەم لایەنە گرنگەی ژیانبو کە تائێستاو تا هەتاش راژەی نەتەوەکەی پێئەکا.

دو خەسڵەتی کەسێتی کە لەبنچینەدا دژ بەیەکن (ساویلکەیەتیو بلیمەتی) لەپێکهاتەی بەشیر موشیردا هاوتەریبو گونجاوبون. بەشیر لەباری ئاساییدا کەسێکی سادەو ساویلکەبو. لەکاتی خەوو خەیاڵا: فەیلەسوف، جەوامیر، ئازا، سیاسەتکار، هۆنیار، سەرۆکبو. ئەو خەوو خەیاڵی لائەبو بەراستی. گەلێجار کەسایەتییە بلیمەتییەکەی کە لەکاتی خەوو خەیاڵا ئەکەوتە کار، تاچەن رۆژێ یا چەن مانگێ بەرینەئەدا. ئەو کە ئەیوت لەتارانەوە بەپاپۆڕ چوم بۆئەنکەرە یا ئەستەموڵ! خۆی وایئەزانی ئەوە راستبوە. بەدرۆینەبو. ئەشێ لەخەویا، یا بەخەیاڵ ئەو گەشتەی کردبێ. جا ئەگەر کەسیکی نەشارەزا لەپێکهاتەی بەشیر، بیوتایە ئەمە راستنیە، چونکە لەنیوان تارانو ئەستەمولۆ ئەنکەرەدا دەریا نیە، ئەو ئەم قسەیەی زور بەلاوە سەیربو! ئەیوت تۆ ئەجیبی (عجیبی)  من خۆم چوم!. خۆ ئەگەر ئەو کەسە لەسەر رەخنەکەی خۆی پێداگربوایە، بەشیر وەك کەسیکی نەزان سەیری ئەکردو پێیئەوت: تۆخەزنەی زانست نیت، تۆ خەزنەی ئەوەیت! هەی دیماغ: من باسی ئیستا ناکەم، باسی سەفەربەر ئەکەم! (ئالێرەدا کەسیتییەکەی دوەمی سەری هەلئەدا)و ئەیوت: بۆچی من نازانم ئیستا ئەو دەریایە نیە!؟

من(ژیر) جارێك لەلەندەن ساڵی ٢٠٠٥ چومە موزەخانەیەك، لەگۆشەیەکا وینەو هیڵکارییەکی بزواو هەبو، پیشانیئەدا کە هەمو **25** هەزار ساڵ جارێك، وشکانی زەوی، هەموی لەیەکئەداتەوە، واتا هەمو کیشوەرەکان یەکئەگرنەوەو ئەنوسێن

`

بەیەكدیەوەو هەمو دەریاكانیش یەكئەگرنەوەو ئەنوسێن بەیەكەوە، جاریكیكەش لەماوەی 25 هەزار سالیكەدا، لەیەكتر جیائەبنەوە. پێكەنین گرتمیو لەبەرخۆمەوە وتم: كێ ئەڵێ ئەمەش وەك دەریا خەیاڵیەكەی بەشیرنیە كەئیستا وشكیكردوە!.

دو ئەندامی هەوتەی مژدەبەر:

جەمال نەبەزو كامیل ژیر. ئەم وێنەیە لەلەندەن گیراوە ٢٠٠٥/٧/٣٠

`



بەشیر موشیر چەندین داستانی شەڕی جیهانی یەکەمی بۆئەگیراینەوە کە خۆی تیایانا زاپت کوماندانیبوەو جەوامێریو ئازایەتیو بلیمەتیو جەربەزەیەتیی سەرسوڕهینەری تیادیون. ئیستا، کەئەوانەم بیرئەکەویتەوە، کێئەڵێ ئەو پالەوانێتیانەی هەنێ لەسەرکردەکانی کورد لەچیاکانا ئەیگێڕنەوە، یاپیمان ئەفروشنەوە، وەك خەونەکانی بەشیر نیە!؟ لەگەڵ ئەو جیاوازیەدا کەبەشیر وایئەزانی راستبوەو ئەمان چاك ئەزانن هەمیشە لەهێڵەکانی دواوەبون.

بەوجورە جیاوازیی فەلسەفەکەی بەشیر لەوەدایە کەهیچکام لەفەیلەسوفەکانی جیهان، لەدەرگای فەلسەفەی پیکەنینیان نەداوە، مەگەر بەدەگمەن. وەك کاراکتەریکی ئەو بوارەش، بەشیر پێش دونکیشوت کەوتوە بەجیاوازیی ئەوەی نەتەوە زیندوەکەی ئەو، دونکیشوتی کرد بەکەسیتییەکی جیهانی. بەلام لەناو کوردەکەی ئیمەدا، هیشتا فەلسەفەی بەشیری پرسیارە!! جیاوازییەکیکەی فەلسەفەکەی بەشیر لەوەدایە کە ئەم بەخۆڕسکی دروستکەری ماکو گەوهەری

`

پیکەنینبو، نەك پیکەنینی دەسکرد. واتا خۆی بۆپیکەنین، ئەو شتانەی نەئەوت، بەلای خویەوە راستبێژیبون، بەلام ئەبون بەهۆکاری پیکەنین، کەواتە فەیلەسوفیتیەکەی ئەو، لە کەسیتیە بلیمەتیە خەیاڵیەکەیدابوە کە ئەبو بەمایەی پێکەنینو بەختیاریو تەندروستی بۆهەوادارانی سەردەمی خۆیو نەوەکانی داهاتوشمان، یا بەواتایەکیتر، راژەیەکی زۆر بەنەتەوەکەمان کە جێی خۆیئەبێ شوێنێکی گشتی بکرێ بەناویەوەو یادیبکرێتەوە. (ئەم پێشبینییەمان هاتەدی بەوەی باخێکی گشتیمان لەسلێمانی کرد بەناوییەوە)

جیاوازیی سێهەمیش ئەوەیە، وەك لەخاڵی دوەمی سەرەوە وتمان، هەموان لەسەری کۆکن بەهەمو بیروباوەرەکانی چەپو راستو ناوچەکانی ئەمسەر تائەوسەری کوردستانو بگرە هەنێ لەرۆشنبیرەکانی جیهانیش وەك: (کارل دانینگەر لەڤیەنا، خاتو هیلگاو خاتوڤیلتراو خاتو هەنەلورە لەبەرلین، مادام برونزینۆ لەژنێڤ، خاتو ئیرمگارد لەمیونشن) کە ئەوانەو ئیمەش، هەمو بلیمەتیو فەیلەسوفیو جەوامیریو قیبلەی ئامالو سەرکردەیەتیە خەیاڵیەکەی بەشیر موشیرمان لاپەسندە، هەرچەنە خۆی جارجار ئەیوت: هیشتا میللەتی کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی سەرکردەیەکی وەك منی هەبێ! ئەوەبو نەبەز پێیوت: هیتلەریش وتویێتی گەلی ئەلمان هیشتا نەگەیشتوتە ئەو ئاستەی سەرکردەیەکی وەك منی هەبێ. بەشیریش سەرێکی بوئەلەکێنێو ئەڵێ: ئەویش راستی وتوە.

کەواتە شاگردەکانی بەشیر، جامی بەتالیان بەمەرکانەی پڕدا نەکردوە، موشیر هەر کەسایەتیە خەیالیەکەی خوی، جامێکی پڕی فەلسەفەی پیکەنینبو.

`

دیاردەکەش دیاردەی گەورەکردنی نەخویندەوار نەبوە وەك ئەوەی ئیستا هەیەو روشنبیرەکانی دەربار، سلاوات لەدیار نەخوێندەوار ئەدەن. جیاوازیی بەشیرو سەرکردە نەخویندەوارەکانی ئەمڕۆ لەوەدایە: بەشیر بەخەیاتیەکەی دەولەمەنبو، بەلام کە دوکانەکەی کردە یانەیەکی بچکولە بۆکوردایەتی، هەژارکەوت. کەچی ئەو سەرکردە نەخویندەوارانەی بەجوتێ سۆلەوە خۆیانکوتایە ناو راپەرینی خەلکی کوردستانو دەسیان بەسەراگرت، بونە دەولەمەنی رادەبەدەر. دواشانازییەکیش کەئەبێ میژو بۆبەشیر موشیری بنوسێ، ئەوەیە: ئەو مروڤە ساویلکە نەخوێندەوارە کوردپەروەرە: بۆکورد ژیاو بۆکورد مرد. تادوا هەناسەشی لەخەمو خولیای سەربەخۆیی کوردستانابو.

سەبارەت بەم مرۆڤە بلیمەتە ساویلکەیە، من زۆرم نوسیوە. نزیکەی 7ساڵیش لەگەڵیا ژیاوم. یەکەمجار ساڵی 1954 چومە دوکانەکەی لەشەقامی رەشیدی بەغا بەرامبەر مزگەوتی هەیدەرخانە بۆکڕینی رۆژنامەی ژین. هەر ئەو ساڵە نەفیکرام بۆ شوئەیبە. دوایئەوە، سەرەتای 1957 بەدیداری شادبومەوە. ئەوکاتەش هەر دورخراوەیەکی سیاسیبوم بەفەرمانی دائیرەی ئەمنی سلێمانی بۆئەبوغرێب، بەڵام بەدزیی پۆلیسخانەی ئەبوغرێبەوە، زۆر رۆژ هاتوچۆی بەغام ئەکرد. روانیم جگە لەڕۆژنامە، کتێبیشی ئەفرۆشت. سەرکەوتمە سەر دوکانەکەیو هەنێ کتێبیشم جیاکردەوەو پارەکانیم دایە. پرسیی تۆ کێی؟ خۆمم پێناسان. ئیتر هەرچەن بچومایە بۆبەغا، سەرێکی ئەویشم ئەدا. لە وتەکانیاو بەپێی ئەو سەرگروشتانەی بۆیئەگێڕامەوە، وردەوردە بۆمدەرکەوت کەسێکی ئاساییینیە!. کوێرەخەتێکی هەبو، خۆی بە سەرۆکو بلیمەتو فەیلەسوفو هۆنیارو نوسەرو پاڵەوان ئەزانی! دوکاندارێبو،

`

خۆی بەسەرۆکی هەمو کورد ئەزانی! کەسێکی سادەبو، هەمو کوردەکانی بەغاشی بەخوێنکاری خۆی ئەزانی بەوەزیرو سیاسەتکارانیشەوە! لەهەمو شەڕەکانی دەوڵەتی ئوسمانیا، ئەو براوەبوە!. مریەمی کچی سەرلەشکرەکەی خۆی لەسوپای ئوسمانیا بەدڵخوازو شێتوشەیدای خۆیئەزانیو گەلێ تایبەتمەندییتر کەبەدەم خوێننەوەی بەسەرهاتەکانییەوە ئەیانبینین. جا وەنەبێ ئەو کەسێکی درۆزنبوبێ. نەخێر، ئەو زۆر دژی کەسی درۆزنبو. ئەو هەرچیی بەخەیاڵو خەو ببینیایە، لێیئەبو بەڕاست! بەکورتی دو کەسێتی لەودا کۆبوبوەوە، کەسێتییەکی راستینە وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی، کەسێتییەکی خەیاڵیش وەك ئەو خەسڵەتانەی ئاماژەمان بۆکرد. بۆیە من وتومە: بەشیر موشیر ئەو سەرکردەیەی نەدرۆی کردوە، نەڕاستی وتوە!. درۆی نەکردوە چونکە خەیاڵو خەوەکانی لەلائەبو بەڕاست. راستیشی نەوتوە چونکە خەوو خەیاڵ نابن بەڕاستی.

کەسێتییەکی وەك بەشیر موشیر، زۆر بەدەگمەن لەمێژودا بەدیئەکرێ. تائێستا مەگەر دۆنکیشۆتی بەناوبانگ لەچەرخی شازدەهەما هەڵکەوتبێ. دۆنکیشۆت لەبنەماڵەیەکی خانەدانبو، بەڵام بەو هۆیەوە کەکتێبەکانی سوارچاکیی زۆر خوێندبوەوەو کەم ئەنوستو خۆراکی کەم ئەخوارد، زۆر لەڕولاوازبو. هەنێ رۆژ ماڵەکەی بەجێئەهێشتو خۆیو ئەسپە لاتەکەیو خولامە گەمژەکەی، ئەیاندایە دەشتو کێوو بەدوی سوارچاکێتیدا وێڵبو تا جارێك گەیشت بەئاشێکی با و ئاشەکەی لێبو بەدێوێکو هەڵیکوتایە سەریو بەشمشێرە کولەکەی تێکوپێکی شکان. هەروەها رانە مەڕێکی بەدیکردو وایزانی لەشکری دوژمنەو تێیانکەوتو زۆری لێکوشتن!. بەوجۆرە هەر رۆژەو جەربەزەیەتییەکی لەو جۆرانەی ئەنوانو دەمەو ئێوارە وەك

`

سەرکەوتویەکی جەنگ، بەدڵێکی خۆشەوە، ئەگەڕایەوە بۆماڵەکەی خۆی!. بەشیر موشیریش بۆیگێرامەوە کەلەجەنگی جیهانیی یەکەما، زابتکوماندانی بوەو بەرەوڕوی لەشکرێکی 30هەزار کەسیی ئنگلیزبۆتەوە. سەربازەکانی ئەم کە ژمارەیان تەنیا 30سەربازبوە، ورەیان بەرداوە، بەڵام ئەم دیماغی خستۆتەکارو پێیوتون مەترسن، یەکی خاکەنازێ ئەگرین بەدەستمانەوەو ئەیدەینە بەر گوللەکانی ئەوانو بەدەستەکەیتریشمان تەقەیان لێئەکەین، تەنانەت بە قەمەو تیروکەوانیش هێرشئەکەینە سەریان ئەگەر گوللەمان پێنەما. بەوجۆرە ئەو سوپا زۆرەی ئنگلیزی شکان. ئەشیوت: بەدینی پێغەمەر ئەو ئنگلیزە گەوادانە شکانێ شکان، تائێستاش خۆیان بۆنەگیراوەتەوە!.

بەرلەوەی من ئەم کەسێتییە خەیاڵاوییە بناسم، زۆر کەسیتر ناسیویانەو باوەڕیان بەوەهێناوە کە ئەم مرۆڤە هەڵکەوتەیەکی تایبەتیی هەیەو شایستەی ئەوەیە گرنگیی پێبدرێ. یەکەم کەسێ لەوانە، هۆنیارو نوسەری گەورەی شاری کەرکوك ئەبدولخالق ئەسیری بوە کە ساڵی 1931 سێپارەی هەقپەرستیی بۆنوسیوە. جا وەنەبێ خۆیشی دەستینەبوبێ لەو جۆرە نوسینانەیا. ئەو بە دەمیی سەرەتایەکی بۆئەدرکانو پێیئەوت دەئیتر خۆت تەواویکە. لەبەرئەوە، دوایی هەمو ئەو نوسینانەی بەهی خۆی ئەزانی!.

`

## شەش لەباوەڕدەران بەبەشیر



**مەدحەد موفتی، عەلی تۆفیق، کامیل ژیر، بەشیر موشیر، محەمەد نوری، هەژار، جەمال نەبەز.**

`

## بەشیر موشیر لەهۆنراوەکانما



### ١-پێشبینییەک

گەلیَ ئازادیی لەیادو بیربیَ

خاوەنی رۆڵەی وەکو بەشیربیَ

بەشیر موشیربێو کاملۆ ژیربیَ

بۆ کوردستانی قەڵغانی شیربیَ

`

ئەو گەلە ئەبێ بگا بەئاوات

سەربەخۆ هەڵگا بەیداخی وڵات — بەغدا ١٩٥٧

## ٢-نامەیەک لەبەشیر موشیرەوە لەوەلامی نوسینیکی گۆڤاری سیخورمەدا:

من نەمردوم

من فریشتەی کوردایەتیی هەمیشە بێدارو زیندوم

من کەی وەستام !؟

من مامۆستام

من بەشیرم، روگەی هیوای سەرتاسەری کوردستانم

من پزیشکی پرۆفیسۆر، تەکاندەری تێکۆشانم

بۆ ئەمدەنە بەر سیخورمە!؟

خۆمن هەرچی نوسەر هەیە، قوتابیمە، یاخود کوڕمە

دەبا منیش پێتان نەڵێم : ترِی ئەولادی ئەم عەسرە

لە زاخۆوە  هەتا بەدرە

نانا نایڵێم، ئەگەر ئێوە بەشەڕنەیەن لەسەر پارە

`

**ژنو منداڵی ئەم کوردە نەکەن پێشێلو ئاوارە**

**بۆ ئەمدەنە بەر سیخورمە!؟**

**بەسەو شەرمە**

**کۆتایی بێنن بەم شەڕە ئابڕووبەرە**

**شەڕی کوردان کەی رەوشتی تێکۆشەرە**

**لەسایەی ئێوەوە ئێستا دزو جاشو جلخوارەکان**

**بونە ئاغاو خانەناخوێی نائاوارەو ئاوارەکان**

**زۆر بیزارم لەکردەتان**

**ئاگادارم لەبردەتان**

**چیە ئەم ژانو ئاوسانە**

**ئەم هەمو ماڵو سامانە !؟**

**چیە ئەم ژن لەسەر ژنە**

**ئەم رێگە ئاڵۆزو ونە ؟**

**بەسە ئیتر گومرگێنەو کورسی کورسی**

`

دو هکومەت لەسەر سکی خەڵکی برسی

بۆئەمدەنە بەرسیخورمە، بەسە ئیتر: وەستا وەستا !

وەرنەوە سەر ڕێگەی ژیری، هاکا میللەت لێتان هەستا

هەتاکەی تاڵانوبڕی ؟

کێ بەدزی، نەمرێتی بۆخۆی کڕی؟

ئەمەچیە ڕۆژێ شەڕو ڕۆژێ ئاشتیی درۆیینە، بەپێغەمبەر

نەبن بەیەك، خۆم دێمەوە کوردستانو ئەبمە ڕابەر

(ئەم هۆنراوەیەم هی کاتی گەرمەی شەڕی ناوخۆکەی جەلالیو مەلاییە، ناردم بۆ گۆڤاری سیخورمە، بلاوینەکردەوە)

## 3-یادێک

هەبو نەبو، پیرێ هەبو

درەنگ هاتو، زو لەدەسچو

ئەم لاوە، ئەم گەورە پیرە

ئەم ساویلکە داناو ژیرە

هەژارێبو، ساماندارێ

`

**بێ سەوادێ، خوێندەوارێ**

**کێشەی نەبو، خەمی هەبو**

**نەدویەکی  قسەلەڕو**

**لەخۆبایی، بەبێ هەوا**

**گەدایەکبو، فەرمانڕەوا**

**راستی لەناو درۆیابو**

**رەشو سپی لەخۆیابو**

**وایئەزانی لەبەرچاوە**

**بلیمەتە، گەورەپیاوە**

**ناوی هەمیشە لەبیرە**

**هەم بەشیرەو هەم موشیرە - سلێمانی ٢٠٠٦**

**٤-نەوجوانێ**

**هەبو نەبو، نەوجەوانێ**

**کاملۆ پیری موغانێ**

`

**پیادەڕۆیە، شۆڕەسواری**

**بێ کەسی، خاوەن هەزاری**

**ئەیوت لەجۆشی گریەمدا**

**من بوم فومکرد بەمریەمدا**

**رۆمانی مریەم و بەشیر**

**لە مێژودا ناچێ لەبیر**

**کە تیری بۆنایە کەوان**

**گوللەی بۆخستە دەمانچە**

**زۆری نەبرد هێنایە ژان**

**کەس نەیزانی ژن یا کچە!؟**

**بەشیر خۆی سواری مەیدانبو؟**

**یا نێردراوی یەزدانبو؟**

**ئەوە پرسیارێکی توشو**

**فرە رەهەندو ئاڵۆزە**

`

وەکو فریشتەکەی مریەم

هەم زانیە، هەم پیرۆزە

سلێمانی ٢٠٠٧

٥-جەنگاوەرێ

هەبو نەبو، جەنگاوەرێ

ئاشتیخوازێ، شەڕنەکەرێ

کە دیماغی ئەخستەکار

کۆڵێئەدا بەئیستیئمار

رۆژانێکی سەفەر بەربو

\`

جەنگی یەکەم، سەرتاسەربو

ئەمیش زابت قوماندانی

نەخێر شەڕ زۆریبۆهانی

بەخاکەناز کە ئەیوەشان

ئەیدایە بەر گوللەی ئەوان

بەدینی پێغمبەرو خوا

ئەو ئنگلیزە جۆرێ پوا

بە زینێکی وەها بەزی

لەشەرما دەستی خۆی گەزی

بەسەرێکی شکاوەوە

بەبنێکی دڕاوەوە

ئەمجارەش هەر لەبەسرەدا

هەمان نوچی ئەوجارەیدا

وێنە زۆرە، وێنە دیارە

`

**مشتێ نمونەی خەرواره**

**بەشیر واتا هەمو میللەت**

**هەم ساویلکە، هەم بلیمەت**

## ٦-بەشیر هاتە خەوم

## ٧-لەبازنەی بەتاڵ مەخولێنەوه

**ئەم دو هۆنراوەیەو چەن کورتە هۆنراوەیەکیتر، دوایی، لەجێگەی خۆیا، هەر لەم پەرتوکەدا ئەبینن. وەك: بەشیر موشیری کوردی ئازادە – کی جیاخواز نەبێ دیارە گەوادە.** بەسە ئیتر، کرمەکەون لەسەر دۆلار، بیگێڕنەوە بۆنەتەوەی کوردی هەژار، بەسە ئیتر بێدیماغی، بە پێغەمبەر، هەروەهابن، خۆم دێمەوەو ئەبمە رابەر

## بەشیر موشیر لەکورتە وتارەکانما:

### بروسکەیەک لە بەشیر موشیرەوه

لەو رۆژەوە کە بەجەستە، نەك بەگیان، ماڵئاواییم لێکردون، واتا **1963/6/30**، ئەوەنەی ئەمرۆ (رۆژی گرتنی گوندی بەشیر لەلایەن پێشمەرگەوە) شادمان نەبوم.

`

ئۆخەی گوندەکەی منیش، گوندی بەشیر، رزگارکرا. ئەی ئافەرین ئەولادەکانم، پێشمەرگە قارەمانەکان، چاوەکانتان ماچئەکەم، بازوە پۆلاییینەکانتان هەر بەهێزبێ. بەڕاستی ئێوە وەجاخی منتان روناککردەوە. ئاخر منیش لەجەنگی جیهانیی یەکەما، بە تەنیا 30 نەفەرەوە، سوپایەکی 3000نەفەریی ئنگلیزم بەجۆرێك شکان کە تائێستاش خۆیان بۆنەگیراوەتەوە. ئەزانن بەچی؟ بەخاکەنازو تیروکەوانو گوللە!

(لەسەرەوە باسی ئەو قارەمانێتییەمان کرد)

هۆ پێشمەرگە قارەمانەکان، دەسم دامێنتان، نەکەنو رێنەدەن جارێکیتر ئەو گوندەی من رادەستی هیچ هێزو نەتەوەیەکیتر بکرێ! ئەوە بەشێکی ئازیزە لەخاکی کوردستان.

هۆ ئەندام پەرلەمانو وەزیرە کوردەکانی شەترەنج ئاسا لە بەغدا:

لە بازنەی بەتالا مەخولێنەوە

هەرچۆنێبو رزگارتانبو ئەمجارە

مەگەڕێنەوە، گەر بگەڕێنەوە

سزاتان وەك سزای سەختی سنمارە

هۆ دەسەڵاتەکەی باشورو مەسئولەکان، توخوا شورەیینیە بۆئێوە، ئەو پێشمەرگە دلێرانە، بەخوێنی خۆیان بەردەوامبن لەسەر رزگارکردنی بستبەبستی خاکی

`

پیرۆزی کوردستان، ئێوەش هەر بەردەوامبن لەسەر پڕکردنی گیرفان!؟ نەتەوەش برسیو بێدەرەتان!!

بەسە ئیتر، کرمەکەون لەسەر دۆلار

بیگێڕنەوە بۆنەتەوەی کوردی هەژار

بەسە ئیتر بێدیماغی، بە پێغەمبەر

هەروەهابن، خۆم دێمەوەو ئەبمە رابەر

موشیر روکن : بەشیر موشیر

گۆڕستانی شێخ مارف لەبەغدا ٢٠١٦/٥/١

## بەشیر موشیر تورەیە

دیسان هاتەوە خەومو ئاگری لێئەباریو وتی:

`

**ئەی من نەموت دەسم دامێنتان نەکەنو رێنەدەن جارێکیتر ئەو گوندەی من (گوندی بەشیر) رادەستی هیچ هێزو نەتەوەیەکیتر بکرێ! ئەوە بەشێکی ئازیزە لەخاکی کوردستان ؟**

**بۆچی وا زو چۆڵتانکردو مائشتان هێنایە جێگەی دائش!؟ ئەو مائشانە بۆچی خۆیان نەچون ئەو گوندە بگرن؟ کە ئێوە گردتان، چۆڵکردنتان لەچی؟ کە ئەتانزانی چۆڵیئەکەن، ئەو کورە جوانانەتان بۆچی بەکوشتدا!؟ ئێستا ئێوە چی ئەڵێن بەو پێشمەرگانەی لەو پێناوەدا شەهیدبونو هێشتا خوێنەکەیان وشکنەبۆتەوە!؟ ئەترسم کەرکوکیش هەروا هەرزانفرۆشکرێ!** (ئەوەبو لە16ئوکتۆبەردا کەرکوك هەرزانفرۆشکرا) **ئاخ چیبکەم خۆ من ئەو بەردەی سەر گۆڕیچەکەم رێگەم نادا هەستمو فەلاقەتانکەم. ئەی ئێوە لای خۆتانەوە هیچ لێپرسینەوەیەك نیە!؟**

**وتم گەورەی گەورەکان: ماسییەکە نەك هەر لەسەریەوە بۆگەنە، کلکەکەشی پەرێشانەو ئەو بایە لەو کونەوەبێ، ئەبێ کتێب بۆ سلێمانیو هەولێرو دهۆکیش بگرینەوە!.**

## وەڵامەکانم بۆپرسیارەکانی رۆژنامەی تایم

`

تایم: با هەڵوێستەیە لەسەر مرۆڤێك بكەین كە زۆر كات ناوەكەیو قسەكانیو بیرۆكەكانی لەسەر زمانی گەلێ لەسیاسەتكارانی كوردە، لەوانە: بەڕێزان د.كەمال فوئاد، د.جەمال نەبەز، د.عیزەدین رەسوڵ، د.ئیهسان فوئادو زۆر كەسیترو هەندێ گۆڤارو رۆژنامەش، بەتایبەتی گۆڤاری سیخورمە. لەلای ئێوەش بەهەمان شێوە. ئەكرێ تیشكێكی زیاتر بخەنە سەر ئەم كەسێتییە؟

ژیر: بەڵێ، جەمال نەبەزو مام جەلالو كەمال فوئادو رۆژبەیانیو سوجادیو وردیو كامیل ژیریش، لە هەوتەی مژدەبەربون. راستییەكەی، لە ٧ زیاتربون، بەڵام بەزۆری هەر ٧یان ئامادەبونیان هەبو. ئیهسان فوئاد لێكۆڵەرەوەبو.

هەزارانیش بەشیرویست. لەنەوەی دوای ئەوانیش، ئێستا سیروان رەهیم بوك، خاوەنی نامیلكەی بلیمەت بەشیر، هێمن باقر، شاكار ستار، سایتی كوردستان مەگەزین ڤیدیۆیان لەبارەیەوە تۆماركردوە. زۆر كەسیتر خاوەنی نوسینو بەدواداچونێكی زۆرن لەبارەیەوە. بەشیرویستانیش تائەبێ پەرەئەسێنن.

من شانۆنامەیەكم بە هۆنراوە بەناوی (گەورەپیاو) لەبارەیەوە نوسی. ساڵی ١٩٩٣ دەزگای چاپەمەنی رۆژ لەسوید چاپیكرد. لەو پەرتوكەدا ئاماژەم بۆ ناوی ژمارەیەك لەو كەسێتیە كوردانە كردوە كە رویانكردۆتە كابەی ئامالی كوردەكەی بەشیر موشیرو ئەویش هەمویانی بەموریدی خۆی ئەزانی. ناوەكانیانو هەندێ ناویتریش بەپێی ئەبجەدی بریتین لە: ئیبراهیم ئەحمەد، ئیحسان فوئاد، ئەمین زەكی بەگ، ئەمین رەواندزی، ئەنوەر سائیب، پاكیزە رەفیق حیلمی، جەلال تاڵەبانی، جەمال عارف، جەمال نەبەز، جەمیل رۆژ بەیانی، وریا رەواندزی، حسێن حوزنی موكریانی، یوسف میران، كاكە زیاد، كامیل ژیر، كەمال فوئاد، كەمال میرزا كەریم، گیو محەمەد عەلی كوردی، محەمەد ساڵح محەمەد، محەمەد خاڵ، مەحمود جەودەت، مەحمود زامدار، مەعروف جیاوك، مەعروف خەزنەدار، مەدحەد موفتی، مستەفا

`

سلێمان، ناجی عەباس، نەسرین فەخری، عەبدولرەحمان نورجان،  عەبدولرەحمان هەژار، عەبدولخالق ئەسیری، عەلادین سوجادی، عەلی تۆفیق، عیزەدین مستەفا رەسوڵ، شەماڵ سائیب، شەمسەدین موفتی، شێخ سەلام، رەفیق پشدەری، رەفیق چالاك، رەفیق حیلمی، رەشید سدقی، تۆفیق وەهبی، تۆفیق وردی، موکریانی، محەمەد ئەحمەد قادر، محەمەد مەلا کەریم، محەمەد نوری عارف و زۆریتر.

ئەم مرۆڤە شایستەی ئەوەیە زۆری لەسەر بنوسرێ. من نزیکەی هەوت ساڵی تەمەنم، رۆژی چەن کاژێرێك لەگەڵ ئەوا بەسەربرد لەبارەگاکەی خۆی. زۆریشم لەسەر نوسیوەو بڵاوکردۆتەوە سەرباری شانۆنامەیەکو داستانێ کە هەروەك کەسێتییەکەی ئەو، تێکەڵ راستیو خەیاڵن.

بەپێی ئەو سەرگروشتانەی ئەیگێڕایەوە، لەدایکبوی **1879** یا **1880**بوە. لەهەرزەکاریا ئەچێتە دەورەی زەفتێوە (لەو دەورەیەدا رەشید سدقیو حەسەن حیلمیشی لەگەڵبوە) دوایی بەشیر ئەبێ بە سەربازو لەسوپای ئوسمانیا تا پلەی زاپت کوماندانی ئەڕوا. بەخەیاڵی خۆی پلەی موشیر،

تایم: خەڵکی کوێ بو؟

ژیر: سلێمانی، لەبنەماڵەی موتابچییەکان.

**1962**



**بەشیر موشیر　　جەمال نەبەز　　کامیل ژیر**

**kamîl jîr　　cemal nebez　　beşîr muşîr**



١٩٦٠/١/٨

دوای تێکچونی ئوسمانی، روئەکاتە بەغداو لەهەیدەرخانە دوکانێکی خەیاتی دائەنێ، وەستاو شاگردی چاك رائەگرێو ناوبانگ بە (خاوەنی مەقەستی زێڕین) دەرئەکا. وەزیرە کوردەکانو کەسێتییە کوردەکان لای ئەو جلوبەرگ ئەدەن بەدرونو لایدائەنیشنو دوکانەکەی ئەکەن بەدیوەخانو لەوەش ئەگەن کەسێکی ئاساییننیە!

تایم: بۆ ئاساییینەبو!؟

ژیر: چونکە دو کەسێتی لەودا کۆبوبوەوە! یەکێکیان کەسێکی نەخوێندەوارو سادەو ساویلکەو دوکاندارێك، ئەویتریان خوێندەوارو زاناو هەڵکەوتو و بەهرەدارو سەرۆکو فەیلەسوفو هۆنیارو ئازاو جوانو جەوامێرو خاوەن دیوەخانێك.

تایم: دو کەسێتی؟

ژیر: بەڵێ، ئەوە لەدەرونناسیدا پێیئەوترێ جوتکەسێتی. نەخۆشییەکی دەرونییە، توشی زۆرکەس ئەبێ. جا هەیە کاردانەوەی ئەو نەخۆشییەی، ئێسکی سوکئەکا وەکو بەشیر. هەیشە ئێسکی تاڵئەکا وەك هەزاران شێوەچەواشەی بەشیری ئەم زەمانەیە. تۆ سەرنجبدە: رۆژی دەیان کەس ئەبینی هەریەکەو بەوەزیفەیەك، یا بەپلەو

`

پایەیەکی پارتایەتی، یا بەسامانێ، فویان تێئەکریێو لەخۆیان ئەگۆڕێنو کاردانەوەی ئەم بارە دەرونییەشیان بەزیان ئەگەڕێتەوە بۆخەڵکیترو بۆکۆمەڵ، رۆتین زیادئەکەن، کۆسپ ئەخەنە رێی کاری رەوای خەڵکەوەو لەمجۆرە ئەنجامانە. ئەوانەشیان کە هیچیان بەدەسنیە، یا هەر پۆز لێئەدەن، یا هەمێشە پیشئەخۆنەوە.

تایم: ئەی بەشیر؟

ژیر: بەشیر وانەبو، ئەو سودی ئەگەیان، خۆشیو پێکەنینی ئەنجامئەدا، راژەی نەتەوەکەی ئەکرد.

تایم: وەکو؟

ژیر: وەکو ئەوەی لەبەرگدرویتییەکەیا دەسکەوتێکی زۆری هەبو، پێی دەوڵەمەنبو، خانوی پێکڕی. بەڵام چونکە خۆی بە سەرۆکی کوردو زاناو نوسەرو فەیلەسوف ئەزانی، ئەیویست بەهەر رێگەیەکبێ خزمەتی نەتەوەکەیبکا. لەو پێناوەدا وازی لە بەرگدرویتییەکەی هێناو دوکانەکەی کرد بەتاکە کتێبخانەیەك بۆبڵاوکردنەوەی چاپەمەنییە ئاشکراو نهێنییە کوردییەکان لەبەغدا. لەهەمان کاتا دوکانەکەی کردە ناوەندێکی کۆبونەوەو یەکتربینینی سیاسەتکارانی کورد، تەنانەت ئەیوت بەکر سدقی لەم دوکانەداو پێکەوە نەخشەی کودەتاکەیمان کێشا!. لاریی لەوەشنەبو هەرکەسێ نەیوێرایە کتێبێ یا وتارێ یا هۆنراوەیەك بەناوی خۆیەوە بڵاوکاتەوە، ئەو ئامادەبو بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوەو بەگیرفانی خۆی چاپیئەکرد وەك: سێپارەی هەقپەرستی ساڵی **1931**، میسباح الدیوانو نامیلکەی ناوی کوردیو دەیان وتارو هۆنراوە لەرۆژنامەو گۆڤارەکانا. گەلێجار راو دیدو بۆچونی خۆشی تێکەڵئەکردن.

تایم: نمونەیەك؟

`

**ژیر: فەرمو:**

**مەیل دیسان مەیل دڵ پڕە لەمەیل**

**دڵ کەیلە لەخەم لەبەر مەیلی لەیل**

**لەیلی من وەتەن، منم مەجنونی**

**هەردو لا توشبوین کزیو زەبونی**

**هەرگیز لانەچو مەیلی لەناو دڵ**

**وەتەن وەتەنمە بشچمە ناو گڵ**

**تا دایکی وەتەن دیلو یەخسیرە**

**دڵ پەستو خەمبار بەشیر موشیرە**

**تایم: ئەمە هی کێیە؟**

**ژیر: هی خۆیەتی وەك بیرۆکە. داڕشتنەکەی: هەژاری موکریانییە.**

**تایم: مندالی نەبو؟**

**ژیر: سێ کوڕو کچێك (شامیل، هوشام، نزار، فەوزیە) بەڵام لێیان رازینەبو، ئەیوت هیچیان وەك خۆم فەیلەسوف نین!**

**تایم: فەیلەسوف!؟**

**ژیر: بەڵێ فەیلەسوف. لەبەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا ئاماژەمان بۆفەلسەفەی بەشیری کرد. ساڵی 1985یش، لەوەڵامی وتارێکی د.ئیهسان فوئادا کەلە گۆڤاری نوسەری کوردا بلاویکردبوەوە، وتومە: بەشیر هەرگیز درۆی نەکردوەو راستیشی نەوتوە.**

**تایم: چۆن چۆن!؟**

**ژیر: ئێوە ئەمەتان بەلاوە سەیر نەبێ، من لەو وەڵامەدا وتومە: ئەم وتەیە هیچ ناکۆکییەکی تیانیە. زانستی تازە، دوای بیردۆزەکانی ئەنشتاینو پشکنینەکانی رۆژەر**

`

فورد، سەلمانی کە رەش پێچەوانەی سپی نیە، توانرا مادە لەسوکەوە بگۆڕرێ بۆکورس، لەشلەوە بۆتونگ، لەرەشەوە بۆسپی، لەساردەوە بۆگەرم، هەموشیان بەپێچەوانەوە. ئنجا بۆ ئەزمون: هەنێ مادە بەگۆڕینی ژمارەو رێکخستنی توخمی گەردیلەکانیان، گۆڕران بۆجۆرە مادەیەکیتر، وەك گۆڕینی هەندێ گەردیلەی نیترۆجین بۆگەردیلەی ئۆکسجین، هی پلاتین بۆئاڵتون ..تاد. فەلسەفەی بەشیریش دەریخست کە راستیو درۆ پێجەوانەی یەکنین. ئەم دیاردەیە لەم رۆژانەدا زیاتر ئەبینرێ، بەتایبەتی لەبواری سیاسەتا. تۆ بڕوانە ئەو هەمو درۆیانەی تێکەڵ بەژمارەیەك راستی ئەکرێن لەدنیای سیاسەتاو کەسیش نکەی لێوەنایەت! گوێ لەو هەمو چەپڵەیە بگرە کە هیچیان لەدڵەوە نیە! دەی خۆ ئەوانەی بەشیر هەمویان لەدڵو دەرونی سافی خۆیەوەبو. ئەو بەهرەیەکی سروشتی هەبو کە خەوو خەیاڵی لێئەبو بەراست، خۆی لە بەسەرهاتی خەڵکیا ئەدییەوە، خۆی لێئەبو بە پاڵەوانی داستانە جەنگیەکان، وێنە بینراوەکانو دەنگە بیسراوەکانی لێئەبو بە هی خۆی. هەر نوسینێ بەناوی ئەوەوە بڵاوبکرایەتەوە، لێیئەبو بە هی خۆی!

به داخەوە، پرژی ستەمکارییەکانی رژێمی بەئس، ئەویشی گرتەوەو لەتەمەنی سەروی هەشتا ساڵیا، لەناوەڕاستی مانگی هوزەیرانی شەستوسێدا، گرتیانو ئەشکەنجەیاندا. کە بەربو، هێزوتوانای لێبڕابو، سەردانی ماڵەکەیمان ئەکرد. باسی جۆری ئەشکەنجەو پرسیارو وەڵامەکانی ئەکرد کە چۆن وەك پاڵەوانێ بەڕویانا وەستاوەتەوە. وتیشی کەبردمیان، لەمبەروئەوبەری رێگاکە، پۆلیس بەچەکەوە وەستابون، ئەیانوت ئەمە سەرۆکی هەمو کوردە!..بەداخێکی زۆرەوە **1963/6/30** کۆچی دواییکردو خۆری قیبلەی ئامالی کورد ئاوابو!!

تایم: هیچ وەسێتێکی نەکردبو؟

ژیر: یەکێ لەراسپاردەکانی ئەوەبو، لەگردی مامە یارە لەسلێمانی، تەنیشت پیرە مێردو مامە یارە، بینێژین.

`

**تایم: جێبەجێتانکرد؟**

**ژیر: نەمانتوانی، چونکە لەکۆتایی ئەو مانگی جۆزەردانەدا، کەدەغەی هاتوچۆبو لەنێوان کەرکوکو سلێمانیا.**

**ئەو بەکردەوەکانی، فەیلەسوفانە ئەیسەلمان: گریانو پێکەنین، دژو پێچەوانەی یەکدینین. ئەشێ لەیەك کاتا بگریتو پێشبکەنی بەو بێ دیماغانەی وائەزانن بەختیاری لەسامانی نارەوادایە، ئەوانە بەو رێگەیە لەهەژارییەوە بونە دەوڵەمەن! بەڵام گەورەترین سامانیان لەدەسخۆیاندا کە ئەویش: خۆشەویستیی نەتەوەو لاپەڕەی گەشی مێژوە. بەپێچەوانەی ئەوەوە، کە لەپێناوی نەتەوەدا، لەدەوڵەمەنییەوە بو بەهەژار وەك سەرۆکێکی بەرزڕەفتار. بەوەش گەورەترین سامانی دەسکەوت، خۆشەویستیی نەتەوەو لاپەڕەی گەشی مێژوش.**

**بەڵێ بەلای ئەوەوە، خیام واتەنی:**

**کەسێ لەدنیا لەتێ نانی بو**

**کەلاوە کۆنی ئاشیانی بو**

**پیاوی کەسنەبێو کەسنەبێ پیاوی**

**هەر ئەو ژیاوەو ئەو ژیانی بو**

`

## شەریكیو خەریكیو دو پەندی بەشیر.

**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لەلاپەرە دوی رۆژی 2008/9/24ی رۆژنامەی رۆژنامەدا سەبارەت ناوچە داگیركراوەكان ئەڵێ: وریای ئەوەبن نەبێتە كێشەی كوردو عەرەب .**

**گیانی بەشیر:** كە ڕۆژنامەكەی ئەخوێنەوە، سەرێكی باداو بەتەوسەوە لەبەرخۆیەوە وتی: چۆن دڵی براعەرەبەكانتان ئەرەنجێنین!؟ ئەیكەین بە كێشەی كوردو ئەمازیغ!.

سەرۆك: چۆنكە تا ئێستا بەشێكی عەرەب پشتگیری لەداواكانی كورد ئەكەن .

**بەشیر:** بەرێژەی كەمتر لە هەزارا یەك!

سەرۆكی پەرلەمان: دەبێ سیاسەتمان هەكیمانەبێ.

**بەشیر:** سیاسەتی حیزیو سەلامەتی!. ئەمە پەندیكی كوردییە. بەڵام كە بەوەش سەلامەت نەبین، ئیتر حیزێتی لەپایچی!؟

سەرۆك: گوشارێكی زۆری دەرەكی هەیە. بەتایبەتی توركیا .

**بەشیر:** ئەمە پاساوە بۆهەڵویستە كرچو كاڵەكانتان. ئەو گوشارە هەربووەو هەر ئەمێنی . ئەمە مەكەن بەبیانو بۆسازش. ئەی گوشاری تورك لەسەر ئەرمەن نەبو؟ جولەكە لەسەر فەلەستینو حیزبولاَّنییە؟ هی ئەمریكا لەسەر تیرۆرنیە ؟

`

سەرۆك: لیستی هاوپەیمانی هیچ كارێكیان نەكردوە كە پرسیان بەسەركردایەتی كورد نەكردبێ.

**بەشیر:** ئەمە یا پاكانەیە بۆلیستی هاوپەیمانی، یا رەخنەیە، واتا ئەمانیش وەك پەرلەمانكارانی هەولێر، بێ پرسی پارتییەكان، هیچ ناكەن.

جێگری سەرۆك: برادەرانی ئێمە نەیانتوانی پێداگری بكەن لەسەر مافەكانی كورد .

**بەشیر:** ئەم دیدە پێچەوانەی بۆچونەكانی سەرۆكە!.

جێگر: لەسلیمانیو هەولێریش دەرمانئەكەن!.

**بەشیر:** واتا ئەرەب دەرمانئەكا. كەواتە كێشەكە هی كوردو ئەرەبە .

نازناز: تكامان لەنوێنەرەكانمان لەپەرلەمانی عێراق ئەوەیە سازش نەكەن .

**بەشیر:** ئەوتكایە لەسەركردایەتییەكان بكە. ئەو فەقیرانە هیچیان بەدەستنییە،

ئەورەهمان: كورد پشت بەهێزی جەماوەر ببەستێ.

**بەشیر بەپێكەنینەوە:** پەرلەمانكارەكانیش پشت بەرای پارتییەكانیان.

ئەورەهمان: ئەگەر ئاگادارنەبن، ئەوا پێشنیازەكانی دیموسترا دەبن بە بەدیلی مادەی **140**.

**بەشیر:** بۆچی ئەو مادەیە، چارە؟، یا قومارە؟ درێژكردنەوەی ماوەی ئەو قومارەش بۆ ئەوەیە سونەو شیعەو توركمان، سێ بەسەر دو پێرەكەی پارتیو یەكێتیا بێننو لەرێستەكەیان بدەن .

رۆژنامە: ئەم كۆبونەوەیە لەپاش چەندین كێشە لەو ناوچانەدا كرا.

**بەشیر:** كوردی خەوالو، هەمیشە لەپاش باران كەپەنك لەسەرئەكا!

`

سەرۆكی هاوپەیمانی كوردستانیش لەپەرلەمانی عیراق، لەلاپەرە سێدا هاتە قسەو وتی: ئێمە شەریكین لەحوكمدا، موشاریك نین.

**بەشیر:** لەدەستورەكەی قاسمیشدا شەریكبوینو زۆرمان هەڵگڕان! مەگەر كورد نەیوتوە شەریكیو خەریكی!. شەریكی لەگەڵ كێ!؟ ئەی من وەك پەندێك نەموت: نە خوبز نانە، نە وشتر هەیوانە..هتد؟ ئەوەنیە لەئێستاوە مالیكی دیشكەم ئەكاو ئەڵێ: كورد موشاریكە نەك شەریك؟ كەواتە قسەكەی ئەو برادەرەمان دەرزیی سرِكەرەو ئەوەندەیتر خەومان لێئەخات!

وەزیری رۆشنبیرییەكەمان لەلاپەرەی چواری هەمان رۆژنامەدا، باسەكە بەلایەكیكەدا ئەباو ئەڵێ: هكومەتی هەرێم لەكرِینی فرۆكەی جەنگی ئێراك دەترسێت چونكە سیستمی ئێراك دیموكراسی نیەو هكومەتەكەی شۆڤێنییە.

**بەشیر:** قسەیەكی راستە. بەڵام كورد بدوێنە شەرئی خۆی ئەكا!

سەرۆكی پەرلەمانیش لەوتەیەكیدا ئەو ترسەی پیشانداوە. دەی كەواتە بۆچی ئیوە ئێراكێكی نادیموكراتیتان دروستكردەوەو ئێستاش سەركردەكانی دو پارتییەكە لەدەوری ئەو هكومەتە نادیموكراتییە شۆڤێنییە كۆبونەتەوە!؟. كەواتە ئەو كۆبونەوەیەی كورد لەبەغداد بۆپۆستە نەك بۆ ماف. پۆستەكانیش تەنیا دیكۆرن. كە ئەو هكومەتە نادیموكراتیو شۆڤێنیبێ، واتا خاوەن پۆستە گەورەكانمان لەبەغدا، یا ئەوانیش نادیموكراتینو بون بەئەرەبی شۆڤێنی، یا پۆستەكانیان وەك ئەوەی تەها مهێدینە! ئەگینا چ مافێك لە نادیموكراتیو شۆڤێنی چاوەروان ئەكرێ!؟ ئایا فیدرالیو هاوپەیمانی لەگەڵ نادیموكراتیو شۆڤێنی ئەكرێ؟ ئێوە شوێن چ خەیاڵێكی دۆنكیشۆتانە كەوتون؟ ئنجا كە بەغداد چەكی قورس ئەكرِێ، ئەی

`

هەولێر بۆ نایکرێ؟ تکایە بەوە وەڵامم مەدەنەوە کە دەستور رێگە نادا. کێ لەئێراکدا هساب بۆ دەستور ئەکا؟ ئەوەندەش پارەتان کەڵەکە کردوە، ئەگەر بیدەنەوە، ئەتوانن لەرێی قاچاخچییەوە بۆمبای ئەتۆمیشی پێبکرن. چ گەرەنتییەك هەیە بۆئەوەی ئەو چەکانە بۆ سەری کورد نابێ؟ هەرواش ئەبێ. چونکە ئێستا هیچ سنورێکی ئیراك لەمەترسیدانیەو تا سەربازێکی ئەمەریکیش لەئیراکدا بمێنێ، ئەو مەترسییە نابێ. هەولێر، یا ئەبێ شانبەشانی بەغدا خۆی چەکدار بکات، یا ئەبێ پێ لەسەر ئەوە داگرێ ئیراك داماڵراوبێ لەچەکی قورس.

ئەوە ئەو ئادل بەرواریيە نوێنەری کام لاتانە لەلیژنەی ئاسایشو بەرگریی پەرلەمانی ئیراکدا کەوا لەلاپەڕە شەشدا، نەك هەر پشتگیریی کڕینی چەك ئەکا، بەڵکو داواکارە بەغداد چەکە قورسەکان لە ئۆکرانیاو رۆمانیا نەکڕێ، لەئەمریکاو وڵاتانی پەیمانی باکوری ئەتڵەسیی بکڕێ چونکە چەکی پێشکەوتون!؟ نازانم هیچ سەرزەنشتێکی ئەم پەرلەمانکارەی خۆتانکرد؟ ئایا خەمساردیو ناکۆکیو دیدوبۆچونە پێچەوانەکانتان، ئەوە ناگەیەنێ کە بەلەمەکە بەدەس ئەم هەمو سەوڵلێدەرەبێ، بێ بەرنامەو بێ نەخشەو بێ ستراتیجو دژ بەیەکەوەبێ، نوقم نابێ!؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە لایەکتان دابەزێ بۆلاکەیکە، یا هەردولا بیدەنە دەس بەلەمەوانی لێزانو جەوامێرو رزگارکەرو یەك را. ئایا ئەزانن لەبارودۆخێکی وادا، دابەزینیش جەوامێرییە؟ ئەی نەموت (تۆ کەشتییەك نازانی بۆپرسیار ئەکەی!؟) فەلسەفەکە لەوەدایە ئەگەر شتێیەکت نەزانیو سواری بویتو تیایا سەرنەکەوتی، بەپرسیاری درەنگکاتی دوای لەدەسچونی هەل، فێری نابیو چاك وایە خێرا بیدەیتە دەس لێزانی خۆی. ئەگینا تافێری ئەبی، لەناو دەستدا مردار ئەبێتەوەو ئەوسا چی لەرۆهی رەوانی من (بەشیر)و غەزەبی نەوەی من رزگارتان ئەکا!؟

**2008/10/13 لەسایتی ئەمرۆ بلاوکراوەتەوە**

`

---

## کوردو فیدرالیو پەندەکانی بەشیر موشیر.

**A.** هەباسە لەکوردستان چ باسە؟
**B.** هەواڵەکانی ئەم ڕۆژانە بۆنی خوێنیانلێدێ!

**A.** جا کەی ئەو بۆنە لەم وڵاتە بڕاوە؟
**B.** ئەمەیان جۆری ئەوانیتر نابێ! دو لیوای سوپای عەرەبڕێژ لە بەغداوە هاتن بەرەو ناوچەکانی جەلەولاو خانەقین! هێزەکانی پێشمەرگەش بەرەو خانەقینو ناوچە دابڕاوەکان لەهەرێم بۆ شکاندنی لوتی ئەو سوپایە، کشان! پێشتریش، هێزێکی سوپا، پێیان خستە ناو خانەقینو کەوتنە داگرتنی ئاڵای کوردستانو سوکایەتیکردن بەپارتییە کوردییەکان! لە بەرامبەردا، جەماوەری شارەکە، خۆپێشاندانێکی گەورەی نارەزاییان ئەنجامدا! ئەم بایەش لەم کونەوەبێ، ئەگەر ئەمەش هێورکرایەوە، ئەو پێکدادانە هەرئەبێ.

**A.** ئەی هەڵوێستی سەرکردە کوردەکان؟
**B.** پلە یەکەکان، نقەیان لێوە نایەت! بەڵام پلە دوویەکی ئەندامی سەرکردایەتیو لێپرسراوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان لەدوای ئەو روداوانە ئەڵێ: (هەلێکی مێژوییبو کەپاش زیاتر لەهەشتا ساڵ بەسەر دروستکردنی دەوڵەتی عیراقیدا، بتوانین ئەو دەوڵەتە سەرلەنوێ دروستبکەینەوە.

(کوردستانی نوێ ژمارە ٤٦٦٣ رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٩ ل ٦).

`

A. کەواتە ئیتر تۆ بۆچی خۆت وا شپرزەکردوە!؟ ئەوەیە هۆکار. ئەشێ ئەو نوسەرە لەفۆلکلۆری کوردیدا چیرۆکی مارەکەی شێخ هۆمەری نەبیستبێ! لەوێژەی ئەرەبیشدا، ڕێکەوتی (و إن اکرمت الکریم ملکته، و إن اکرمت اللئیم تمردا)ی نەکردبێ. قسەی ڕاست ئەوەیە: هەلێکی مێژوییبو بۆ ئەوەی خۆمان لەو دەوڵەتە ستەمکارە جیاکەینەوە.

B. تۆنەتهێشت قسەکەم تەواو بکەم. ئەڵێ: (تاهەمو لایەك بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا دابینبکەن)

A. ئیراقی یەکەم، تەنیا بەرژەوەندیی سوننەو ئیراقەکەی ئێستاش، تەنیا بەرژەوەندی شیعەی تێدا دابینکراوە. لەهەردوکیاندا تەنیا سەری شکاوو بنی دڕاو بۆکورد ماوەتەوە.

B. ئەڵێ: (ئێمە ڕێگەی ترمان لەبەردەمدا نەبو جگە لەبەشداریکردن لەدروستکردنەوەی ئەو دەوڵەتەدا).

A. ڕێگەی تر، جاڕدانی سەربەخۆییبو. یاهیچنەبێ ئەمانتوانی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانیکە بخەینەوە سەر قەوارە سیاسییەکەی باشوری کوردستان. نەك بیانکەین بە قوربانی بەرژەوەندیو ململانێی پارتایەتیو گیرفان. ئەگەر ئەوەمان بکردایە، ڕێڕەوی مێژوی کورد ئەگۆڕرا. با بزانین چۆن:

١- ئەگەر هەر لەگەڵ ئیراقیش بمایناینەتەوە، هەرێمی کوردستان ئەبو بەهەرێمێکی بەهێزو دەوڵەمەند. ئەوسا ئیراق چاوی لەدەستی ئێمەوە ئەبو ڕێژەیەك لەپارەی نەوتیان بدەینێ. بەچکە فارسێکی وەك شارستانیش، پرکێشی ئەوەی نەئەکرد کێشە لەڕێگەی هەڵکەندنی بیرە نەوتیتر لە کوردستان دابنێ.

`

گرنگی کەرکوك هەرئەوەنیە ئێمەی پێدەوڵەمەندئەبین، یاوەك هەندێك ئەڵێن سێ پارێزگاکەی خۆمان لەسەر دەریایەك نەوتەو پێویستیمان بەنەوتی کەرکوك نیە! نەخێر، لەوەگرنگتر ئەوەیە، ئیراق نەتوانێ بەداهاتی نەوتی کوردستان ببێتەوە بەدەوڵەتە بەهێزە خاوەن چەکە کۆکوژییەکەی جاران. ئەوە سەرباری ئەوەی کەرکوك، وەك زەوی دانیشتوانەکەی هەرچیبن، بەشێکە لەخاکی کوردستانو مرۆڤی مەرد دەستبەرداری نیشتمانی خۆی نابێ. خۆ ئەگەر ئەوەمان بکردایە، هەر لەرێکەوتنی یازدەی ئازارەوە، جۆرە ئاوێك بە ئاگرەکەدا ئەکرا!.

٣- کلیلی سەربەخۆیی کوردستان، لە کەرکوکدایە. بەکەرکوکەوە هەزاران میل لەسەربەخۆیی نزیکئەبینەوە. بە کەرکوکەوە رۆژئاواو رۆژهەڵاتو وڵاتانی دەوروبەریش دەس بەسنگیانەوە ئەگرن بۆمان. بێ کەرکوك، ئەوەی هەشمانە لەدەسمان ئەچێ.

کەواتە کەرکوك مەسەلەی ژیانو نەمانە بۆکورد. کێشەی کەرکوکیش بەمادەی ١٤٠ چارەسەر ناکرێ. چارەسەری کێشەی کەرکوك لەدەست کورد خۆیدایە.

(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە وتاری (ئاسۆی سەربەخۆیی کوردستان روونـاکە) کە لەم سەرچاوانەدا بڵاوکراوەتەوە:

- رۆژنامەی رۆژنامە ٢٠٠٨/٨/١٤ ل ١٥
- سایتی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان
- سایتی ئەمڕۆ ٢٠٠٨/٨/٢٩)

٤- هەموو ئەزانین، دەوڵتی عیراقی، بێ پرسی کوردو لەسەر خوێنی کورد، دروستو بەهێزبو. ئیتر ئەوە ناوبنێین چی رۆشنبیرێك شانازی بەوەوە بکا کە دوای (٨٠) ساڵ یەکێتیو پارتی ئەو دەوڵەتەیان دروستکردۆتەوە!؟ ئەگەر وابێ، ئەبێ جیاوازی نێوان ئینگلیزی ئەندازیاری عیراقی یەکەم و پارتیو یەکێتی ئەندازیاری عیراقی

`

دوەم چیبێ؟ ئەوانە ئەگەر ئەندازیارو سیاسەتکارێکی ئەوەندە زانان، بۆچی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ یان سپارد بەحکومەتی عیراق!؟ بۆچی لە دەستورەکەی عیراقا ئەنجومەنی هەرێمەکانیان نەچەسپاندو بەجێیانهێشت بۆ یاسایەك لەپەرلەمانەوە!؟ کەی شتی وا هەیە لەدنیادا!؟ هەمو ئەیزانین ئەم ئەنجومەنە لە هەمو وڵاتێکی فیدراڵیدا باڵاترە لە پەرلەمانو تاکە گەرەنتییە بۆپاراستنی مافی هەرێمەکان، چونکە رێژەی ئەندامەکانی یەکسانە بەرێژەی هەرێمەکانو نوێنەرانی هەر هەرێمێکیش مافی ڤیتۆیان هەیە. ئەگەر وابوایە گروپی ٢٢ی تەموز نەیانئەتوانی ئەو گۆڵە بکەنو بڕیارەکەیان هەر لە ئەنجومەنی هەرێمەکانەوە رەتئەکرایەوەو پێویستی بەوە نەئەکرد سەرکۆمار داوێنی یەکێك لەجێگرەکانی بگرێ. ئەی ئەگەر ئەو جێگرە رازینەبوا!؟ با ئەوەندە باسی فیدراڵی نەکەین، فیدراڵی بەبێ ئەنجومەنی هەرێمەکانو بەلایەنی کەمەوە دو حکومەتی هەرێمو یەك حکومەتی ناوەندی، نابێ. ئەمەی ئێستای کورد، لە ئۆتۆنومیەك زیاترنیە. ئەم ئۆتۆنۆمیەش ئەگەر خێرا بەرەو سەربەخۆیی نەبرێ، ئەمیش نامێنێ. گریمان ئەمە فیدراڵیشبێ، فیدراڵی لەگەڵ کێ!؟ بۆ وانەیەك لەو جیهانە وەرنەگرین؟ ئیتالیا داوای لێبوردن لە لیبیا ئەکاو بڕی پێنج ملیار دۆلاری ئەداتێ بەرامبەر بەوەی ماوەیەك لیبیای داگیرکردوە! کەچی دوای هەشتا ساڵ داگیرکردنی کوردستانو دوای پێنج ساڵ عیراقەکەی کە پارتییە کوردییەکان دروستیانکردەوە، هیچ کام لەحکومەتەکانی عەلاویو جەعفەریو مالیکی، نەك هەر داوای لێبوردنیان نەکرد، بەڵکو ئەوەتا ئێستا هەرەشەی ناردنی سوپاکەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەکەن سەرباری ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. یا ئێمە باهیچ نەبێ پەندێك لە**بەشیر موشیر وەرگرین. ئەو پیاوەی پەندو ئامۆژگارییەکانی لەکەسێتی خۆیدا بەرجەستە ئەکردو هەر لەخودی خۆیەوە رەنگیانئەدایەوە بۆ ناو کۆمەڵ. ئەو، ئەم رۆژەی لەبەرچاوبو بۆیە دوای پەنجا ساڵ هاوسەرێتی وتی: ژنەکەم ئەرەب دەرچو!! لەوەسێتنامەکەشیدا**

`

**وتویێتی: هەر چۆنێبێ بەزیندویێتی لەناو ئەمانەدا ئیدارەمکرد، بەلام بە مردویێتی لەبەغداد ئیدارەناکەمو تەرمەکەم بەرنەوە کوردستان**. کەچی ئێمە دوای هەشتا سالی هاوسەرێتی لەگەل عیراقی روخاو، ئەچین دروستیئەکەینەوە، بێئەوەی بزانین کلتوری ئەمانیش هەر هەمان کلتوری جاهیلی شمشێرو خوێنەو فڕیان بەسەر دیموکراسیو فیدرالیو دەستورو هاوپەیمانیو بەلێنەوە نیە. ئاخر کۆمۆنستەکانی کورد پێش شەست سال، هاواریانکرد: (لەسەر بەردی یەکێتی کوردو ئەرەب ئیمپریالیزم وردوخاشئەکرێ)و لەو ماوەیەشدا بەچاوی خۆمان بینیمان ئەو بەردە، هەر بونی نەبووە نیە. ئەگەر بشبێ، تەنها کوردی لەسەر وردوخاشکراوە!

B. دیارە تۆ ئاگات لەوەنیە کە هێزێکی چەکداری کوردی ئەوتۆ نێردراوە بۆخانەقین، بالدار بڕوا بالی ئەشکێنێو نالدار بڕوا نالی ئەشکێنێ!؟

A. دیارە تۆش ئاگات لەوەنیە کە ئامانجی مالیکی خانەقین نیە، کەرکوکە!؟ ئەو سوپا ئەرەبیەی لە ناوچەکانی قەرەتەپەو جەلەولاو هەمرینو مەندەلیو سەعدیە مۆلدراون، بۆ کۆنترۆلکردنی کەرکوکەو لە کاتژمێری سفردا پێچێکیان پێئەکەنەوە بۆپالپشتی فیرقەی ١٢و دو فیرقەی تازەکورەو هێزە مولدراوەکانی هەمرین. ئەی تۆ نازانی **بەشیر موشیر هەمیشە ئەو پەندە کوردییەی بەسەر زمانەوەبو کە ئەلێ: کەرلەکوێ کەوتوەو کونە لەکوێ دڕاوە!؟**

**B. ئەو بۆ نایەتەوە کوردستان؟**

**A. لە گۆڕستانی شێخ مەئروفەوە چاودێریی سەرکۆمارو وەزارەتی دەرەوەو جێگرێتی سەرەک وەزیرانو سەرەک پەرلەمانو سوپا سالارو پەرلەمانکارە کوردەکانی بەغداد ئەکا، بزانێ چی ئەکەن؟**

B. چی ئەکەن؟

`

**A. ئەڵێ: بۆ ئیراک چاک هەڵئەسوڕێنو بۆکورد بەرۆژ ئەنونو بەشەو تاوڵە ئەکەن!.**

B. وانیە. نوسەرەکەی کوردستانی نوێ ئەڵێ: بونی ئەوانە، بەتایبەتی پۆستی سەرەك کۆمار بۆ کورد لەم قۆناغەی ئێستادا هاوسەنگییەکی بەهێزی دروستکردوە. ئەی تۆ نەتدی بەهاوکاری جێگرێکی چۆن مادەی ٢٤ی هەپرون بەهەپرونکرد؟

A. ئەی ئەگەر ئەمجارە دو جێگرەکە بونە هاوکاری یەك، سەرکۆمار چی ئەکا؟

B. سەفەرێکیکەی دەرەوەی وڵات!.

**2008/9/16 لەسایتی ئەمرۆ بلاوکراوەتەوە**

## بەشیر موشیرو کابرای گاگو

١-لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی پێشودا، تۆفیق وەهبی، وەزیربو. لەهەمانکاتا، خولێکی فێربونی زمانی کوردیی لەیانەی سەرکەوتن لەبەغدا کردوە بۆئەو ئەرەبانەی ئەیانویست فێری کوردیبن. ژمارەیەك ماستاوچی لەوانەی بەڕۆژ نەئەگەیشتنە دامێنی پرسگەکەی وەزیر، ئەو هەلەیان بۆهەڵکەوت بۆئەوەی ئێواران کاژێرێك بەرامبەر سەئادەتی وەزیر دانیشن!. یەکێك لەوانە کە خۆی کوتاوەتە ناو ئەم وێنەیە، شەشەم لەچەپەوە، دوای تەواوبونی خولەکە، جارجار ئەهاتە بەردەم دوکانی بەشیر موشیر، شەشەم لەچەپەوە، گوایە بەکوردی قسەی ئەکرد، ئەیوت: (ئاوەڵا من سەعادەت وەزیر دەرس کوردی، وەرەوەرە، کەرەکەرە، هاهاها). تومەز وەزیر ناسیبوی چ دەبەنگێکە، بانگیئەکرد: وەرە کەرە. بەشیرێش ناوینابو گاگو. ئێوارەیەك بانگیکرد: وەرە کەرە، وەرە گاگو، کوردییەکەی خۆمان بەرەووەو ئەرەبییەکەی خۆت بۆخۆت.

`

لەچەپەوە:ئەزیز ئەلی: مۆنۆلۆجست، کامیلی کاکەمین: بەڕێوەبەری رادیۆی کوردی لەبەغا، رەشید سدقی: قایمقامی چوارتا، ئیهسان شێرزاد: ئەندازیار، بەشیر موشیر: سەرۆکشانازیی کورد، گاگو: خوێندکارە دەبەنگەکە، دوانەکەیتر ناسراونین.



**نەوتی کەرکوک**

بەشیر: ئەمەوێ لەسەر نەوت وتارێ بنوسم.

مهەمەد: زۆرباشە.

بەشیر: لەکەرکوك بەجامو سەتڵ نەوتیان لەهەنێ چاڵایی دەرئەهێناو ئەیانکردە کونگەو مەشکەوەو بەکوڵی کەر ئەیانبرد بۆسلێمانیو ئەیانفرۆشت. دە تەواویکە.

مهەمەد ئەهمەد قادر (یەکەم لەڕاستەوە) کە ئەوسا خوێندکاری کیمیابو لەزانکۆی بەغدا، کردی بەوتارێکی زانستیانەو لەرۆژنامەی بڕوادا بەناوی بەشیر مۆشیرەوە بڵاویکردەوە.



بەغدا-چێشتخانەی کوکب الشمس ١٩٦٠/١٠/١٠ ئاهەنگی ژنهێنانی شاملی کوڕی بەشیر موشیر
لەڕاستەوە: ١-محەمەد ئەحمەد قادر، ٢-ڕەفیق پشدەری، ٣-د.جەمال نەبەز، ٤-کامل ژیر

کەچوینە لای، وتی وتارێکی ئەجیبم لەسەر نەوت نوسیوە! ها بیخوێنەرەوە. مهەمەد دەستیکرد بەخوێندنەوەیو زوزو ئەمانوت دەسخۆش!.

لاوێك هاتە بەر دوکانەکەیو وتی: مامۆستا دەسخۆش بۆ ئەو وتارە جوانەت. بەشیر بەزەدەخەنەیەکەوە سەرێکی بۆلەکان. لاوەکە وتی بەڵام هەندێ زاراوەی تیایە تێیانناگەم. بەشیر روی لێوەرگێڕا، لاوەکە دوبارەیکردەوە. بەشیر پشتیتێکرد. سێبارەیکردەوە. بەشیر لێیراپەڕیو پێیوت: ئاخر هەی دیماغ، تۆ کە شتێیەك نازانی، بۆ پرسیارئەکەی!؟ بۆ من هوجرەم داناوە!؟

`



لەچەپەوە:ئەلی تۆفیق، مەدهەد موفتی، مهەمەد نوری، بەشیرموشیر،جەمال نەبەز، کامیل ژیر.

## بەشیرو گاگویەکیتر

گیوی موکریانی هاتە سەر دوکانەکەی بەشیر. گیو سروشتی وابو کە قسەیبکردایە بۆ یەکێ، جاجار سیخۆرمەیەکیشی لێئەدا! بەدەم ئەو سیخۆرمانەوە کەئەیدا لەبەشیر، ئەیوت: داماوی برام(حوزنی) چەن داماوبو! تا لەژیاندابو بەداماوی بردیەسەر، ئێستەش: وەستا بەشیر تۆ ئەو پەرتوکەی داماوت لایە، ئەوە چەنجارە داواتلێئەکەم، نامدەیتێ!.

بەشیر بەسیخورمەکانو وشەی (وەستا) زۆر گرژبو. لەوکاتەدا کابرایەکی گەلۆری گاگو هاتە بەر دوکانەکەیو وتی انطینی باکێت وشخاط. بەشیر وتی ماکو. کابرا وتی شلۆن ماکو اشوفە بعینی! گیو سیخورمەیەکیتری وەشان. بەشیر ئەوەندەیتر ئاگری گرت. کابرا دوبارەیکردەوە. بەشیر پێیوت ولك دیماغ، هەی گاگو، ماتشوف احنا مشغولین بقضیەت داماو!؟ کابرا وتی داماو شنو!؟ بەشیر وتی هذا مو شغلك. کابرا وتی لا، ارید اعرف. بەشیر دەستی دایە گەزی خەیاتییەکەیو لەسنگی کابرای گیرکردو پاڵێکی پێوەناو کابرا بەپشتاکەوت. وردی چو هەڵیسانەوە. کابرا وتی هذا تعدی، ما اقبل، اروح اشتکی، ئەلزەم محامی اذا ماتگولولی شنو داماو!؟ نەبەز وتی:

`

انت یاهو مالتك بداماو؟ داماو ادیب كوردی.. پاكەتو شقارتەكەیان دایەو كابرا وتی ئی نەعەم هەسە افتهمت. ئنجا رۆی.

بەشیر رویكردە گیو و وتی: ئێستە تۆ داماوداماوی چیتە!؟ داماو شەیتان دەستی لێهەلگرتوە تۆ بۆ دەستی لێهەڵناگری!؟ كەی برای تۆ داماوبو؟ داماو بەكەسێك ئەوترێ دو جنطەی بەدەستەوەبێو پەیتوكە(سیارە) رێگەی نەدا لەوبەری جادەكەوە بپەڕێتەوە ئەمبەر، یا كەسێك لە گوێ ئاوێ قوفەی دەسنەكەوێ بیپەڕێنێتەوە، یاكەسێكی وەك جەمالەدین ئەوە سێ مانگە ئەگەڕێ بۆخانوچكەیەك دەستی ناكەوێ! دەئیتر ببڕێتەوە داماو داماو!

## بەشیرو مێژوی برنج

رۆژی **16**/ئایاری/**2015** لەسایتی پێنوسەكان، وتارێكی جەئفەر كەریمیم بەرچاوكەوت سەبارەت مێژوی برنج كە تیایا ئەڵێ **8200** تا **13500** ساڵ لەمەوبەر لەدەرودۆڵی نزیك چەمی پێرڵ لە وڵاتی چین سەرچاوەیگرتوە.

ئەم نوسینە وتەیەكی سەرۆكی كورد بەشیر موشیری وەبیرهێنامەوە كە رۆژی **1**/ئایاری/**1959**لەبارەگاكەی خۆی لەسەر شەقامی رەشیدی بەغدا، لە داخی ئەو رێپێوانەی لە **8**ی بەیانییەوە تا **12**شەو بەبەردەمی ئەودا درێژەی كێشا بەبۆنەی رۆژی كرێكارانەوەو هەمو بەرپرسە گەورە ورگزلەكان بەشدارییان تیاكرد، وتی:

**+**مێژوی برنج لای منە.

**-**چۆن؟

`

+6500سالٚ لەمەوپێش کابرایەکی شیئە(شیعە) لە چینەوە، تۆوی برنجی هێناو بەم ناوەدا بلاّویکردەوە!

-ناوی چیبو؟

+ناوی روبێنبو!

-جا کەی ئەو کاتە شیئە هەبو!؟

+هەبو، بەلاّم بەخففی ئیشیانئەکرد!

-بۆچی وا تورەیت؟

+لە داخی روبێن. ئاخر ئەگەر ئەو گەوادە نەبوایە، ئێستە ئەم هەمو ئەفەندیانە نەئەبون کە بەبرنج ورگیان زلبوەو لەبەیانییەوە مێشکی منیانبرد بە هەیتو هاوارو هەلٚپەرین!

**ئەچن بۆخوازبێنی کچێک بۆشامیل**

١٩٦٠، پێنج کەسبوین، بەشیر موشیر، علائەدین سوجادی. جەمال نەبەزو کەمالەدینی برایو بەندە، چوین بۆشەقلاّوە بۆخوازبێنی کچێك بۆ شامیلی کوری بەشیر موشیر. بوین بەمیوانی کەسێتییەکی ناوداری شەقلاّوە کە پێشتر ئەم بەرێزە قسەی لەگەلٚ باوکی کچەکە کردبو و پێکهاتبون بۆئەم کارە. ئیتر وەك نەریتێکی کوردەواری، مامۆستا عەلائەدین سوجادی خوازبێنییەکەی کرد. دوای رازیبون، هەمو پیرۆزبایی ئەم خزمایەتییەمان کردو کەمالەدین دەستی باوکی کچەی ماچکرد. بەرلەوەی هەستین، باوکی کچە وتی من پێنجسەد دینارم ئەوێ وەك شیربایی بۆخۆم. بۆکچەکەشم: پشتوێنو ملوانکەی لیرەو لاگیرەو گۆبەرۆکی

ئاڵتون، دوایئەوە چیتری بۆدەکەن کەیفی خۆتانە. ئێمەش هەرچەن هێنامانو بردمان کە ئەو داواکاریانە لەتوانادانیە، ئەو شێرگیرتربو لەسەر داواکارییەکانی. وتیشی ئەبێ لیرەکان رەشادیی ئەسڵو ئاڵتونەکان عەیاری بیستو یەکبن. لێرەدا بەشیر موشیر هەستاو نەڕانی بەسەر کابراداو وتی ئاخر هەی زاڵم تۆ کچمان ئەدەیتێ یا گامان پێئەفرۆشی!؟ هەستن بابڕۆین



نموونەیەک لە کارتی جەژنی نەورۆز کە بەشیر موشیر چاپی کردووە

`

## بەشیر موشیر لەئێوارەکۆڕێکا








`






**_ئینستیتیوتی_ نارین بۆ توێژینەوەو بڵاوکردنەوە، بەهاوکاری قاوەخانەی کولتوری لە سلێمانی، ئێوارەی 2016/10/29 مەراسیمێکی بۆیادکردنەوەی روناکبیری کورد "بەشیر موشیر" لە قاوەخانەی کولتوری لەسلێمانی رێکخست.**

بەشیر موشیر یەكێك بوە لە نیشتمانپەروەرە گەورەكانی كورد. لە بەغدا دوكانی بەرگدروی هەبوە، دوایی كردوێتی بە مەڵبەندێكی كوردایەتیو روناكبیران لەهەر چوار پارچەی كوردستانەوە رویانتێكردوە.

لەم یادەوەرییەدا، ژمارەیەكی بەرچاو لە سیاسەتكارو روناكبیرانو پەیامنێرانی هۆكارەكانی راگەیاندن، ئامادەی مەراسیمەكەبون. خەڵەف غەفور، ئیدارەی مەراسیمەكەیكرد. هەریەك لە كامیل ژیر، مهەمەد ئەمین پێنجوینیو ستران ئەبدوڵا، وتەكانیان پێشكەشكرد كە هەر یەكەو لایەنێكی ئەو كەڵەپیاوەی باسكرد. ئامادەبوانیش بەپرسیارو بەدواداچون كۆڕەكەیان دەوڵەمەنكرد.

`

**له وتەکەیدا، کامیل ژیر ئاماژەی بۆ ئەم لایەنانەی بەشیر موشیر کرد: کورتەیەك لەمێژوی ژیانی، ئەوینی بەشیرو مریەم، گەورەی هەمو کورد، خولیای ئەوەی هەبوە بگات پە پلەی موشیر لەسوپای ئوسمانیداو لەو رێگەیەوە دەوڵەتی کوردی دامەزرێنێ، دو جار خۆی بۆ پەرلەمان پاڵاوتوە، بەشێك لە خەیاڵو قسە خۆشەکانی.**

**لەم کۆڕەدا سێ داواکاری پێشکەشکرا:**

**1-جێگەیەك بکرێ بە ناوییەوە.**

**2- لەنەوەی ئەمڕۆ، هەوتەی مژدەبەرێکی نوێ پێکبهێنرێ بۆدرێژەدان بە بەشیرستی.**

**3-بهێنرێتەوە بۆگردی یارە لەسلێمانی.**

**لەوەڵامدا کامیل ژیر وتی: داوای یەکەم، ئاراستەی شارەوانیی سلێمانی ئەکەین. ئەوەبو دوایی بەپشتگیریی هێرۆ خان، باخچەیەك کرا بەناوییەوە لەگەڕەکی ئیسکانی سلێمانی. بۆ دوەم: ئەبێ بریارێکی بەکۆمەڵی لەسەربدرێ. سەبارەت داواکاریی سێیەم: وتی رۆژی ماڵئاواییەکەی 1963/6/30 لەسلێمانی کەدەغەی هاتوچۆبو، نەمانتوانی بیهێنینەوە. ئێستەش لەبەغدا شوێنەواری گۆڕەکەی نەماوە.**

`

# باخچەی بەشیر موشیر لەسلێمانی



`


باخچەی
بەشیر موشیر

`


12.02.2017 15:20

`


12.02.2017 15:54

`





`

## بەشیر موشیر گەڕایەوە بۆ سلێمانی

لەم زستانە سەختەدا، ئەمڕۆ2/2/ 2017 ئاسمانی سلێمانی بەرگێکی بەهارەی پۆشی، خۆرێکی پڕ هیوا، گوڵزارەکانی گەشانەوەو وەهبی بەگی خامە بە بڕشت لە پیرەمەگرونی سەر بڵندە وە، مژدەی گەڕانەوەی گیانی پاکی سەرۆکی ئە فسانەیی هەمو کوردیدا بەداریکەلیی شێخ مە حمودی نەمرو بەچیای خۆڕاگری گڵەزەردەی شێخ هەسەنی ئەستێرە ناسو بەگۆیژەی داستانە کانی شۆڕشو بە ئەزمڕی مەڵبەندی نەجمەدین مە لای پارێزەری تێکستە




وێژەییە دەگمەنەکانو بەهەورامانی پیرەکانی زەردەشتی مەزنو بەگردی یارەی قارە مانو ئاوەڵی پیرەمێردی فەیلەسوفو بە ئەرخەوانەکانی سوربو بەخوێنی شەهیدانی رێی ئازادیو سەربەخۆیی کوردستانو بەهەمو

نوسەرانو هۆنیارانو تێکۆشەرانی شاری سلێمانیی هەڵمەتو قوربانی. کات گەیشتە 11 ی بەیانی، لەڕێورەسمێکی شیاودا، گیانی نەمری بەشیری قیبلەی ئامالی کورد، بەسەر تابلۆی باخچەی بەشیر موشیرەوە نیشتەوەو هەناسەیەکی پڕ شادمانیی هەڵمژیو وتی: ئۆخەی راسپاردەکەم هاتەدیو گەڕامەوە بۆباوەشی نیشتمان. نوێنەری نەوەی نوێی دوای هەوتەی مژدەبەر، بەڕێز ئەبدولقادر شوکاك، لە وتەیە

`

کی پڕ زانیاریدا سەبارت پاڵەوانی داستانەکەی ئەمڕۆمان، تیشکی خستە سەر ژیانی ئەو فریشتەیەو سوپاسو پێزانینی هەمومانی بەخاتو هێرۆی ئامادەبو گەیان بە رامبەر ئەو هەوڵەی ئەم هەلەی رەخسان. دوای ئەو، مامۆستا مهەمەد ئەمین پێنجوینی، مەیلەکەی بەشیر موشیری بۆ وتینەوە:

مەیل دیسان مەیل، دڵ پڕە لەمەیل
دڵ کەیلە لە خەم لەبەر مەیلی لەیل

دواجار، کامیل ژیر، ئەندامی هەوتەی مژدەبەر، لەناو ئاپۆرەی کامێرامانەکانی راگە یاندنو جریوەجریوی پۆلی وێنەگری مۆبایلەکاندا، بە هۆنراوەی گەلێ ئازادیی لەیادو بیربێ.....

کۆتایی بە رێورەسمەکە هێنا:

## هەندێ وێنەی وابەستە بە بەشیر موشیرەوە

يتشرف السيد بشير مشير بدعوتكم لحضور وليمة العشاء بمناسبة زفاف ولده شامل وذلك في تمام الساعة السابعة من مساء يوم الخميس المصادف ١٩٦٠/١١/١٠ وذلك في مطعم كوكب الشمس المنير الواقع مقابل جامع الحيدرخانة وبحضوركم يتم الفرح والسرور .



ئوستاد خۆی، جەمال نەبەز، د. عەلی تۆفیق، کامیل ژیر ١٩٦٠

`


لە بەغداوە

٢٦-١-٨٤

ڕەبێ یەک ڕەنگ و دوو ڕەنگ لە یەک جیا کەی

یەک ڕەنگی ئاوێتەی گوڵەکەی بەهاکەی

دوو ڕەنگ شەرمەزاری هەردوو دنیا کەی

دڵی لۆرانسی عەرەب ڕەبێ

بۆ کوردەواری بابێ بەبا کەی

برات دەرە: بغدا

بشیر مشیر

نموونەیەک لە دەستنووسی بەشیر موشیر



بەشیر موشیر

لە ساڵی ١٩٣٩ دا

سلێمانی - چاپخانەی سەفوەت - ١٩٩٧

`

## هەژارو خەزنەدار خۆیان بەدەرکردندا

**رۆژێ ئەبێتە مشتومڕیان، هەژار پێیئەڵێ: تۆ نە فەیلەسوفیت، نە شائیری!!**



کامیل ژیر، هەژار موکریانی، د. محەمەد نوری عارف، د. عەلی تۆفیق
جەمال نەبەز، ئوستاد بەشیر موشیر، نەقیب مەدحەت موفتی ١٩٦٠/١/٨

**بەشیریش لەوەڵاما ئەڵێ: رۆهەکەم ئەتۆ گەوادی، تۆ شاعیرنیت، تۆ شەعیریت. من جارجار لەداخی دوریی نیشتمان شیئر ئەڵێم، بەلام بۆ فەلسەفە، بچۆ لە فەیلەسوفەکانی جیهان بپرسە.. هەستە بۆدەرەوە!.**

`

لەگەڵ دکتۆر مارف خەزنەداریش لەسەر ئەوە تێکچو، بەشیر وتی لەتارانەوە بەپاپۆڕ چوم بۆئەنکەرە. دکتۆر وتی ئەمە راست نیە، چونکە لەنێوان تارانو ئەنکەرەدا دەریا نیە! بەشیر وتی تۆ من بەدرۆ ئەخەیتەوە!!؟ بۆ من نازانم ئێستا لەنێوان ئەو دوشارەدا دەریا نیە؟ من باسی ئێستا ناکەم، باسی پێش سەفەربەر ئەکەم!! تۆ خەزنەی زانست نیت، خەزنەی گویت.. هەستە بۆدەرەوە.

ئیزەدینیش دڵی ئێشانبو، ئەوسا شەڕی ساردی نێوان سۆڤێتو چین لەئارادابو، هەریەك بەجۆرێ هۆی ئەو شەڕەی نێوان سۆڤێتو چینی هاوسێو هاوبیروباوەڕی لێکئەدایەوە. ئەو، واتا بەشیر، وتی: ئێوە نایزانن، ئەوە من ئەزانم هۆی ئەو شەڕە چیە، هۆکەی ئەوەیە، ئیزەت لەمۆسکۆ بێ، چۆن شەڕی نێوان چینو روس بەرپا نابێ؟

من مەبەستم لەگێڕانەوەی ئەو شتانە ئەوەیە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەشیر، لێزانینی ئەویست، نەئەبو دڵی بئێشێنی. چونکە ئەو شتانەی کە ئەیوت، بەلای خۆیەوە راستبو، ئەبوایە بەلای تۆشەوە راستبوایە.

`

مهەمەد تۆفیق وردیش جارجار بەرپەرچی ئەدایەوە، بەشیریش بەوە تۆڵەی لێئەکردەوە کتێبەکانی وردیی لەسەر رەفەکان دائەگرتو ئەیدایەوە بەسەریاو ئەیوت بڕۆ ئیتر کوردایەتی ناکەمو کتێبی تۆ نافرۆشم!

لەنوسەرێکیش توڕەبو، پێیوت: تۆ نابێ دیماغت هەبێ؟ ئەتەوێ من کتێبیشت بۆ بفرۆشمو پارەشت بدەمێ!؟

**خۆری بیرۆکەی دامەزراننی کاژێک لە (روگەی هیوای کوردەکەی بەشیر موشیرەوە) هەڵهاتوە**

`

# کاژیکنامە

زادەی بیری دامەزرێنەرانی کاژیکە

کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتیی کورد

1959/4/14



cemal nebez



ehmed herdî



Kamîl jîr



fayeq 'arf



fereydun 'elî emîn



îĥsan fwad



'ebidula cewher

damezirîneranî kajîk

# کاژیکنامە

## فەلسەفەی بیری کاژیک

**کاژێکنامە: بانگی یەکەمی کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد- کاژێک. بۆیەکەمجار مێژوی کورد لەدیدی نەتەوەییەوە شیئەکاتەوەو زانستیانە پەنجە ئەخاتە سەر زامەکانی نەتەوەکەمان.، بەجۆرێ کە لەنێوان بابەتەکانیا، چارەسەر بۆئەو زامانە ئەبینرێ**

**ئەم پەرتوکە ئەکرێ ئەوەنە بەرێزەوە پیرۆزکرێ کە لەهەمو ماڵە کوردێکا دانەیەکی پارێزراوبێو زوزو دەورکرێکتەوەو نەوە دوای نەوەکانمانی پێگۆشکرێ.**

`

**چاپی یەکەم ١٩٦١**

**چاپی دوەم ١٩٦٨**

**چاپی سێیەم ١٩٧١**

**چاپی چوارەم: ئەلەکترۆنی ٢٠١٨ لەسایتی ئەمڕۆ جێگیرکراوە**

**چاپی پێنجەم ٢٠٢١ کتێبخانەی رۆمان لەسلێمانی دابەشیئەکا.**

`

# نوسراویتر لەسەر بەشیر موشیر:




**لەسەر بەشیر موشیر، زۆر نوسراوەو زۆر نوسینی خۆیشی هەیە، هەندێ لەو نوسینانە:**

`

١-ناميلكەی (بليمەت) بە ١٣٦ لاپەڕەی نيو ئەی فۆر، دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٩ چاپيكردوە. سيروان ڕەهيم ئامادەيكردوە. ژمارەيەكی زۆر لە بەشيرويستەكان بەشدارييان تياكردوە. كراويشە بە فليمو چەندجارێ تەلەفيزيۆن بڵاويكردۆتەوە. لە دوا لاپەڕەی ئەم پەرتوكەدا، بليمەتو چەند ڤيديۆيەكيتر جێگيركراوە كە ئەتوانن كليكيان لەسەربكەنو بيانبينن.

لەو ناميلكەيەدا، بە هەڵە، وا نوسراوە كە كۆچی دواييەكەی بەشير موشير **1963/7/30**بوە! ڕاستييەكەی **1963/6/30**بوە. منو وەرزێرو مستەفا سلێمان ئاگاداری ئەو بەروارەينو لەپرسەكەيدا دانيشتبوين. ئەشێ ناميلكەی بليمەت لە لاپەڕە **189** ی كتێبی ئوستادەوە ئەو بەرواره هەڵەيەی وەرگرتبێ، لەكاتێكا هەر لەو كتێبی ئوستادەدا لاپەڕە **8** نوسراوە (دەزانم ئوستاد لە **1963/6/3** بەڕەحمەت چوە!.

**پيرەمێرد نازناوی مامۆستای بەبەشير موشير بەخشيوەو ئەڵێ هەستی كوردايەتيی بەشير موشير بەشكەی، بەشی هەمو كورد ئەكا.**

**د.كەمال فوئاد** ئەڵێ: مامۆستا دەوروبەری **1890** هاتۆتە دنياوە! ئەوەش هەڵەيە، بەبەڵگەی ئەوەی سالی **1955** لەژمارە **51** گۆڤاری هەتاودا مامۆستا ئەڵێ ( دەردی پيری حاڵی شێواومی پەشێوتر كردوە) ئاشكرايە كەس لە تەمەنی **65**

`

ساڵیدا بەوجۆرە سکالا لەدەس پیری ناکا! ( بەپێی نوسینێکی مهەمەد بابانیش لەفێسبوك رۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٤ ئەڵێ هسێن نازم بەگ نوسیویێتی مامە یارە تاساڵی ١٨٩٤-١٨٩٥ لەژیانامابو. هەروەها ئەڵێ بەشیر موشیر وتویێتی من بۆخۆم سۆفی یارەم بینیبو، ئەوکاتە تەمەنم هەشت ساڵانبو، مناڵی بچوك لەبەر خۆشەویستی پێیانئەوت مامە یارە) کەواتە ١٨٩٠ هەڵەیە. چونکە ١٨٩٤ – ٨ = ١٨٦٦.

هەرچەندە ئەوەش رێیتێناچێ هەشت ساڵانبوبێ، چونکە مناڵی هەشت ساڵان هی ئەوەنەبوە مامە یارە سەرنجی راکێشابێ، ئەشێ ئەو بینینەی مامە یارە لەتەمەنی ١٤ ساڵیی بەشیردابوبێ.

ئنجا د.کەمال ئەڵێ: لەتابلۆی سەردوکانەکەیا نوسرابو نابغه الخیاطین بشیر الموشیر.

---

ئەڵێ ساڵی ١٩٦٣ کە **مام جەلال** چوە بۆبەغدا، بەشیر موشیر پێیوتوە: (نەکەن بەم سەگبابانە بڕوابکەن، ئەمانە دوژمنی کوردن، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەنەکەن مافەکانی گەلی کورد لەسەر دەستی ئەمانە جێبەجێببێ)

**مامیش ئەڵێ:** (تا ئێستاش ئەو قسەیەی ئوستاز لەگوێی مندا دەزرنگێتەوە). تا بمێنم ئامۆژگارییەکانی لەگوێمایە




`

هەروەها د.کەمال ئەڵێ: کۆمەڵێ کەسی ناسراو لەدوکانەکەی ئەوا پەروەردەئەبون، ئەویش هەمویانی بەقوتابیی خۆی ئەزانی.

**د.کوردستان موکریانی** ئەڵێ: ساڵی ١٩٢٨ لەگۆڤاری زاری کرمانجیا بەشیر قسە لەگەڵ خوادا ئەکاو ئەڵێ:

خودا کەعبە بەمن چی کە چوار دیوارە

کەعبەی موشیری دیدەنی بەیداخی کوردەوارە

*بەڵێ چەرخێ لەمەوپێش بەشیر موشیر بەوجۆرە ئەیرِوانییە ئاڵای کوردستان! هەر ئەو هەستە بەرزەشیبو وایلێکردبو بارەگاکەی لابێتە روگەی هیوای کورد، یا خۆیواتەنی: قیبلەی ئامالی کورد. کەچی ئێستا لەسایەی پارتپارتێنەوە، هەنێ خۆبەرۆشنبیرزانی بێدیماغ (بەشیر وتەنی) سوکایەتی بەئاڵای کوردستان ئەکەن!* کەچی کورِنوش بۆئاڵای بێگانە ئەبەن!.

ئاماژە بۆ ئەم هۆنراوەیەی ئەکا:

وەتەن بەخۆشی گەر ببینمەوە

ئیتر هەر ئەژیم قەت نامرمەوە

واتا نەمریی خۆی لە سەربەخۆیی نیشتمانەکەیا ئەبینێ.

**د،جەمال نەبەز** ئەڵێ یەکەمجار ساڵی ١٩٥١ لەبەغا شەقامی رەشید دوکاندارێکی پیری دیوە کتێبی کوردیی داناوە بۆفرۆشتن..هتد جا ئەگەر بەپێی د.کەمالبێ ئەبێ لەو ساڵەدا بەشیر موشیر تەمەنی ٦١ ساڵبوبێ! ئەوەش گونجاونیە، چونکە بە ٦١ ساڵ ناوترێ پیر. کەواتە ئەبێ ساڵی **1955** تەمەنی ئەو لە سەروی **75** سالییەوەبوبێ. لە١٩٥١کیشدا بەلایەنی کەمەوە، سەروی ٧٠ ساڵبوە. منیش کە ساڵێ

`

**1954 بۆیەکەمجار مامۆستا بەشیرم دی، هەر وام خەملاَن کە سەرو 75 ساڵە. بەوجۆرەو بەپێی هەنێ لەو بەسەرهاتانەی خۆی ئەیگێڕایەوە، ئەبێ دەوروبەری 1879 یا 1880 هاتبێتە دنیاوەو لەتەمەنی 84 ساڵیدا کۆچیدواییکردوە.**

**ئەڵێ: مامۆستا بەشیر کوردبو، بە شنەبای کوردستان ئەژیا.**

**ئەڵێ: پێموایە لەناو هیچ گەلێکا کەسێکی وەکو ئوستاد دەسناکەوێ کە خۆڕسکی قسەکانی وابێ تۆ دڵت خۆشبێو پێبکەنی، ئەویش بۆپێکەنین قسەینەئەکرد، هەر خۆی وابو!.**

**نەبەز ئەڵێ: ئوستاد خۆی بەمنی وت: ئەمین بۆیە ئەتۆم خۆشئەوێ چونکە رەسمەن ئینفیسالیت. ئەوەی ئینفیسالی نەبێ گەوادە،**

**ئوستاد ویستویەتی نەتەوەکەی خۆی لەدەوری چرای بەشیریزم کۆبکاتەوە.**

**نەبەز ئەڵێ: کامیل ژیرو مهەمەد نوری ئارف لەپلەی یەکەمی بەشیرستیانو زۆر شت لەسەر ئوستاد ئەزانن.**

**ئەڵێ ناکرێ کوردێ هەبێ بەشیر موشیرنەناسێ. مرۆڤێکی زۆر پاکبو، کەمکەسم دیوە وەك ئەو بەویژدان، کوردپەروەر، دڵپاك، قسەکانی فەلسەفەبون.**

**پێنجوینی وتویێتی ئوستاد راستئەکا لەچینیش کورد هەیە، ئەڵی من چەند گوندێکی کوردیم لەچین دیوە.**

▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪▪



کامیل ژیر، نوستاد، محەمەد نوری عارف ٥/٤/١٩٦٣

128

**کامیل ژیر ئەلی:** دوکانەکەی کردبو بەیانەیەکی سیاسی. زوربەی رۆشنبیرو سیاسییەکانی کورد لەوێ کۆئەبونەوە، دەنگوباسی شۆڕش ئەدرایە دەس ئەو، ئەویش ئەیگەیانە دەس ئەوەی بۆیچوە. گەڵێجار نوسخەیەکی ئەخستە سنوقەکەیەوە. بیرماننەچێ ساڵی ١٩٢٧ پەیوەندیی بەکۆمەڵەی پشتیوانی کوردان کردوە کە ئامانجیان دەرکردنی ئیگلیزبوە. ساڵی ١٩٣٠ بۆتە ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی سەرکەوتن. ١٩٣١نامیلکەی سیپارەی هەقپەرستییو ١٩٣٩ کتێبی بەختنامەی چاپکردوە

`

**بیرۆكەی دامەزراننی كاژێك لەدوكانەكەی بەشیر موشیرا یەكەمجار سەرچاوەیگرت لەنێوان ژیرو نەبەزدا.**

**ستران ئەبدوڵا ئەڵێ:**

**تارمایی بەشیریزم بە ئاسمانی سلێمانییەوە**

**راپۆرتی بەشیریستێكی گوێ قوڵاغ**

**لە مانفێستی كۆمۆنیستدا هاتووە »تارماییەك بەسەر ئەوروپادا دێت، كە تارمایی كۆمۆنیزمە» شتێك لە بابەتی ئەمە لە سلێمانی روویدا، ئەمما ئەم تارماییە هی كۆمۆنیزم نەبوو، هی بەشیریزم بوو كە روحیانەتی ئوستاد بەشیر موشیر بە ئاسمانی شارەكەدا دەسوڕایەوە، لەم كوردستانە غەمبارەدا، بەتایبەتی سلێمانییەكەی، خۆشیو خەندەو تێڕامانی فەلسەفی دەبەخشییەوە. ئەنستتیۆتی »نارین»و قاوەخانەی كەلتوری، سێ بەشیرستی لە سێ نەوەی جیا كۆكردەوە كە یەكەمیان مامۆستا كامیل ژیر، یەك لە حەوت مژدەبەرەكە، دووەمیان مامۆستا محەمەد ئەمین پێنجوێنی كە موخەزرەمی نێوان دوو عەسرە، عەسری حوارییەكانی بەشیر موشیرو عەسری ئەولادی ئەم عەسرە، هەروەها سێیەمیان تابعی تابعەكانی بەشیرو شاگردێكی سەدەی**

`

بیستو یەك، ستران عەبدوڵڵا کە بەحاڵ لەسەر سەکۆی خیتابی «پڕ بەلیغو موئەسیر» جێی دەبۆوە و دەبوایە بە بەڵگەوە بیسەلمێنێ کە » ئەمین-یش» بەشیریستمو موودەعی زەمانە نیم، ئەگینا دەردەکرایە دەرەوە، چونکە »عەرەب دەردەچوو» لەخۆی.

لە ئێوارەی کۆڕی قاوەخانە کە رۆژی »شەممە، 10/29» بە حزوری خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو ژمارەیەك بەشیردۆست سازکرا، سەرەتا مامۆستا کامیل ژیر وەك عومدەیەکی بەشیریستو شاهیدی عەسری زەهەبی مەقەستی زەهبی بیلۆگرافیاو بەسەرهاتو جەنگە مێژووییەکانی ئەلموشیر بەشیری خوێندەوە، لەنێوان راستیو ڕاستیدا سەلماندی کە فەیلەسوفی زەمانی خۆیو ئوستادی هەموو زەمانەکانی دوای خۆی، نە درۆی گووتووە و نە ڕاستی وتوە، شرۆڤەی ئەمانەی بۆ خوێنەری »ژیر» بەجێهێشت.

کەسێ نەبوو قسە لە قسەی مامۆستا کامیل بدات، چونکە لە حەوتەکە هەر ئەو لەوێ بوو، موژدە بدات... مامۆستا پێنجوێنی چالاکییەکانی خۆی لەبواری بەشیرناسیدا گێڕایەوە بۆ موبارەکەو موتارەکەی د. کەمال فوئاد، یەك لەحەوت ئەندامەکەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیو لەوەش گرنگتر یەك لە حەوت مژدەبەرەکە، وتیشی: کە ئەوی پێنجوێنی سەر سنووری باشوور، وەکو خەبات بۆ پشتیوانی باکوور دەکات،

`

فەلسەفەی بەشیریزمی لەبیرنەچووە و لەویٚ لە
رۆژنامەی تەنزی پێنج هەزار تیراژی دیاربەکردا
بڵاویکردۆتەوە، گوتیشی: تەنانەت بەڕێز عەبدوڵڵا
ئۆجەلانیش کە لە ئێستادا وا لە حەپسی تورکان لە
ئیمرالییە، زۆر سەرسامی ڕێبازی بەشیریزم بووە و
داوای کردووە سیپارەکانی بکرێنە تورکی تا ئەویش
بیانخوێنێتەوە، بەڵام داخی گرانم وەکو لە توانجی
پەیامنێری کوردستانی نوێدا هاتووە کوا زمانی فەقیری
تورکی دەرەقەتی ئەم فەلسەفە قوڵەی مامۆستا بەشیر
دێت، ئەڵمانەکان بەحاڵ لێی تێدەگەن، سەرەڕای کۆششی
چەندین دەیەی مامۆستا د. جەمال نەبەز و لەگەڵ
ئەویشدا د. کەمال فوئاد. پرسیاری مامۆستا لەجێی
خۆی بوو، هەرچەندە مەعلومە دوو شاعیر «کامیل
ژیرو پێنجوێنی» لە دیوەخانی بەشیرستاندابن خۆ هەر
دەبیٚ «یتبعهم الغاوون»ێکیان لەپشتەوە بێت.
شاگردی مودەعی وەك شاعیری القصیده الواحده وتی:
لەسەر تەنها وتارێك کە لەم کتێبەدا بڵاوبۆتەوە» یانەی
کوردایەتی، یان قیبلەی ئامالی کورد» ئەندامێتی کۆڕی
بەشیرستانی بەدەستهێناوە و لەسەر دەستی د. کەمال
فوئادو ئیحسان فوئاد ئیجازەی تابعی تابعینی
وەرگرتووە، بەڵگەش ئەوەبوو دەیان کەس تێزی دکتۆرا
دەنووسن، بەڵام گرنگە لەسەر دەستی کەسێکی وەکو
د.کەمال ئیجازەی بەشیریستی وەربگرێت. ئینجا

`

هەرچەندە لەکۆڕی بەشیریستاندا جددیات نایخوات، بەڵام باسی هێنایە سەر یانەکەی بەشیر کە ئەم دیاردەیە لە پایتەختە رۆشنبیرییەکانی عەرەبدا هەبوو، وەکو سالۆنی مەی زیادە، سالۆنی عەقاد لەمیسر، بۆیە دوکانی بەشیر موشیر لە بەغدا سالۆنی کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمە بوو کە توانی کوردی شیوعیو پارتی، ناسیۆنالیستو کۆمۆنیست، کوردی »خەفیە»و کوردی حکومەت، تێکۆشەرو سیاسەتمەدار و ئەدیب لەیەك یانەی کوردانەدا کۆبکاتەوە، گوتی: جگە لە رۆحی بەشیریزم چی یانەو کۆڕێك مام جەلالو جەمال نەبەز، د. عزەدینو د. مارف خەزنەدار، کامیل ژیرو کەمال فوئاد کۆدەکاتەوە؟.

دوای ئەم باسو خواسە، قسەهاتە سەر رێزگرتن لە روحی فەلسەفەی بەشیریزمو یادەوەری ئەم کەڵە پیاوەی کورد کە شوێنێکی گشتی بەناوەوە بکرێت، خاتوو هێرۆ رایگەیاند: بەڵێ پێویستە کاری بۆ بکرێت. ئیتر پرسیاری ئامادەبووان دەستیپێکرد کە هەمووی لەسەر ئەم رێبازەو حەوت مژدە بەرەکەو تەئلیفو ئیمظاکانی بەشیر موشیر بوو، هەموو شادو خەندان بوون، کە ئەم رێبازە بژیێنرێتەوە سا بەڵکو لە غیابی دەستوور و قەیرانی سەرۆکایەتیو قەیرانی پەکخستنی پەرلەماندا رۆحی بەشیریزم ببێتە مەرجەعی تەقلیدو بەجارێ رووبکەنە قیبلەی ئامالی کوردو وەڵڵاهو

`

**ئەعلەم.**

**جا ئەگەر خەڵەف غەفور بەڕێوەبەری کۆڕ مەقەستی**

**بەشیری لە کاتو ساتی کۆڕەکە نەدایە، گفتوگۆی**

**موریدەکانی ئوستاد تا درەنگانێکی شەوی دەخایاند.**

**2016/10/31**

**بەدوای ئەم راپۆرتە پڕلەسۆزی بەشیر ویستییەدا، کامیل ژیر مژدەیدایە کە ناوی بەشیرستی گوێقولاغی ئەم عەسرە مامۆستا ستران ئەبدوڵا چوە ناو کیتابی گینسی بەشیر موشیرەوە. ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:**

**مامۆستا کامیل: وتلك شهادە اعتز بها هەر وەکو بەشیرستی قەدیم وتویەتی شرف لادعیە وتهمة لانفیە، جا ئەو سیپارەی هەقە کە بە امضائی مامۆستا کامیل هاتوە شانازییەکەی گەورەترکردوە.**

**عەبدولخالق ئەسیری** هۆنیاری گەورەی کورد، یەکێکە لەو کەسایەتیيانەی زۆر زو هەستی بەگەورەیی بەشیر کردوەو شانازیی ئەوەی پێبڕاوە لەئامادەکردنی سیپارەی حەقپەرستیا بەشداربێ. بەشیریش بەفەیلەسوف ناوی ئەسیریی بردوە.

لەناميلکەی بلیمەتا هاتوە: کوردە ناودارکانی ئەو سەردەمە وەك **ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، برایم ئەهمەد، حوزنی موکریانی، گیو موکریانی، قاسملۆ، شێخ سەلام، رەفیق هیلمی، ماروف جیاوک، رەفیق چالاک، ئەمین رەواندزیو وریای کوڕیو** گەلێ ناوداری دیکە لەبەشیرستە هەرە گەورەکانبون.

---

`

هەرچەندە تا ئێستا سەرژمێری نەکراوە، بەڵام بەپێی شاگردەکانی، ژمارەی بەشیرستان چەندین ملیۆن کەسن. ئوستاد لەخەباتی کوردایەتیو هوشیارکردنەوەی نەتەوەکەیا هەرگیز کەمتەرخەم نەبوە. نامەکانی بۆکۆنگرەی ساڵانەی قوتابیانی کورد لەئەوروپا (کە لای د.کەمال فوئاد پارێزراون)، ئەوە ئەسەلمێنن کە چەن خەمخۆری قوتابیانو کێشەی گەلەکەی بوە.

ئەمە نمونەی نامەیەکێتی:

## نامەیەکی بەشیر بۆ کۆنگرەی خوێندکاران لەئەوروپا

دڵ پڕ پەژارە    وەتەن خەمبارە

هیلاکو ماندو    کەوتوم لەم شارە

تاسەو ئارەزوی  دڵ ئەشکێنم

نامەی کۆنگرە  ئەوا ئەنێرم

ئەندامانی خۆشەویستی کۆنکرەی خویندکاران:

سال بە سال هەم خۆزگەم بە پار، هەم خۆزگەم نا بەپار. ئەم سالیش خەمم لینیشت، کەوتمە جەیەشان، چونکە کۆنگرەی خویندکاران بگیریت و ئەمن نامە نەنیرم؟  ئەمن لەبیری ئەوەدا بوم چۆن نامەکەم بەدەست یاساولەکانی سنور نەگاتن. سەری دنیام لیهاتەوە یەك، تا دوینی بەیانی کەتەماشای "بەختنامەکەی

`

ناپلیون" م کرد، لێی نوسرابو کە ئەمرۆ سەرکەوتو دەبیتن. ئەمنیش دڵم خۆشبو. نامەم نوسی، لە پرکاك (.....) خۆی کرد بەژوری دوکانداو وتی دەچمە ئەلمانیا، نامەکەی وەك پارچەیەك لە دڵی پاراستو هێنای بۆ ئێوەی خۆشەویست.

خۆشەویستەکانم:

دڵم پڕ لەئازارە بۆکوردستان، دیارە هەموشت ئاگادارن. کوشتن، بڕین، بۆمبارانو داخستنی دوکانەکەی ئەمن کە یانەی هەمو کوردی بەغدایەو بەکوێرایی چاوی هەمو نۆکەرو ئیستئمارو زۆڵە کوردێك، بالیوزخانەی کوردستانە لەپایتەختی هارونە رەشیدا.

ئەندامانی خۆشەویستی کۆنگرە:

بۆمباران ملیونێك کوردی لە کوردستانی بەزۆر بەقاسمەوە بەستراوی کوشت، بەڵام وا مەزانن بەمە کورد ملیونێکی کەم کردوە، بەلکو بەگرمە گرمی بۆمبا کوردستان لەناو ناچێت. لە کوردستان ئەمساڵ سێ ملیون منداڵی شۆرشگێر لەدایکبون. کوردستان هەر کوردستانەو گۆڕەکەی محەمەد عەلی کوردی "خوا لێی خۆشبێ" لەمەنسورییەت ئەلجەبەل شایەتە.

قسەم زۆرەو لەداخی دڵ زۆرە، هیوای سەرکەوتنتانمەو دڵنیابن کە نەتەوەکەتان سەردەکەویت، منیش زمانی حالم هەر دەڵێ:

بەشیر موشیر لەعەزرەت کوردانە وا بەپیری ئارەق دەکاتو لەگەرمان لە ناو دوکان دەسوتێ. کورد هەر ماوەو هەر زۆر دەبێ. کوردستان هەر ماوەو تا دێت فراوانتر دەبێ. با دوژمن شەق بباتو کوێربێ.

دواشت بەدڵمە لەکۆتاییدا ئەم شیعرەتان بۆبنوسم:

`

یادتان بەخێر ئەی دور وڵاتان

کە کۆتر بەباڵ ناگاتە لاتان

باوکی لاو و پیرتان

بەشیر موشیر

شیاوی وتنە هەر کات ناکۆکیو پشێوی بکەوتایەتە ناو کۆنگرە، بەخوێننەوەی نامەیەکی مامۆستا، هەمو ئەکەوتنە پێکەنینو کرئەبونەوەو کۆنگرە ئەچوەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

**مهەمەد ئەمین پێنجوینی ئەڵێ:** بەشیریزم پاشەڕۆژی مرۆڤایەتییە. کە مرۆڤ باسی بەشیر ئەکا وەکو گوڵێ کە ئاویبدەی ئەگەشێتەوە، پێکەنینو خۆشی ختوکەی ناخی ئەدا. لەنوسینێکمدا وتومە: زانای هەرەگەورە بەشیر موشیر بناسن.

**ئەیاد هاجی نامیق ئەڵێ:** دوکانەکەی بەشیر موشیر وەکو چەترێ هەمو کوردە رۆشنبیرەکانی کۆکردۆتەوە. بەشیر موشیر دۆنکیشۆتی کوردە. لەوانەیە هەندێ ئەو بە شێت بزانن، بەڵام یەکێ لەفەیلەسوفە هەرەگەورەکان ئەڵێ: لەنێوان شێتیو ژیریدا دەزویەکی باریك هەیە.

`

**كرمانج هاريكى ئەڵێ:** بەشیریزم ئیڕۆ بویە ڕێبازەك، ڕێبازا نڤیسەرو زاناو كوردپەروەرێن ڤی وەڵاتی. بەشیریزم نە قازانەكە خاڵییە، من دیت دنیایەكا تژی سڕو ئەسرارو نهێنییە.

**كەمال رەئوف ئەڵي:** هەرچی شتێكی كورد هەیە لای ئەو پیرۆزبوە. راستگۆبو لەگەڵ زاتی خۆیا.

**د.هێمن باقرو شاكار ستار** بەدرێژی لەسەر بەشیر موشیریان نوسیوە. ئەتوانن لەكۆتایی ئەم پەرتوكەدا خوێنەرەوەیبن.

`

## ٢-پەرتوکی (ئوستاد)




**نوسینی د.ئیزەدین مستەفا رەسول لە ١٩٠ لاپەڕەدا**

**کە نوسەر بەکارێکی ئەدەبی پێناسەی ئەکا! بەڵام دروستە ناوی بنێین درۆنامەیەکی بێئەدەبی. سەرەتای درۆکانیش لەیەکەم لاپەڕەدا دەرئەکەوێ کە نوسیوێتی لەسەر ئەرکی مام جەلال چاپکراوە، کەچی لەدوالاپەڕەدا فاروقی براشی ئەخاتە پاڵ مام جەلال کە گوایە هەردوکیان ئەو ئەرکەیان گرتۆتە ئەستۆ!! وەك تێچوی ئەو چاپکردنە ئەوەنە زۆربێ، بە دو ملیاردێر نەبێ، چاپنەکرێ!. پەرتوکەکەش بە ٣٠٠ هەزار دینار چاپئەکرا. داهاتەکانی ئیزەدینیش ئەوەندە**

`

کەمنەبو کە نەتوانێ ئەو پەرتوکە چاپبکا. داهاتەکانی بەمجۆرەبو: موچەی پەرلەمان + موچەی زانکۆ + پاداشتی سەرپەرشتییەکانی خوێنکارانی دوکتۆرا + موچەی سۆشیال لەسوید + پاداشتی نوسینەکانی لەمیدیاکان + یارمەتییەکان لەمام جەلالەوە + یارمەتییەکان لەکاك مەسعودەوە (بڕوانە وتارەکانی کاروان شێخ سەعید



لە کوردستانپۆست ٢٩/٩/٢٠١٥، ٢٣/١٢/٢٠١٥)

هەروەها نوسینێکی سمکۆ ساهێبقڕان لەکوردستانپۆست.

بێئەدەبییەکەش لەوەدایە کە لەم پەرتوکەدا سوکایەتی بەچەندین کەسایەتی بەڕێز کردوە وەك بەدەم ئەم نوسینەوە ئاماژە بۆهەندێکیان ئەکەین.

٣-نامیلکەی (**چەپکێ رەخنە لەکتێبی ئوستاد**) لە ٤٣ لاپەڕەدا نوسینی مەلا جەمیل رۆژبەیانی ٢٠٠٥




**که خۆی ١٩٩٨نوسیوێتی، وەڵامێکی توندو تیژی کتێبی ئوستاد ئەداتەوە بەجۆرێ لەرەچەڵەکەوە راستییەکان لەژێر بەڕەوە ئەخاتە سەر بەڕە!.**

٤-**وتارێکی کارڵ دانینکەر** لەژێر ناوی (بەرگدرویەك لەبەغداوە هێز ئەدا بەکورد) لەپەرتوکی (KOPEE DES JAHRES)دا بەئەڵمانی ٩١/١٩٩٠ وەرگێڕی بۆکوردی د.لەتیف نەجارو دارِشتنەوەی د.مهەمەد نوری ئارف کەئەمە گوڵبژێرێکی بابەتەکانی ئەو وتارەیە:

---

`

برای بەڕێز کاک کامل

ئەم کاتەت باش :

بە گەرمی هەواڵتان ئەپرسم هیوام خۆشیتانە ، ڕێزم هەیە
بۆ کاک تەها بابان و کاک خوناو توفیق . ئەوا لەسەر داخوازیەکەتان
ئەو لاپەڕەیەی کە تەرخان کراوە بۆ ماموستا بەشیر موشیر لەگەڵ بەرگی
کتێبەکەدا بۆتم فۆتۆکۆپی کردی ، و دوای ئەوە لەگەڵ کاک دوکتۆر
لەتیف نەجار دا دانیشتم و ئەو لە ئەڵمانیەوە وەرگێڕاو منیش
کوردیەکەیم دارشت و وا بۆتانی ئەنێرم ، هەرچەندە دواکەوت
بەڵام داوای لێبوردن ئەکەم ، هیوادارم جێگای ڕەزامەندیتان بێ .

ئیتر هەربژین — براتان

محمد نوری عارف

زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێجی ئاداب
بەشی کوردی

هەولێر

DONNERSTAG, 2. MAI 1991

167

Die kurdischen Flüchtlinge beginnen langsam mit der Rückkehr in ihre Heimat; das Leben im Irak scheint sich zu normalisieren

Karl Danninger

## Ein Schneider aus Bagdad gibt den Kurden Kraft



Wurde zur Symbolfigur: Beshir Mushir

Manche Völker, die über einen längeren Zeitraum in Unterdrückung durch fremde Mächte leben, flüchten sich in Identifikationen mit Figuren, die ihnen helfen, ohne Gewaltanwendung zu überleben. Die Tschechen haben den braven Soldaten Schwejk erfunden. Die Kurden haben Beshir Mushir.

Beshir Mushir ist Mitte der siebziger Jahre in hohem Alter gestorben. Sein Ende war kurdisch. Aber beginnen wir von vorne.

Beshir war Schneider. Sein Geschäft lag dort, wo Bagdad am geschäftigsten ist, vis-à-vis der Haidar-Khane-Moschee. Wie es Brauch ist im Orient, treffen einander die Männer entweder im Kaffeehaus, beim Friseur, beim Schneider. Bei Beshir.

Bei ihm gingen kurdische Offiziere der irakischen Armee ein und aus, kurdische Politiker trafen einander in Beshirs Schneiderei. Und so ergab es sich, daß halb im Spaß, halb im Ernst Beshir um Rat gefragt wurde, was er denn zu diesem oder zu jenem Problem meine. Und Beshir gab Antwort, zunächst halb im Spaß, später ganz im Ernst.

So begutachtete er Minister-Kandidaten, gab Rat im Straßenbau, in anderen Dingen, kurzum: in allen Dingen, von denen er nichts verstand. Es erschienen Artikel unter seinem Namen in Zeitungen. Und wenn ihm gesagt wurde, diese oder jene Passage sei nicht verständlich, lautete seine — ernstgemeinte — Antwort: „Ich habe nicht für Dummköpfe wie dich geschrieben, sondern für die Regierung. Und die versteht, was ich geschrieben habe." Beshir identifizierte sich mit seiner ihm zugespielten Rolle als politischer Ratgeber.

Kein Kongreß von Exilkurden konnte über die Bühne gehen, ohne daß eine — fingierte — Grußbotschaft Beshirs verlesen wurde. Noch heute sitzen, über ganz Europa verstreut, Kurden beisammen und erzählen sich Anekdoten aus Beshirs „Wirken".

Seine Stärke war seine Phantasie. Gefragt, wie viele Kurden es denn gebe, behauptete er: 70 Millionen. Nachfrage: Wieso 70, man wisse doch von höchstens 25 Millionen. „Ja", fabulierte Beshir, „in China, in der Mongolei, in Belutschistan, in Afghanistan leben viele Millionen Menschen, die der Landessprache nicht mächtig sind. Und nach langem Forschen sind die Gelehrten draufgekommen, daß dies lauter Kurden sind." Oder er erzählte, wie er von Teheran mit dem Schiff nach Istanbul gereist sei. Das sei doch unmöglich, wurde ihm entgegengehalten. Beshir: „Damals war es möglich."

Wegen seiner politischen „Erfolge" wurde er schließlich einmal zu einem Exiltreffen nach Prag eingeladen. Beim Ausreiseversuch wurde er verhaftet, wenig später starb er, vermutlich nicht friedlich, wie man erzählt. Sein Ruf aber lebt weiter. Aller Unterdrückung zum Trotz erzählen sich Kurden Geschichten über Beshir und fühlen sich stark.

`

(هەندێ لەمیللەتان بۆماوەیەکی زۆر لەژێر ستەمدا ئەناڵێننو بەگەڵێ شێوە تێئەکۆشن تا بتوانن بمێننەوە. بەشێکی زۆر لەئەفسەرو سیاسییە کوردە گەورەکان ئەچون بۆلای بەشیر موشیر کە بەرگدرویەکبو لەبەغدا. بەشیر بۆهەمو پرسیارێ وەڵامێکی هەبو. راوێژکارێکیشبو بۆهەندێ لەوەزیرە کوردەکان. لەزۆر سەرەوە ئەدوا، تەنانەت باسی پیلاندانانی ئەکرد بۆکردنەوەی رێگەوبان، لەرۆژنامەکاندا وتاری بڵاوئەکردەوە، کاتێ پرسیاریان لێئەکرد لەبارەی نوسینەکانیەوە، ئەیوت من ئەو شتانەم بۆگێلە پیاوی وەکو تۆ نەنوسیوە بەڵکو بۆلێپرسراوانی میریم نوسیون کە ئەوان ئەزانن مەبەستم چیە. لەهەمو جیهاندا قسەکانی وەك قسەی سەفیرێکی گەورە وابو. دەسەڵاتی ئەم پیاوە لەوەدا دەرئەکەوت کە بۆچونەکانی زۆر نایابو. لەسەردەمی خۆیدا کە لەسیاسەتدا بلیمەتبو، داوەتیانکردوە بچی بۆ پراگ، بەڵام دەسگیرکراوەو کەمێ دوایئەوە کۆچی دوایی کردوە. ئەو رێگەیەی کە ئەو خەڵکی بۆهانئەدا، تائێستاش هەر خەڵکی لێوەی ئەدوێنو دڵودەرونیان بۆکوردایەتی بەهێزئەکا).

**٥-وتارێكی د. ئیهسان فوئاد** لەژێر ناوی **(ید الاثم تطال حتى المقابر)**



# يد الإثم تطال حتى المقابر

المرحوم بشير مشير

الزمان: تشرين الاول عام ١٩٩٥.

المكان: مقبرة الشيخ معروف الكرخي في بغداد.

في ليلة من ليالي اكتوبر عام ١٩٩٥ قامت عصبة اعتادت اللصوصية بتجنيد عدد من العمال لهدم الضريح الذي كان يضم رفات المرحوم بشير مشير الذي رقد فيه منذ تموز (يوليو) عام ١٩٦٣، ومن ثم قام احدهم ويدعى الملا علي ببيع الارض التي خلت من أي اثر يدل على انه كان قبرا الى اولاد المرحوم علوان خلف البرادعي المتوفى نفس العام بمبلغ قدره ٣٥٠ دولارا دون ان يكونوا على علم بالامر.

والأنكى والأمرّ من كل ذلك، يقال بأن الذين نفذوا هذه الخطة القذرة هم حفنة من أشباه الرجال اطلقوا على انفسهم زورا وبهتانا اسم حماة المقابر. لقد كان لهذا الخبر وقع الصاعقة على كل كردي مخلص وبالأخص تلاميذ ومريدي واصدقاء الراحل بشير مشير الذين لم يعرفوا بهذه الجريمة إلا مؤخرا. واصدر المركز العام لجمعية اصدقاء بشير بيانا ندد فيه بهذه الجريمة اللاانسانية، كما أبدى بالغ الأسف على هذه الفعلة. وفي الوقت نفسه ناشد جميع الخيرين العمل على ايجاد رفات الراحل اينما كان لنقله الى تلة "مامه ياره" في السليمانية ليرقد بسلام بجانب صديقه الحميم الشاعر الكبير پيره ميرد.

وبهذا دخل الراحل بشير مشير الى عداد كوكبة من اللامعين الذين مازالت اضرحتهم مجهولة ولا يعرف احد اين دفنوا او اين هي قبورهم، وفي مقدمتهم الفريق بكر صدقي قائد انقلاب ١٩٣٦ والفريق الركن عبد الكريم قاسم قائد ثورة ١٤ تموز؟

-متابع-

لەرۆژنامەی الاتحادا ژمارە ٣٦٢ رۆژی ٢٠٠٠/٣/٣١ پوختەكەی بریتییە لە: فی لیلة من لیالی اكتۆبر عام ١٩٩٥ قامت عصبة اعتادت اللصوصیه بتجنید عدد من العمال لهدم الضریح الذی یضم رفات المرحوم بشیر مشیر الذی رقد فیه ومن ثم قام احدهم ویدعی الملا علی ببیع الارض التی خلت من اثر یدل علی انه كان قبرا،

`

الى اولاد المرحوم علوان خلف البرادعى بمبلغ قدره ٣٥٠ دولارا دون ان يكونوا على علم بالامر. وبهذا دخل الراحل بشير مشير الى عداد كوكبة من اللامعين الذين مازالت اضرحتهم مجهولة ولا يعرف احد اين دفنوا او اين هى قبورهم وفى مقدمتهم الفريق بكر صدقى قائد انقلاب١٩٣٦.

٦-**وتاریکی مامۆستا مهەمەد ئەهمەد قادر** لەرۆژنامەی کوردستانی نوێدا ژمارە ١٥٧٥ رۆژی ١٩٩٨/٣/١٢ لەژێر ناوی ئوستادو چەند سەرنجێك کە پەرچدانەوەی ژمارەیەك لە درۆو ناڕاستییەکانی کتێبی ئوستادەو پوختەکەی ئەڵێ: کاك دکتۆر دوای ١٤ای تەموزی ١٩٥٨ چو بۆسۆڤێت تاکۆتایی شەستەکان. لەبەرئەوە زوربەی نوسینەکانی بۆیان گێڕاوەتەوەو زۆری روداوەکان وەکو خۆی نیە. سەرجەم بۆچونەکانی لەدیدی سیاسیی خۆی هەڵی هێنجاوەو دورن لەو کۆڕانەی یانەکەی بەشیر موشیر. ئەڵێ گوایە بەشیر موشیر وتویێتی ئەوەی شیوعی نەبێ گەوادە! لاموایە قەت وەستا بەشیر قسەی وای نەکردوە، چونکە هەمیشە رەخنەی لەشیوعیەت ئەگرت. کاك کامیل ژیر پەڕاوێکی بەناوی گەورە پیاو نوسیوە، ئیزەدین دیویێتی!. ئەشڵێ دوکتۆر بەناوی بەشیرەوە خەوێك ئەگێڕێتەوە کە ئەوەش نزیکە لەنوسێنێکی کامیل ژیرەوە کە لەرەنگیندا نوسیویێتی ساڵی ١٩٨٨ بەناوی بەشیر موشیرو خەوێکی ئەرخەوانی. جگە لەوانە لەهەندێ رویترەوە بەدرۆی خستۆتەوە.

ژیر ئەڵێ:

`

**٧- برای خۆشەویستمان کاکە کاوە ئەمین، دیمانەیەکی تەلەفیزیۆنیی لەگەڵمدا ئەنجامدا بە ٤ جار. دیمانەکە لەتەلەفیزیۆنی روداودا بلاوکرایەوە. بەشێکی بریتیبو لەژمارەیەك پرسیارو وەلام سەبارەت بەشیر موشیر بە راستگۆیی.**

**٨-لەچەندین میدیاو بۆنەیتردا، هەر سەبارەت بەشیر موشیر، وەلامم داونەتەوە.**

**٩-زۆر کەسیتر نوسەرو برەودەری قوتابخانەی بەشیرستین وەك بەرێزان: هەوتەی مژدەبەر، قەیس قەرەداخی، ئەبدول قادر شکاك، مهەمەد ئەمین پێنجوینی، سیروان رەهیم، ستران ئەبدولاو..هتد.**

**١٠-ساڵی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ ، دو (سی دی)م لەگەڵدا تۆمارکرد، لەو دو سیدیەدا: بەشیر موشیر، جەمال نەبەز، مهەمەد نوری ئارف، مهەمەد ئەهمەد قادر، مهەمەد تۆفیق وردی، کامیل ژیر ئامادەبون. لەوەلامی پرسیارەکانی کامیل ژیردا، بەشیر موشیر گەلێ بەسەرهاتی خۆش ئەگێرێتەوە، جەمال نەبەز بەهەندێ هۆنراوە، وردی بەگۆرانی، هەموان بەچەپڵەو پێکەنینو سرودی ئەی رەقیب، کۆرەکە گەرم ئەکەن. بەشیر موشیر ئەڵی پێنج زمان ئەزانم. برێك بەهیندی ئەدوێ.**

**١١-نامیلکەی بلیمەت ل٢٨ ئاماژە بۆ وتارێکی رۆژنامەوانی ئۆتریشی کارڵ دانینکەر ئەکا لەرۆژنامەی دێر ستاندارت ژ ٧٤٣ رۆژی ١٩٩١/٥/٢ سەبارەت کەسایەتیی بەشیر موشیرو ئەڵێ بەرگدرویەك لەبەغاوە هیز بەکوردەکان ئەبەخشێ.**

`

## ١٢-**نامەیەکی مێژویی** لەبەشیر موشیرەوە بۆئیسماعیل حەقی. ئەمە کۆپییەکەیەتی:


30. Eylul. 956

بو لادی ماموه ستای به رز
اسماعیل حقی

روژ باش :
هیوا دارم که همیشه شاد و بختیار بی هیوام وایه که هیچ
کاتی ناخوشیت به دلدا نه ییت .
میرم نوسراوتکه گیشت زور پیی خوش حال بوم چاوم روون
کرده وه انشاء الله همیشه پایه دار و سه ر به رز ئه بی . بو کوردو
کورده واری . میرم له پاش نوسیوته که ئه موی لهم وظیفه یه
ده ربچم روحه که م ( مشله ایمرو نانی ئم رو بو سبه ینی ) ئه وه
ده بی ره چاو بکرینه . مه یشتا هیزت هه یه زور ایشتی ده کری
له سه ر ئه م کاره ت ده وام بکه هه تا کو بختی پاره کو بکه یته وه بو
ژیانی اختیاریت ) له براده ره کان رفیق حلمی بگ کاکه عارف
ورشید صدقی . محمد علی کردی . هه موو عرض احترامیان هه یه
مع الاسف محمد علی کردی ایمرو نه خوشه وله ماله وه که و تووه
دوعای خیری بو بیته له سه ر هه موو لایه که .
ایتر بژیت :
ووردی مخصوص سلامی هه یه و بیت ئه کات .

ایتر خوشیت
برات
بشیر مشیر

geyet-
2-October-956

Cevabı
10-October-956.
rusra.

`

---

**١٣- پیرەمێرد، ئەڵێ:**

ئێمە بەشیر موشێرێکمان هەیە حیسیاتی ئەو بەرامبەر بە کوردایەتی، واتا هەستی، دابەش بکەی. بەشی هەمو کورد ئەکا.

**١٤-دوکتۆر قاسملۆ** ئەڵێ : چ میللەتێك بەشیری هەیە!؟

**١٥- دو کورتە هۆنراوەی خۆی :**

وەتەن بەخۆشی گەر ببینمەوە
ئیتر هەرئەژیم، قەت نامرمەوە
خودا کەعبە بەمن چی کە چوار دیوارە
کەعبەم دیدەنی بەیداخی کوردەوارە

`

**٩٧ --هەڵۆ بەرزنجی ئەڵێ:**



»ئوستاز هەرگیز درۆی نەکردوەو قسەی ڕاستیشی نییە«... کامیل ژیر

لە نێو گروپی بەشیرستەکاندا، کەس هێندەی مامۆستا« کامیل ژیر »قەڵەمی بەپیتو فرە بابەتو نووسینی نییە و هێندە کۆڕو سەمیناری نەگرتوە لەسەر حەزرەتی ئوستاز/ بەشیر موشیر...

`

مامۆستا ژیر.. هەڵبەت جەمال نەبەز لە نزیکترین ئەوانە بوە، کە رۆحی ئوستازیان تێدا تواوەتەوە- لە شوێنێکی تردا باسی دەکەین- بەڵام بەداخەوە، بۆخۆی چ بابەتێکی سەربەخۆی لەسەر ئوستازەکەی نییە.

عێزەدین .م. رەسولیش بەرهەمێکی سەربەخۆی بەناوی ئوستاز هەیە، بەڵام گاڵتەجارانەو بۆمەرامێکی تایبەت نوسیویەتی...

ئیمڕۆ بەرهەمێکی مامۆستا ژیرم بۆجارێکیتر خوێندەوە، کە بریتییە لە **4** شانۆنامە، دیارترینیان بەناوی گەورەپیاو.**Superman** /، کە ناونیشانی کتێبەکەشە تەرخانە بە باسی «بەشیر موشیر...«

هەرکەسێ بیەوێ لەژیانو کەسایەتی ئوستاز بکۆڵێتەوە، پێویستە سەرنجی ئەم تایبەتمەندیو خاڵە لای ژیر بدات و پێشموایە ئۆتۆماتیکی خۆی ڕوبەڕوی ئەم ڕاستییە دەبێتەوە...

بەباوەڕی بەندە، ئەم دیاردەیە لای مامۆستا ژیر، جگە لەئەمەکو ڕێزێك بۆئوستاز، هاوکات دەری دەخات، ئوستاز بە چ قەبارەو بارستاییەك کاریگەرێتی لەسەری هەیە لەلایەکو لەلایەکیدیکەوە، تا چەند ژیر لە ئوستازناسیدا قوڵ بۆتەوەو شارەزایی هەیە...

گەلێ ئازادیی لەیادو بیربێ

خاوەنی ڕۆڵەی وەکو بەشیربێ

بەشیر موشیربێو کاملۆ ژیربێ

بۆکوردستانی قەڵغانی شیربێ

ئەو گەلە ئەبێ بگا بەئاوات

سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات

`

**چەپڵە بۆبەشیر موشیر لێبدات**

**بابەتەکە/ شانۆنامەکە نزیکەی 43 لاپەڕەیەو بەفلاشباك گەڕاوەتەوە بۆبەغدای ١٩٤٨-١٩٦٣....**

**لەم بەرهەمەدا رۆحی زۆرینەی بەشیرستەکان «« جەمال نەبەز، عەلادین سوجادی، هەژار، مارف خەزنەدار، کەمال فوئاد، ئیحسان فوئاد، عیزەدینی مستەفا »و زۆریتر بەرۆحی گەورەی ئوستازەوە ئامادەییان هەیە..**

**دەستخۆشی لەم ئەمەکو خۆشەویستییەی مامۆستا ژیر دەکەمو خوا یاربێو تەمەن لەباربێ، جارێکیتر بەدرێژی دێمەوە سەر ئەم باسە......**

**هەزاران تاجە گوڵینە بۆ سەر گڵکۆی کەسایەتی ئەفسانەیی کورد: حەزرەتی بەشیر موشیر/ ئوستاز هیوادارم مامۆستا ژیریش هەر بمێنێ بۆخزمەتو پێشکەشکردنی کاری ناوازەی دیکە.... دوا دێری ئەم باسە بەم پەرەگرافە جوانەی مامۆستا ژیر،لە یادی 57 ساڵەی مەرگی حەزرەتی ئوستازو کردنەوەی باخچەیەك بەناویەوە لەشاری سلێمانی کۆتایی پێدێنم....**

**مامۆستا ژیر دەڵێ:" فەلسەفەی بەشیری، فەلسەفەی پێکەنینە. بەڵێ پێکەنین. پێکەنین لایەنیکی گرنگە لەژیانی مروڤدا. پیکەنین زەردەخەنە ئەخاتە سەر لێوان، خۆشی ئەباتە ناو دڵان، رەوینەری پەژارەیە، بۆنەخۆشی چارەیە، پارێزەری دڵە، ئەندامەکانی لەش چالاکئەکا، ماسولکەکان بەهێزئەکا، وزەبەخشە، ئامێری بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوە ئەپارێزێ، دڵەڕاوکێو گرژی ناهێڵێ، شآنەکانی بەرگری زیادئەکا، گەشبینی ئەبەخشێ، هۆکاری داهێنانە، خەمرەوێنە، ئازارشکێنە، پەتاپەڕێنە، کەمکەرەوەی پاڵەپەستۆی خوێنەو گەلێ سودیتر. بەشیر موشیر فەیلەسوفو پزیشکی ئەم لایەنە گرنگەی ژیانبو کە تائێستاو تا هەتاش راژەی نەتەوەکەی پێئەکا..**

`

دو خەسڵەتی کەسێتی کە لەبنچینەدا دژبەیەکن (ساویلکەیەتیو بلیمەتی) لەپێکهاتەی بەشیر موشیردا هاوتەریبو گونجاوبون. بەشیر لەباری ئاساییدا کەسێکی سادەو ساویلکەبو. لەکاتی خەوو خەیاڵدا: فەیلەسوف، جەوامیر، ئازا، سیاسەتکار، هۆنیار، سەرۆکبو. ئەو خەوو خەیاڵی لائەبو بەراستی. گەلێجار کەسایەتییە بلیمەتییەکەی کە لەکاتی خەوو خەیاڵدا ئەکەوتە کار، تاچەند رۆژیك یا چەند مانگیك بەرینەئەدا. ئەو کە ئەیوت لەتارانەوە بەپاپۆڕ چوم بۆئەنکەرە! خۆی وایئەزانی ئەوە ڕاستبوە.

**داخی گرانم، کاتی کۆچی دواییەکەی، لە سلێمانی کەدەغەی هاتوچۆبو، رەشبگیربو، بوار نەبو بیبەینەوە بۆ گردی یارەی سلێمانی، سەرباری ئەوەی منداڵەکانی، شامیل و هوشام و نزار و فەوزیە، قایل نەبون بیبەینەوە بۆ سلێمانی، بۆیە لە گۆڕستانی شێخ مارف لە بەغداد بەخاکمان سپارد. بە هیوای دەرفەتێکبوین بۆگواستنەوەی بۆلای نەمران مامە یارەو پیرەمێرد. بەڵام بەداخەوە دوایی کاتێ دەرفەت رەخسا بۆگواستنەوەی، بیستمان گۆڕەکەی تێکدراوەو شوێنەواری نەماوە وەك دوکتۆر ئیهسان فوئادیش جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە. بەڵام ئەوەبو باخچەیەك لەسلێمانی لەڕێوڕەسمێکی شیاودا کرا بەناوییەوە کە گرنگیی ئەوەش وەك گرنگیی گواستنەوەکەی وایە.`**

**بە باوەڕی من هێشتا مافی تەواو بەو مرۆڤە ئەفسانەییە گەورەیە نەدراوە! بۆیە هەوڵەکانی خۆمم، سەبارەت بەو، چڕکردەوە لەداستانێکو شانۆنامەیەکا کە ئەشێ وەربگێڕرێن بۆ زمانیترو داستانەکە بکرێت بە فلیمیی سینەمایی. شانۆنامەکەش، بکرێ بە شانۆگەری، یا بەزنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنی.**

`

## بەشی دوەم:

# رۆمانی بەشیر موشیر

`

بەو هۆیەوە کە مێردمنداڵێکی جوانو بازوەکانی بەهێزبونو لەزۆرانبازیشا پشتی نەئەدرا لە زەوی، کوڕوکاڵانی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی، وەك سەرۆکی گەڕەك، تێیان ئەڕوانی. لە شەڕەگەڕەکیشا لەپێش هەمویانەوە شەڕیئەکردو هەمیشە، گەڕەکی سەرشەقام، براوەبو، تەنیا جارێك خەریکبو بشکێن، چونکە بەشیر بەشدار نەبو، بەڵام کە هەواڵی پێگەیی، خۆی گەیانە شەڕەکەو ورەیانی بەرزکردەوەو بەرامبەرەکەیانی شکان. نەشیکردبو بەنەرێتێك بۆخۆی کە دارولاستیکو قۆچەقانیو تێلاّ هەڵگرێ، بەڵکو ئەو بەردانەی بۆیئەهات، ئەیگرتنەوەو بەجۆرێ ئەیهاویشتنەوە کە هەرجارەی یەکێکی ئەگلان! هەرچیشی بەردەست بکەوتایە، ئەیدا بەزەویداو پشتی لە ئەرز ئەدا!.

ئا بەوجۆرە، ڕۆژانی سەردەمی هەرزەکاریی خۆی بۆئەگێڕاینەوە.

ئەشێ هەر ئەم هەڵکەوتەیەشی، هاندەرێ بوبێ بۆئەوەی، بەشیر، هەمیشەو لە هەر جێیەك ،خۆی بە سەرۆك بزانێ. بۆ ئەم مەبەستەش، بواری پێشکەوتنو سەرکەوتنی خۆی، لە سەربازیدا ئەبینییەوە، بۆیە پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی سەربازی،ساڵی **1896** لەتەمەنی **17** ساڵیا خۆی ناونوسکرد بۆخولێکی زەفتێ و هەرلەو خولەدا فێری خوێندنەوەو نووسینیشبو. دوای چەند ساڵێ، ڕاژەکەی خۆی گواستەوە بۆناو سوپاو بە ئاواتی سەربازی گەیشت. ئیتر هەر لەساڵی یەکەمەوە، بوە جێگە سەرنجی فەرماندەکانی، بەجۆرێ هەر ساڵەو پلەیەك پێشیانئەخست، چونکە لەشەڕەکانی سوپای ئوسمانیا بەرامبەر نەیاران، جارلەدوایجار نەبەردییەکی زیاتری ئەنوان، تا لەماوەیەکی کەما گەیشتە پلەی زابت قوماندانی.

`

ئەو، وەك ئازابو، هونەری شەڕیشی باش ئەزانی، بەڵكو هەندێجار خۆی نەخشەی وای دائەنا كە جێگەی سەرسوڕمانبو، سودیشی لەروداوە دێرینەكانی كورد وەرگرتبو. بۆنمونە؛ لە ناوچەیەكی شاخاوی بەردیندا، سوپایەكی گەورەی نەیارانی خستە كەمینێكەوەو لە لوتكەی شاخەكانەوە، خۆیو سەربازەكانی، لە نیوەشەوا، گابەردیان ترۆلئەكردەوە بۆ ئەو دۆڵەی سوپاكە مۆڵی خواردبو تیایا، وەك ئەوەی كورد بە سوپاكەی ئەسكەندەری مەكدۆنی كرد لە كوردستانداو سەدانیان لێكوشتن. لە چەن شەڕێكیترا، وەك نەبەردییەكەی دوانزە سوارەی مەریوان، بەژمارەیەك سەربازی كەمەوە، ئابلۆقەی سوپایەكی گەورەی دوژمنیاندا، پێشتریش سەربازەكانی وا فێركردبو كە وەك حیلەی ئەسپو زەڕینی كەرو وەڕینی سەگو بەهەیتوهاوارو دەنگی كەڕەنایو گرمەی تۆپو تەپەی تەپڵو تەقەی توفەنگ، ورەیان بەسوپای دوژمن بەرئەداو راویان ئەنانو ئەیانشكان. جارێكیش بەرەوڕوی سوپایەكی گەورەی ئنگلیز بوەوە كەژمارەیان ٣٠ هەزاربو، ئەم تەنیا ٣٠ سەربازی لەگەڵدابو، روانی سەربازەكانی خەریكە ورە بەرئەدەن! وتی: مەترسن، هەمو لەپەوڕو خۆتان بدەن بەسەر زەویداو یەكی خاكەنازێ بگرن بەڕوتانەوەو بەدوای منا بە سنگەخشكێ خۆتان بكشێنن بەرەو ئەوان، هەر گولەیەكتان بۆهات، خاكەنازەكەی بدەنە بەرو بەدەستەكەی ترتان تەقەیان لێكەن. ئنگلیزەكان هەرچەن وەك باران گولەیان ئەباران، بەڵام بێهودەو توشی سەرسوڕمانبونو لە ئەنجاما بەجۆرێ شكان كە سەدان لاشەو چەكی قورسو سوكیان لەپاش بەجێما! كەچی سوپای ئوسمانی لەجیاتی ئەوەی بۆئەمەش خەڵاتیكەن، گواستیانەوە بۆبەشی بەرگدرویێتی!.

بۆ!؟

`

چونكە لەوەترسان ئەم ئەفسەرە كوردە بلیمەتە، لەماوەیەكی كەما، بگاتە پلەی موشیر كە بەرزترین پلەی سەبازیبو، دواییش هەڵگەڕێتەوە بەسەریانا، یا سەربەخۆیی كوردستان راگەیەنێو ریسەكەی مەلای خەتێو مەلا ئدریسی بەتلیسی بكاتەوە بە خوری.

ئنجا وتی: منیش لەبەرئەوەی كەسێكی شیاوبوم بۆموشیری، هەر بەو پلەیە گەیشتم. ئەوەتا نەتەوەكەی خۆم، بە (بەشیر موشیر) ناوم ئەبا نەك بەشیر سلێمان. ئەوانیش با هەر سەری خۆیان لەبەرد بدەن. لەڕاستیشدا من بۆیە ئەمویست بەو پلەیە بگەم، چونكە ئەمزانی بەهۆی ئەو پلەیەوە ئەتوانم سەربەخۆیی نەتەوەكەم راگەیەنم!.

***

كەسی بلیمەت، لەهەر جێیەكبێ، بلیمەتیی خۆی ئەنوێنێ، بەشیر موشیر لەماوەیەكی كەما لەو كارگەی بەرگی سەربازییەدا، بو بە وەستاباشییەكی ئەوتۆ، ئەفسەرە گەورەكان ئەهاتن بۆلای، بەتكاوە داوای ئەوەیان لێئەكرد بەمەقەستە زێڕینەكەی خۆی، بەرگی ئەفسەرییان بۆ ببڕێو بۆ بدروێ، نەك هەر ئەوە، بەڵكو وایلێهات لە درونی بەرگی سڤیلیشا وێنەینەبو. دوای ماوەیەكی كەمیش، بو بەسەرۆكی ئەو بەشی درومانكارییە! بەڵام ئەو هەر چاوی لەوەوەبو كە بگەڕێتەوە بۆمەیدانی جەنگ وەك موشیرێك، نەك هەر ئەوە، بەڵكو بۆ ئەوەش كە نەتەوەكەی لە ژێردەسێتیی بێگانە رزگاركا، چونكە ئەوە ئەركی سەرشانیەتی وەك سەرۆكی هەمو كورد!، پێشیوابو ئەو ئەركە بەئەفسەرێكی پاڵەوانو پلەبەرزی بلیمەتی وەك

`

خۆی ئەکرێ! بۆئەو گەڕانەوەیەشی بۆ مەیدانی جەنگ، سوکەبەڵێنێکیان پێدابو، بەڵام بەخت یارینەبو.

بۆ !؟

چونکە جەنگی جیهانیی یەکەم، بەهەرەسی دەوڵەتی ئوسمانی، کۆتاییهات. کەچی ئەو هەر خەونو خەیاڵی بەپلەی موشیرییەوە ئەبینیو پێیوابو رزگاریی نەتەوەکەی لەڕێی لەشکرو چەکەوە دەستەبەرئەبێ، بەتایبەتی کە سەرکردەو قارەمانێکی وەك خۆی رابەرایەتی لەشکرێکی لەوجۆرە بکات.

***

دوای ئەو جەنگە، زوربەی ئەفسەرو پلەدارە کوردەکانی خەڵکی باشوری کوردستان، تورکیایان بەجێهێشت، بەڵام بەشیر موشیر، پێی نەبو ئەستەموڵ بەجێبهێڵێ! چونکە دوچاری ئەوینی کچێکی دانیشتوی ئەستەموڵ بوبو! ئەو کچە کە ناوی مریەم بو، بەرەگەز خەڵکی یۆنانبو، وا هاتبوە بەرچاوی بەشیر، کە لەجوانیدا دەگمەنەو لە ناوبانگدا وەك مریەمی مەجدەلیە (دڵخوازەکەی مەسیح)و لە داناییدا نەوەی ئەفلاتونە! کەواتە هەرئەبێ کچێکی لەوجۆرە ببێتە دڵخوازی بەشیری موشیرو بلیمەتو سەرۆك.

مریەم، کچی سەرکردەی ئەو لیوایەبو کە بەشیر ئەفسەربو تیایا، لە یەکێك لەو ئاهەنگە خێزانیانەدا کە بۆخەڵاتکردنی بەشیرو ئەفسەرە ئازاکانیتر سازکرابو بەبۆنەی نەبەردییەکانیانەوە، باوکی مریەم، یەکی مەدالیایەکی نیشانەی ئازایەتیی

`

به سنگی ئەو ئەفسەرانەوە کردو مریەمی جوانکیلەو ئێسکسوکیش یەکی چەپکێ گوڵی پێشکەش کردن. ئنجا بو بەگۆرانیو مۆزیکاو دانسو هەڵپەڕینو خواردنەوە. واڕێکەوت لەو ئاهەنگەدا تەنیا بەشیرو ئەفسەرێکی خەڵکی بەغداد بەسەڵتی بەشداریی ئەو ئاهەنگەیانکرد، ئەوانیتر بە خێزانەوە. لەکاتی گۆرانیو هەڵپەڕینو دانسەکانا، بەشیر بەگۆرانیی ساقی دەروێشانو بەغدادییەکەش بە یومە یا یومە، هۆڵەکەیان پڕکرد.

بەشیر هەر لەو ئاهەنگەدا، کەوتە ئەو باوەڕەی، سازکردنی ئاهەنگەکە، بۆئەوەبوە مریەمی جوانکیلە، چەپکە گوڵی خۆشەویستیی خۆی پێشکەش بەبەشیری بلیمەت بکات! بۆیە لەنیوەی دوەمی ئاهەنگەکەدا، بەشیر، دوای ئەوەی سەری گەرمبو، ئەفسەرە بەغدادییەکەی لێبو بەمریەم! کە دانس دەستیپێکردەوە، ئەویش ئەفسەرەکەی هەستانو ویستی دانسێکی لەگەڵدا بکا. سەرەتا بە دەستێکی، کەمەری گرتو دەستەکەیتری ئەهێنا بەسەرو شانیا! بەڵام چونکە دانسیان نەئەزانی، کەوتنە مەشقی سەربازی!(چەپ راست، چەپ راست) بەناو هۆڵەکەداو کردیان بەگرمە گرمێ، سەرنجی ئاهەنگ گێڕەکانیان بەجۆرێ بەلای خۆیانا راکێشا کە هەمو کەوتنە پێکەنینو چەپڵەلێدان بۆیان. لەهەمویان زیاتر، مریەم چەپڵەی لێداو پێکەنی!! بەشیر بەئاگا هاتو کە بینیی مریەم چەپڵەی بۆلێئەدا، ئەوەندەیتر شەیدای مریەم بو.

هەر بەهۆی ئەو ئاهەنگەشەوە، بەشیرو ئەو ئەفسەرە، بون بەبرادەرو هەردوکیان، دوای جەنگ، ماوەیەك لە ئەستەموڵ مانەوە. کاتێکیش ئەو پاشەکەوتەی

`

لەسەردەمی سەربازییەکەیانا کۆیانکردبوەوە، هاتە کزی، بەناچاری هەردوکیان ئەستەموڵیان بەجێهێشتو بەهاندانی برادەرەکەی، بەشیریش رویکردە بەغدا. بەڵام دڵی هەرلای مریەمبو!. خۆشەویستیی مریەم بەجۆرێ لەناخی بەشیرا جۆشیسەن، شەونەبو خەوی پێوەنەبینێ، بەڕۆژیش، دەیانجار تارماییەکەی مریەم، ئەیڕفان بۆدەریای خەیاڵ. بەشێکی بیریشی هەر لایئەوەبو کەی نەتەوەکەی رزگارکا!؟ بەتایبەتی ئەو، کوڕی ئەو رۆژانەبو کە بەبێ پرسی کورد، باشوری کوردستان کرا بە ژێردەسەی ئێراقی ئەرەبی!. ئەم دو خولیایە بەڕادەیە کاریان تێکرد، بەشیریان زیاترکرد بەکەسێکی ئەفسانەیی خەیاڵاویی تایبەت، بەجۆرێ خەو و خەیاڵی لێئەبو بەراست! ئەو روداوانەی بەخەو ئەیبینی، یا ئەچوە چوارچێوەی خەیاڵییەوە، دوایی لێیئەبو بەڕاست! بەلایەوە سەیربو کەسێك باوەڕی پێنەکا! یا بەدرۆیبخاتەوە! کەواتە ئەو، بەباوەڕی خۆی، درۆینەئەکرد گەرچی روداوەکە درۆشبوایە! بەدەربڕینێکیتر، بەشیر کەسێکی درۆزن نەبو، بەڵکو زۆریش رقی لەکەسی درۆزنبو. کەسی درۆزن ئەوەیە خۆی بزانێ درۆئەکا، کە ناڕاستییەکە بەلایەوە راستبو، ئیتر پێی ناوترێ درۆزن. بۆیە ئەو نە درۆیکردوە، نە راستی وتوە. لەمەوە، بەشیر بو بەخاوەنی ژیانێکی پڕ لە کۆمیدیا! بەبێئەوەی بەخۆیبزانێ، واتا ئەو بۆ پێکەنین قسەینەئەکرد، بەڵکو بەلاشیەوە سەیربو کە خەڵکی بەقسەکانی ئەکەوتنە پێکەنین!. ئەم بارە دەرونیە، هەرهی بەشیرنەبو، دۆنکیشۆتی بەناوبانگیش هەروابو، هەڵبەت کەسانی دەگمەنیتریش لەوجۆرە هەبون، بەلام لەسەریان نەنوسراوە.

`

دانیشتن لەدەرباری بەشیرا، زانینی ئەویست. ئەبوایە ئەو چۆن لەخۆیگەیشتبو، تۆش هەر بەوجۆرە لەوت بڕوانیایە! واتا وەك سەرۆکی کورد، فەیلەسوف، ئەدیب، هۆنیار، جەنگاوەر، بلیمەت، موشیر، قۆزو هەلکەوتو سەیرت بکردایە، هەرچیی ئەوت، چونکە بەلای خۆیەوە راستبو، ئەبوایە تۆش بەڕاست وەرتگرتایە! ئەوی ئەو رێوڕەسمەی نەزانیایە، خۆی بەدەرکردن ئەدا.

***

لە بەغدا، چوە وتێل ئەلەمەین لە شەقامی رەشید بەرامبەر مزگەوتی هەیدەرخانە، دو دوکان خوار ئەو وتێلە، دوکانێکی بەکرێگرت بۆکاری بەرگدروێتی. تابلۆی سەر دوکانەکەی بە ئەرەبی نوسرابو. ئەمە کوردییەکەیەتی: بەرگدروی ملکیو سەربازی – خاوەنی مەقەستی زێڕین بەشیر موشیر.

زۆرینەبرد، ناوبانگی دەرکردو کار بەسەریا داباری. چونکە دوکانەکەی لەقشلەو لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نزیکبو، ئەفسەرە گەورەکانو وەزیرەکانیش لای ئەو بەرگیان بەدرونئەدا. چەندین خەلفەو شاگردی راگرت. یەکێك لە شاگردەکانی، هادی خەمماسبو، ئەویتریان عاسم فلەیح بو کە دوایی بون بەناودارترین بەرگدروی بەغدا. خەلفەکەشی، گەنجێکی جوانو سوروسپیو لوسکەلەی خەلکی سوریابو! زۆریش دەسڕەنگینبو لە کارەکەیدا، بەشیر ئەوەنەی خۆشئەویست، گەلێ شەو لەژورەکەی خۆی ئەینوانو ئەو کوڕەی لێئەبو بەمریەم!.

`

بەشیر هیچ دڵی بەو کارەیو بەو دەسکەوتانە خۆشنەبو. ئەو هەمیشە نیوەی دڵی لای مریەمو نیوەکەیتری لای ئەوەبو نەتەوەکەی رزگارکا، چونکە ئەوەی بەئەرکی خۆیئەزانی وەك سەرۆکی هەمو کورد! ئەوەش بەبەرگدرویٚتی نەئەهاتە ئەنجام. بەڵام کاتێ بینی کەسە کوردە رۆشنبیرو ناودارو سیاسەتکارو پایە بەرزەکان لە بەغاو لە کوردستانەوە، وردەوردە روئەکەنە دوکانەکەیو لای دائەنیشن، بەشیر ئاهێکی پێاهاتو کەوتە ئەو باوەڕەی ئەوانە سەرسامی گەورەییو بلیمەتیی ئەون! ئەوەش ئەشێ هۆکارێکبێ بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەوانیش زو لەوەگەیشتن کە بەشیر کەسێکە لە خەیاڵا ئەژی! بۆیە پەتیان بۆخەیاڵەکانی بەرەڵائەکردو پێیانئەوت: روگەی هیوای کورد.

ژمارەیە لەو کوردانەی ئەکران بە وەزیر، بەشیر بە قوتابیو مریدی خۆی ئەزانین، بۆیە ئەمیش لەگەڵ گۆڕینی هەر کابینەیەکی وەزاریدا، چاوەڕوانی ئەوەیئەکرد پۆستێکی وەزاریی بەرکەوێ. جارێك ئەمەیدا بەگوێی ئەمین زەکی بەگا. کابینە گۆڕراو ناوی ئەمی هەر تیانەبو!.

وردی: بۆ؟

عارف: خۆی نەیکرد. زەکی بەگ وتویێتی پاشا ئەڵێ چاکوایە یەکەمجار ببێ بەنائیب، ئەوسا بەوەزیر، بۆئەوەی وەزیری هەڵبژێراوی گەلبێ! ئەم جیایە لەوانیتر! .. بەشیر باوەڕی بەقسەکە هێنا.

***

`

ساڵ گەیشتە **1928**و دەنگۆی ئەوە بڵاوبوەوە کە هەڵبژاردنی گشتی بۆپەرلەمان لەئێراقا ئەکرێ. بەشیر ئەوەی بە هەلێکی باش زانی بۆئەوەی خۆی بپاڵێوێ لەشاری سلێمانی. دیارە ئەوسا ئەبێتە وەزیر، بەتایبەتی وەزیری بەرگری! بۆ نا ؟ کێ لەو شیاوترە بۆئەو پۆستە؟ ئەی ئەو ئەفسەرە بلیمەتەکەی سوپای

ئوسمانی نەبو؟ هەڵبەت کە ئەو پۆستی وەزیرییەی پێدرا، ئەوسا هەم وەزیرو هەم موشیر. ئەوەش هەلی بۆ ئەڕەخسێنێ کە جاڕی سەربەخۆیی کوردستان بداو رایبگەیەنێ کە سەرۆکی هەمو کوردە! ئیتر مریەمیش بە کاڵاوپێتاوی خۆیەوە ئەبێتە هاوسەری! ئا بەوجۆرە بەشیر بیریئەکردەوە.

هەڵبژاردن نزیك بوەوە. بەشیر موشیر بەیانی خۆپاڵاوتنەکەی لە ژمارە **2** ساڵی **1928** ی گۆڤاری زاری کرمانجیا بڵاوکردەوە. هەر کە کوردانی دانیشتوی بەغا بەوەیانزانی، دەستە دەستە رویانئەکردە دوکانەکەیو پیرۆزباییان لێئەکرد. لە دەمەو ئێوارەیەکیشا کە شەقامی رەشید جمەیئەهات لە خەڵك، بەشیر کەوتە دەریای خەیاڵەوەو ئەو خەڵکەی لێبو بەجەماوەری خۆیو هەمو داوای بەیانەکەیان لێئەکرد، بەیانەکەش ئەوەنەی نەمابو بەشی ئەوخەڵکە بکا، ئنجا داوایانلێکرد، بۆیان بخوێنێتەوە، بەشیر پەڕییە سەر سنوقێکو لاوێکی بانگکردو پێیوت: من ماندوم، تۆ بۆیان بخوێنەرەوە. ئیتر لەگەڵ هەر کۆپلەیەکی بەیانەکەدا، ئەبو بەچەپڵەو بژی کوردو کوردستان. پۆلیس بەدۆنکی کەوتنە وێزەی خەڵکەکەو چەند سەروگوێلاکیان شکانو بڵاوەیان پێکردن! ئنجا هێرشیانهێنا بۆسەر بەشیر. بەشیر، لەدەنگی کڕیارێك بەئاگاهات، بەبێئەوەی وەڵامی کڕیارەکە بداتەوە، شپرزانەو بەپەلە دوکانەکەی

`

داخستو رۆی. بۆ رۆژی دوایی، ئەو بەسەرهاتەی، وەك روداوێکی راست گێڕایەوە بۆژمارەیەك لەمیوانەکانیو سەرو دانەش لەبەیانەکەی دانێ کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەیانی هەڵبژاردن-ساڵی 1928

بۆ هەموو کوردان

ئەی کورد. . ئاگات لێ بێ و چاو بکەرەوە. ئەوا هەڵبژاردن هات. ئەمجارە دەبێ زۆر وریابی.

خۆیشت دەیزانی، کە نوێنەر لەپەرلەماندا راستەوراست نوێنەر و قسەکەری ئەو نەتەوە یان ئەو وڵاتەیە کە لێیەوە هەڵبژێردراوە.

هەروەها ئاشکرایە کە ئەم نوێنەرانە سەبارەت بە نیشتمانپەروەری، لە ئاستی زانین و هۆشیاری، بەرگری دەکەن لە مافو ویستی ئەو کەسانەی ئەوانیان هەڵبژاردوە و بەشێوەیەکی راستی دەناسرێن.

ئاستی زانین، هۆشیاری و نیشتمانپەروەریی نوێنەرێك بەتەواوی ئاوێنەی زانین، هۆشیاری و نیشتمانپەروەریی گەلەکەیەتی لەبەرئەمە بەبۆنەی ئەم هەڵبژاردنە نوێیەوە، بۆ ئاگاداری و چاوکردنەوەی هەموو کوردی دڵسۆزانی گەل، پێویستی راگەیاندنی ئەم داوایانە بەئەرکی جوان و حزمەتی پیرۆزی ملم زانی.

ئەی هاوخوێن و هاوزمانان..

`

بەناوی بەرژەوەندی مافەوە، بەدڵ و بەگیان لێتان دەپاڕێمەوە کەلە هەڵبژاردندا زۆر ئاگەدار بن، کەسانێکی وەها هەڵببژێرن کە پێچەوانەی باوەڕ و ویژدانیان ئەکەن بەخاتر و خۆتری هەڵبژاردن.

با نوێنەر بەتەواوی نوێنەرایەتی ئێوە بەجێ بهێنن و ڕێزی رەوشی کۆمەڵایەتی ئێوە بگرن. بەو بۆچوونەوە ئەوانیش نوێنەرگەلێکی وەها هەڵبژێرن کە کورد بێ، کوردی بزانێ و بەشارەزایی، زانین و زانستەوە لە پەرلەمانا توانای پاراستنی مافی میللەتەکەی خۆی هەبێ، دیسان زۆر بەگرینگی تکا لە دەنگدەران و لە هاووڵاتیانی بەڕێز دەکەم لەکاتی هەڵبژاردندا نەژڵەژێن، تەماشای ناوی زل، دەوڵەمەندی و خاوەنی فەرمانبەری گەورە گەورە نەکەن. تەماشای توانا، بیری خزمەتی میللەت و شارەزایی لە حاڵ و پێویستی مەملەکەتیان بکەن، تاکو لەم نوێنەرە بەڕێزانە توانای لێکدانەوەی بەرژەوەندی دواڕۆژی موڵك و میللەت و توانای ئامۆژگارییان پێ بکرێ ولەبەر هیچ ڕێگرێك نەوەستێ و سڵ نەکات.

ئەی میللەتی مەزن، تکات لێ دەکەین بەبۆچوونێکی گیانییەوە تەماشای ئەم پێشنیازەی دڵسۆزانی میللەتی خۆت بکە و هەمووومان لێکی بدەینەوە و بۆ بەرژەوەندی گشتی بەم شێوەیە بۆ هەڵبژاردن تێ بکۆشین. هیوای گەورەیشمان وایە، ئەگەر بەم شێوەیە هەڵبژاردن بکرێ دەستەی نوێنەرانی بەڕێزی نوێ لە دوا ڕۆژدا لەگەڵ حکوومەت هەوڵی یەك دەخات و هەرچی لە توانایدا هەبێ بۆ چاکەی نەتەوەکەی خۆی دەستەبەری دەکات. وە "ئەمین" لە ئەنجامی تێکۆشان لە زانیندا،

`

میلەت لە زانین و زانستدا بەرز دەبێتەوە و مەملەکەت لەگەشە و بنیاتکردندا پێش دەکەوێ.

ئیتر ئێمە هەرچی بەئەرکی ویژدانی و ملمان زانی پێشکێشمان کرد، ئینجا پەسەنکردن یان نەکردنی هەواڵەی بۆچوونی بڵندی میللەتە خۆشەویستەکەمانی دەکەین.

خوا شاهیدە میللەت بۆ پیاوی چاك گریانە،

هەر ئەوەندە و حورمەت.

27 ـ 1 ـ1928

بەناوی کوردانی جگەرسووتاوانەوە

بەرگدروو، بەشیر موشیر

بەشیر، بەهەمان شێوەی خەیاڵ، لە سلێمانیش، چەند گردبونەوەیەکی لەوجۆرەی ئەنجامداو بەچەپڵەو بژی کوردو کوردستان پێشوازیی لێکرا.

بەڵام دوای هەڵبژاردنەکە، سەرەتا، سەری لەوە سوڕما کە بۆچی دەنگی پێویستی نەهێناوە!؟

`

بەشیر: (لەبەرخۆیەوە) بۆ!؟ ئەی من کوڕە ئازاکەی شاری سلێمانی نەبوم؟ خۆ نەبەردییەکانم لە سوپای ئوسمانیا، لەهەمو دنیادا دەنگی دابوەوە! بەخۆڕاییشنیە کە مریەم بە تیری ئەوینم گرفتاربوە! ئەوەتا ئێستەش هەمو کوردەکانی دانیشتوی بەغداد، پچوکیم ئەکەنو وەك سەرۆکی هەمو کورد سەیرم ئەکەنو بە روگەی هیوای کورد ناوم ئەبەن! ئەی ئەو هەمو خەڵکەی لە گردبونەوەکانی سلێمانیو بەغدا ئامادەبونو چەپڵەیان بۆلێئەدامو ئەو هەمو سەروگوێلاکەی تیا شکا!؟

ئەسیریی، فەیلەسوفو گەورە هۆنیاری شاری کەرکوك، وەڵامیدایەوە: (میرم، ئەم دەسەڵاتەی ئێراك، دەسەڵاتی ساختەو تەزویرە. چۆن رێگەئەدەن بلیمەتێکی وەك ئێوە ببێتە پەرلەمانکارو دوایی کەرکوك لە ئێراق دابڕێو بیخاتە سەر دەوڵەتی کوردی! ئەی ئنگلیز لەپێناوی نەوتەکەی بابە گوڕگوڕدا، ولایەتی موسڵی نەختستە سەر ئێراکی ئەرەبی!؟ جگەلەوە، ئەو گردبونەوانەی بەغاو سلێمانی کە خۆت باسیانئەکەی، رژێمیان تۆقان!). بەشیر باوەڕی بە قسەکە هێناو ئارامبوەوە.

***

کە لە ئەندامبونی پەرلەمان نائومێدبو، ئنجا رێگەی کتێبنوسینو بڵاوکردنەوەی گرتەبەرو ئەم کتێبانەی بەچاپ گەیان: سیپارەی حەقپەرستی، دیوانی ئەدەب-میسباحولدیوان، بەختنامەو گەلێ بابەتیتر، سەرباری نووسینو ئامۆژگاریو هۆنراوکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانا.

`

**سالْ بو به 1936 لەم ساڵەداو رۆژی 10/27 بەكر سدقی كودەتایەكی له بەغا ئەنجامدا. وەزارەتەكەی یاسین هاشمیی روخان، جەئفەر ئەسكەریی كوشت كه وەزیری بەرگریبو چونكه سەربەئنگلیزبو، نوری سەئیدو رەشید ئالی گەیلانیو یاسین هاشمی، به یارمەتیی باڵیۆزخانەی بەریتانی، هەڵاتن بۆدەرەوەی وڵات.**

**بەكر سدقی خەڵكی ناوچەی ئەسكەری سەر بەناوچەی ئاغجەلەری شارۆچكەی چەمچەماڵبو. خۆشەویستیی بەشیر بۆ سدقی لەوەوە سەرچاوەی گرتبو كه ئەویش وەك ئەم خولیای دەوڵەتی كوردیی هەبو لەسەرتاسەری كوردستانا، بۆئەو مەبەستە، سدقی ژمارەیەكی زۆری ئەفسەرە كوردەكان لەدەوری خۆی كۆئەكاتەوە. بەدەستێكی پۆڵایین ئەو پیلانەی ئیگلیزی تێكشكان كه ئەیویست دەوڵەتێك بۆئاشورییەكان دروستبكا، چونكه ئەوە ئەبوە هۆی دابەشبونێكیتری كوردستانو ئەبوە لەمپەرێكیتر لەبەردەم ئەو دەوڵەتە كوردییەی لەهزری ئەو و بەشیرابو.**

**بەكر سدقی له 1936/10/31دا پەرلەمانی هەڵوەشانەوەو رۆژی 1937/2/20ی دیاریكرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێكیتر.**

**بەشیر موشیر ئاهێكی پیاهاتەوەو وەك گوڵ گەشایەوە. لەگەڵ بەكر سدقیا نزیكو هاوتەمەنبو، هەردوكیان كوردبون، لەسوپای ئوسمانیا ئەفسەربون، لەبەغا دۆستایەتییەكیان هەبو، جارجار سەری بەشیری ئەداو پێكەوە له دەرگای دەوڵەتی كوردییانئەدا. لەدوای كودەتاكەی سدقیەوە، دوكانەكەی بەشیر بەشێوەیەكی فراوانتر بوبە روانگەی هیوای كورد. هەمو رۆژێ پڕئەبو لەكەسایەتییە كوردەكانو باس باسی كودەتاكەو بەرئەنجامەكانیبو. بەشیر وەك نوێنەری بەكر سدقی هەڵسوكەوتی**

`

**ئەکردو شرۆڤەی روداوکانی ئەکرد، هەنێجار بەجۆرێ قسەیئەکرد وەك خۆی کودەتاکەی کردبێ. ژمارەیەکی زۆریش لەشارەکانی کوردستانەوە روویانتێئەکرد، هەر یەکەو بۆ کارێکی تایبەتیی خۆی، یەکێ بۆئەوەی وەزیفەکەی لەلادێوە بگوێزرێتەوە بۆناوشار، یەکێ بۆئەوەی بیگیرنەوە سەر وەزیفەکەی، یەکێ بۆئەوەی دایمەزرێنن، ئیتر بەوجۆرە. هەندێکیشیان بە دەسودیارییەکی باشەوە ئەهاتن. ئەویش بەڵێنی بەهەمویان ئەدا کارەکانیان لای بەکر بۆ جێبەجێبکا، بەڵام جارێ بەکر سەری قاڵە، کە دەستی پەرژا، خۆی دێتە لام بۆئەوەی پرسو راوێژم پێبکا چۆن دەوڵەتداری بکا؟ کەی سەربەخۆیی کوردستان راگەیەنین؟ چۆن تۆڵەی خۆمان لەئنگلیز بکەینەوە؟ چ پلەو پایەیەك بدەین بە شێخ مەهمود؟.. هەر زوش بریاریدا بۆهەڵبژاردنەکەی 2/20 خۆی بپاڵێوێو بەیانەکەی لە رۆژنامەی ژیان 1937/1/18 ل 2 بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

**بەیانی هەڵبژاردن – ساڵی 1937**

**بۆ هاووڵاتییە بەرێزەکانم**

`

**له بەغداوە/ بەرگدروو "بەشیر موشیر"**

**بۆ پێکهیان و دروستکردنی پێویستیی نیشتمان، بۆ خۆشگوزەرانیو بەختیاری هاوشاریمان لە پەرلەماندا نوێنەر دانان بەبێ ئاستەنگی مافی هەڵبژاردن دراوە بە خۆمان. هەریەکێ لە ئێمە سەرپشك و ئازادە لە بەکارهێنانی ئەم مافەی دا.**

**هەرچەندە لە کاتی حکوومەتی پێشوودا ئەمە بەخراپ بەکار دەهێندرا. بەڵام لە ئێستادا کە حکوومەت حکوومەتی جەماوەرەو بەرنامەی چاکسازی هەیە، دەتوانین بەئارەزووی خۆمان، مافی هەڵبژاردنی خۆمان بەکار بهێنین.**

**حکووکەت لەمەدا یارمەتیمان دەدا، لەبەرئەوەی حکوومەت مەبەستی خزمەتی میللەتە، منیش تینووم بۆ خزمەتی "قەومی عێراق"، حەز دەکەم لەم رێیەدا یارمەتی حکوومەت بدەم و خزمەتی "میللەتی عێراق" بکەم. لە پەرلەماندا ئەوەی بەقازانجی "قەومی عێراق" ی دەزانم هەوڵی بۆ بدەم و بیکەم. ئەو رێیە کە گرتوومە دەمەوێ لەسەری بڕۆم. بۆ ئاگەداری لە ژێرەوە بەرنامەی خۆم بۆ هەڵبژاردن دەخەمە روو، بەو بەرنامەیەوە بەرئەندامی خۆم بۆ "لیوا" ی سلێمانی رادەگەیەنم**

**لەم رێیەوە هەر کەس هاوبیری من، تکا دەکەم دەنگی خۆی بەمن بدا، تا بەهێزی ئەوانەوە لە پەرلەمان بتوانم نوێنەرایەتییان بکەم و بەو دەسەڵاتەوە خزمەتیان بکەم.**

`

**١-بۆ كردنەوەی قوتابخانەی ئامادەیی و قوتابخانەی پیشەیی "لە ولاتی خۆماندا" بۆ زۆركردنی ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی لەو لادێیانەدا كە پێوست بێ، وە بۆ زۆركردنی ژمارەی "بورس – زەماله" هەول دەدەم.**

**٢-بۆ پرۆژەی ئاو و كارەبای شار و ئەو قەزا و شارو پرۆژكانی پێویست بێ هەول دەدەم، بۆ وەدەستخستنی هاوكاری حكوومەت و یارمەتی دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەم.**

**٣-بۆ پێشخستنی كشتوكال، بۆ چاكسازی كشتوكال، بۆ دامەزراندنی شەریكەتێكی كشتوكاڵی و هاوكاری بانكی كشتوكال هەول دەدەم، وە بۆ لەناوبردنی نەخۆشی ئاژەڵان كەرەستەی پێویست لە حكوومەت داوا دەكەم.**

**٤-بۆ زۆركردنی سامانی حكوومەتەكەمان، بۆ پێگەیاندن و باشكردنی جۆر و پاراستنی بازاڕی تووتن و میوە و ئاژەڵان، هەوڵ دەدەم بەشێوەیەكی هاوچەرخ و هونەری سوودمەند بین.**

**٥-لەبەرئەوەی بازرگانی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بە لەشكرێكی بەهێز و حكوومەتیكی دەسەڵاتدار دەكرێ، بۆ زۆركردنی ئەم هێزە ((بەتایبەتی هێزی ئاسمانی)) بۆ یارمەتی "ئەهالی" بەحكوومەت چی پێویست بێ دەیكەم**

**٦-بۆ دەستەبەركردنی دادپەروەری لەنێوان "خاس و عام" دا، داوای دادگە و چاككردنی یاساكان لە حكوومەت دەكەم.**

**٧-بۆ بەستنەوەی دێهات بەقەزاكانەوە داوای كردنەوەی ناحیە دەكەم**

`

٨-داوای زۆربوونی نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستییەکان و ژمارەی دوکتۆری پێویست دەکەم

٩-بۆ چاکسازی هەندێ یاسای ماڵی کە زۆرینە گلەییان لێ هەیە و باج و خەراجی زەویوزار و بۆ دامەزراندنی کارگەی رستن و چنین تێ دەکۆشم

بەرێزەوە سوپاسم پێشکەش بەو کەسانە ئەکەم کە نوێنەرایەتی خۆیان بە من دەسپێرن

هیوا دەخوازم کە متمانەی ئەوان خراپ بەکار نەهێنم

سەرکەوتن لەخوا دەخوازم .

ئەمجارە بەشیر، گەشبینبو کە هەڵئەبژێردرێ. خۆ ئەم هکومەتەش وەك ئەوەی پێشو ساختە ناکات، ئەمە هکومەتی خۆمانە، ئەوەشی بیستبو کە بەکر، دۆستەکانی خۆی ئەخاتە پەرلەمانەوە، لەبەرئەوە بەپێویستی نەزانی ئەمجارە بانگەشەو گردبونەوە بکا. خۆیدانابو دوای هەڵبژاردن، پۆستی وەزیری بەرگریش وەرگرێ.

بەشیر لە باشترین قوماش، دەستێ جلی ئەفسەریی بۆبەکری برادەری درو، تا، کە جارێکیترهات بۆلای، وەك دیارییەك پێشکەشیکات. دەمەو ئێوارە کە شاگردەکانی رۆیشتن، ئەو جلە سەربازییانەی لەبەرخۆیکردو چوە بەر ئاوێنەکە. خەیاڵ رفاندی بۆ وەزارەتی بەرگریو دەستە دەستە گەورە ئەفسەرەکان ئەهاتنە بەردەمیو پێیانئەدا بەزەویاو بۆیئەچەمانەوەو پیرۆزبایی ئەوەیان لێئەکرد کەبوە بەوەزیری بەرگری. سەیرێکی سەرشانەکانی کرد، شیرو تاجی موشیریی پێوەبو.

`

یەکەم کارێکی لەم وەزیرییەیدا: بروسکەیەکی بۆباوکی مریەم نارد کە خۆیو هەمو خێزانەکەی گەشتێکی بەغا بکەنو میوانی ئەوبن. لەچاوتروکانێکا هەموویان گەیشتن. باوکی مریەم بەجلە ئەفسەرییەکەیەوەو مریەمیش بەچەپکێ گوڵەوە. لەوکاتەدا یەکێك لەئەفسەرە لاوەکانی وەزارەت، بێئابڕوییەکیکرد! چو چەپکە گوڵەکەی لەمریەم وەرگرتو چەمایەوەو دەستی ماچکرد!! بەشیر تا هێزی تیابو قۆناغە توفەنگێکی سرەوانە ئەفسەرەکەو لەدەنگی هاڕەی ئاوێنەکە بەئاگا هات کە گەزی خەیاتییەکەی پیاکێشابو!.

***

ئەمجارەش بەشیر دەنگی تەواوی نەهێنا بۆپەرلەمان! کە رەئوف چادرچی، خاوەنی ئەو ریزە دوکانەی بەشیر لەیەکێکیاندابو، هات بۆکۆکردنەوەی کرێدوکانەکان، بەشیر پێیوت زۆر گلەییم لە کامیلی براتو بەکر هەیە (کامیل چادرچیو بەکر سدقی) چونکە کارێکی وایاننەکرد ببم بەنائیب (کامیل چادرچی کرابو بە وەزیری ئابوری) رەئوف وەڵامی بۆهێنایەوە کە بەکر سدقی وتویێتی من بەشیر موشیرم خۆشئەوێ، بۆیە نەمکردوە بە نائیب، وتومە کە من کوژرام، با مەقەستەکە لەکیس ئەو نەدەم، واتا سەری ئەویشی تیا نەچێ) کە لە **1937/2/9**دا بەکر سدقی کوژرا، بەشیر باوەڕی بە قسەکە هێنا.

`

## خەوەکەی شامیلی کوڕی

هەر لەسەر بەرگدروێتیەکەی بەردەوامبو. خانویەکی لەوبەر پردی کۆنەوە کڕیو ژنیشی هێنا. شامیلی کوڕی گەیشتە تەمەنی هەوت ساڵ. بەیانییەك شامیل وتی: ئەمشەو لەخەوما کوپەیەکی پڕ لەزێڕمان لەژێر ئەم خانوەدا دۆزییەوە. بەشیر سەیری کتێبی خەونامەیکرد، (خەوی منالی 7 سالان دروستە!) بەشیر کەوتە خەیاڵەوەو کوپە زێڕەکە هاتە بەرچاوی. کوپەکە ئەوەنە گەورەو پڕلەزێڕبو، کردییە دەوڵەمەندترین بازرگانی بەغا. ئنجا کەوتە بازرگانیکردن لە نێوان ئەستەمولۆ بەغادا. کارەکەی بریتیبو لەهاوردەکردنی لیرەی رەشادیو لیرەی غازیی کە لەسەردەمی دەوڵەتی ئوسمانییەوە مابونەوە. لەهەمو چونێکیا بۆئەستەموڵ، سەردانێکی ماڵی مریەمیشی ئەکردو جوانترین خشڵی پێشکەش ئەکرد! ئەویش هەموجارێ، بە روە خۆشو زەردەخەنە ئەفسوناوییەکەیەوەو بە سەد نازو رازەوە، جوانترین چەپکە گوڵی پێشکەش ئەکردو دەسلەملانی یەکدی ئەبون! لەدەنگی دایکی شامیل بەئاگاهات. بۆرۆژی دوایی کرێکاری هێناو کەوتنە هەڵکەننی باخچەی ماڵەکە. دوایئەوە هەڵکەننی زەویی ژور لەدوای ژور! ئەوەنە پاچکارییانکرد، خانوەکە لەکەڵك کەوتو خەریکبو ئەڕوخا! ناچار بەهەرزان فرۆشتیو لەکۆڵانی بەرامبەر دوکانەکەی، خانویەکی بچوکی پێکڕی.

بەشیر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا!

`

نەبەز: مامۆستا گوێی مەدەرێ، سەر سەلامەتبێ، ماڵی دنیا هیچنیە. راستە ئەوەی بۆتگێڕامەوە لەبارەی ئەو خانوەوە، زیانێکی زۆری پێگەیانی، بەڵام ئەشێ خێری پێوەبوبێ. بەسنیە خانوەکە بەسەرتانا نەڕوخا.

بەشیر: نا، رۆهەکەم. خۆ من خەفەت بۆ ئەو زیانە ناخۆم.

نەبەز: ئەی بۆچی؟

بەشیر: ئەولادەکانم.

نەبەز: شامیل مناڵبو، نەئەبو ئەو خەوەت بۆبگێڕێتەوە. ئەڵێن زێڕ لەخەودا زیانە.

بەشیر: ئەوەشنیە.

نەبەز: ئەی چی؟

بەشیر: ئەڵێم ئەولادەکانم، وەکو خۆم فەیلەسوف دەرنەچون !.

***

**لەدوکانی بەرگدروێتییەوە بۆباڵیۆزخانەی کوردستان**

`

کێشەی بەشیر هەر بەتەنیا ئەوینی مریەم نەبو، بەڵکو ئەوینی کوردستانیشبو. هەرچەن ئەیهێناو ئەیبرد، بە بەرگدروێتی ناگاتە ئاواتەکانی! جا گەرچی بەرگدروێتییەکەی داهاتێکی باشی هەبو، بەڵام وازیلێهێناو دوکانەکەی کردە ناوەندێکی روناکبیریو سیاسی، بەڵکو باڵیۆزخانەی کوردستان لەپایتەختی هارونە رەشید!. وەك خۆی ئەیوت: لەو دوکانەدا نەخشەی کودەتاکەی بەکر سدقی داڕێژراوە. هەرلەو دوکانەدا بیرۆکەی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتیی کورد(کاژیك) چەکەرەیکرد، گەلێ بەیانی هیزبی بڵاوئەکرایەوە، پیلانی سیاسی ئەنجامئەدرا، زەمی هکومەت ئەکراو...هتد

+***

## با هکومەت گەواد نەبێو منیش لەدژینەبم

سەئید قەزاز وەزیری ناوخۆبو، رۆژێ ئوتۆمبیلەکەی لەبەر دوکانی بەشیرا راگرتو پاکەتێ جگەرەی لێکڕی.

قەزاز: ئەوەچیە وەستا بەشیر، ئەوشتە قۆڕانە چین؟ ئەو شتانە کێ بۆت ئەنوسێ کەهەموی جنێون بەهکومەت، ئەو شتانە چین؟

بەشیر: کێ بۆم ئەنوسێ! من خۆم قەلەمم بەقوەتە، خۆم ئەینوسم.

قەزاز: باشە خۆت قەلەمت بەقوەتە، بۆچی لەدژی هکومەت ئەنوسی؟ هکومەت چی لەتۆکردوە؟

`

بەشیر: سەئید بەگ، با هکومەت گەواد نەبێو منیش لەدژی نەنوسم. من بۆ لەدژی جەنابت نانوسمو لەدژی هکومەت ئەنوسم؟

قەزاز: باشە باشە، بەڵام جنێو بەمن مەدە.

بەشیر: نا، رۆهەکەم، من چۆن جنێو بەتۆ ئەدەم! تۆ زاتێکی گەورەی. من جنێو بە وەزیرە گەوادەکانی ئەم هکومەتە ئەدەم.

سەئید قەزاز سەرێکی باداو پێکەنیو رۆی.

***

## بەشیرو نەوت

لە پاشماوەی بەرگدروێتییەکەی، تەنیا مەقەستە زێڕینەکەو گەزە ئاسنەکەی هێشتەوە. ئەمجارە دوکانەکەی کرد بە روانگەی هیوای کورد. گەلێ جاپکراوی کوردی لەدوکانەکەی ئەوا ئەفرۆشرا، هەنێ وردەواڵاشی تیا ئەفرۆشرا. خۆیشی بەردەوام کەوتە تەئلیفکردنی هۆنراوەو وتاری کوردایەتیانەی ئاگرین. دیارە وەك نووسەرە گەورەکانی جیهان، پێنوسە ئاگراوییەکەی ئەدایە دەس یەکێ لەمریدەکانیو فەرمانی پێئەدا لەبارەی فلان بابەتەوە وتارێ، یا هۆنراوەیەکی بۆبنوسێ. هەڵبەت هێڵە پانەکانی بابەتەکەی بۆ دیاری ئەکردو ئەیوت دە ئیتر خۆت هێڵە ستونیو وردەکارییەکانی تەواوکە.

`

## وتاریَ لەسەر نەوت

دوکانەکەی هەمیشە جمەیئەهات لە موریدەکانی، بەتایبەتی (هەوتەی مژدەبەر) کە ژمارەیان لەهەوت زیاتربو، بەڵام لەزۆر کاتا، تەنیا هەر هەوتیان ئامادەییان هەبو. رویتێکردنو وتی:

ئەمەویَ وتاریَ لەسەر نەوت بنوسم.

مهەمەد ئەهمەد: زۆر باشە، من شارەزاییم لەو بارەیەوە هەیە. خوێندکارێکی دوا پۆلی بەشی کیمیام لەزانکۆ.

بەشیر: دە بنوسە: لەکەرکوك ژنان کونگەیان ئەبرد بۆ بابەگوڕگوڕو پڕیانئەکرد لەو نەوتەی هەڵئەقوڵاو بۆ چێشتلێنانو چرا بەکاریان ئەهێنا، بەکۆڵی کەر ئەبرا بۆشارەکانیتر. کە ئنگلیز بەوەی زانی، پاشقولێکی لە فەرەنسا گرتو سورییەی پێگۆڕییەوە بەئێراق! کە رەخنەیان لە کلیمەنسوی سەرۆکی فەرەنسە ئەگرت بۆ ئەو ئاڵوگۆڕەو پێیانئەوت ئێراق نەوتی تیایە! کلیمەنسو ئەوەنە بێدیماغبو ئەیوت جا نەوت چیە، من هەرکات نەوتم پێویستبیَ، ئەچم لەدەرمانخانە بوتڵێك ئەکڕم..ئێی!

`

ئەوە داری نەوتە بەرۆهی ئێمەوە! ئەو نەوتە، بو بەئاگرو بەربوە گیانی کورد!.. دە ئیتر خۆت تەواویکە.

***

## دەمە تەقێی بەشیرو هەنێ لەمریدەکانی

رویکردە هەژارو پێنوسەکەی دایە دەستیو وتی: بنوسە : مەیل، دیسان مەیل، وە مەیل، مەیلی من وەتەن..مەیلی من مریەم.. ئیتر خۆت تەواویکە. ئەوەشی پەیوەنیی بەمریەمەوە هەیە، با ژیر، تەواویکا..

بە ژیری وت: تۆ لەهەمو کەس باشتر ئەزانی کە من چەن پەرۆشی ئازادیو سەربەخۆیی کوردستانم. بزانم تۆ چیم بۆ ئەنوسی؟

رویکردە ئەهمەد شوکریو پێیوت: تۆ مادەم لەچاپخانە کارئەکەی، کارتی پیرۆزنامەیەکم بە بۆنەی نەورۆزەوە بۆ چاپکە. پیرۆزنامەیەکی بەقوەتبێ، با ئەوانەی ئەڵێن کورد نەتەوەنیەو مافی جیابونەوەی نیە، شەقبەرن! رۆهەکەم نەترسیت، بڵێ ئەوەی جیابونەوەخواز نەبێ، گەوادە..

هەریەکەو ئەرکەکەی خۆی بەرێکوپێکی بەجێگەیانو لە میدیاکانا بڵاویانکردەوە. لە دانیشتنێکیترا کە ئەو موریدانەو هەندێکیکەش ئامادەیبون، مامۆستا وتی: من

`

کۆمەڵێ شتی ئەجیبم بڵاوکردۆتەوە ( وتاری نەوتەکە لەرۆژنامەی بڕواداو ئەوانیکەش لە گۆڤارو رۆژنامەیتردا بڵاوکرابونەوە) هەمویانی دایە دەس وردیو وتی بۆیان بخوێنەرەوە. ئەویش ئەمانەی بۆ خوێندنەوە:

**ئەوەی هەژار**

**مەیل دیسان مەیل ، دڵ پڕە لە مەیل**

**دڵ کەیلە لە خەم لەبەر مەیلی لەیل**

**لەیلی من وەتەن منم مەجنونی**

**هەردولا توشبوین کزێو زەبونی**

**هەرگیز لانەچو مەیلی لەناو دڵ**

**وەتەن وەتەنمە بشچمە ژێر گڵ**

**تا دایکی وەتەن دیلو یەخسیرە**

**دڵ پەستو خەمبار بەشیر موشیرە**

**تەواوکردنەکەی ژێر:**

**لەیلی من مریەم، منم مەجنونی**

`

کاتێ کە ئەمرم، ئەو بە مەهزونی

دێتە سەر گۆڕم، دەس بەگوڵەوە

بەکامی هەستو جۆشی دڵەوە

ئەڕێژێ ئەسرین بۆگەورەی کوردان

بەڵێنبێ مریەم، شاجوانی جیهان

لەودنیاش ئەگەر زیندو بومەوە

بۆ کوردو بۆ تۆ تێهەڵبچمەوە

**دیسان ژیر:**

گەلێ ئازادیی لە یادو بیربێ

خاوەنی رۆڵەی وەکو بەشیربێ

بەشیر موشیربێو کامڵو ژیربێ

بۆ کوردستانی قەڵغانی شیربێ

ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات

`

**سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات**

**بەشیر دایە پڕمەی گریان! بەدەم هەنسکەوە وتی: ئەترسم بمرم، ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان نەبینم!! ئەترسم بمرمو کورد بێ سەرۆك بمێنێتەوە!! ئەترسم بمرمو مریەم بێبەشیر بمێنێتەوە! ئەترسم بمرمو تەباییو یەکێتی لەناو نەتەوەکەما نەمێنێو دەستیان بچێتە خوێنی یەکدی!! ئنجا رویکردە ئاسمانو وتی:**

**خودا کەعبە بەمنچی کە چوار دیوارە**

**کەعبەم، دیدەنی بەیداخی کوردەوارە**

**ژیر: ماموٚستا دڵ لەدڵ نەدەی، تۆ هەرگیز نامری. ئەگەر بەجەستەش لەنەتەوەکەت جیابیتەوە، بەگیان هەر لەگەڵیدا ئەمێنیتەوەو بەرەو سەربەخۆیی ئاڕاستەی ئەکەی. ئەی خۆت نەتفەرموە:**

**وەتەن بەخۆشی گەر ببینمەوە**

**ئیتر هەر دەژیم قەت نامرمەوە**

**مام جەلال رویکردە ماموٚستاو ئاماژەی بۆ ژیر کردو وتی: ئەوە نابێ، چۆن ئەبێ خۆی بخاتە ئاستی تۆ!؟ ئەوەتا ئەڵێ: بەشیر موشیربێو کامیلو ژیربێ**

**ژیر: نەخێر. کامڵو ژیربێ.**

`

بەشیر وەڵامی مامی دایەوە: رۆهەکەم تۆ ناتوانی بەینی منو ئەو تێکبدەی.. (بو بەپێکەنین) ئنجا پێیوت: ئێوە ئاگاتان لەخۆتانبێ، نەکەن بەداگیرکەرانی کوردستان باوەڕبکەن. ئەم سەگبابانە دوژمنی کوردن، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەکەن مافەکانی نەتەوەکەم لەسەر دەستی ئەمانەدا جێبەجێببێ..

وردی، ئەو کارتەشی خوێنەوە کە شوکری بەختەتە خۆشەکەی زەنگوغرافیکردبو بۆجەژنی نەورۆز کە ژێر بۆیرپێکخستبو.

**نەورۆزت پیرۆز**

**ئەی برای دڵسۆز**

**بەشیر، موشیری کوردی ئازادە**

**کێ جیاخواز نەبێ، دیارە گەوادە**

بە پێکەنینو چەپڵە، وەڵامی کارتەکە درایەوە.

***

**کوردی گەیانە سەد ملیۆن**

سوجادی: لە سەرچاوەیەکا نوسراوە: ( کورد لە ئێراقو تورکیاو ئێرانو سوریاش کەمینەیە، لە هیچ لایەکیان مافی جیابونەوەی نیە. ئەبێ کەمینە بکرێ بەقوربانی زۆرینە، جگەلەوە، جیابونەوەیان، زیان بە چینی پرۆلیتار ئەگەیەنێ، لەبەرئەوەش

`

که ئابورییەکی هاوبەشی نیە، پێیناوترێ نەتەوە. ئەشڵێ هەمو کورد دە ملیۆن نابێ!.. سەرچاوەکە زیاتر لەسەری ئەڕواو ئەڵێ: لەبەرئەوە، ناگونجێ یەکێك بەخۆی بڵێ: سەرۆکی هەمو کوردم. )

ڕۆژبەیانی: ئەوە چ ماکەرێکە ئەیخورێ!؟ پەلێکیم بدەنە دەس، دایئەمرکێنمەوە.

وردی: لیۆشاوشیو ماوتسی تۆنگیش، ئەو جۆرە بیردۆزانە ڕەتئەکەنەوە.

ژیر: کۆڵەکەی ئەستوری نەتەوە، هەستی هاوبەشە. لەهەر کونجێکی دنیا، لە ناسنامەی کوردێ بپرسی، بەجیاوازیی ئاینو بیروڕاو شێوەزمانەوە، ئەڵێ کوردم، ئەوە بەسە بۆ نەتەوەبونی کورد. کورد بەخواستی خۆی نەبوە بەکەمینە لەو دەوڵەتانەدا. ئەوە لەئەنجامی داگیرکردنەوەیە. بۆچی ئەبێ کەمینە بکرێ بەقوربانی زۆرینە!؟ کێ کوڕی خۆی کردۆتە قوربانی کچی کی؟ ئێمە هیچکاتێ نامانەوێ کەمینەکانی ناو کوردستان بکەین بەقوربانی خۆمان. کورد خۆی بریاری چارەنوسی خۆی ئەداو کوێخایەتی کەس ڕەوانیە بەسەریەوە. پرۆلیتاری هەر نەتەوەیەکیش، بەرژەوەنیی تایبەتیی خۆی هەیە جیاواز لە هی نەتەوەکانیتر. ئاخر بۆیە کورد ئابوریی هاوبەشی نیە، چونکە نیشتمانەکەی کراوە بە پێنج بەشەوە. جابا کورد دە ملیۆن نەبێ، یەك ملیۆنبێ. مامۆستا بەشیریش هەمو کوردی لەژێر چەتری خۆیا کۆکردۆتەوە، لەبەرئەوە سەرۆکی هەمو کوردە.

بەشیر سنگی دەرپەڕان. وردی دایە پڕمەی پێکەنین

بەشیر: ئەوە بەچی پێئەکەنی!؟

`

وردی: به هیچ.

بەشیر: دە فەرمو ئەمە مامۆستاکەمانە. ئاخر کەس هەیە بەهیچ پێبکەنێ؟

وردی: تۆ کە سەرۆکی هەمو کوردبی، چۆنئەبێ لەبەغا دانیشی!؟

بەشیر: بەغایش شارێکی کوردستانیە.

وردی: چی!؟

ژیر: نەك هەر بەغا، ئێراق هەموی کوردستانیبو. ئێراق ناوێکی کوردییە. کیشیەکان پێیانئەوت (ئەریکا) میدییەکان ئەیانوت (ئیراکستان). بەزاری لوڕیو هەورامی، ئیراك، واتا(نزمایی خوارو). جا لەبەرئەوەی کیشییەکان رەگێکی کوردبون، ئیراك، وشەیەکی زاری فەیلیە. ئەوەش راستنیە کە ئەبو جەئفەری مەنسور، بنیاتنەری شاری بەغایە. پێش ئەو، بەغا هەرهەبو. کەواتە بەغاو هەمو ئیراکیش بەشێکبوە لەکوردستان. بۆیە ئێستا، یا لەئایندەدا، مافی خۆمانە فەرمانڕەوای ئیراکبین گەرچی ئێستا کەمینەین لەم وڵاتەدا. جا با کەمینەشبین ئەی ئەوەنیە کەمینەی سوننە لە ١٩٢٠ ەوە فەرمانڕەوایە؟ ئەی بۆ ئەوەی بۆ سونە رەوایە بۆ کورد رەوانەبێ؟.

رۆژبەیانی: کوردستانیبونی ئێراق لە سەردەمی ساسانیەکانداو پێش ئەوانیش، گومانێکی لەسەرنیە. ئەوکاتە هێشتا ئەرەب پێی نەخستبوە ئەم وڵاتە، زمانی ساسانیەکانیش، تا سەردەمی هەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی، کوردیبو

`

وردی: بە ئێستەمان چی؟ ئەوەتا ئێستە ئەڵێن هەمو کورد دە ملیۆن نابێ.

ژیر:  قەرز کۆن ئەبێ، نافەوتێ! تۆ بڵێی ئێمەش رۆژێکمان نەبێ!؟

*

بەشیر: بە دینی پێغەمبەر، رقم هەستێنن، کورد ئەگەیەنمە سەد ملیۆن

نەسرین: چۆن؟

بەشیر: ئێستە ئێراق چەن ملیۆنە؟

نەسرین: **12**

بەشیر: چەنی کوردە؟

نەسرین: **3**

بەشیر: ئەی تورکیا؟

نەسرین: **28** ملیۆنەو **7** ی کوردە. ئێرانیش هەربەوجۆرە. سوریاش پێنجیەکیی کوردە. لە سۆڤێتیش یەك ملیۆن هەیە. لە لبنانو ئەملاولایتریش یەك ملیۆن کورد هەیە.

بەشیر: هەموی کردییە چەن؟

نەسرین: **20** ملیۆن

`

بەشیر: کەواتە، چین کە **800** ملیۆنە، چۆنئەبێ **80** ملیۆنی کوردنەبێ!؟ (هەمو چەپڵەو پێکەنین). ئەمەش یەکێکە لەزانیارییە ئەفسانەییەکانی بەشیر کە دوای دەیان ساڵ، پێنجوینی لەنوسینێکیا وتویێتی منیش ئەزانم چەندین گوندی کوردی لە چین هەیە.

.***

## تۆ کە نازانی بۆ پرسیارئەکەی؟

لاوێ هاتە بەردەم دوکانەکەو وتی: مامۆستا دەستەکانت خۆشبێ، وتارەکەت لەسەر نەوت، لەئاستێکی زۆر بەرزایە. هەنێ زاراوەی تیایە، تێیان ناگەم! ئەکرێ تێمبگەیەنی؟

مامۆستا پشتی تێکرد! لاوەکە هەمان پرسیارەکەی دوبارەکردەوە. مامۆستا وتی: ئاخر دیماغ، تۆ کە شتێك نازانی، بۆ پرسیار ئەکەی!؟ بۆ من هوجرەم داناوە!؟ لاوەکە بەسەرسامییەوە رۆی. دانیشتوەکان هەوڵیاندا پێکەنینەکانیان بشارنەوە..

سوجادی خۆیپێنەگیراو دایە پرمەی پێکەنینو وتی: وایە، ئەبێ بزانی ئەوسا پرسیارکەی.

`

## کتێبیشت بۆبفرۆشمو پارەشت بدەمێ!؟

گیوی موکریانی لە هەولێرەوە هاتو دوای سلاوو بەخێرهاتن وتی: من گیوی برای هسەین هوزنی موکریانیی داماوم. داماو زۆر بێبەختبو، داماو ئەو هەمو خزمەتەی بەکورد کرد کەچی کەس پێینازانێ. ئەوە چەن رۆژە ئەگەرێم بەدوی دو کتبی داوماوا، کەسێك نیە بلێ لەلای من هەیە، ئنجا وتی: وەستا بەشیر با هسابێکی ئەو گۆڤارو کتێبانە بکەین کە بۆم ناردوی. هەقولزەهمەتی خۆتی لێهەلگرەو ئەویتریم بدەرێ. (مامۆستا گیو، لەگەڵ قسەکانیا، سەری پەنجەکانی ئەژەنە لاقەپرغەی بەشیر)

بەشیر سێ جار نیگەرانبو. جارێك بە وشەی وەستاو جارێك بە داوای پارەو جارێکیش بە سیخورمەکان! لەوەلاما وتی: تۆ ئەجیبی! تۆ ئەتەوێ من کتێبیشت بۆبفرۆشمو پارەشت بەمێ!؟ ئەی من ئەم کەشتیی هیوای کوردە بەچی بەرێوەبەرم؟ ئنجا تۆ داماو داماوی چیتە! داماو، ئەو کەی داماوبو؟ ئەو ئەوەنە زیرەکبو هەوت پیشەی ئەزانی. داماو بە کەسێك ئەڵێن بیەوێ لە روبارێك بپەرێتەوەو قوففەی دەسنەکەی، بە یەکێك ئەوترێ، لەوبەر ئەم شەقامەوە بە دو جانتای گەورەوە بیەوێ بێتە ئەمبەرو پەیتوکە (ئۆتۆمبیل) رێگەی نەدا. داماو بەم زاتە(نەبەز) ئەوترێ کە ئەوە **3** مانگە بەشوێن خانوچکەیەکا ئەگەرێو دەستیناکەوێ. ئاخر ئیتر تۆ داماو داماوی چیتە! داماو شەیتان دەستی لێهەلگرتوە، تۆ بۆ دەستی لێهەڵناگری!؟

***

`

## كێشەی داماو

لە کاتی مشتومڕەکەی داماودا، کڕیارێکی ئەرەب هاتە بەردەم دوکانەکەو داوای پاکەتو شقارتەیەکیکرد، بەشیر وەڵامینەدایەوە. دوبارەی کردەوە، وەڵام نەبو. سێبارەیکردەوە. بەشیر وتی: نیە. کڕیار وتی: ئەی ئەوەنیە هەیە!؟ بەشیر بەتوڕەییەوە وتی: ئاخر هەی دیماغ، تۆ نابینی ئێستا ئێمە خەریکی کێشەی داماوین؟ کابرا وتی: کێشەی داماو چیە؟ بەشیر وتی: ئەوە ئیشی تۆنیە. کڕیار وتی: من ئەبێ بزانم کێشەی داماو چیە؟ بەشیر دەستیدایە گەزی خەیاتییەکەیو لە سنگی کڕیارەکەی گیرکردو پاڵێکی پێوەناو دای بەزەویا! کڕیارەکەیان هەستانەوەو وتی ئەچم شکاتئەکەم، پارێزەر ئەگرم. بەشیر وتی: بڕۆ. ئەو وتی: ناڕۆم تا نەزانم کێشەی داماو چیەو پاکەتو شقارتەکەشم هەر ئەوێ..

نەبەز پێیوت: داماو زاناو مێژونوسێکی کوردبو. ( پاکەتو شقارتەکەیان دایەو بەڕێیانکرد.

سەرنج:

(هەمو ئەو هەرایە، بە ئەرەبیبو، لەشانۆنامەی گەورەپیاوا دەقە ئەرەبییەکە ئەبینن)

لەم پەرتوکەدا هەنێ بابەت دوبارە کراوەتەوە، هۆکەی ئەوەیە: هەریەك لە پەرتوکەکانی (گەورەپیاو، داستانی بەشیر موشیر، فەلسەفەی بەشیری) بەجیاو لەسەردەمی جیادا نوسراونو چاپکراون.

`

■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■

## هۆی ناكۆكیی سۆڤێتو چین

باس هاتە سەر هۆی ناكۆكیی سۆڤێتو چین.

. مام جەلال: هۆی ناكۆكیی چینو سۆڤێت، دو ئاڕاستەی هزریی جیاوازە.

وردی: لیۆ شاو شێ، لە ماركسێتیدا، خۆی بە بیرمەندێكی گەورەتر ئەزانێ لەوانەی سۆڤێت.

هەژار: ناكۆكییەكەیان لەسەر سنورە.

گیو: لەسەر هەریسەكەیە.

نەسرین: پیلانی ئەمریكایە..

`

وەرزێر: خۆپەرستیی هەردو لایانە..

سوجادی: ناکۆکییەکانیان لەسەر هەندێ زەوییە..

پاکیزە: بەردێ لە ئاسمان بکەوێتە خوارێ، خەتای ئنگلیزە..

رۆژبەیانی: رەگێکی مێژویی هەیە..

نەبەز: لەسەر رابەرایەتیی بلۆکی سۆشیالستییە..

ژیر: ناتەواوی لە بیردۆزەکانیانا هەیە. لەبواری جێبەجێکردنا، ئەنجام وەك پێشبینییەکانیان دەرناچێ. ئەوەش ناکۆکیان ئەکات.

بەشیر: نا رۆهەکەم، هیچتان نەتانزانی. هۆکەی ئەوەیە: ئیزەدین لە مۆسکۆبێ، چۆن نێوانی سۆڤێتو چین تێکناچێ؟

هەموو دایانە قاقای پێکەنین

***..

## بەپاپۆڕ لەتارانەوە چوە بۆئەستەموڵ

بەشیر کولێرەیەکی جۆی دەرهێناو دەستیکرد بەخواردنی. رەفیق هیلمی و برادەرێکی هاتن. خەزنەداریش هات..

هیلمی: ئای! بەشیر ئەوە رزقی کەر ئەخۆی؟

`

بەشیر: دەفەرمو ئەمە ئاقڵەکەمانە!! ئیترچۆن ئەبین بەدەوڵەت!؟ ئاخر رۆهەکەم تۆنازانی من شەکرەمە؟ خۆ من ئەو کوڕەی جاران نەماوم. ئەوساڵەی لەتارانەوە بەپاپۆڕ چوم بۆئەستەوڵ ، خواردنی وایان بۆئەهێنایین هەموی دوگو چەوریو شیرینیبو! ئێستە نابێ نانی گەنمیش بخۆم، ناچارم نانی جۆ ئەخۆم.

خەزنەدار: وەستا بەشیر کەی لەنێوان تارانو ئەستەمولا دەریا هەیە!؟ چۆن بەپاپۆڕ چویت؟

بەشیر: لە وشەی وەستا هەڵسڵەمیەوەو بەتوڕەییەوە وتی: چوم..

خەزنەدار: ئای! خۆ هەرئەڵێ چوم. ئاخر دەریا نیە، چۆن چویت!؟ من جوگرافیام خوێندوەو خەزنەیەکی زانستم، ئەزانم دەریا نیە..

بەشیر: ئاخر هەی دیماغ، بۆ من نازانم ئێستە دەریا نییە؟ من باسی سەردەمی سەفەربەر ئەکەم، ئەوسا هەبو. تۆ ئەگەر خەزنەی زانستبویتایە، ئەبوایە بتزانیایە ئەوسا هەبو. ( پەلاماری گەزی خەیاتییەکەی لێدا )و وتی: هەستە بۆدەرەوە، جارێکیتر نەیەیتەوە بێرەدا. ( خەزنەدار بەپەلە بۆیدەرچو) بەشیر لەبەر خۆیەوە: خەزنەی زانست!! خەزنەی گو! تۆ سەیریکە! هەم ناشیرین، هەم قسەڕەق، هەم میوعی.!!

وەرزێر: کوا خەزنەدار شیوعی نییە.

بەشیر: وتم میوعی.

`

وەرزێر: میوعی چیە؟

بەشیر: میوعی ئەوەیە، لەهیزبی شیوعیدا نیە، بەڵام هەر بە تەپڵی مارکسی هەڵئەپەڕێ.

هیلمی: ئەوە بۆ وات بەو پیاوەکرد!؟

بەشیر: کابرایەکی ئەجیبە! من ئەلێم خۆم چوم، ئەو ئەڵێ دەریا نیە! ئاخر ناهەقمە کەئەڵێم: ئەم میللەتە بەکەڵکی ئەوە نایەت سەرۆکێکی وەك منی هەبێ!؟

نەبەز: ئەوە هیتلەریش وایوت، وتی: گەلی ئەڵمان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی سەرۆکێکی وەك ئەوی هەبێ.

بەشیر: ئەویش هەقیبو

..

***

## رازو گلەیی نێوان رەفیق هیلمیو برایم ئەحمەدو بەشیر موشیر

هیلمی: ئەرێ بەشیر، بلە بۆ وائەکا؟

بەشیر: چیکردوە؟

`

هیلمی: منو گۆران چوین بۆکۆنگرەی ئەدیبانی ئەرەب لەکوێت، کەچی لەرۆژنامەکەیا (خەبات) ئێمەی داوەتە بەرتانەو تەشەر! جگە لەوە، چوار مانگە نامەم بۆنوسیون ببمە ئەندامی پارتی، کەچی هەر وەڵامیشم!

برایم ئەهمەد لەوبەری شەقامەکەوە تێپەڕی، بەشیر بانگیکردو ناداتەوەوتی وەرە دانیشە.

بەشیر: رۆهەکەم تۆبۆ لەرۆژنامەکەتا قسە بەم زاتە ئەڵێی؟ ئەی بۆ تۆنایەڵی ببێ بەئەندام لەپارتیا!؟

بلە: من هەدم نیە قسە بە رەفیق بەگ بڵێم، ئەوە من نەبوم، کامیل ژیر ئەوەی نوسیبو.. ئنجا بۆنامەکەی، ئێمە رەفیق بەگ بەسەرۆکی خۆمان ئەزانین، ئەندام یانیچی!؟

کامیل ژیر: ببورە مامۆستا، من قسەم بە رەفیق بەگ نەوتوە، من مەبەستم لەو نوسینە ئەوەبو: ئەو کۆنگرەیە کە تایبەتبوبێ بۆئەدیبانی ئەرەب، نەئەبو هیچ کوردێ بەشداریی تیابکا.

بەشیر: تۆ ئەڵێی چی؟ (هیلمی هیچ وەڵامێکی نەبو) کەواتە تۆ فت! نۆرەی منە (روویکردە بلە) ئەی لەگەڵ من چ دوژمنایەتییەکت هەیە؟ نەتهێشت ببم بە بەرپرسی رۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی ئێراق لە تورکیا، قاسم ئەو جێگەیەی بۆمن دانابو چونکە من هەم تورکیزانم، هەم موشیرم، هەم خۆشەویستی مریەم. تۆ نەتهێشتو درا بە رەفیق بەگ.

`

بله: مامۆستا، ئێمه تۆمان داناوه ببی به سەرۆکی هەمو کورد، ئەو ئیشه شایستەی گەورەیی تۆنیه

هیلمی: بەشیر، بۆ بێدەنگبوی؟ .. کەواته تۆش فت ( هەمو پێئەکەنن) ده ئیتر بەخۆتمەڵێ موشیر.

ئێستا تەنیا یەك موشیر هەیه، ئەویش ئەوەی میسره، موشیر روکن ئەبدولهەکیم ئامیر.

بەشیر: گەوادی وا کەی موشیره!. ده قسەم پێمەکەن، با نەڵێم هەکیم فطیر..

بەدینی پێغەمبەر بەکەڵکی موعەلیمیش نایەت

نەبەز: مامۆستا سوپاس!

بەشیر: نا، رۆهەکەم، من مەبەستم موعەلیمی سانەوی نیه. مەبەستم موعەلیمی سەرەتاییه.(هەمو روویانکرده وردیو پێکەنین! وردیش لەوانزیاتر پێکەنی)

***

## بەشیرو ئەهمەد شوکری

لەسەر کارتی نەورۆزنامەکه، خاوەنی چاپخانەکه، شوکریی بەگرتندابو! دوای شەش مانگ زیندانی، شوکری لەزیندان بەربو. وایزانیبو بەشیر بەگرتیداوه. بۆ شەڕێك

`

لەگەڵ بەشیر، هاتە سەری. دوکانەکەی داخرابو، ئەیزانی نیوەڕوان، بۆسەرخەوێ ئەچیتە وتێل ئەلەمەین. بەتورەییەوە، خۆیکرد بە ژورەکەیا.

شوکری: تۆبوی بەهۆی شەش مانگ زیندانیکردنم. ماڵی منت وێرانکرد (چەقۆیەکی دەرهێنا) هەر ئێستا تۆڵەی خۆمت لێئەکەمەوە ( بەشیرو ئافرەتێك لەژێر لێفەکە دەرپەڕین)

بەشیر: نا رۆهەکەم، خۆ من بەگرتم نەدای، وەستا گەوادەکەت، خاوەنی چاپخانەکە، بەگرتیدای، جا لەبەرئەوەی لەسەر من گیرایت، هەقت بۆئەکەمەوە. ئێستە وەرە تۆش جارێك بپەڕە. سبەینێش وەرە بۆ دوکان، دەستێ جلی جوانت لای ئەهمەد خەمماس بۆبەدرون ئەدەم. بە وەهبی بێگیش ئەڵێم نامەیەکت بۆ بنوسێ بتکەن بە برینپێچ..

شوکری لەخۆشییانا شاگەشکەبو، لەگەڵ بەشیر باوشیانکرد بەیەکاو ئەملاولای یەکیان ماچکرد.

بەشیر: من ئەڕۆم، خوات لەگەڵ دوکتۆر شوکری، دوکتۆر شوك، دوکتۆر شۆ!

هەردوکیان دایانە قاقای پێکەنینو بەشیر گەڕایەوە بۆدوکانەکەی

***.

`

**بەشیرو ئەفتابی سەبعە**

رۆژی **1959/5/1** بەبۆنەی جەژنی کرێکارانەوە، رێپێوانێکی نیو ملیۆنی لە بابولشەرجییەوە بە شەقامی رەشیدا تا بابولمعەزەم، لەبەیانییەوە تا ئێوارە درێژەیکێشا. بەشیر، لەو دەنگەدەنگە، تەواو هەراسانبو! کێشای بەڕانی خۆیا

وردی: چییە ئەوە ؟

بەشیر: خەتای منبو

وەرزێر: چی؟

بەشیر: ئەفتابی سەبعە

ژیر: کێوکێ؟

بەشیر: مارکس، رەفیقەکەی، لنین، ستالین، گەوادەکەی سوریا، فەهد.

ژیر: ئەوە شەش

بەشیر: کەچەڵەکەی ئێرە.. ئەوانە لەئوتومبیلێکابون ، من زابت قوماندانیبوم، ئەوان بە خفی هاتبون، هەمویانم گرت، دەمانچەم لێڕاکێشان، ویستم بیانکوژم، دوایی وتم نا، ئەمانە پیاوی گەورەن، با بمێنن، نەمکوشتن..

وەرزێر: لەکوێ؟

بەشیر: لەسەر پردەکەی موسڵ

`

وەرزێر: ئەبێ جەڵەبیان هێنابێ

رۆژبەیانی: ئێ ؟

بەشیر: ئەگەر بمکوشتنایە، ئێستا ئەم هەمو شیوئیانە مێشکی سەری منیان نەئەبرد! (هەمو پێکەنین))

وردی: ئەمە هیچ راست نیە، زیاتر لە سەد ساڵ تەمەنیان جیاوازە

بەشیر: بە دینی پێغەمبەر من لەدەس ئەم وردییە نازانم چیبکەم! ئاخر هەی دیماغ، من ئەڵێم خۆم دیمن!

(بەشیر، بەتورەییەوە، چاپکراوەکانی وردیی لەسەر رەفەکە داگرتو فرێیدایە کۆشی وردی) برۆدەی، من ئیتر کتێبی تۆ نافرۆشم، تۆ کابرایەکی ئەجیبی! من ئەڵێم خۆم دیمن

ژیر: وردی خۆت بەدەرکردن مەدە

رۆژبەیانی: وەك کابرا

وەرزێر: کێ؟

رۆژبەیانی: ئەوەی چین و روسی بەشەڕداوە ( هەمو پێئەکەنن)

`

## بەشیرو فسکولبەسەرەکان

بەشیر لەدوکانەکەی بەپێوە وەستابو، بەسەرسامییەوە ئەیڕوانییە هەنێ پارەی کاغەز کە بەدەستیەوەبو. دەستیدایە گەزی خەیاتییەکەی، سوجادی ویستی سەرکەوێ. بەشیر گەزەکەی لێڕاستکردەوەو ویستی تێیسرەوێنێ. بەڵام دەستی گێڕایەوە.

سوجادی: کوڕە ئەوە چیئەکەی!؟

بەشیر: زو نەمناسیتایەتەوە، تەوقی سەرتم ئەکرد بەدو کەرتەوە.

سوجادی: بۆ؟

بەشیر: چوار فسکولبەسەری وەك تۆ، یەکی پاکەتو شقارتەیەکیان لێکڕیم، ئەم پارە قەڵبانەیان دامێ، وامزانی چارەکە دینارن. یەکی دوسەدو دە فلسم دانەوە

سوجادی: کوڕە خۆ ئەمانە یەکی یەك لیرەی سورین

بەشیر هەناسەیەکی خۆشیی هەڵکێشاو وتی: زۆرباشە، کەواتە قازانجمە. ئێستا لیرە بەچەنە؟

سوجادی: لیرەی چی؟

بەشیر: لیرەی لیرە.

`

**سوجادی: لیرە جۆری زۆرە. لیرەی رەشادی، غازی، سوری، لیرەش هەیە پارەی سورین وەك ئەوانەی داویانە بەتۆ کە نرخی هەر یەکێکیان سەد فلسە.**

**بەشیر: چی!؟ سەد فلس؟ (دەسی دایەوە گەزەکەی) تۆ هەر فسکولبەسەریٚ لێرەوە هات پێمبڵێ..**

**سوجادی: کوڕە نەکەی! بەشکم ئەواننەبن**

**بەشیر: فەرقتان نیە، فسکولبەسەر هەر فسکولبەسەرە، هەزار ئاینو ئۆین لەژێر مێزەرەکانیانایە.**

**ژیر هات، سوجادی بەپێکەنینەوە روداوەکەی بۆگێڕایەوە**

*****

**هەژاری دەرکرد**

**ژیر: مامۆستا گوێیمەدەریٚ، خۆت زویر مەکە، هەقت بۆئەکەینەوە.**

**بەشیر: نا رۆهەکەم، خۆ من هەر پەستی ئەوەنیم.**

**ژیر: ئەیچی؟**

**بەشیر: گا گا گا.**

`

**ژیر: گای جی؟**

**بەشیر: گاگوە ورگ زلەکە**

**ژیر: کام؟**

**بەشیر: ئەوەی هەمو شەرافەتەکەی ئەوەبو، لە ئێران ناوی ئەورەهمانبو، لە سوریە وتی ناوم هەسەنە، لێرە هەژار هەژاری لێگرتوینەتەوە!**

**ژیر: شائیرەکە؟**

**بەشیر: شائیری چی، بلێ شەعیر. هاتوە بەمن ئەلێ: تۆ نە شائیری، نە فەیلەسوف**

**ژیر: ئەی تۆ وتت چی؟**

**بەشیر: وتم رۆهەکەم ئەتۆش گەوادی (هەمو پێئەکەنن)**

**ژیر: ئەی دوایی؟**

**بەشیر: دوایی دەرمکردو ناویم لەهەوتەی مژدەبەر دەرهێنا. من بەخۆم نالێم شائیر، ئەوە جارجار لەداخی دوریی نیشتمانە کە هۆنراوە ئەلێم. بەلام بۆ فەیلەسوفی، بچن لە فەیلەسوفەکانی دنیا بپرسن، بچن سیپارەی هەقپەرستی بخوێننەوە. . ها وردی، بۆیان بخوێنەرەوە.**

`

## سێپارەی هەقپەرستی

**وردی: ئەمە بەرگەکەیەتی: سیپارەی حق پەرستی، اول کتیبیکی عجیبە، بەدەستی بشیر مشیر نوسراوە، بەکەلکی هەمو ساحب حق و حق شناس و حق داواکەرو حق بەدست یەت، ریگەی حقیقت نیشان ادا. نرخی شش انە ـ1931.**

**سوجادی: جاچیە.**

**بەشیر خێسەیەکی لێئەکا.**

**وردی: تۆ راوەستە، مامۆستا ئەڵێ**

**تەرەفداری سیپارەی حق پەرستی**

**وەك شاهی جیهانبن، نەهێنن نوشستی**

**سوجادی: ئەمەش هیچنیە (بەشیر مۆرەیەکی لێئەکا)!**

**ژیر: تۆش خۆت بەدەرکردن مەدە.**

**وردی: لە لاپەڕ ١٨ دا ئەڵێ: زیلروح دەمرێ، موجودات تێکئەچێ، ئەم کیتلە زەوییە پەرشوبڵاو ئەبێتەوە، ریزەکانی لەناو هەوادا ئەمێنێتەوە، دوایی زەڕەکانی یەکئەگرن، شکڵێکیتر پەیدا ئەکا، لەم حادیسەو واقیعە ئینقیلاب پەیدا ئەبێ، بەشەر هەرچەندە بەمردن لەشی لەناو ئەچێ، وەلێ کە عیلم و فەزیلەت و ئەخلاقی چاکیبو، ناوی هەر ئەمێنێتەوە، ناوی بەچاکە یادئەکرێ، عیلم بە**

`

تەحسیل پەیدا ئەبێ، ئەخلاقی چاکە بە مقابەلەی نەفسو تەحەکوم لەسەر نەفس پەیدائەبێ، تەحسیلی عیلم ئاسانە، بەڵام موتەخەلیقبون بە ئەخلاقی چاکە زۆر زەحمەتە.

سوجادی: ئێ ئێ، بەڕاستی بەرزە، ئەی ئافەرین سەرۆکی گەورە.

ژیر: چاوت لێیە سیپارەی هەقپەرستی چون وایلێکردی دان بە هەقدا بنێی!؟

سوجادی: کوڕە ئەگەر فریای خۆم نەکەوتمایە، منیشی دەرئەکرد! (هەمو پێئەکەنن)

وردی: هەر ئەوەنیە.. ساڵی ١٩٣٩ بەختنامەکەی ناپلیۆنیشی وەرگێڕاوە بۆکوردی. لە ١٩٢٧ دا ئەندامی کۆمەڵەی پپشتیوانی کوردبوە. ئەندامی دامەزرێنەری یانەی سەرکەوتنیشبوە.

***

## سەفەری ژیرو دەنکەکەی بەشیر

وەرزێر: مامۆستا، ژیر بەتەمایە بچێ بۆ سویسرا. بەشەمەنەفەر ئەڕواو بەئەستەموڵا تێپەڕئەکا، ئەگەر راسپاردەیەکت هەیە بۆمریەم، پیا بنێرە.

وردی: نەکەی مامۆستا

بەشیر: بۆ؟

`

وردی: ژیر گەنجەو هێشتا رەبەنە، کێئەڵێ ئەمیش وەك ئەو کابرایە ناکا کە ناردیان بۆخوازبێنی کچێك، هاتەوە وتی: تا بۆخۆمم جێبەجێکرد، قیر وتی چەق

بەشیر: ئافەرین وردی، شارەزاو وردی

***

## بەشیرو هیلگاو لۆدڤیک

لە دوکانەکەی دانیشتبو، سەیری رۆژنامەیەکی ئەکرد. وەرزێرو ژیرو وردی هاتن.

وەرزێر: مامۆستا ئەوە چی ئەخوێنیتەوە؟

بەشیر: رۆژنامە. ها تۆش ئەمە بخوێنەرەوە، با وردیش گوێیلێبێو ئیتر ئەوەنە نەڵێ ویستم ژن بێنمو هەر دەستیشی ناکەوێ! (ویستم ژن بێنم- ناونیشانی نامیلکەیەکی وردییە)

وەرزێر: ئەمە رۆژنامەی برِوایە، ژمارە7رۆژی **1960/9/10** لاپەرِە4 لە هێڵگا هینیك لە ئەڵمانیاوە،

بۆ کاکێ بەرِێز مامۆستا بەشیر موشیر

`

**له یەکێ له رۆژنامەکانی ئەڵمانیادا هۆنراوەیەکی وەرگێڕراوتم خوێنەوە، وامهەست ئەکرد ئەو هۆنراوەیەی هایتریش هاینەی هۆنیاری مەزنی ئەڵمانی ئەخوێنمەوە کەله کۆتاییەکەیدا ئەڵێ**

**چەند خۆشه دەنگێ**

**که بڵێ**

**بەڵێ خۆشم ئەوێیت**

**پاشئەوەی ناوم زانیتو زانیم که لەبەغدا ئەژیت، زۆر سەرسام مام. وەکو لەقوتابییه کوردەکانیشم بیست، سەرۆکی کوردیت.**

**پێش ماوەیەك له ئیستگەی بەغدا ناوی تۆمان بیست . قوتابییه کوردەکان زۆریان پێخۆشبو.**

**من کچێکم لەتەمەنی 21ساڵیدام، له ئەڵمانیای دیموکرات ئەژیم، لەیەکێ لەرۆژنامەکانا کارئەکەم. تکایه هەنێ له هۆنراوەکانت بنێره بۆتبلاوبکەینەوە لەگەڵ دەنگوباسی کۆماری ئێراك. لەنامەی دوەما باسی ئەڵمانیات هەمو بۆئەنوسم، ئەگەر به ئەڵمانی نامەت بۆنانوسرێ، بێ وەستان به ئنگلیزی بینوسه.**

**لەدواکاتا خۆشیت پێویسته.      هیلگا هینیك**

`

**بەشیر: نامەیەکیتریشم لە کچە هاوڕێیەکی هیلگاوە بۆهاتوە.**

**وەرزێر: ناوی چیە؟**

**بەشیر: ڤیلٚترا وود لۆدڤیك.**

**وردی: ئەو ئەلێ چی؟**

**بەشیر: بە تۆی نالێم فێلباز**

**وردی: دەسمان بەلایەکت**

**ژیر: ئەیچۆن! جارێ چیتدیوە!؟ نەبەز بۆینوسیوم ئەلێ لە جنێڤیش مادام برۆنزینۆ، خۆیداناوە بۆ مامۆستا**

**وەرزێر: ئەی کوا نامەکان؟ کێ هێنانی؟**

**بەشیر: پۆستە، بەئەلٚمانی نوسراون، بۆیان وەرگێڕام (دو زەرفی دایە دەستی ))**

**وەرزێر: ئای! خۆئەوە هیچ ناونیشانێکیان لەسەرنیە! هەر نوسراون- بەغدا بەشیر موشیر! چۆن گەیشتن!؟**

**بەشیر: رۆهەکەم، ناونیشانی بۆچیە. هەموکەس ئەمناسێو ئەزانێ من گەورەی کوردم.**

**وەرزێر: ئەی هۆنراوەت بۆناردن؟**

`

بەشیر: خۆم ئەڕۆم.

وەرزێر: بۆکوێ؟

بەشیر: بۆئەڵمانیا. نامەیەکیترم بۆهاتوە، بانگکراوم بۆکۆنگرەی هەشتەمی خوێندکارانی کورد لەشاری مینشن.

وردی: هەستن بابڕۆین ، زۆری پێیەو کەمی دەرئەخا! هەمو رۆیشتن

*** .

.

## بەشیر زیندانیکرا

بەشیر کەوتە دەریای خەیاڵەوە. خۆی لەفڕۆکەخانەی بەغدا بینییەوە، فڕۆکە هەستا، لەناو فڕۆکەکەدا، باجییە جوانەکانی ناو فڕۆکەکە خزمەتگوزارییان پێشکەشئەکرد. بەشیر یەکێکیانی لێبو بەمریەم. زوزو بۆی پێئەکەنی. گەیشتنە فڕۆکەخانەی مینشن. بەدەیان خوێندکاری کورد پێشوازییان لێکرد. لەدەرەوەی فڕۆکەخانەکە، زیاد لەپەنجا ئۆتۆمبێلی مارسیدس چاوەڕوانیانئەکرد. سەدان خوێندکار بەگوڵباران پێشوازییانلێکردو خستیانە ئوتۆمبێلێکی سەربەرەڵاوە. هیلگا هاتە تەنیشتییەوەو لێیبو بەمریەم .بەشەقامەکانا ئەکشان بەرەو هۆڵی کۆنگرە. هەردوکیان دەستیان رائەوەشان بۆئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە. لەبەردەم هۆڵی کۆنگرە بەچەپڵەڕێزان پێشوازیکران. دو خوێنکار ئەم باڵو ئەوباڵیان گرت بۆئەوەی

`

دایبەزێنن..لەم کاتەدا بەشیر لەوە بەئاگاهات دو حەرەس قەومی، پەڕینە سەر دوکانەکەیو ئەمبالۆ ئەوباڵیانگرتو رایانکێشا بۆناو ئۆتۆمبێلێکو بردیان بۆ زیندان، رۆژی یەکەم فرێیاندایە ژورێکی تەنیاوە.. کەوتە دەریای خەیاڵەوە، بینیی میللەت هەموی هەستاوە، لەهەمو کونجێکەوە، بەبەرزکردنەوەی وێنەی ئەوەوە، خۆپیشاندانە بۆبەربونی ئەو. رادیۆو رۆژنامە جیهانیو ناوخۆییەکان باسی گرتنەکەی ئەو ئەکەنو وەك سەرۆکی کورد ناوی ئەبەن.. چونکە برسێتی زۆری بۆهێنابو، بەدەم ئەو خەیاڵەوە هەر سکی خۆی هەڵئەگوشی .. مریەم هاتە پێشچاوی ، دەستێکی بەچەپکێ گوڵەوەو دەستەکەیتری بە سینییەك خواردنی جۆراوجۆرەوە .. بەشیر لەدەنگی کردنەوەی دەرگای ژورە تاریکەکەی زیندان، بەئاگاهاتەوە. دەرگاوانەکە، سەمونێکی رەقی بۆهەڵدا!. دوای خواردنی سەمونەکە، پێشنیارێکی ژیری بیرکەوتەوە کە وتبوی: خانوەکەت بکە بەوەقف. دوای خۆت، کرێی ساڵانەی بکرێ بەخەلاتێك بۆسەرکەوتوترین خوێنکاری ئامادەیی کوردستان، وەك خەلاتی نۆبڵ. ناویشی بنرێ خەلاتی بەشیرا، لەسەر کێشی دوکتۆرا..شەو کە نوست، خۆی لەکۆبونەوەیەکی کەرتی پەروەردەدا بینییەوە لەئاهەنگێکدا بەبۆنەی بەخشینی خەلاتی بەشیراوە. خەلاتەکەی بەخشیو چەپڵەیەکی زۆری بۆلێدرا.

رۆژی دوەم، لەزیندان، کەوتنە لێکۆڵینەوە لەگەڵی

ناوت؟

بەشیر

`

**باوکت؟**

**سلێمان**

**تەمەنت؟**

**٨٤ساڵ**

**بڕوانامەت؟**

**کۆلێجی ئەرکان ،موشیر روکن**

**کارت؟**

**سەرۆکی کورد، وە عیندەل ایجاب گەورەی بەرگدروان**

**لە چ هیزبێکیت؟**

**هیچ**

**ئەی چۆن لەرۆژهەڵاتو رۆژئاواوە بەفەردە نامەت بۆدێ؟ ئەو هەمو خەڵکە بۆ روئەکنە دوکانەکەت؟**

**چونکە سەرۆکی کوردم**

**چی! ئەی کە سەرۆکی کوردیت، چۆن ئەڵێی لەهیچ هیزبێکا نیم!؟**

`

کورڕم، سەرۆك ئەبێ سەرۆکی هەمو میللەتبێ، کە لەهیزبێکابو، ئەبێ بەسەرۆکی تەنیا ئەو هیزبە، نەك میللەت. سەرۆك، ئەبێ دوربێ لەبەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەوە، دەسپاکو بەخشندەبێ. من تەنیا خانویەکم هەبو، ئەویشم کرد بەخەڵاتی بەشیرا

تۆ پێمانڕائەبوێریو ئەتەوێ بمانخەڵەتێنی!؟ ناوی هیزبەکەو هاوڕێکانتم پێنەڵێی، بەجگەرە پشتی دەستت ئەسوتێنم، هەڵتئەواسم، نینۆکت دەرئەهێنم، چاوت هەڵئەکۆڵم، باڵەکانت ئەپەڕێنم، دواجاریش ئەتخەمە چاڵی تێزابەوە (هەنێ باڵی پەڕیو و سەری بڕاوی پیشاند)!

ئەبم بەشەهید، ئەوە نەمرییە بۆ من.

گو بخۆ

ئنچەب، گو بەدەمی خۆت، ئەدەبسز، گەواد.

وەرە جەلاد، ئەمە شێتە! دوای لێدانێکی باش، با بڕوا وەلبێ، خۆی ئەمرێ. بیکەن بەوانەیەك بۆهەمو کوردێ، جاشبێ یاباش، دۆستبێ یادوژمن، ئێراقچیبێ یا جیاخواز.

لەدواوە دایانە بەردار، بەشیر کەوتو بورایەوە. کە هۆشیهاتەوە، داوای ئاوی کرد. بەو گەرمای بەغدایە، ئاوی گەرمیان دایە! نەیخواردەوەو رشتیو پەرداخەکەی توڕدا. دایانە بەر لەقە.. دیسان بورایەوە!.. کەزانیان هیچی لێهەڵناکرێنن، ترسی مردنیشی هەبو، بەرەڵایانکرد..

`

پرسیارو وەڵامەکان بەئەرەبییبون. بەمجۆرە:

-ما هو اسمك؟

+بشير المشير

-كم سنة عمرك؟

+فوق الثمانين

-ما هو شغلك؟

+رئيس قوم الكرد وعند الايجاب كبير خياطين

-شنو شهادتك،؟ باى مكان؟

+مشير الركن، كلية اركان

-لاى حزب عدو تنتمى؟ او حزب الاحباب

+اننى فوق أى اتجاه، ميول، واحزاب

-ألم تقل لى  رئيس الاكراد؟

+جميع القوم، أحزاب، وأفراد

-ما هو حزبك؟ من هم رفاقك، مايفيدك حيل، لاتدوخ راسى

`

+ابنى لايجوز اميل لجهة، اترك اخرين، افراد القوم كله سواسى

-عمى اعترف ترى اضربك أقطع اياديك ثم اذبك بحوض الاسيد!

+انى ما اكذب، ماعندى وجهين، اننى بشير اذا تقتلنى ساكون شهيد

-انت مخبل او تقشمرنى؟ اوكلك خرة، هنا مو محل قشمر ومزاد

+عجيب وغريب ليش ما تفتهم؟ انت ادبسز، خرة بحلكك ترس يا قواد

-تعال يا جلاد، هذا مخبل، بعد ضربه خلى يولى، هو راح يموت يريح بالى

ليكون درسا لكل الاكراد، جحوش ام رفاق، حزبى، مستقل، عميل عراقى، او انفصالى

ئا بەوجۆرە، هەموی بۆگێڕاینەوە، وتیشی کەبردمیان، ئەمبەرو ئەوبەر، پۆلیس وەستابون، ئەیانوت ئەوە سەرۆکی کوردە.

***

## بەشیرو مەجی شەیتان

گەڕایەوە سەر دوکانەکەی. ئێمەش وەك جاران لێیکۆبوینەوە، بیئەوەی بزانین باری تەندروستیی زۆرخراپە! پزیشك هەندێ دەرمانی بۆنوسیبو، دوایی بۆیکرد بەدەرزی. وردی چو مەجی شەیتانی برینپێچی هێنا بۆئەوەی دەرزییەکانی لێدا.

`

مەجی: ئەمانە دەرزیی چاکن، هی دەمارن. هەمو کەس ناتوانێ دەرزیی دەمار لێدا، من لەدوکتۆرێك زیاتر ئەزانم، قۆڵت هەڵکە .. قۆڵێکی جوانو بێتوکت هەیە!

( سوجادی هاتە بەر دوکانکە ).

سوجادی: ئەوەچیە ئەڵێی قۆڵت بۆگیپەخواردن هەڵکردوە!؟

بەشیر: دەفەرمو دەی، ئەمیش خەیاڵی لای گیپەیە!

سوجادی: کەواتە خۆت بۆشەڕەبۆکس ئامادەکردوە لەگەڵ فسکولبەسەرەکان کە دەستیانبڕیت! .

. گیو، پەیدائەبێ، بێئاگا لەگرتنەکەی بەشیرو باری تەندروستییەکەی.

بەشیر: ئاش لەخەیاڵێو ئاشەوان لەخەیاڵێ

مەجی بەپەتێك قۆڵی ئەجەڕێنێو چەندجارێ دەرزییەکەی پیائەکا، بەشیر لەتاو ئازار گرژئەبێ.

گیو: دو کتێبی ونبوی داماوم دۆزیەوە.

بەشیر: دیسان داماو!؟ رۆهەکەم داماو ئێستە منم..

سوجادی: نا، داماو منبوم کە بەزۆر، زیافەتێکی گەورەت پێکردم

(سوجادی تۆزێ گیربو! لەهەنێ خوانی ئێمەدا بەشداریی ئەکرد، بەڵام ئەو هیچ خوانێکی بۆئێمە ئامادە نەئەکرد. برێ پارەی کتێبی لەسلێمانییەوە بۆهات، دایان

`

بەبەشیر کە بیدا بەسوجادی. ئەوەمان بەهەل زانی. وتمان ئەیکەین بەخوانێ. سوجادی ناچار خوانێکی بۆئامادەکردین لەماڵی خۆیان )

مەجی: دەستت بنوقێنە (دەرزییەکیکەی پیائەکا) بەشیر هاواری لێهەڵئەسێ.

وردی: داماو منبوم، کە تورە ئەبوی، کتێبەکانی منت فرێئەداو ئەتوت ئیتر کوردایەتی ناکەم، منیش نەمئەوێرا قسەبکەم.

مەجی: ئەمانە دورخەرەوە، لەبەر قسەکردنی ئەمانەیە دەمارەکتم بۆ نادۆزرێتەوە.

بەشیر: رۆهەکەم قسەمەکەن.

مەجی: هەستە سەرپیان، دەمارەکەت دەرناکەوێ، ئەڵێی دەماری تیانیە! یا هی ئەم هەمو توکەیە بەقۆڵتەوە! یا هی ئەوەیە دانیشتبوی (دەرزیەکیکەی پیاچەقان) نەبو نەبو، دانیشە، هی ئەوەیە بەپێوەی (هەمو دەسئەکەن بەپێکەنین )

وەرزێر: کاك مەجی ئەڵێن دەرزییەکت لە ژێر زمانی دایکت داوەو کوشتوتە؟

بەشیر: چی!؟ دایکی خۆی کوشتوە!؟

مەجی: درۆیە. ئەوە درۆی دوکتۆرەکانە، چونکە من لەوان زیاتر ئەزانم. بەغیلیم پێئەبەن.

بەشیر: نامەوێ، باڵم بکەرەوە، دەرزیم ناوێ.

`

مەجی: تۆ سەبرتبێ، با ئەو توکانە هەڵکەنم، هەستە سەرپیان، قاچێکت بەرزکەرەوە، قاچەکەیکەشت بەرزکەرەوە (هەموو ئەدەنە قاقای پێکەنین) دیسان کەوتنەوە پێکەنین! تۆ پاڵکەوە.

بەشیر: چی!؟ بۆتۆ گا سەرئەبڕی!؟ هەی شەیتان.

مەجی کە گوێی لە وشەی شەیتانبو، تورەبو، شتەکانی پێچایەوەو رۆی.

ژیر: مامۆستا ئەو شەیتانە بەهیلاکی بردی !

بەشیر: نا رۆهەکەم ، هەرخۆم هیلاکم. پەرێشانم، ئەمرم.

*

## وەسێتەکانیو دواراسپاردەکانی

وەسێتبێ: کەس سنوقەکەم نەکاتەوە، جەمالەدین نەبەز نەبێ. وەسێتبێ: ناوم ون نەکەن، داستانەکەم بگەیەنن بەنەوەکانی داهاتوی نەتەوەکەم. وەسێتبێ هەر لەسەر رێبازی کوردایەتی برۆنو هیچیتر، وەسێتبێ: بمبەنەوە سلێمانیو لەگردی مامە یارە بمنێژن. لێرە هەرچۆنێبێ بەزیندوێتی لەگەڵ ئەم قەومە ئیدارەمکرد، بەمردوێتی لەگەڵیان ئیدارە ناکەم. .هیلاکم! ئەمرم! بمگەیەننە ماڵی فەوزیەی کچم..

بەپەلە گەیانمانە ماڵی فەوزیەخانو هەمو رۆژێ سەردانمان ئەکردو بەدیاریەوە دائەنیشتین.

`

دوارۆژ چوە خەوێکی قووڵەوە. لەخەویا مردنەکەی خۆی بەمجۆرە بینی: رۆژنامەو رادیۆو تەلەفیزیۆنەکان، هەواڵی مردنەکەیان وەك سەرۆکی کورد بڵاوکردەوە. تیپی تەپڵۆمۆزیکی سەربازی، یاوەریبو تا گۆڕستان. لەسەر گۆڕەکەی، ژێر چەن هۆنراوەیەکی خوێنەوە کەکۆتاییەکەی بریتیبو لە

بنو بیخەم، ئەي پیري جوان

ئەی سەروکي هەمو کوردان

لەکۆتاییدا، پاشاو سەرکۆمارەکانو سکرتێری ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکی بە تاجەگوڵینەیەکەوە، بەشداریی بەخاکسپاردنەکەیانکرد. دواهەمو جوانترین تاجەگوڵینەش، ئەوەبو کە مریەم بەدەم فرمێسکو هەنسکەوە داینا.

کە خەبەریبوەوە، بەدەم غەڵدەغەڵدەوە، خەوەکەی، بەوجۆرە، وەکو روداوێکی راست بۆگێڕاینەوە. دوا راسپاردەشی ئەوەبو کە سوپاسنامەیەك بۆهەمو ئەو گەورەو بەڕێزانە بنێرین کە بەشداریی رێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەیانکرد! ئیتر زمانی لەگۆکەوتو چاوی لێکناو ١٩٦٣/٦/٣٠ ئەو چرایەمان کوژایەوە

***

ئەو چرایەمان کوژایەوە، بەڵام ناوی هەرمایەوەو وەك پێنجوێنی لەلاپەڕە **78** ی نامیلکەی بلیمەتدا ئەڵێ: بەشیریزم پاشەڕۆژی مرۆڤایەتییە. بەشیریزم هیوابەخشە بەمرۆڤ. هەرکە مرۆڤ باسی بەشیر ئەکات، وەکو گوڵێك ئاوی بدرێت ئەگەشێتەوە. مرۆڤ بەباسی بەشیر رەونەقو شەوق پەیدائەکاتو چونە ناو عالەمی بەشیرەوە،

`

مرۆڤ (فەنا فی البشیر) ئەبێ. فەنا فی البەشیریش تواندنەوەیە لەناو عەزەمەتی بەشیرا. ئەو تواندنەوەیە وا ئەکات مرۆڤ بچێتە حاڵەتێکی رۆحانی مەزنو فەزایەك بۆخۆی دروستکات. لەبەرئەوەیە هەر کەباسی بەشیرئەکرێ، زەردەخەنە، پێکەنینو خۆشی ختوکەی ناخی مرۆڤ ئەدا.

*

داخی گرانم، کاتی کۆچی دواییەکەی، لەسلێمانی قەدەغەی هاتوچۆبو، رەشبگیربو، بوار نەبو بیبەینەوە بۆ گردی یارەی سلێمانی، سەرباری ئەوەی منداڵەکانی، شامیل و هوشام و نزار و فەوزیە، قایل نەبون بیبەینەوە بۆسلێمانی، بۆیە لەگۆڕستانی شێخ مارف لەبەغا بەخاکمان سپارد. بەهیوای دەرفەتێ بۆگواستنەوەی بۆلای نەمران مامە یارەو پیرەمێرد لەسەر راسپاردەی خۆی. بەڵام جێگەی داخە دوای چەن ساڵێ گۆڕەکەیان تێکداو جێگەگۆڕەکەیان فرۆشت!

***

## دوای کۆچی دواییەکەی

لەدوای کۆچی دواییەکەیەوە، گەلێجار هاتۆتە خەوم. بۆنمونە:

شەوێك بەشیر هاتە خەوم

وتم هەوی؟ وتی هەوم

وتم بەڕێز لێمببورە

`

هێشتا جیهان، بەری دورە

سلێمانی، دارو بەردی

چیاو دۆڵو گردو هەردی

ئامێزانی لەکارایە بۆ پێشوازیت

ئاخۆ ئێستەش بەسەرگردی یارە، رازیت؟

وتی نەخێر، نەبا جارێ

مەسئولێکی فایلدارێ

چلێتیکی موستەشارێ

هەڤاڵێکی جەردەکارێ

مەلایەکی دائش کردارو رەفتارێ

موچە خۆری بێ بەرهەمی بن دیوارێ

کۆنە جاشێ

تەڕەماشێ

بێنە ناو دیوانو کۆڕم

`

یا ببن بە هاوسێی گۆڕم

وتم سەرۆك، ئاخۆ ئێستە: هەژاری؟ یا دەوڵەمەنی؟

وەك وەڵامی فەیلەسوفێ: بەخوڕ گریاو تێرپێکەنی

*

لەخەونیترا، ئاڵوگۆڕی بیروڕامانکردوە. دەنگوباسو بەسەرهاتو گۆڕانکارییەکانی نیشتمانم پێڕاگەیاندوە.

ئەویش درێغیی نەکردوە لەئامۆژگارییەکانی سەبارەت چارەسەری کێشەی نەبونی دەوڵەتی کوردی، هەردوکمان یەکڕابوین لەسەرئەوەی نەتەوەکەمان لەدێر زەمانا دەوڵەتی خۆی هەبوە، وەك:

پێش زایین:

دەوڵەتەکانی: ماد، سۆمەرییەکان، سوبارییەکان، گۆتییەکان، لۆلیەکان، ئیلامیەکان، خوریەکان، کاشیەکان، میتانیەکان، ئەنامیریەکان، کاردۆخیەکان، کە گرنگترینیان دەوڵەتی مادبوە ٧٦٨ تا ٥٥٠ ی پێش زاین=٢١٨ساڵ فەرمانڕەوایەتی خاکێکیانکردوە لە ناوچەکانی هەمەدانو موکریانەوە تا زنجیرە چیاکانی قەفقاسو دەریاچەی وانو کەنداوو کەنارەکانی دەریای ناوەراست. پایتەختەکەی شاری ئەکپاتان واتا هەمەدانی ئێستەبوە. دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە دیاکۆ بوە. ئاینیان زەردەشتیبون. ئاریبون.

`

سیستمی فەرمانڕەواییان پاشایەتیبوە ٦١٢ پێش زاین نەینەوایا لەئاشورییەکان سەندۆتەوە، بەڵام پاشایەکی فارس بەناوی کۆرش لە ٥٥٠ پێش زاین کودەتایەکیکرد بەسەر ئەو دەوڵەتەدا دوای نەمانی ئەزدیاد.

دوای زایین:

ساسانیەکان، ئەیوبی، میرنشینییەکان، شێخ مەحمود، مهاباد..هەرێمی کوردستان.

هەردوکیشمان هاوڕابوین لەسەرئەوەی: نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لەخوانە، واتا ئەوەی رۆی، ناگەڕێتەوە. ئاوڕدانەوە لەڕابوردو، مەگەر هەر بۆئەوەباشبێ، پەندی لێوەرگرینو ئایندەی پێباشکەین. ئەگینا تەنیا شانازی بەرابوردوەوە، بێ کردار بۆ ئێستەو ئایندە، هیچی لێسەوزنابێ.

پرسیاری ئەوەی لێئەکردم: لەدوای کۆچی دواییەکەیەوە ١٩٦٣/٦/٣٠ روداوە گرنگەکانی وابەستە بەنەتەوەکەمانەوە، چیوچین؟

منیش بەکورتی لەدەرگای ئەم روداوانەم بۆدا: شەڕی جەلالیو مەلایی، بەیانی یانزەی ئازار، نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، ئەنفالو کیمیاباران، رەوی یەکملیۆنی، بڕیاری ٦٨٨و ناوچەی نەفڕین، راپەڕین، پەرلەمانی کوردستانو پێکهێنانی هکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو هەلانەی رێکەوت بۆڕاگەیاندنی سەربەخۆییو لەدەسدران، گەڕەلاوژێی هیزب هیزبێنە، گەندەڵیەکان، کەسی شیاو بۆ شوێنی نەشیاو و کەسی نەشیاو بۆ شوێنی شیاو کە ئەوانە هەمویان ئاستەنگن لەڕێگەی پێشکەوتنو رزگاریو سەربەخۆییمان...هتد

`

قسەکانی پێبرپیمو وتی: کەواتە ئەرکەکە ئەکەوێتەوە سەرشانی من. سەیرێکی ئەستێرەکانی ئەم شانو ئەو شانیکردو وتی: ئەوە ئەرکی منە کەشتیەکە بگەیەنمە کەناری ئارام. ئەی من موشیر روکن نیم!؟ ئەی من سەرۆکی نەتەوەکەم نیم؟ ئایا نەتەوەکان، لەرێگەی سەرکردەیەکی قارەمانەوە، سەربەخۆیی نیشتمانو نەتەوەکانیان دەستەبەر نەکردوە؟ ئەی من بە ۳۰سەربازەوە ۳۰هەزار سەربازی ئنگلیزم راونەنا؟



بەشیر موشیر بەگەنجی لەسەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەما

ئەی من بەتیروکەوانو بەرمو شیرو قەسەتۆرە، چەندین لەشکرم نەشکان!؟

`



**بەشیر موشیرو سوارەکانی بەبەرگی سەربازییەوە لەجەنگی جیهانیی یەکەما**

`

ئەی من بەڵێنم بە مریەم نەدابو کە ئەبێ ئاهەنگی گواستنەوەمانو ئاهەنگی سەربەخۆیی کوردستان پێکەوە بگێڕین؟

ئەوەی وتو مریەم بەچەپکێ گوڵەوە، لەباخچەی بەشیر موشیر، دەرکەوتو بەدەنگە خۆشو بەسۆزەکەیەوە، بەرەو روی ئەو، (هۆنراوەی قارەمان)ی خوێندەوە:

## هۆنراوەی قارەمان

ئەی قارەمان، لەهەرکوێ هەی، راپەڕینێ، تۆ ڕابەربە.

لە پارتێنە، نائومێدین، سەرلەشکری چارەسەربە

دیکتاتۆری نیشتمانیو پاڵەوانی کوردپەروەربە

دڵ بەردینو، گرژو بەسام، پڵنگێکی ترسێنەربە

دەوروپشتت هەڵسەنگێنە، تەتەڵەیکە، بژارکەربە

بۆ گەلی خۆت، بیرو وتەو کردەوەی چاك، داڕێژەربە

لەناو ماڵو ریزی خۆتا، سەری ناپاك پەڕێنەربە

لە راونانی هێرشهێنان، بەردەوامو هەتا سەربە

درۆی گەورەی: دیموکراسیو برایەتی، نەبیستەربە

ماوە نەدەی گەلت لەتبێ، خێڵو شارچێتی تورڕدەربە

`

ئەنجومەنێکی بیرمەندان، نەك پەرلەمان، داهێنەربە

دورلەسودی خۆتوخزمت، بەتەنیا هەر، گەلپەروەربە

پەروەردەی سۆزی نیشتمان، کوردایەتی، بنیاتنەربە

دەستی دزیو گەندەڵکاریو خۆپەرستی، شکێنەربە

خۆخۆریو خۆبەکەمزانیو دەستەمۆبون، لەناوبەربە

سەردارانی دۆنکیشۆتیو کەللە پوتی، تێهەڵدەربە

دەوڵەمەندی نارەوا گشت، ئاوەڕوتو داماڵدەربە

لەنێو چینو توێژی گەلدا، سەرۆکێکی دادپەروەربە

بۆهەژارو بێدەرەتان پشتو پەناگەو سێبەربە

رەگی گولیی، تورکو فارسو ئەرەبچێتی، هەڵکەندەربە

کلکەناوی: بەگو شێخو ئاغاو مەلا، قرتێنەربە

ماری هۆمەر

نەیکوژی گەر

ئەئاڵێتە گەردنو مل، تۆ یەکەمجار، دەسپێشخەربە

`

لەئاستی تیرۆری ئاین: مزگەوت، کەنیسە داخەربە

بۆ هەرکەس لە ماڵی خۆیا: خواپەرستی، ڕێپێدەربە

ئەگەر ئاین، هەر ئەبێبێ، بەئاوێستا مژدەبەربە

زوڕناژەنی درۆزنی مرۆڤدۆستیی، تەمێکەربە

تەپڵی بۆشی برایەتیی مەڕو گورگ شکێنەربە

بۆگەشەی ئابوریی وڵات، لەگەڵ جیهان ڕکابەربە

بۆسەرمایەی نیشتمانت، پیشەو ڕوەك، برەودەربە

یاساو ڕێسای نەگونجاوی داگیرکەر هەڵوەشێنەربە

دەستورێکی نیشتمانیو یاسای دروست داڕێژەربە

بۆمەبەستی سەربەخۆیی، هەموڕێیەك، پیرۆزکەربە

گرێی دەرونیی خواردەستیو جاشایەتی، لەناوبەربە

لە داهاتو لە خەرجیدا، چراو تیشکێکی ڕونکەربە

سوپایەکی باوەڕدار نەك هی بن دیوار، پێکهێنەربە

لەکارگێڕیو لەسوپادا، نێرومێ وەکیەك گۆشکەربە

`

فەرشی یەکسانی بۆ مافی رەوای کەمینە راخەربە

دۆستی دۆستو دژی دژو هەرچی بەرەی داگیرکەربە

لەگەڵ کۆڕی داناو زانا، بۆگەشەی گەل، راوێژکەربە

دوربینابە بۆئاینده، چاوەڕوانی گشت ئەگەربە

مافی گەلان

لەکام کۆڵان

توڕدراوە؟ ئەی گێلەپیاو، لەڕای خوادا بەس نۆکەربە

مشتێ بدە  لەناو دەمی، بڵێ بڕۆ، تۆ هەر کەربە

مێژو هەموی شەڕوشۆڕە، تۆش وەکو مەرد جەنگاوەربە

جەنگ: زانستە، بیروهێزە، ورەی بەرزە، هونەروەربە

بەرامبەر بە زلهێزەکان، بە پای پیلان، فریودەربە

ڕێوی ئاسا، لەگەڵیانا، تێکەڵ بە فێڵ، بلۆفکەربە

بۆ سەرکەوتن

بەسەردوژمن

**شپرزەیکە، لەناخافڵ، یەکەمین دەسوەشێنەربە**

**بۆرزگاربونی شارێکت، دوشاری ئەو دەورەدەربە**

**وڵاتەکەت تا ئارامبێ، لەتەختی دژ، گلێنەربە**

**لەناوەندو کەناریدا، تۆ دەسبەکارو سەروەربە**

**کورد، بزورگە، جارێکیتر ئەستێرەی ماد پیشاندەربە**

**بۆ سەرکەوتن، بەبەرنامە، بەرێکخستن، گرەوکەربە**

**تەفرە نەخۆی بە دانوستان، ژیرو داناو سەواکەربە**

**هەمو کاتێ لە یادتبێ: تۆ سەرەتا هێرشبەربە**

**لەگەڵ داگیرکەری خاکت، تۆش وەکوئەو داگیرکەربە**

**سازش نەکەی لەگەڵ دوژمن، گورزی گران وەشێنەربە**

**بەزەبری چەك، نەك بەداوا، وەك نەبەردێ مافسێنەربە**

**توندوتۆڵیی هێزەکانت، مەرجی زاڵبونە رێکخەربە**

**بڕوانە دور**

**ئەودیو سنور**

`

**ئەویٚ بۆ گۆڕەپانی شەڕ. لەویٚ قەڵغانو سوپەربە**

**ڕێگەنەدەی شەڕبێتە ناو دەروازەكەت، هەڵمەتبەربە**

**لەناو شاری دژانتدا، دەسبەكارو كاولكەربە**

**سەركردەیان شەبەیخونكە، تادوا سنوری رادەربە**

**بەگریانو بەپێكەنین، تەفرە نەخۆی، روخێنەربە**

**لەئاستی شینو واوەیلای بەزیوەكان، دو گوێی كەڕبە**

**كێ لەگەڵ تۆ سۆزی هەیە!؟ سۆزو بەزەیی لابەربە**

**پشت نەكەیتە چەكی دوژمن، رو لەگوللەو لەخەنجەربە**

**ڕێگە نەدەی لێت بێتەپێش، بۆڕێگری، لەسەنگەربە**

**نەك لەیەك لا، ئاگاداری هەمو بەرەی جەنگو شەڕبە**

**بۆ شڵەژان**

**بە پاپیلان**

**لە یەك كاتا، بەچوارلادا، یەكەمین دەسوەشێنەربە**

**ئاشتی، لەلولەی چەكدایە، چەكی گران پەیاكەربە**

`

**شەڕکۆڵەکەی ئاسایشە، شەڕبۆئاشتی، ئەنجامدەربە**

**کاتی پشو، یا دانوستان، بۆمەشقی جەنگ، راهێنەربە**

**بەهەردو چاو نەکەی بنوی، بەچاوێ چاودێریکەربە**

**ئەی قارەمان: کاوە ئاسا، چەکوش لەسەر تەوقیسەربە**

**لەگەڵ داگیرکەری خاکت، هەتا ئەتوانی قڕکەربە**

**بۆچاری کۆمەڵکوژیمان، هەمان کوشتار پەیڕەوکەربە**

**جەنگ، گەرم، سارد، تادوا ئامانج، تۆهەر درێژەپێدەربە**

**بۆپاراستن لەکیمیایی، بۆمبی ئەتۆم دروستکەربە**

**دەوڵەتداری ئەبێ وابێ، ئەی قارەمان: خۆدەرخەربە**

**سەبارەت هەڵکەوتنی قارەمان، مێژوی گەلان پڕە لەنمونەکانی وەك: جۆرج واشنتۆن، لنین، ئەتاتورکو زۆریتر کەهەریەکەیان، وەك دیکتاتۆرێکی نیشتمانی، بەقارەمانێتیی خۆی، سەرکەوتنی بەدەسهێناوە بۆراژەی نەتەوەکەی خۆی. بۆیە ئەشێ قارەمانێکی دیکتاتۆری نیشتمانیش بۆکورد، چارەسەربێ بۆکۆتاییهێنان بەمافیاکانی کوردستانو بۆنەهێشتنی گەندەڵیو کەرتوپەرتبونی کوردو گەیشتن بە ئامانجەکانی.**

**ئەشێ ئەم ئامۆژگاریانە، ببنە بەردی بناغەی سەربەخۆییمان. وەك سەرنجێکیش: گریمان ئەم بیروراینە، لەمرۆدا پەیڕەوکاریان نەبێ، بەڵام ئەگونجێ ببنە چراوگی**

`

دوارۆژمان. دنیاش هەروابوە. بۆنمونە: کۆنفۆشیۆس دوای چوار سەدە، ماکیافیلی دوای سێ سەدەو نیو، کارڵ مارکس دوای نیو سەدە، لەسەر ئاستی جیهاندا، گوێ لەبیرو راکانیان گیراو بەکردەیی خرانە بواری جێبەجێکردنەوە. خۆئەوانیش لەسفرەوە دەستیانپێکرد!.

*

وەك لەوەوپێش خەڵکی شار ئاگادارکرابن بۆگردبونەوەیەك، باخچەی بەشیر موشیر جمەیئەهات لەخەڵکی. چەن بەیتێکی هۆنراوەکە، بەچەپڵەڕێزان پێشوازیکرا.

بەشیر موشیر، لەگەڵ هەمو دێڕێکی هۆنراوەکەدا، گەزگەز باڵایئەکردو بەڵێنیدا ئیتر دەسبەکاربێ.

سەرەتا پرسی: بۆچی رۆژگارێکی زۆرە بێدەوڵەتین؟

بۆچی ئێمەش وەك نەتەوەکانیتر دەوڵەتماننیە!؟ بۆ وەڵامێکی تێروتەسەل، دیماغی خۆی خستەکارو گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

## هۆکانی نەبونی دەوڵەتی کوردی

## یەکەم-شکستی دەرونی:

لەدێر زەمانەوە، کورد کۆمەڵکوژئەکرێ. لەدوای هەرەسی دەوڵەتی مادەوە، فارسەکان کەوتنە کۆمەڵکوژیی کورد. دوایئەوە، فتوهاتی ئیسلامی، هێرشی مەغۆلەکان،

`

ئوسمانی، سەفەوی، دەوڵەتانی تورکو ئیراکو سوریەو ئێران، هەریەك بەجۆرێ کوردیان کۆمەڵکوژکردوە..

ئەم کۆمەڵکوژیانە، کوردیان بەچەترسێنکردوە، وەك ئەو منالەی کە باوکی بەلێدانی زۆر بەچەترسێنی ئەکاتو منالەکە لەکۆڵان یا قوتابخانە، منالانیتر بەئاسانی ئەیبەزێنن. واتا منالەکە هەر لەماڵەکەی خۆیەوە کەسێتییەکەی شکست ئەهێنیو لەناخیا باوەڕی بەخۆی نامێنێ کەئەتوانێ ئەویش زاڵبێ بەسەر منالێکیترا ! لەبەرئەوە هەمیشە وایپێخۆشئەبێ ببێتە خواردەستو پاشکۆی منالێتر. کوردیش هەر وایبەسەرهاتوە، یا وایبەسەرهێنراوە. لەنەست(لاشعور)یا باوەڕی بەوەنەماوە کەئەتوانێ زاڵبێ بەسەر ئەوانەدا کە کۆمڵکوژیانکردوە، باوەڕی بەوەشنەماوە کەئەتوانێ خۆی فەرمانڕەوایی خۆیبکا بەهۆی ئەو شکستانەی کە هێناویێتی!. هەمیشە ملکەچە بۆئەوەی نەتەوەیەکیتر فەرمانڕەوایبێو ئەمیش نۆکەرێتیی بۆبکا! بەدەربڕینێکیتر، کورد توشی شکستی دەرونیو گرێی خواردەستیبوە. واتا لەنائاگاییدا وائەزانێ کە فەرمارەواکەی هەر ئەبێ بێگانەیەکبێ!. لەمەوە دیاردەی ناپاکیو جاشێتیش دروستبوە. ئدریسی بەتلیسی بەم دەرونە سەقەتەوە، میرنشینییە کوردییەکانیکرد بەپاشکۆی دەوڵەتی ئوسمانی. شازدەی ئکتۆبەر هەر بەوجۆرە! پێنوسە جلخوارەکانیش کە هەمیشە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، خۆراکی کۆسمۆپۆلێتی ئەکەن بەگەروی تاکی کورداو ساڵانێکیش کە مارکسییەکان لەهەوڵی خەباتی نانەتەوەییابون، لەهەموی خراپتر.

`

لەهەمو گشتێکا دەگمەنیش هەیە. لەناو کوردیشدا کەسی وا هەڵکەوتوە کە باوەڕی بەخۆیبێ. شۆڕشی بەرپاکردوە، یا قەوارەیەکی سیاسیی بچوکی بۆکورد پێکهێناوە، بەڵام چونکە هاوکارەکانیو نەتەوەکەی لەناخیانا شکستخواردوبون، باوەڕیان بەوەنەبوە کە ئەو سەرکردەیە سەرکەوتوئەبێ، یا ئەو قەوارەیە تاسەرئەبێ، بۆیە نەك هەر بەرگەی هێرشێکی داگیرکەریان نەگرتوە، بەڵکو هاوکاریشبون لەگەڵ ئەو داگیرکەرەدا، واتا بەنرخێکی هەرزان، یا بەبێ هیچ نرخێ، بون بەجاشی داگیرکەر، یا بەلایەنی کەمەوە، تەنیا دەوری سەیرکەریان بینیوە!. دو نمونەی نزیکی ئەم راستییە: هکومەتەکەی شێخ مەهمود لەسلێمانیو هکومەتەکەی قازی مهەمەد لەمهاباد کە لەسلێمانیو مهاباد تێپەڕیاننەکردو ناوچەکانیتری کوردستان کە تەنیا دەوری سەیرکەریان ئەبینی ئەگەر دەوری جاشێتیشیان نەبینێبێ

لەگۆشەیەکیترەوە، داگیرکەرانی کوردستانیش، بەو شکستە دەرونییەی کوردیان زانیوە، بۆیە بەبێ ترس، کۆمەڵکوژیی کوردیانکردوە، چونکە زانیویانە ئەگەر کورد لەشەڕێکدا سەریشکەوێ، کۆمەڵکوژیی ئەوان ناکا! لەبەرئەوەی خاوەن کەسێتییەکی شکستخواردوە، نەك لەبەرئەوەی کورد مرۆڤدۆستە وەك هەنێ رۆشنبیری جلخوارو ترسنۆك ئەیڵێنو فەلسەفەی مرۆڤایەتیمان پێئەفرۆشن!! جائەگەر لەو هەلانەدا کە بۆکورد رێکەوتون، کۆماڵکوژیی دوژمنمان بکردایەتەوە، ئەوا ئەوان، یا جارێکیتر پەلاماریان نەئەدایەنەوە، یا لەترسی تۆڵە، زاتی ئەوەیان نەئەکرد کۆمەڵکوژمان بکەنەوە. ئەم بارە دەرونیە شکستخواردوە وایکردوە کە تۆڵە لەجاشو گەندەڵو ناپاکانی ناوخۆش نەکرێتەوە. لەمبارەیەوە هەنێ نمونە: سەلاهەدینی ئەیوبیو ئەبو موسلیمی خۆراسانی، بەو لەشکرە زۆرەی هەیانبو، ئەیانتوانی تۆڵەی کۆمەڵکوژیی

`

(فتوهاتەکانی ئەرەب) بکەنەوە، یاهیچنەبێ قەوارەیەك بۆنەتەوەکەی خۆیشیان دروستبکەن، نەیانکرد!. دوای راپەڕینی ١٩٩١، هەمو ئەو هێزە چەکدارانەی کوردیان ئەنفالکرد، کەوتنە دەست کورد، کەچی لەجیاتی تۆڵەسەنەوە، دالدەدرانو بەرێزەوە گەیەنرانەوە زێدی خۆیان!. جاشو گەندەڵو ناپاکانی ناوخۆش، نەك هەر سزانەدران، بەڵکو پاداش درانەوە!. فرۆکەوانە تورکومانەکەی کە هەڵەبجەی کیمیابارانکردو کەوتەدەس کورد، بەرەڵاکرا!. دوای 2003 ئەرەبو تورکومان، کەرکوکو دوزو ناوچە کوردییە داگیرکراوەکانیتری کوردستانیان بەجێهێشت، کەچی دو هیزبە کوردییە دەسەلاتدارەکە، چون بەرێزەوە هەموویانیان هێنایەوەو دەوڵەتی ئیراکیشیان نۆژەنکردەوە، ئەوانیش لە 16ئوکتۆبەری 2017دا بەدەبابە بەسەر لاشەی گەنجی کوردا رۆیشتن!. دواییش خەڵکی ئەو ناوچانەیان ناچارکرد زێدی خۆیان جێبێڵن، چونکە ترسی پەرچەکرداری کوردیان نەبو. دەسەلاتی کوردیش، لەجیاتی خۆڕێکخستن بۆتۆڵە، سەرقاڵی ئەوەیە هەرێم زیاتر بخاتەوە ژێر باڵی بەغا بەناوی دەستورو دانوستانەوە!. دانوستانەکەش بۆبوجەو موچە، نەك بۆسەنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان، یا تۆڵەی کۆمەڵکوژییەکان!! ئەوە لەکاتێکا کورد لە16ی ئوکتۆبەرا بەشەڕ نەیدۆڕانوە!. پێشمەرگە شکۆی نەشکاوە. ئەوەش سەلماوە کە دەستورو مادەی ئێکسپایەری سەدو چل، هیچی لێسەوزنابێ. پێشمەرگەش بەژمارە زۆر، پڕچەکی قورس، پاڵپشتی نێودەوڵەتیو ورەی بەرزی هەیە. بەلام رابەرایەتییە دەرونشکستەکەی متمانەی بەخۆی نیە!. ئەگینا ئەوە چ بیرکردنەوەیەکە ئەو رابەرایەتییەی بەو هەمو هێزو چەکی قورسو ورەی بەرزی پێشمەرگەوە، نەیتوانیبێ ئەو شوێنانە بپارێزێ، بەدانوستان ئەتوانێ بیانسەنێتەوە!؟

ئەم گرێی خواردەستییە، لەڕابوردووەوە، ڕەگی بەناخی کوردا ڕۆچوە. کەریم خانی زەند، دوای مردنی نادرشا ( 1750 تا1779 ) ٢٩ساڵ فەرمانڕەوایی هەمو ئێرانی کەوتە دەستو ئێران ناونرا دەوڵەتی زەند، زەندییەکانیش کوردن. بەسرەش کەوتە ژێردەستی ئەو دەوڵەتە، کەچی کەریم خان لەجیاتی ئەوەی نازناوی پاشا لەخۆی بنێ، نازناوی (وەکیل)ی لکان بەخۆیەوە، مەبەستی ئەوەبو کە بەوەکالەت فەرمانڕەوابێ تا کوڕەکەی نادرشا گەورە ئەبێ، ئەوسا جڵەوی فەرمانڕەوایی ئەگێڕێتەوە بۆنەوەی نادرشای فارس! هەر واشیکرد!! جگەلەوە چەندین هەلیتر بۆکورد ڕێکەوتوە کە دەسەڵاتی هەمو ئیراك یا سوریا بگرێتەدەست، کەچی ئەو هەلانەی لەدەستداوە، چونکە باوەڕی بەخۆی نەبوە، لەبەرئەوەی کەمینەیە! کەچی کەمینەی سونە لەئیراك 1921تا 2003و کەمینەی عەلەوی لەسوریا لە ١٩٧٠وە، کەمینەی فارس لەئێران لەدێرزەمانەوەو تا ئێستا فەرمانڕەوان!. کوردیش ئەیتوانی، یائەتوانێ دەسەڵاتی پایتەختێك بگرێتە دەست، بەناو، هەربەناوی ئەوانەوە. بەڵام بەناوەرۆك، بۆراژەی خۆی > (گەڕانەوەمان بۆئەم چەمکەئەبێ).

## دوەم-شاخەکان:

تا ئێستا لەناو کوردا، وا زانراوە کە شاخەکانی کوردستان، تاکە پشتو پەنای کوردبونو هۆکاری مانەویبون. ئەشی ئەم سەرنجە تا ڕادەیە لایەنی ڕاستیی تیابێ، بەڵام ئەگەر زیاترو وردتر، سەرنج لەم لایەنەبدەین، بۆماندەرئەکەوێ کە شاخەکانیشمان لەڕابوردوا هەر زیانبون بۆکورد!. بابزانین چۆن؟

`

دوای هەرەسی دەوڵەتی مادو کۆمەڵکوژیی کورد لەلایەن فارسەکانەوە، کوردەکان لەشارەکانیانەوە هەڵاتنو بەناوچە شاخاوییەکانا بڵاوبونەوە، هەر بنەماڵەیەکو بۆشاخێکی سەخت دورلەوانیتر!. بەپێی هەنێ سەرچاوەش، ئەو بنەماڵانە نزیکەی بیست ساڵ بەشاخەوە ماونەتەوەو ژیانی کولەمەرگییان بەگژوگیاو بەرهەمی دارودرەختبوە، بەتایبەتی بەڕو!. ئێستە با شیکارییەك بۆئەم ئەنجامە بکەین:

ا: وەنەبێ لەمێژودا هەر کورد توشی لێقەومانی هەرەسی دەوڵەتو کۆمەڵکوژیبوبێ، چەندین نەتەوەیتر دەوڵەتیان روخێنراوەو کوشتاری زۆریانلێکراوەو دوایی لەهەلێکی گونجاوا توانیویانە دەوڵەتی خۆیان دروستبکەنەوە.

ب: کورد بۆیە لەو سەردەمەدا توانای ئەوەی نەبوە، چونکە، لەلایەك لەشارەکانیان دورکەوتونەتەوە، لەلایەکیتریشەوە لەشاخەکانا، بەو پەرشوبڵاوییە، نە دەنگیان بەیەکدی گەیشتوە، نە توانیویانە یەکبگرنەوە بۆدروستکردنەوەی دەوڵەتی خۆیان.

پ: ئەگەر ئەو شاخانە نەبونایە، کورد توشی ئەو پەرشوبڵاوییە نەئەبو. ئەوانەی بەر زەبری کۆمەڵکوژییەکە نەئەکەوتن، خۆیانو نەوەکانیان، هەر لەشارەکانیانا ئەمانەوەو هەلی هەستانەوەی دەوڵەتەکەیان لەدەسنەئەچو.

کەواتە، شاخەکان، گەرچی ژیانی ژمارەیەك کوردیان پاراستوە، بەڵام تا ئەمڕۆش هۆیەکبون بۆدروستنەبونی دەوڵەتی کوردی. ئەم راستییە لەسەردەمی مێژوی نزیکیشمانا هەروابوە. جەنگاوەرانی کورد، داویانەتە شاخو شاریان بەجێهێشتوە بۆداگیرکەر. شۆڕشی ئەیلول بۆنمونە. دەسەڵاتی داگیرکەریش، ئەو شاخانەی

`

لاگرنگنەبوەو بەردەوامبوە لەكۆیلەكردنی شارەكانمان بەكەمترین زیان. هەموشمان ئەزانین كە ئەمریكاو ڤیەتنامو جولەكە لەفەلەستین بۆنمونە، بەڕاپەڕینی شارەكانیان، داگیركەرانیان راوناو سەربەخۆییان بەدەسهێنا. چونكە داگیركەر، هەر تا رادەیەك بەرگەی كوشتنی فەرمانبەرانو سەربازەكانیانئەگرێ، دوایئەوە نەتەوەكانی خۆیان لێیان قبولْناكەن هەر رۆژەو ژمارەیەك لاشەی رۆڵەكانیان بۆبگەڕێتەوە. ناچار شارە داگیركراوەكان جێدێڵنو هەلی دەوڵەت بۆ گەلی داگیركراو ئەڕەخسێ.

## سێیەم-ئاین:

ئاینو ئاینزا (مەزهەب) دەورێكی كاریگەر ئەگێڕن بۆسەربەخۆیی گەلان. دوایئەوەی نەتەوەی فارس دەسیگرت بەسەر ئاینی زەردەشتیا، كورد ئەو پەرۆشییەی بۆ ئەو ئاینە نەما. كاتێكیش شالاَوی ئەرەب بەئاینی ئیسلامییەوە رویكردە كوردستان، كورد بەناچاریو بۆئەوەش كە لەفارس رزگاریبێ، بەبێ بەرەنگاربونەوەیەكی زۆر، ئاینی ئیسلامییان وەرگرت. بەلاَم چونكە ئاینەكە تایبەتبو بەئەرەب (انا أنزلناكم قرئانا عربيا لعلكم تعقلون) نەتوانرا بەهۆی ئەو ئاینەوە دەوڵەتی كوردی دروستبكرێ. فارس، زو فریای خۆیكەوتو بەئاینزای (شیعە) قەوارەی خۆی پاراست. توركیش بەخەلافەت. هەنێ نەتەوەیتریش بەهۆی دوریان لەئەرەبەوە، قەوارەی تایبەتیی خۆیان هەیە. كەواتە نەبونی ئاین یا ئاینزایەكی تایبەت بەكورد، هۆیەكیترە بۆنەبونی دەوڵەتی كوردی.

## چوارەم-دەوڵەتی ئەیوبی:

`

ئەم دەوڵەتە کە ٨١ ساڵی خایان (٥٦٧ تا٦٤٨)ی هیجری، لە دو روەوە زیانی گەورەی بەنەتەوەی کورد گەیانوەو بۆتە هۆی دروستنەبونی دەوڵەتی کوردی:

١: سەلاهەدینی ئەیوبی، سەدان هەزار گەنجی کوردی لەکوردستانەوە کێشکرد بۆ وڵاتە ئەرەبییەکان. نە خۆیانو نە وەچەیان، نەگەڕانەوە بۆکوردستانو لەناو ئەو وڵاتانەدا توانەوە. ئەوەش گورزێکی کوشندەبو لەوزەی مرۆڤیی کورد بەجۆرێ کە لەئەنفالەکان زیاتر کوردی کردە قوربانی لەپێناوی دەوڵەتی ئەیوبیا، ئەو دەوڵەتەی گەورەترین خزمەتی ئەرەبیکرد بەوەی میسرو سۆدانو شامو هیجازو یەمەنو مەغریبی کۆکردەوە لەیەك دەوڵەتی ئەرەبیا، بەڵام بیری سەلاهەدین بەلای دامەزراننی دەوڵەتێکی کوردیا نەچو!.

٢: سەلاهەدینی کورد، لە ٢/ئوکتۆبەر/١١٨٧ز بەیت مەقدەسی لەخاچپەرستەکان سەنەوە دوای کوشتوبڕیان. ئەم روداوە وەك گرێیەك لەدڵی خاچپەرستەکانا مایەوە تا لەساڵی ١٩١٨دا هەلێکی زێڕین بۆ سایکس بیکۆی وەچەی خاچپەرستەکان هەڵکەوتو تۆڵەی کردەوەکەی سەلاهەدینیان بەوە لەکورد کردەوە کە کوردستانیان بەجۆرێ پارچەپارچەکرد، کوردیان کرد بەکەمینە لەژێردەستی دەوڵەتانی تورکیاو ئیرانو ئیراکو سوریادا بۆئەوەی هەر بەژێردەستەیی بمێننەوەو رزگاریاننەبێ، چونکە نە بەهەڵبژاردنو نە بەشەڕ، هاوتانینو دەرەقەتی ئەو دەوڵەتانە نادەن!. بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەش لەماوەی سەد ساڵی رابوردوا، ناوچە کوردییەکانیان هەر بەوێرانیو هەژاری هێشتۆتەوەو سامانیان تاڵانکردون بۆئەوەی سەرمایەگوزاری

`

لەکوردستانا دروستنەبێو هەرچاویان لەموچەی کولەمەرگیی ئەوانەوەبێو بیرلەدەوڵەتی کوردی نەکەنەوە!.

سەبارەت سەلاحەدین، بەڕێز لوقمان ئابلاخی لەوتارێکیا بەبەرواری٢٠٢١/٣/٢٤ ئەڵێ:

بۆ دیفاعکردن لە سەلاحەدینی ئەیوبی، ئەوترێت ئەو کاتەی ئەوی تێدا ژیاوە، هەستی نەتەوەیی ئامادەگیو بونی نەبوەو هەر ئیسلامیەت زاڵبوە..

بەڵام ئەو بۆچونە نەك هیچ ڕاستیەکی تێدانیە بەڵکو چەواشەکاریشە..

هەستی نەتەوەیی لەناو عەرەبدا بونو ئامادەگی هەبوەو زۆر سەرکەتوانە ئایینی ئیسلامیش بۆخزمەتی ناسیونالیستی عەرەبی بەکارهێنراوەو تەرخانکراوە..

ئەگەر وانیە، بۆچی لە کاتی داگیرکردنی وڵاتانی تردا یەکەم شت کە ئیسلامیەکان کردیان، سڕینەوەی مێژوەکەیانو ڕابردوەکەیانو ناسنامەکەیانبوەو هەرچی پەیوەندی بەناسنامەی نەتەوەییو مێژوی نوسراو و فەرهەنگی کلتوری ئەو نەتەوانەوە هەبوە، سوتاندویانەو لەناویانبردوە؟

ئەم جۆرە ڕێوشوێنانەیان سیاسەتە تاکو ئێستاش لەلایەن گروپە ئیسلامیە تیرۆریستەکانەوە پیادەکراوەو پیادەدەکرێت. بۆنمونە داعش لەو ماوە کەمەی حوکمڕانیەکەیدا، هەمو کڵێساکان، موزەخانەکانو شوێنەوارە کۆنەکانیان لەو شارو شارۆچکانەی کە داگیریان کردبو، وێرانکردو لەگەڵ زەویدا تەختیان کردن..

`

تەقاندەوەی پەیکەری بودیەکانیان لەچیای تۆرابۆرا لە ئەفگانستان، کە سەدانساڵبو دروستکرابون، لەلایەن قاعیدەوە، نمونەیەکیترو بەڵگەیەکیتری حاشا هەڵنەگرە دەربارەی پیادەکردنی ئەو ڕێوشوێنانە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە..

کە باس لە سەلاحەدینیش دەکرێت، نکوڵی لەوەناکرێت کە کورد بوەو سەرکردەیەکی لێهاتوبوەو تەنانەت دوژمنەکانیشی، باسی قارەمانی، ئازایەتی، دادپەروەریو باسی هەڵوێستە مەردانەکانی ئەم سەرکردەیەیان کردوە وەك سەرکردەیەکی ئیسلامی، نەك سەرکردەیەکی کورد..

دیسانەوە ئەوە بەهەڵە تێگەیشتنێکی زۆر گەورەیە کە بوترێت لەو کاتەدا هەستی ئینتیما بۆ نەتەوە یان بۆ هاوزمان بونی نەبوە..

یەکێك لە بناغەکانو هۆکارەکانی دروستبونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورکبون بوە..

ئەوە ڕاستیەکی مێژوییە کە ئۆرتوغرۆل تورکێکی مەغۆلیە کە شەڕەنگێزی، بەربەرێتی، دڕندەییو خوێنڕێژیەکەی لەخزمەتی سەلجوقیەکاندابوەو خۆیو بنەماڵەکەی خستبوە خزمەت سەلجوقیەکانەوە کە ئەویش لە پاداشتی خزمەتەکانی لەشەڕی سەلجوقیەکاندا دژی بیزەنتیەکان، زەویو موڵکیشی پێدراوە شارۆچکەی سکود، کە بە سوغوت ئەخوێندرێتەوە لەلایەن تورکەکانەوە، کە شارێکی سنوریە بەرامبەر بە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی، دراوە بە ئورتغرول..

`

د. سلطان الأسقه كه توێژەرو مێژوناسێكی عەرەبە ئەڵێت كه ئورتوغرول موسڵمان نەبوەو (وثنی) بوه..

نەك هەر ئەمەندە، بەڵكو (د. سلطان الأسقه) پێداگری لەسەرئەوه دەكات كه عوسمانی كوڕی ئورتوغرۆلیش، یەكەم سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، موسلمان نەبوه، ناویشی عوسمان نەبوه، بەڵكو ناوی (ئۆزمان) بوه كه له كاتی خۆیدا ناوێكی بڵاوبوه له ناو مەغۆلیەكاندا..

ئۆزمان هاوسەرگیری لەگەڵ كچەكەی شێخی سۆفی كردوه. ئیدی كه دەوڵەتی عوسمانی دامەزراند، بوه به ئیسلامو ناویشی له (ئۆزمان)ەوه گۆڕی بۆ عوسمان..

توركەكان تاكو ئەم ساتەوەختەیش نكوڵی لەوه ناكەن كه مەغۆلینو (طۆران)یش به كەعبەی خۆیان دەزانن.

لەمەش زیاتر، ئەوان ئەڵێن ئێمه له پێشدا مەغۆلین، ئنجا موسڵمان..

هەرچەندە ئێستا بەهۆی هاوپەیمانێتی ئەردۆگان لەگەڵ ئیخوان موسلمینەكاندا، ئەوه به ئاشكرا باسناكەن، بەڵام توركه نەتەوەپەرستەكان به ئاشكرا ئەمه ڕاوبۆچونیانه..

ئەمان وەكو كورد ساویلكەو فریودراو نەبون، كاتێك كه له ئاسیای ناوەڕاستەوه هاتنه ئەو هەرێمە، بلیمەتانه ئیسلامیان بۆبەرژەوەندی خۆیان بەكارهێناو زیرەكانه ئیمپراتۆریەتێكی ٦٠٠ شەش سەد ساڵەیان به بەكارهێنانی ئیسلام دروستكردو سوتەمەنی شەڕی ئەو ئیمپراتۆریەته لەماوەی ئەو شەش سەدەیەدا هەمو ئەوانەبون

`

که تورك نەبون، واتە کوردو عەرەبو نەتەوە بندەستەکانی تربون کە باوەڕیان وابو کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی درێژکراوەی حوکمی خەلیفەکانی ڕاشدینەو خزمەت بە ئیسلام دەکات..

هەر لەو ڕوانگەیەشەوەو بەپیادەکردنی هەمان سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەردۆگان ئەو هەمو گروپە تیرۆریستەی دروستکردوە لە موسڵمانە ناتورکەکان، واتە عەرەبو کوردو هەمو ئەو ئیسلامیانەی ئەردۆگان بە ناوی (جیهاد) لە وڵاتانی دەوروبەرەوە هێنابونی بۆداگیرکردنی ئەفرینو شارو شارۆچکەیتر لە سوریاو دواییش شەڕی لیبیاو ئازەربایجانیشی پێکردن..

لوتبەرزی، خۆبەزلزانیو ڕەگەزپەرستی تورکەکانیش لەمەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەوان پێیان وایە کە ڕۆژگارێك بوە ئەم نەتەوانە خزمەتکاری سوڵتانەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیبونو لەڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا ئەردۆگان هەمان ئەو نەتەوانە بۆخزمەتی تورکیاو بۆئەجێندەکانی سوڵتان ئەردۆگان، کە خەونی دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نوێیە، بەکارهێناوەو بەکاردەهێنێت..

لە ئەنجامدا، تورك بە بەکارهێنانی ئیسلام  باڵادەست بونو کوردیش تاکو ئەم ساتە بندەستی عەرەبو تورکو فارسن..

سەلاحەدینی ئەیوبی گەورەترین شکستی مێژویی بەسەر یەکەم مەلیکی بەریتانیا، مەلیك ڕیچارد کە بە "ڕیچارد شێردڵ" ناوبانگی پەیداکردبو، هێنا کە سەرکردەیەکی زۆر ئازاو قارەمانبوە..

`

ئیدی كه یەكەم شكستیشی بەدەستی سەلاحەدین بەسەرهات، ئەمە بو بەشەرمەزاریەكی مێژویی گەورە بۆ بەریتانیا كە تا ئێستاش بیریان نەچۆتەوە

.

ئەمەش یەكێكە لەو هۆكارانەی كە وڵاتێكی وەكو بەریتانیا تا ئێستاش هەر لە چاوی سەلاحەدینەوە سەیری كورد ئەكاتو هەر خەریكی تۆڵەسەندنەوەیە لە كوردو هەمو سیاسەتەكانیشی دژی كوردبون..

بەریتانیەكان ئەو قەناعەتەیان لای هەمو وڵاتانی ڕۆژئاواش دروستكردوە كە بەچاوی گومانەوە لە دەسەڵاتداربونو بەهێزبونی كورد بڕوانن..

ئەوەی بە وردی گوێ لەوتارەكانی سەركردە جیاوازەكانی ڕۆژئاوا بگرێت ئەوەی بۆ دەردەكەوێت كە كاتێك باسی كورد دەكەن ئاماژە بەوە دەكەن كە كورد جەنگاوەری ئازاو دلێرن لەشەڕدا. ئەمە دیوەكەی دەرەوەی ئەو پیاهەڵدانەیە بە (كورد)دا، بەڵام دیوە شاراوەكەی ئەم پیاهەڵدانە گومانەو ترسێكی مێژوییە لەبەهێزبونی كورد..

ئێستاشی لەسەربێت، توركو عەرەبو فارس بەوە سەركردەكانی ڕۆژئاوا دەترسێنن كە گوایا ئەگەر كورد بەهێزبێتو دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا سەلاحەدینێكی تریان تێدا دروست دەبێتو شارستانی ڕۆژئاوا ئەڕوخێنێت. لەبەرئەوە بە هێشتنەوەی كورد بەبندەستی خزمەتێكی زۆر گەورە بە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەگەیەنن..

سەركردە عەرەب، توركو فارسەكان چەندینجار لە كۆبونەوەكانیاندا ئەمەیان بیر ڕۆژئاواییەكان خستۆتەوە..

`

نەخێر، سەلاحەدینی ئەیوبی هیچ شتێکی نەکردوە بۆکوردو هەرچیەکیشی کردوە، لە خزمەتی ئیسلامی عەرەبیو لەخزمەتی تۆرانیەتی تورکیادابوە نەك لەخزمەتی کورد..

پیرەمێردی شاعیرو فەیلەسوف ئەفەرموێت::

چرا ڕوناکی بۆ ژێر خۆی نیە، ڕەحمەت لە با بیبا

ئەوەی ڕوناکی کەچ بیــنـانـە، گۆڕە ڕەنجی با بیبا

---------------------لێرەدا قسەکانی بەڕێز لوقمان ئابلاخی تەواوبو.

## پێنجەم-لاوازیی هوشیاریی نەتەوەیی:

کورد بەپێچەوانەی نەتەوەکانیترەوە، هوشیاریی نەتەوەییەکەی زۆر لاوازە! ئەوەش بۆتە هۆیئەوەی بەساویلکەیەتی بمێنێتەوە، هەست بەناتەواویبکا، زو هەڵخەڵەتێ، دۆستو دوژمنی خۆی لێکجیانەکاتەوە، پەنا بۆداگیرکەرەکانیببا، چاوچنۆکبێ، یەکگرتونەبێ، هەلی سەربەخۆیی لەدەسبداو...هتد. ئەگەر نەبونی هوشیاریی نەتەوەیی نەبێ، بۆچی سەلاهەدین بیری بەلای دەوڵەتی کوردیدا ناچێ؟ بۆچی کورد، ئیراکی لەبەریەکهەڵوەشاو دروستئەکاتەوە! سوپاکەی دائەمەزرێنێتەوە! ئەو هەمو گەندەڵیییەی تیا بڵاوئەبێتەوە! شەڕی ناوخۆئەکا!؟

`

## شەشەم-فرە میرنشینی لەرابوردودا:

بێئەوی بیر لەیەکگرتن بکەنەوە. بەڵکو زیاتر بەگژیەکدا چونەتەوە. تەنانەت مهەمەد ئەلی پاشای میسر، داوایلێکردبون سیانیان یەکبگرێ، ئەو دەوڵەتی کوردیان بۆدروستئەکا. بەلاَم نەیانکرد!. بەڵکو کەوتنە گیانی یەکتر!.

## هەوتەم-فرە پارتی:

لەهەمو ولاَتانی جیهانا، سیستمی پارتایەتی، کەم یا زۆر، مەبەستێکی بازرگانیی لەپشتە، لەگەڵ هەنێ جیاوازی.

لەولاَتانی پێشکەوتوا، رۆژئاوا بەتایبەتی، پارتایەتی هەیە. ئامانجی هەمو پارتێکیش دەسگرتنە بەسەر دەسەلاَتا، تا بەرنامەکەی جێبەجێبکا بۆراژەی کەلو پێشخستنی ولاَتو سودمەنبونی خۆیشی، ئەویش لەرێگەی سنوقەکانی دەنگدانەوە. بۆئەو مەبەستەش، ژمارەی ئەندامەکانیان هۆکاری یەکلاکەرەوەنیە بۆسەرکەوتن. هۆکاری کاریگەر، بەرنامەکانیانو راستگۆییو هەڵسوکەوتو بەرهەمی رابوردویانە. بەگشتی ئەوانەی بەشداریی دەنگدانئەکەن، زۆرینەیان خەڵکی سەربەخۆن. ئەوانیش بەزەرەبین سەیری رابوردوی پارتەکانو بەرنامەکانیانئەکەن، ئنجا دەنگیان ئەدەنێ. لەبەرئەوە، ئەبینین هەر چەن ساڵێ جارێك دەسەلاَت دەساودەسئەکا لەنێوان پارتەکاناو ولاَتیش هەمیشە لەگەشەسەندنائەبێ، یاسا سەروەرو دادگا سەربەخۆئەبێ.

`

لەوڵاتانی دواکەوتوشا، رۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی، پارتایەتی هەر بۆدەسگرتنە بەسەر دەسەڵاتا، بەڵام بۆراژەی خۆیانو بنەماڵەکانیان. لەو پێناوەشا پەنا بۆهەمو رێگایەکی نادروست ئەبەن. وەك: تەزویر، کودەتا، ترسانن، دزی، درۆ، کڕینی ویژدانو..هتد. هەر کە دەسەڵاتیان کەوتەدەس، دەسئەگرن بەسەر هەمو جومگەکانی وڵاتاو لەماوەیەکی کەما، بەلادانی زوربەی سامانو داهاتەکانی وڵات بۆخۆیان، هەڵئەگرێن. ئنجا ئەکەونە گیانی نەیارەکانیان. جێپێی خۆشیان وەها تۆکمەئەکەن کە بەئاسانی لەدەسڵات لانەدرێن مەگەر بەکودەتایەکی پێچەوانە، یا میللەت بەجارێ پشتیانتێکا. لەم وڵاتانەدا پارتایەتی چاکترین بازرگانیشە بەبێ دەسمایە بۆپارتی دەسەڵاتدار. گەندەڵیو دواکەوتوییش تەشەنە ئەکا، خەزێنەی هکومەت خاڵیو میللەت هەژار، یاساو دادگا لەخزمەت دەسەڵاتدائەبن.

دوای ۳۰ ساڵ هوکمڕانیی فرەپارتی لەباشوری کوردستاناو دوای چەرخێ لەرۆژهەڵاتی ناوینا، بۆهەموان دەرکەوت سیستمی فرەپارتی لەژینگەی ئەو وڵاتانەدا سەرکەوتو نابێ کە نەگەیشتونەتە ئاستی تێگەیشتن لە سیستمی دیموکراسی.

کێشە گەورەکەی ئەم وڵاتانە ئەوەیە: دینەمۆی مێشکی سودمەندانی پارتەکان، بەوەچەکانیانەوە، لەکارئەکەوێ. بەپێی بیردۆزەیەکی زانستی کە ئەڵێ (پێویستی، دایکی داهێنانە). هەمو داهێنان (اختراع)ەکان لەئەنجامی پێویستیی مرۆڤەوەیە، جوتیار لەپێناوی دەسکەوتێکی زۆرا هەوڵئەدا بەرهەمەکەی باشترو زیاتربکا. پیشەسازیش بەوجۆرە. خوێنکار خۆی ئەڕەنجێنێ بۆبەرزترین بڕوانامە تا بەهۆیەوە گوزەرانی باشو پایەی بەرزبێو هتد. بەڵام سودمەندەکانی پارتی هوکمڕانو

`

وەچەکانیشیان، چونکە هەمو پێویستییەکانی ژیانیان بەناڕەوا بۆدابینئەبێ بێئارەقی ناوچەوان، هیچنامێنێ هەوڵی بۆبدەن. لەبەرئەوە خۆیان ناڕەنجێننو ئامێری بیرکردنەوەشیان تابێ لاوازئەبێ، واتا ئەبنە چینێکی گەمژەو بەجۆرێ کەللەپوتئەبن کە توانای پارستنی خۆشیان تاسەر نەمێنێ. دۆستیان لائەبێ بەدوژمن، دوژمنی باوەکوشتەیان بەدۆست! گەندەلییان بەجۆرێ لائەبێ بە خو کە بۆیانتەرکنەکرێو تێرخواردنیان نەبێ. هەلیش ئەڕەخسێ بۆهەلپەرستان کە بیاندۆشن. بەرەنجامیش، دواکەوتنو وێرانبونی وڵاتئەبێ لەهەمو رویەکەوە. سامانەکانی ژێرزەویش تاسەر نابنە فریادڕەس، بە وشکبونیان یا دابەزینی نرخیان! تەپڵی نابوتی لێئەدەنو ئەنجام: سامانی ناڕەوا سەریان ئەخوا.

ئەوە بەگشتی، پەندێکیش کە کۆمەڵگەی کوردی پێویستە وەریگرێ، ئەوەیە: خۆی لەسیستمی پارتایەتی بپارێزێو بگەڕێ بۆ ڕێگەیەکیتر.

## هەشتەم: سێ پەندەکەی زەردەشت:

ئەشێ یەکێ لەو هۆکارانەی لەڕابوردودا کوردی دەستەمۆکردبێو بیری لەسەربەخۆییو ئازادی نەکردبێتەتەوە، یا هەوڵی بۆنەدابێ، یا بۆینەکرابێ، یا لەتوانایدانەبوبێ لەدوای تێکچونی دەوڵەتی مادەوە، سێ پەندەکەی زەردەشتبێ (بیری چاك، گفتاری چاك، کرداری چاك)!.

راستە، هەر سێ پەندەکە، زێڕی بیستو چوارن. بەڵام ئەو زێڕە، کەرەستەیەکی نەرمەو خشڵو بەرهەمیتری لێدروستناکرێ ئەگەر مسی رەقی تێکەڵنەکرێ. لەمەوە

`

ئەگەینە ئەو ئەنجامەی سێ پەندە نەرمەکەی زەردەشت، بەبێ ئاوێتەکردنی بەپەندێکی رەقی وەك (گورزی چاك) کێشە گەورەکەی کورد، کە سەربەخۆییە، چارەسەرناکرێ.

ئەوە سروشتی هەمو بونەوەرێکە. هاوین بەگەرماکەی، زستان بەسەرماکەی، جانەوەران بەچزوەکانیان، درِندەکان بەکەڵبەکانیان، هەبونو هێزی خۆیان ئەسەلمێنن. بەپێچەوانەی ئەم راستییەوە، ئەو بونەوەرانەی خاوەنی ئامێرو کەرەستەیەکی رەقنین، بەشیان تیاچونو لەناوچونە هەرچیچەندێ بەقەبارە گەورەو بەهێزبن وەك ئاژەڵەماڵییەکان: گا، وشتر، مەرِو تاد کە بەئاسانی یخئەدرێنو سەرئەبرِرێن، یا ئاژەڵە درِندەکان ئەیانخۆن، چونکە خاوەنی ئامێری بەرگرینین.

لێرەوە بازد ئەدەین بۆنەتەوەکان: مەغۆلەکان بەزەبری شمشێرەکانیان سەری هەمو نێرینەی ناوچەیەکی دژیان ئەپەرِان، بەتایبەتی کوردانی ناوچەی ئەنادۆڵ. بەوە مەغۆلەکان بون بەخاوەنی تورکیای خۆشترین ناوچەی جیهان. فتوحاتەکانی ئەرەبو ئیسلامیش، هەر بەشەرِو سەرپەرِاندنو ئەنفال، بون بەخاوەنی نیوەی دنیا. هاوپەیمانان بەهۆی بۆمبای ئەتۆمەوە ئەڵمانیایان شکاندو داگیرکرد. گەلێ نمونەیتر.

ئەوەی کە بەدەستی بەتاڵو داگیرکراوی مایەوە، کوردە!. چونکە بەدرێژایی هەزاران ساڵی رابوردو، هەر بەنەرمی ماوەتەوە. ئاخر تەنیا بەسێ پەندە نەرمەکەی زەردەشت، هیچ دەسگیرنابێو هەرگیز پارێزراویش نابینو هەر بەداگیرکراوی ئەمێنینەوەو تادێ بچوکئەبینەوە. بۆیە پێویستە پەندێکیتری بۆزیادکەینو بیکەین

`

به (بیری چاك، گفتاری چاك، کرداری چاك، گورزی چاك)و پێکەوە پەیڕەویان بکەین.

کورد تائێستا خاوەنی ئەو گورزە چاکە نەبوە، یا نەیزانیوە بەکاریبێنێ. لەناوخۆی خۆیدا تۆڵەی ناپاکیی لەناپاکەکانی ناوخۆ نەکردۆتەوە، بۆیە دیاردەی ناپاکی (خیانەت) درێژەی هەیە. بەرامبەر داگیرکەرەکانی کوردستان، هەمیشە لێبوردەبوە، بۆیە هێرشیان بەردەوامەو روبەری کوردستان لەپچوکبونەوەدایەو ژمارەی کورد لەکەمبونەوەدایە!.

لەو شەڕانەدا کە یەخەیانگرتوین، هەر بەرگریمانکردوە نەك هێرش! لەمەوە بوین بەخاوەنی وتە پڕوپوچەکەی (هەر شاخەکان پشتیوانمانن!) لەکاتێکا گەلێ نەتەوە شاخیشیان نیەو پارێزگارییان لە سەروەریی خۆیانکردوە بەبێ پشتیوانیی بێگانە. ئنجا بۆئەبێ ئێمە هەر چاوەڕوانی پشتیوانیی بێگانەبین! نەتەوەکانیتر خۆیان قەوارەی سەربەخۆی خۆیان دروستکردوە. ئێمەیەکی پەنجا ملیۆنی کە نەمانتوانیبێ قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆخۆمان دروستکەین، ولاتێکیتر چ مەجبورە ئەوەمان بۆبکا!؟ وەزیرێکی ئەڵمانی لەسەر رەوابوە کە وتویێتی پەنجا ملیۆن کەر بکەیتە تەویلەیەکەوە، دەوڵەتێك بۆخۆیان دروستئەکەن!.

## نۆیەم: نەبونی تۆڵەو خەڵەتاندنو گەندەڵی:

دەردێکیتری کوشندەی کوردە. ئەم دەردە، دو جەمسەری هەیە. جەمسەرێکیان بەرامبەر کورد خۆی، کۆڵو لاوازە. کورد بەبێ بەزەییو لەسەر بچوکترین هۆ،

`

کوردێکیتر ئەکوژێ، بەتایبەتی ئافرەت! کەچی بەزەیی دێتەوە بەو بێگانەیەدا کە کوردی کۆمەڵکوژکردوە کاتێ ئەو بێگانەیە گلۆڵەی ئەکەوێتە لێژی یا ئەکەوێتە بەردەستی کورد! بەڵکو ڕێزیشی لێئەگری!. تا ئێستا زۆرداریکی داگیرکەران کە کۆمەڵکوژی کردوین، بەدەستی کورد تۆڵەی لینەکراوەتەوە! هۆکەش ئەوەیە کورد بەگورزی تۆڵە گۆشنەکراوە. بەڵکو هەر لەسەر سێ پەندە نەرمەکەی زەردەشت ڕاهاتوە بەرامبەر بکوژە بێگانەکانی خۆی. ئەوانیش چونکە زانیویانە کورد خاوەنی گورزی تۆڵە نیەو هەر ئالۆدەی بەزەییە، چەندین جاریتر کۆمەڵکوژیان کردوینەتەوە.

**خەڵەتاندنیش** هەر لەئەنجامی نەبونی گورزەکەوەیە. کورد لەنەستیدا ئەزانێ خاوەنی ئەو گورزەنیە، لەبەرئەوە هەمیشە هەست بەلاوازیئەکاو بەدەسکەوتێکی کەم قایلئەبێو بەئاسانی هەڵئەخەڵەتێنرێ. لەمەوە ئەوترێ: ئەوەی کورد بەشەڕ دەستیئەکەوێ، لەسەر مێزی گفتوگۆ ئەیدۆڕێنێ

بەخوێندنەوەیەکی وردی مێژومان، ئەو ڕاستیانە بەئاسانی ئەبینرێنو ئەتوانین گەلێ نمونەی لێهەڵهێنجین. چەندین کەسی ناپاکی وەك مەلای خەتێو بەدلیسیو جاشەکانی ئەم سەردەمەو زۆریتر، تۆڵەیان لێنەکراوەتەوە، چونکە هەر بە سێ پەندە نەرمەکەی زەردەشتو بەزەیی گۆشکراوینو لەنەستمانا وائەزانین هەر ئەبێ نەرمبین تەنانەت لەگەڵ ناپاکەکانی ناوخۆش!. لەکاتێکا ئەم گەردونە هەموی لەسەر بنچینەی شەڕو زاڵیو یەکدی لەناوبردن دروستبوە. بەپێی ئایەتەکانیش: (ومن اعتدى عليكم فاعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم، وجزاء السيئة سيئة مثلها)

`

تۆڵە کارێکی ڕەواو پێویستە. بۆیە کاتیەتی ئەو سێ پەندە بکەین بەچوار: بیری چاك، گفتاری چاك، کرداری چاك، گورزی چاك. چیتر بەبادەی بەزەیی نەخەڵەتێین.

گەندەڵیش هەر لەئەنجامی نەبونی تۆڵەوە دروستئەبێو پەرەئەسەنێ. . . .

## دەیەم- چەک:

جاران بەهێزی بازو، گورز ئەوەشێنرا، ئێستە بەچەك. چەکیش سەرەتا چەکی سپیبو. ئێستە چەکی ئاگرینە لەتوفەنگەوە تا ئەتۆم. ئەگەر نەشتوانین یا نەزانین دروستیانکەین، ئەتوانین. بیانکڕین بەپارەی سپی یا بەزێڕی ڕەش، لەبازاڕی سپی یا لەبازاڕی ڕەش. ئێستا هەرێمی کوردستان لەبارە بۆئەو مەبەستە ئەگەر دزیو گەندەڵی بنەبڕکرێو تۆزێکیش بوێری یاوەرمانبێ!. هەر کە بویشین بەخاوەنی چەکی چاکو کاریگەر، ئیتر، بەبێ شەڕ، ئەبین بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانو کەس زاتی ئەوەناکا دەسمان بۆدرێژکا لەترسی تۆڵە. کۆریای باکورو ئیسرائیل بۆ نمونە چونکە خاوەنی چەکی قوسن. بەپێچەوانەوە، تا نەرمبین، خۆشترئەبین بۆژێر کەڵبەی دڕندەکانو ناپاکەکان. ژمارەیەك لەگوندەکانی کەرکوك، وەك نمونەیەك، تاڵاوی نەبونی گورزەکەیان چەشتوەو ئەچێژن. ئەو گورزەش بەچەك ئەوەشێنرێ نەك بەدارو تێڵای خەڵکی داماوی ئەو گوندانە، چەکیش بەدەس هێزە چەکدارەکانمانەوەیە کە بەفەرمانی سەرکردە سەربازییەکان ئەجوڵێنرێن، بەڵام ئەو سەرکردانە مێشێك میوانیاننیەو هەرلەخەمی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندان! بۆیە ئەگەر کار هەروا بەردەوامبێ، ئەوا هەزاران گوندیتر

`

لەچاوەڕوانیی گۆدادا ئەبن. کەواتە ئیتر کاتێتی سێ پەندەکە بکرێ بە چوارو بەزەیی بەلاوەنێینو جڵەو بدەینە دەستی زانایانو بوێران.

چەپڵەیەکی زۆری بۆلێدرا

دەنگێ بەرزبوەوە: **رابەرمان هەر بەشیرە خاوەنی راو تەگبیرە**

هەموان بەیەکدەنگ وتیانەوە.

دەنگێکیتر: **سەرۆکمان هەر بەشیرە زانایەو هەم موشیرە**

بەچەپڵەوە دوبارەیانکردەوە.

بەشیر: رۆڵەکانم: با مۆڵەتێ بدەین بە دەسەڵاتی کوردیی ئێستا. ئێمە بەشوێن پلەو پایەو کورسیی فەرمانڕەواییا ناگەڕێین. مەبەستمان گەیاندنی کاروانەکەمانە بەکەناری ئارام.

## چارەسەرییەکان

دەنگێك بەرزبوەوە: گەورەم ئەوە دەیان ساڵە مۆڵەت ئەدرێ بەم دەسەڵاتە، کەچی گەندەڵی زیاتر پەرەئەسێنێ. ئیتر بەسە. پێویستمان بەنەخشەڕێگایەکی بەپەلەیە بۆرزگارکردنمان.

بەشیر کەوتە دەریایەکی قوڵتری خەیاڵەوەو لەچاوتروکانێکا نەخشەرێگایەکی بۆمەبەستەکەی دارشت.

`

لەنەخشەڕێگاکەدا، بۆنەهێشتنی گەندەڵی، پەنایبردەبەر یاسای (ئەمەت لەکوێبو؟). بۆجێبەجێکردنی ئەو یاسایە، دادگایەکی سەربازیی تایبەتی پێکهێناو بەملیارەها دراوی گرانی لەگەندەڵەکان سەندەوەو گەڕانیەوە بۆبوجەی هەرێمو بەسزای گەیاندن. گوێی بەبڕوبیانوی گەندەڵەکان نەدا. هەر بیانویەکیان ئەهێنایەوە بۆهۆی دەوڵەمەندبونیان، ئەو دادگایە ڕەتیئەکردەوەو ئەیوت: ئەوە بۆسپیکردنەوەو شۆردنەوەی پارە پیسو ناڕەواکانتانە. یەك یەك بەر سزای خستنو سامانەکانیانی کرد بەماڵو مڵکی گشتی. هەمو هێزە چەکدارەکانی یەکخست.. بەو سامانە زۆرەی کۆیکردەوە لەئەنجامی چاکسازییەکانیدا، سوپایەکی ئەوەندە بەهێزو پڕچەکی تازەبابەبەتی پێکهێنا، کە لەروی چونیەتییەوە، باڵاتربو لەهی داگیرکەرانی کوردستان. لەهونەری شەڕکردنیشا، ئەوە خۆی زانا گەورەکەی شەڕی یەکەمی جیهانبو کە هەمو دنیای سەرسامکردبو بەنەبەردییە سەرسوڕهێنەرەکانی.

لەگەڵ ئەو ڕاستیانەشا، هەرێم هێشتا پارێزراو نەبو لەشەڕی داگیر کەرانی کوردستان. بەشیر بۆبەربەستی مەترسیی ئەوەی ئەو داگیرکەرانە نەبا پەیمانێکیتری وەك ئەوەی (پەیمانی بەغدا- ١٩٥٥) ببەستن لەدژی کورد، دیماغی خستەکارو نەخشەیەکیتری تۆکمەی داڕشت بۆئەوەی کورد لەهەلێکی گونجاوا دەسەڵاتی پایتەختیش بگرێتە دەس. بۆ نا؟ ئەی ئیراك وڵاتی کودەتا سەربازییەکاننیە؟ کودەتاکانی: بەکر سدقی ١٩٣٥، ئەفسەرانی نەتەوەیی دژی بەکر سدقی ١٩٣٦، رەشید ئالی گەیلانی ١٩٤١، قاسم ١٩٥٨، شەواف دژی قاسم ١٩٥٩، ئەبدولسەلام و بەئس دژی قاسم ١٩٦٣، ئەبدولسەلام دژی بەئس ١٩٦٣، ئارف ئەبدولرزاق ١٩٦٥، بەئس ١٩٦٨، ئەبدولغەنی راوی ١٩٦٩، باڵێکی بەئس دژی سەدام

`

**١٩٧٩، شيئەو ئەمریکا دژی بەئس ٢٠٠٣ گەرچی هەندێ لەو هەولانە سەرکەوتو نەبون.. ئنجا بۆچی سوننە ١٩٢٠ تا٢٠٠٣، شیئە ٢٠٠٣ تا ئێستە فەرمانڕەوابن ، ئەی کورد بۆنابێ ئەویش هەمان مافی هەبێ!؟.**

**هەرێم لەسایەی ئەم سەرکردە بلیمەتەو نەخشەڕێگاکانی، ئەبێ بەقەوارەیەکی دەوڵەمەندو کەمترنابێ لەدراوسێکانی، بەجۆرێ کە ئەتوانی هەمو چەکێکی پێویست لەزلهێزەکان بکڕێ بەپارەی کاش یا بەقەرزی نەوتو گاز.**

**ئەی ئەگەر دەسەڵاتی پایتەخت، هێرشێکی گەورەیکردە سەر هەرێمو شارۆچکەیەکی گرت؟**

**بەشیر دیسان دیماغی خستەکار: بەهێزێکی کەم هێرشەکە رائەگرم. لەهەمان کاتداو لەناکاو ئەدەم بەسەر دو شاری گەورەی ئەوانداو ئابڵوقەیانئەدەمو دەستیان لێناپارێزم. پایتەخت ناچار هاواری لێهەڵئەسێو ئەڵێ ئەو شارە بچوکەتان ئەدەمەوە، ئەو دو شارە گەورەیەمان بدەنەوە..**

**بەڵێ ئەبێ شەڕ بەوجۆرەبکرێ. دروشمێکی تازەشی داهێنا: (شەڕکردن تا مردن) واتا پشتنەکردنە دوژمن. ناشبێ شارەکان جێبێڵینو روبکەینە شاخ، چونکە شەڕی شەقامی شارەکان کاریگەرترە لەشەڕی شاخ، دوژمن بەشەڕی شەقام پشتی ئەشکێ، دوژمن نابەڵەدە بەشارەکانو شەقامەکانیان.**

**بەشیر، گرنگییەکی زۆریدا بەقەوارەکەی هەرێمی کوردستان. ئەیوت قەوارەکەی هەرێم جیایە لەگەڵ دەسەلاتە گەندەڵەکەی ئێستای هەرێم. ئەو دەسەڵاتە کاتییە.**

`

ئێمە پێویستە ئەم هەرێمە بکەین بەبەردی بناغەی دەوڵەتی کوردستانی گەورە لەدەریای سپییەوە تا کەنداو کە ئەوە ملکو مافی رەوای خۆمانە.

مریەم پرسی: ئەی هۆی نەبونی دەوڵەتی کوردی چیە!!؟ ئێمە لەهەزاران ساڵ پێش ئێستەوە دەوڵەتی سەربەخۆی یۆنانی خۆمان هەیە!.

بەشیر لەوەڵاما وتی:

هەروەها ئێمەش چەندین دەوڵەتی کوردیمان هەبوە. هۆی نەبونی دەوڵەتی کوردی، لەدوای ئەو دەوڵەتانەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ ژمارەیەك هۆکار، لەوانە: ١-شکستی دەرونی ٢-شاخەکان ٣-ئاینو ئاینزا ٤-دەوڵەتی ئەیوبی. ٥-لاوازیی هوشیاریی نەتەوەیی. ٦-فرە میرنشینی. ٧- فرە پارتی. ٨-سێ پەندەکەی زەردەشت ٩- نەبونی تۆڵە، ١٠-گەندەڵی ١١-چەك.. کە پێشتر بەدرێژی لەبارەیانەوە دواوم..

ئێستە منیش لەهەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێدام. بێگومان مریەمخان ئەبێتە خانمی یەکەمی ئەو دەوڵەتە.

مریەم، لەخۆشیاو بەپکەنینو تۆزێ شەرمەوە، باڵیگرت.

`




دوای ماوەیەك فڕین بەسەر سلێمانیا، بەجلوبەرگێکی سپیی وەك جلی بوكێنیەوە، بە ویقارەوە، لەژێر تابلۆکەی بەشیرا نیشتەوە.

`




**مریەم**

`

بەشیرو ئامادەبوان لەماوەی ئەو فڕینەدا، هەر چەپڵەیان بۆمریەم لێئەدا. دوایئەوە، بەشیر بەردەوامبو لەسەر وتارەکەی:

رۆڵەکانم: من ئێستا لەسنوری جوگرافیایەکیترا ئەژیم کە پێیئەوترێ هەمیستگان بەپێی ئاینی زەردەشتی. ئەمیش لەدنیائەچێ. هەلێکی تازەیترە ئەدرێ بەمرۆڤ بۆئەوەی جارێکیتر بەئەزمونێکیترا تێپەڕێ تا بتوانێ جێگەیەکی باشتر وەرگرێ لەبەهەشت. ئیسلام بەم ئەفسانەیە ئەڵێ بەرزەخ.

بەشیر بەردەوامبو لەسەر وتارەکەی: بەپێی ئەو زانیاریانەی پێمگەیشتوە سەبارەت بەهەشتو دۆزەخ:

بەهەشت لەسێ بازنە پێکهاتوە:

١-بازنەی ناوەڕاست، تەرخانە بۆئەو مرۆڤانەی لەدنیادا نەتەوەو نیشتمانی خۆیان رزگارکردوە لەژێردەستەییو کۆیلەیەتی. دادپەروەریان تیا ئەنجامداوە. هەروەها بۆئەوانەی لەپێناوی نەتەوەو نیشتمانا شەهیدبون. بۆئەوانەش کە داهێنان (ئیختراع)ی گەورەیان ئەنجامداوە کە راژەی مرۆڤایەتیکردوە. ئەم بازنەیە خۆشترین بازنەی بەهەشتە.

٢-بازنەی دوەم، بەدەوری بازنەی یەکەما، بۆئەوانەی کاری خێرخوازیی گەورەیان ئەنجامداوە بێئەوەی کەوتبنە زەلکاوی گەندەڵیو تاوانەوە. بۆئەوانەش کە ئەوەندەی توانای خۆیان خەباتیانکردوە بۆراژەی نەتەوەو نیشتمانیان.

`

٣-بازنەی سێیەم لەدەوری بازنەی دوەم، بۆئەوانەیە هیچ خراپەیەکیان لەدنیادا نەکردوە .

دۆزەخیش هەر لە سێ بازنە پێکهاتوە:

١-بازنەی ناوەڕاست، تەرخانە بۆئەوانەی ناپاکیی نەتەوەییو نیشتمانیان ئەنجامداوە لەدنیادا. یا سیخوڕیو نۆکەریانکردوە بۆبێگانە. ئەم بازنەیە سەختترین سزای تیا ئەنجامئەدرێ.

٢-بازنەی دوەم، بەدەوری بازنەی یەکەما، بۆئەوانەی ناڕەوا خەڵکیان کوشتوە لەدنیادا.

٣-بازنەی سێیەم لەدەوری بازنەی دوەم، بۆ دزو درۆزنو دوڕو و گەندەڵو ئاژاوەگێڕو هەر خراپەکارێ.

ئەم هەمیستگانەش لەهەندێ روەوە لەدنیاکەی پێشومان ئەچێ. ئەمیش، وەك ئەوەی پێشو، بریتییە لەچەند دورگەو ناوچەیەك. من ئێستە لەناوچەیەکم کە بریتیە لەناوەندێکی گەورەو هەرێمێکی بچوك. هەردوکیان پڕن لەگەندەڵی. ئەرکی چاکسازی تیایانا بەکەسانی وەك من ئەسپێردرێ بۆماوەیەکی دیاریکراو. ئەگەر سەرکەوتوبوین، ئەچینە بازنەی ناوەڕاستی بەهەشت. وەگەر نا، بەپێی پێوانەکانیتر جێگیر ئەکرێین لەبەهەشت یا جەهەنم، هەر کەسەو بەپێی کردارو لێهاتویی خۆی.

وا ئێستا من لەهەرێمێکی بچوکەوە دەس بەچاکسازی ئەکەم. بەپێی ئەم بەرنامەیە:

`

**١-سەرەتا ئەبم بەدیکتاتۆرێکی نیشتمانی تا گەندەڵی بنەبڕ ئەکەم.**

**٢-ئەوی بێتە رێم، بەرەنگاری ئەبمەوە. لەرێی لۆبیەکی ئاگرینەوە ئارامی لەناوەندیش ناهێڵم. تا دەسئەگرم بەسەر ئەویشا. ئەوەش کارێکی رەوایە. چونکە:**

**لەڕوی مێژوییەوە، ئەو ناوەندە بەشێکبوە لەنیشتمانی خەڵکی هەرێم. با سەری کەس سوڕنەمێنێو بڵێ ئێمە ئێستە کەمینەین، چۆن!؟ ئەی سوننەو ئەلەویو فارس کەمینە نەبونو نین کە ساڵەهایەك فەرمانڕەوابون؟. ئنجا من بە چ رێگەیەکو چۆن ئەرکەکە ئەنجامئەدەم؟ ئەوە ئاوەزو بەرنامەو پرۆژەی نهێنیی خۆیئەبێ کاتێ دیماغ ئەخەمەکار!..**

**٣-بۆئێستەی ئەم هەرێمەی هەمیستگان، دیموکراسی توڕئەدەم هەتا ئەوکاتەی زانیاریی خەڵکەکەی ئەگاتە ئاستی دیموکراسی.**

**٤- سیستمی ئەو پارتایەتیە ناهێڵم کە بەشەبوجەکەیان لەموچەی موچەخۆران زیاترەو سەرچاوەی گەندەڵیو دوبەرەکیو شەرو پشێویی ناوخۆبونو باڵیان بەدەستی نەیارانەوەبوە..**

**٥-لەجیاتی پەرلەمان، ئەنجومەنێکی یاسادانان دائەمەزرێنم کە بڕوانامەیان لە بەکەلۆریۆس کەمترنەبێ.**

**٦-هێزێکی سەربازیو پۆلیسیو ئاسایشو دژەتیرۆری باوەڕدار لەهەردو رەگەز دائەمەزرێنمو بژێوییان لەئاستێکی بەرزا دابینئەکەمو لەتەمەنی 18ساڵیا مەشقی سەربازیو چونیەتیی بەکارهێنانی چەك بەهەمو گەنجێ، نێرو مێ، ئەکەم بۆماوەی**

`

سێ مانگ، سەرباری ئەوەی دیماغیان ئەشۆمەوە لەخڵتەو خەوشی بێگانەپەرستیو تۆوی هەستو گیانی نەتەوایەتییان تیائەچێنم.

٧-بەژمێرەو بوجەی گشتیی هەمو ساڵەکانا ئەچمەوەو دوا فلسی دزراو لە گەندەڵکاران ئەسەنمەوەو بەسزای یاساییان ئەگەیەنم ئەگەر لەگۆڕیشابن..

٨-سامانی ژێر زەوی تەرخانئەکەم بۆدابینکردنی هەمو جۆرە چەکێکی بەرگریو هێرش. ئەوەی ئەمێنێتەوە، وەك ماڵی سپی، هەڵیئەگرم بۆرۆژی رەش. تەنیا بەباجو رەسمو گومرگو کرێو داهاتی گشتی، دەزگاکانی میریو پرۆژەکانو موچەیەکی تێروتەسەل، هەرێم ئەبەمبەڕێوە..

٩-زەویی کشتوکاڵی، خۆماڵی (تامیم) ئەکەم. بەگرێبەستی درێژخایەن ئەیدەم بەکرێ بەکەرتی تایبەتو بەکۆمپانیای بیانی بۆمەبەستی پیشەسازیو کشتوکاڵیو گەشتیاریو نیشتەجێبونو خزمەتگوزاریی گشتیو هەلی گەشەدانیان بۆئەڕەخسێنم. گرنگیی ئەم خاڵە لەوەدایە کەهەر زەوییەك بەکرێگیرا، گیان بەبەر ئەو زەویەدا ئەکرێو بایەخی ئەزانرێو بەچاکی بەکارئەهێنرێ تا کرێکە بەفیڕۆ نەڕواو زیاترین سودیش بەمیللەت ئەگا.

١٠-هاوردەو هەناردە ئازادئەکەم بۆکەرتی گشتیو بۆکەرتی تایبەتیش بۆهەموکەس تابەهۆی کێبڕکێوە نرخی کاڵا هەرزانبێو جۆریش باشتربێ

١١-فەرمانگەکان لەنوکەوە، لەسەر سیستمی رۆژئاوایی دائەمەزرێنمەوەو رۆتین ناهێڵمو تەنیا ٢٥٪ فەرمانبەرانی بەتوانا، بەموچەیەکی تێروتەسەلەوە، ئەهێڵمەوەو

`

هەلی کار بۆ ٧٥٠٪ ەکەیتری لەکەرتی تایبەت ئەڕەخسێنمو بوار بەکرێکاری بیانی نادەم مەگەر پسپورەکان. گەندەڵیش بەهەمو جۆرەکانیەوە، تاوانێکی نیشتمانی ئەبێو لێبوردنی نابێ.

١٢-لەم دۆخەی ئێستادا، تەنیا یەك زانکۆ، لەئاستێکی بەرزا، ئەهێڵمەوە بۆدەرچوانی پلەزۆرباش. خوێنکارانیتر بۆپەیمانگەکان، یا رو بکەنە کەرتی تایبەت. گرنگی زیاتر ئەدەم بە پەیمانگە پیشەییەکان..

١٣-بیمەی رادەی کەمی ژیان، بە پەککەوتوانی بێ داهات، ئەبەخشم.

١٤-دڵنیایی تەندروستی بۆهاولاتیان دابینئەکەمو پەرە بەنەخۆشخانە گشتییەکان ئەدەمو خەستەخانەی ئەهلیو نۆڕینگەو ئەزمونگە تایبەتەکان ناهێڵمو موچەی پزیشکو ئەزمونکار بەپێی بارستایی کارەکانیان لەنەخۆشخانە گشتییەکانا ئەبێ..

١٥-موچەی مامۆستایان لەهەمو قۆناغەکانی خوێندنا بەپێی بڕی وانەکانیان ئەبێ.

١٦-موچەی خانەنشینیی سەرۆکو وەزیرو یاساکارو پلەتایبەتەکان بەپێی یاسای خانەنشینیی شارستانیو سەربازی ئەبێ..

١٧-زمانێکی فەرمی دەستەبەرئەکەمو گرنگیش بەشێوەزارەکان ئەدەم.

١٨-مێژو لەدیدی نەتەوەییەوە ئەنوسمەوە.

١٩-هەرلەقۆناغی سەرەتاییەوە، پەروەردە ئەخەمە سەر رێچکەیەکی نەتەوەیی

`

**٢٠-هەمو مزگەوتو پەرستگەو کەنیسەکان ئەکەم بەناوەندی خوێندنو زانیاریو کۆمەڵایەتی. هەموکەسێکیش ئازادئەبێ لەماڵی خۆیا ئاینداریو خواپەرستیی خۆیبکا، یا نەیکا.**

**٢١-پاشگرو پێشگری بەگو ئاغاو شێخو هاجیو مەلاو کوێخاو میرزاو هاوشێوەکانیان ناهێلم.**

**٢٢-دەستورێ دائەڕێژم سەروەریی یاساو مافو ئازادیی تاکەکەسو پێکهاتە ئاینیو نەتەوەییەکانی تیاپارێزراوبێو سنوری هەرێمی تیا دیاریکرابێو یاساکان لەدەستورەوە سەرچاوەبگرن..**

**٢٣-بەدەستێکی پۆڵایین لەهەمو ناپاکێکی نیشتمانو هەمو گەندەڵێ ئەدەم.**

**٢٤-بەرپەرچی هەمو دەسدرێژییەکی دەرەکی بۆسەر هەرێم ئەدەمەوە بەپێی بنەمای دان بەدانو چاو بەچاوو سەر بەسەر.**

**٢٥-دەسەڵاتو نازناوی بنەماڵە ناهێڵم.**

*****

**لێرەدا، بۆ وەبیرهێنانەوە، ئەگەڕێینەوە بۆگردبونەوەکەی باخچەی بەشیر موشیر.**

**لەگەڵ دەسپێکردنی وتەکانی سەرۆك بەشیردا، وردەوردە هاوبیرانو هاوڕێیانێکی زۆر گردبونەوەو گوێبیستی وتەکانی سەرۆك بەشیر بونو رای خۆیان پیشاندا بەمجۆرە:**

`

شوان: نهێنییەکی ترسناکی ئاشکراکردو وتی (من بەر لە ٥ ساڵ زیاتر کۆبونەوەیەکی یەکێ لەهەرە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆم بینی لەگەڵ هەندێ لایەنگرانی پارتەکەی کەزۆر بەتوندیو زمانێکی زۆر زبرو بێئەدەبیانە هەڕەشەی لەناوبردنی ئەم قەوارە سیاسییەی ئەکردو فەرموی هەرئەبێ ئەو خەونەیان لەگۆڕنێم) بێگومان ئەو هەڕەشەیەو پیلانەکانی ئێستەش بۆهەمان مەبەست، جگە لە ڕقی ئەستور، دەستی دەرەکیشی لەپشتە..

ئارف: (ئاماژەی بۆ مەترسیی ئەقڵی خێڵەکی کرد)و وتی. سەردەمی خێڵ بەسەرچوە. ئێستا گرەو بەزانست ئەبرێتەوە..

کەمال: نابێ تاهەتا قاچمان هەر لەناوەوەی سنوری خۆمانبێ. کاتی ئەوەهاتوە کە لەدەرەوەی ئەو سنورەش دەسبوەشێنینو ئارامی لەناومالّی دوژمن نەهێڵین. بەوە دوژمن دێتە سەرچۆك. یەك لەسەر هەزاری کۆمەڵکوژییەکیش ناکەوێ لەسەرمان..

پشکۆ: پێداگریکردلەسەر نەمانی پارتایەتی لەم هەرێمەی ئێمەدا، وتی هیزب هۆیە نەك ئامانج. هیزبی کوردی ئامانج ئەکاتە قوربانی هۆ! وەك بتپەرستەکانی قورەیش! هیزب سەرچاوەی گەندەڵییە، کورد پێویستی بەکوردایەتییە نەك هیزبایەتی. هیزب کەرتمانئەکا، کوردایەتی یەکمانئەخا. سەبارەت چاکسازی وتی ئەبێ لەخۆمانەوە دەسپێبکەین. ئەوی بیەوێ چاکسازیبکا کەس دەسیناگرێ، بەڵکو ئەو گرەوئەباتەوە..

`

دلێر: ئەبێ چاکسازی گشت روەکانی ژیان بگرێتەوە، لەخۆمانەوە دەسپێبکەین، دوژمنان هەوڵئەدەن بیری نەتەوایەتی بخنکێنن، ئەبێ بڕواهەبێ کە ئەتوانین چاکسازی بکەین..

یارە: ئیرادەی بەهێزو دڵسۆزی لەهەموشت بەهێزترە.

هێمن: جگە لەچاکسازی هیچ جێگرەوەیەکیترمان نیە. ئاماژەی بۆخاڵێکی گرنگ کرد، ئەویش بەهێزکردنی کەرتی پیشەسازیو کشتوکاڵییە.

ئاوات: مەترسیدارترین تەنگژە، تەنگژەی هوشیاریی گشتییە. هەر لەوێشەوە تەنگژەکانیتر ئاڵۆزئەبنو دەرهاویشتەی ماڵوێرانکەری لێئەکەوێتەوە. خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی خراپدا، ئاقڵبوننیە، هەر نەتەوەیەك چەپڵەی موچڕکاویی بۆسوکایەتیکردن بەخۆی لێدا، شایەنی رێزنیە، چاکسازی لەناو پارتەکانی کوردستانا، لەهیچەوە بۆهیچ ئەچێ، گەمژەییە چاوەڕوانی ئومێدیان لێبکرێ. هوشیاریی گشتیو دروستکردنەوەی کەسایەتیی تاکی کوردو ئینتیمای بۆنیشتمان، جێگەی هیوایە..

کامیل: زانست ئەوەی سەلمانوە کە ژینگە، جۆری ژیان ئەگۆڕێ. بۆنمونە: رەنگی پێستی مرۆڤ، لەهەر ژینگەیەکا جۆرێکە. نە خورما لەژینگەی فێنکا ئەڕوێ، نە گوێز لەژینگەی گەرما. فرەپارتیش بەوجۆرەیە. لەکۆمەڵگەی قاڵبو بەدیموکراتی، بەرهەمدارە، لەنادیموکراتیا، زیاندارە..

`

چاكسازی لەدەوڵەتداریا، یەكەمجار لەشۆڕشی فەرەنساوە سەریهەڵدا ساڵی ١٧٨٩و تەشەنەیكرد بۆڕۆژئاوا بەگشتی. پاشایەتی گۆڕی بۆكۆماریو سیستمی دیموكراتیو فرەپارتیو سەروەریی یاساو مافی مرۆڤو مافی ئافرەتو نەهێشتنی دەرەبەگێتیو نەهێشتنی كۆیلەیەتیو گۆڕینی سیستمی ئاینی بەدنیاییو جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكانو ئازادیی رادەربڕینو یەكسانیو گەلێ ئەنجامیتری لێبەرهەمهات. ئەو چاكسازیانەش بەكوتوپڕی نەبون، بەڵكو ساڵانێكی خایانو خوێنی بۆڕێژرا. ئەو شۆڕشەش لەئەنجامی بیرو تێڕوانینەكانی ژمارەیەك لەرۆشنبیرانی فەرەنساوە بەرپابو..

لەهەرێما، فرەپارتی لەچەرخی بیستەما سەریهەڵدا بەبێئەوەی زەمینەی دیموكراسیی بۆسازكرابێ! پێشئەوەش فرە میرنشینی هەبو كە ئەویش جۆرێبوە لەفرەپارتیو هەردوكیان بە زیان شكاونەتەوە بەسەرمانا. هەنێ جاریش داگیركەران دەسیانهەبوە، یا هاندەربون، لەدروستكردنیانا بەمەبەستی كەرتوپەرتكردنی نەتەوەكەمانو بەگژیەكتراكردنیان. شەڕی خۆبەخۆی میرنشینیەكانو شەڕی نێوان پارتەكان، بەڵگەی ئەم راستییەن. ئێستەش فرەپارتی رێگرە لەرێی یەكێتیمانا. رێگرە لەرێی چاكسازیا لەهەرێم. هەروەها لەرێی سەربەخۆییشمانا. فرەپارتی سەرچاوەی هەمو گەندەڵییەكانە..

دیموكراسیو فرەپارتی، تەواوكەری یەكن. ئێمە بەدرێژایی مێژومانو تائێستا، بەخەویش، دیموكراسیمان نەدیوە، نە لەخاكی خۆمان، نە لەدەوڵەتانی داگیركەرانمان. دیموكراسیو فرەپارتی بۆنەتەوە دواكەوتوەكان، وەك ئەوەیە

`

بەگەورەیی فێری پلاوخواردن ببێو دەسبەری بۆلوتت. دیموکراسی، واتا فەرمانڕەوایی زۆرینەی گەل. بەڵام لە وڵاتە دواکەوتوەکانا، بەهەرێمەکەی ئێمەشەوە، واتا فەرمانڕەوایی کەمینە بەسەر زۆرینەی گەلا..بەکورتی، دیموکراتی بۆوڵاتانی وەك ئێمە: دەهۆڵێکە هەر لەدورەوە دەنگی خۆشە.

فەیلەسوفی ئەڵمامی، تریتیشکە، ئەڵێ: فرەپارتی بۆگەلانی ئازاد پێویستە، بەڵام ئەو گەلانەی کە هێشتا لەقۆناغی تێکۆشانان بۆرزگاریو سەربەخۆیی، بۆفرەپارتی ناشێن، بەڵکو پێویستیان بەتەنیا یەك رێکخستنی نەتەوەیی هەیە. وەك بەڵگەیەکیش ناوچەی بێدمۆنت بەنمونە ئەهێنێتەوە کە چۆن لەژێر کاریگەرێتی کافورا هەمو پارتەکان یەکیانگرت ساڵی ١٨٥٩.

بێشکچی سەبارەت پارتە کوردییەکان ئەڵێ::

١-زیاتر ئەچنە خانەی رێکخراوێکی سوپاییەوە.

٢-هەر کوتێکی کوردستان لەلایەن چەن هیزبێکەوە پارچەپارچەکراوە. زوربەیان درێژەپێدەری پەیوەندییە خێڵەکیە فیوەدالیستەکەن لەکالآیەکی مۆدێرنا.

٣-لەنێو ریزەکانی خۆشیاندا کەمتر شێوازی دیموکراتی پەیرەوئەکەن.

٤-چەن سەرکردەیەکی ئۆتۆکراتی، رێگەی توانا تازەکان نادەن.

٥-لەڕوی ئایدۆلۆژییەوە، راڕاو هەرزەن، هەر رۆژەی لەئاوازێ ئەخوێنن. ئاڵاهەڵگری مارکسیبونو ئێستا سەرلێشێواو.

`

٦-برِوانەبون بەخۆیانو پشتبەستن بەداگیرکەرانی کوردستان. رێخستنێکی فشوفۆڵ. درۆودەلەسە بەسیاسەت تێئەگەن.

جگەلەوانە، میللەت لەساڵی ١٩٦٤وە، کارە ناپەسنەکانی پارتەکانیان بەچاوی خۆیاندیوە. ئێستاش لای کەس شاردراوەنیە کە پارتەکان شێوەی کۆمپانیای بازرگانیان وەرگرتوە. لەبەرئەوە، ئێمە بەئەرکی سەرشانمانی ئەزانین، دو رێگە بگرینەبەر لەپێناوی چاکسازییەکی ریشەییدا:

یەکەم-بەرنامەیەك بۆچاکسازیی ریشەیی ئەخەینە بەردەم دەسەڵاتی هەرێم (وەك هکومەت نەك هیزب) بۆئەنجامدانی لەماوەیەکی دیاریکراوا.

دوەم-ئەگەر ئەو بەرنامەیە جێبەجێکرا، میلّەت ئەبێتە پشتگیری هکومەتی هەرێم. وەگەر نا، بەپێی بەرنامەی دوەممان کە بەرنامەیەکی زانستیو کردەییە بۆچارەسەر، میللەت خۆی جلّەوی فەرمانرەوایی ئەگرێتە دەستو خۆی چاکسازیی تەواوەتی ئەنجامئەدا.

پێشەکی ئەبێ ئەو راستییە بزانین کە ئستا هەرێمەکەی ئێمە  لەدنیای پێشومان بۆتە راستییەکی چەسپاوو بۆهیچ هێزو دەوڵەتێکنیە لەناویبەرێ. بەتایبەتی ئێستە بەهۆی بونی نەوتو گازەوە،  لەبەرژەوەندیی زلهێزەکانە بیپارێزن.. لەهەمانکاتا دوریشنیە کەللەپوتێکی سەرکەشی خاوەن دەسەڵاتی یەکێ لەداگیرکەران هیرشیبکاتەسەر، بەڵام لەئەنجاما سەرکەوتونابێ.

`

لەگەڵ ئەو راستییەشدا، هەرێم پێویستیی بەسیستمێکی بەرگری سەربازیی بەهێزو بەچاکسازییەکی ریشەییو هەنگاونانی کردەییو بوێرانە هەیە بەپێی بەرنامەو نەخشەی زانستیانە کە ئاماژەیان بۆکرا...

دەسپێشخەرییەکی باشە کە هەندێجار کابینەیەکی هەرێم، مژدەی چاکسازی ئەدا بەمیللەت. میللەتیش خوازیارە کە ئەو چاکسازییە، ریشەییبێ نەك روکەش. چاکسازییەکی ریشەییش، بەبێ لابردنی مۆتەکەی هیزب لەسەر بوجەو سامانی هەرێم، بێئەنجامئەبێ. هیزبی کوردی، وەك مشار بەپاڵپێوەنانو بەڕاکێشانیش جەستەی قەوارەکەو خەڵکی هەرێم ئەبڕێو سامانی میللەت ئەخوا. وا ساڵانێکی زۆر بەسەر تەمەنی هکومەتی هەرێما تێئەپەڕێ، نەك ئێستا، ئەبوایە لەتەمەنی ١٨ ساڵیا (تەمەنی باڵقبون!) ئەم هکومەتە بکەوتایەتە سەرپێی خۆیو لەقەیومی هیزبایەتی رزگارییبوایە. ئیستەش بەبێ لابردنی مۆتەکەی هیزبایەتی، چاکسازیی بنەڕەتی ناکرێ. هیزب لەبوجەی هەرێمو داهاتی دەروازە سنورییەکانو تانکەرە نەوتو هەناردەو هاوردەو قۆنتەراتەکانو چیوچییتر ئەخوا! کەچی موچەی ئەندامەکانیشی بەشێوازی بندیوار لەبوجەی هەرێم دابینئەکا سەرەڕای بەخشینەوەی موچەی خانەنشینی بەپلەی وەزیرو گزیر بۆخەڵکانی سەر بەخۆیان کە تیایاناهەیە یەك رۆژیش فەرمانبەر نەبوە.

مەترسیی گەورەی پارتایەتیو پارەدانی هەرێم بەهیزبو موچەی بندیوار لەوەدایە، چینێکی مشەخۆرو گەمژەو تەمەڵو بێبەرهەم دروستئەبێ کە بایەخ بۆبیرو تواناو داهێنانو زیرەکیو بلیمەتی ناهێڵێ. بەپێی بیردۆزەی (پێویستی دایکی داهێنانە)

`

چاوەڕوانی لە هیچ هیزبو هیچ ئەندامێکیان ناکرێ کە داهێنانێ بکەن، چونکە بەبێ ئارەقی ناوچەوان، هەمو پێویستییەکی ژیانیان دابینکراوەو وەك گای ئەلی هەر خۆیانئەلێسنەوە. لەبەرئەوە ئامێری بیریان ژەنگهەڵئەهێنێو لەکارئەکەوێو ئەنجام زەرەرمەندی گەورە میللەتئەبێ. ئەم دیاردەیە، لەهیچ وڵاتێکی یاسایەروەری دنیای پێشومانا بونی نیە.

لەهیچ دەوڵەتێکی یاساسەروەرا، دو سوپاو میلیشیا نیە. ئەمە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە. یەکەم مەرجی چاکسازی: لابردنی دەستی هیزبە لەسەر بوجەو داهاتەکانی هەرێم. دوەم مەرج: یەکخستنی هەمو هێزەکانی چەکدار. هەروها یەکخستنی هەمو دەزگا هکومییەکانو نەهێشتنی هەمو دیاردەیەکی دو ئیدارەیی بەدناو. لەهەمان کاتا پێویستە مەشقی سەربازی بەهەمو کوڕو کچێکی هەژدەساڵان بکرێ بۆماوەی ٣ مانگ. سەربازیی خۆویست (ئیختیاری)ش پەیڕەوکرێ. سەبارەت چەك، چەندین سەرچاوە هەیە کە ئامادەن چەکی قورسو فڕۆکەو کارگەی دروستکردنی چەکو تۆڕی دژەئاسمانیش بەقەرزی نەوتو گاز بفرۆشن. وڵاتێکی وەکو نەرویج، بۆنمونە، تەنیا بەداهاتە ناوخۆییەکانی: موچەو پرۆژە مەدەنییەکانی دابینئەکا. هەمو داهاتی نەوتەکەی تەرخانئەکا بۆپرۆژە سەربازییەکانی، ئەوەی ئەشمێنێتەوە، ئەیکا بە یەدەك بۆرۆژەی تەنگانە. با هەرێمەکەی سەر زەویمان سامانە سروشتییەکانی تەرخانکا بۆبەرگری لەقەوارەکەی خۆی. بەجۆرێ کە هیچ دوژمنێ نەتوانێ سنورەکانی ببەزێنێ. با رونکاربێ لەهەمو داهاتەکانیا، بەتایبەتی نەوتو گازو دەروازە سنورییەکان. هەمو داهاتەکان بخرێنە ناو بوجەی گشتییەوەو میزانییەی بۆرێکخرێ. لەکۆتایی ساڵا ئەژماری کۆتاییو وردبینیی بۆبکرێو دواجار

`

بخرێته بەر دیدی میللەتو دیوانی چاودێریی داراییان. با هاوردەو هەناردەیان، ڕەهاکرێن بۆهکومەتو بۆکەرتی تایبەتیش. بۆئەوەی لەئەنجامی رکابەری (مونافەسە)ەوە کالا هەرزانو جۆر باشو باشترکرێ. موچەی زۆری پلە بەرزەکانو ئەندام پەرلەمان، بۆکڕینی ویژدانیانە. کەمکردنەوەی بەڕێژەی ٧٠٪پێویستە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆی هەرێم. ناشبێ موچەی خانەنشینیان بدرێتێ. ئەتوانن، دوای ئەو پۆستانەیان، بگەڕێنەوە بۆسەر کارەکانی پێشویان تا خزمەتی خانەنشینی تەواوئەکەن بەپێی یاسا. ئەمە دەستوری هەمو وڵاتانی پێشکەوتوە لەدنیادا. کەمکردنەوەی کەناڵە ئاسمانییەکانو زانکۆ هکومیەکان کە بەبوجەیەیکی زۆر گەورە بەڕێئەکرێن. کەناڵی زۆر، بەبەرنامەی پڕوپوچ پڕئەکرێنەوە. زانکۆی زۆریش، نەوەیەکی بێبەرهەمی لێئەکەوێتەوە. دەرچوەکان ئەبنە کوردەکەی لەهەردو جەژنبو! نە دائەمەزرێنرێن، نە لەڕویاندێ کاری دەستوبازو بکەن!. ناچار رو لەهەندەران ئەکەن، بەدەگمەننەبێ ناگەڕێنەوە، نە خۆیان نە منالیان. دواییش لەناو میللەتانیترا ئەتوێنەوە وەك نەوەکانی سەلاهەدینی ئەیوبی. ئێستا چەن ملیۆنێ کورد لەو وڵاتانە لەژێر مەترسیی توانەوەدان. ئەمەش جۆرێکە لەجینۆسایدی ئێمە! ئەشێ ئەم دیاردەیە بۆئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان هەیە، ئەو مەترسییەی نەبێ، بەڵام بۆنەتەوەی بێدەوڵەت، مەترسییەکە گەوەرەیە، توانەوەی ئاشورییەکان بۆنمونە. گرنگیدان بەکەرتی پێشەسازیو کشتوکاڵیو گەشتیاریو ژینگەو ئاژەڵداری بەپێی نەخشەی زانستیو کردەیی نەك هەر قسە، چاوگێڕانەوە بەمیلاکی فەرمانگەکاناو کەمکردنەوەی فەرمانبەرو نەهێشتنی رۆتینو رەخساندنی هەلی کار بۆیان لەکەرتی تایبەت. بیمەی رادەی کەمی ژیان، بۆپەککەوتوانی بێداهات. دابینکردنی دڵنیایی

`

تەندروستی بۆهاولاتیان، پەرەدان بەنەخۆشخانە گشتییەکان، موچەی پزیشکو کارمەندانی تەندروستی بەپێی بارستایی کارەکانیان.. موچەی مامۆستایان لەهەمو قۆناغەکانی خوێندنا، بەپێی بڕی وانەکانیانبێ. داڕشتنی دەستورێ بۆهەرێم کە سەروەریی یاساو مافو ئازادیی تاکەکەسو پێکهاتە ئاینیو نەتەوەییەکانی تیاپارێزراوبێ، سنوری هەرێمی تیا دیاریکرابێ، یاساکان لەدەستورەوە سەرچاوەبگرن. پەروەردەی نەتەوەیی لەمنالّییەوە. ئەگەر ئەوە نەکرێ، ئەوا ناخی نەوەکانمان بەپەروەردەی دژەنەتەوەیی پڕئەکرێتەوە. توێژینەوەی زانستیو کاری کردەیی بۆرزگارکردن لەگرێی خواردەستیو هەست بەکەمیکردن. یاسا، بەڕاستی سەروەربێو ئەنجومەنی وەزیران لەکەسانی پیشەوەر (تەکنۆکرات) پێکبێ. بۆ تێپەڕاننی تەنگژەی ئابوری، پەیڕەوکردنی بەرنامەی دەسگرتنەوە (تەقەشوف). لەئاستی نێودەوڵەتیا، هەمو هێلکەکان نەخرێنە سەبەتەی رۆژهەلآت یا رۆژئاواوە. نەرمیو سیاسەت لەگەڵ زلهێزەکان..

تێبینی: پێداگری ئەکەین لەسەر ئەو خالآنەو دوبارەیانئەکەینەوەو ئەڵێین: وەك چۆن ژینگەکان چونیەکنین، کۆمەلگەکانیش چونیەکنین، هەرکۆمەلگەو لەهەر سەردەمو بارودۆخێکا، جۆرە خەباتێکو جورە سیستمێکی بۆئەگونجێو گەشەی پێئەدا. واتا ئەبێ کالآ لەقەد بالآبێ. ئەشێ ئەم راسپاردانە، کالآی بەقەد بالآی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانبێ، لەهەلی گونجاوا دەوڵەتی سەربەخۆش دابینبکا. ئاییندە، بەرنامەی جیاوازی خۆی ئەبێ. بەپەیڕەوکردنی ئەو خالآنەش، هەرێم پێویستیی بەبوجەو موچەی ناوەند نامێنێ. بەڵکو ئەتوانێ موچە راگیراوەکانو

`

پاشەکەوتەکانو پێشینە ڕاگیراوەکانی بەڵێندەرانیش ئازادکرێن بۆئەوەی متمانە دروستبێتەوە بۆپرۆژەی نویَ...

ئەم راسپاردانە، چاکسازیە بۆهەمو هەرێم. نابیَ ناڕازیبونی لایەنیَ، ببێتە بیانو بۆلایەنەکەیتر. هەر لایەنێکی رازی لەناوچەکەی خۆیا پەیڕەویکا، سۆزی میللەت بۆخۆی رائەکێشیَ..

با کابینەی هەرێم بەسەرۆکایەتی هەر کەسیَ، شانبداتە بەر چاکسازییەکی لەوجۆرە لەماوەی ساڵێکا. وەگەر نا، ئەوسا ئەرکی میللەت ئەبیَ خۆی دەسڵات بگرێتە دەستو بەرنامەیەکی لەوجۆرە پەیڕەوکا. گرتنەدەستی دەسەڵاتیش بە دو رێگە ئەبیَ: یا بەڕاپەڕینیَ بەسەرکردایەتی قارەمانێکی هەڵکەوتوی نەتەوەیی، یا لەڕێگەی سنوقەکانی دەنگدانەوە بۆهەڵبژاردنی گشتی بەپاکی. باشتر وایە کار نەگاتە خوێنڕشتن. بەپێچەوانەوە، ئەوسا ئەرکی هەمو کەسێکی کوردپەروەر، ئەوەئەبیَ: هەولی زیاتربدا بۆخۆرێکخستنو بۆبلاوکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی. با ئەم بوارەش تاقیکرێتەوە. لەهەمو بارێکا، ئەرکی گەلو دڵسۆزەکانێتی گلەییو گازندەکانیان بکەن بەکردار..

چەپڵەیەکی زۆر لێدرا

لەو ماوەیەدا بەشیرو مریەم لەگفتوگۆی خۆیاندابون.

`

لەدەنگی جەپڵەکان، بەشیر بەئاگاهاتو وتی شادمانم بەوەی وەجاخم رونە. ئەوەتا نەك هەر هەوتەی مژدەبەر، بەڵکو ئامۆژگارییەکانم، لە وتەو چەپڵەی هەزارانێکیترا ئەزرنگێنەوە..

رۆڵەکانم: .

بەڵگەنەویستە، چەك، هۆکاری هێزە بۆسەروەریی نەتەوەکان بەگشتیو نەتەوەی ئێمە بەتایبەتی. داگیرکەران بۆیە زاڵن بەسەرمانا، چونکە چەکیان زیاترو کاریگەرترە. ئەوەی هەندێ دەوڵەتی کردوە بەزلهێز، چەکە. پاراستنی نەتەوەکانو سەرکەوتنیان لەجەنگەکاندا، هەر چەکە. ئەگەر چەك یەکجار پێویستبێ بۆگەلان، بۆئێمە دوجار پێویستە، چونکە گەلی ئێمە هەرچوارپەلی بەستراوەتەوەو چەك هۆکاری کردنەوەو رزگاربونیەتی. هەمو زاراوەکانی ئاشتیو برایەتیو دیموکراتیو مافی مرۆڤو دەستورو یاسا نێو دەوڵەتییەکانو دانوستانو کوڕوزانەوەو...هتد درۆو چەواشەکاریو بێسودن. ئێمە ئەگەر خۆمان سەروەریی خۆمان دابین نەکەین، کەس بەتەنگمانەوە نایەت. یەکگرتوشبین، بەبێ چەکی کاریگەر، هیچمان پێناکرێ. چەك پارێزەری بیرە، بیریش دروستکەرو ئاراستەکەری چەکە، بیرو چەك تەواوکەری یەکدین.

ئەگەر لەڕابوردودا هەلی پەیاکردنی چەکی کاریگەرمان بۆنەڕەخسابێ، لەئێستادا ئەو هەلە لەبەردەستە. لەپێشترین (ئەولەویەت)یان، پەیداکردنی چەکی ئەوتۆیە بمانپارێزێ لەئۆپراسیۆنەکانی داگیرکەران کە هەمو کاتێ چاوەڕوانکراوە لەلایەن داگیرکەرانەوە. با وانەیەك لەرۆژئاوا وەرگیرێ. با کڕینی چەك پێش هەمو

`

پرۆژەکان بخرێ. لەپێشترینی جەکیش بۆئەمرۆ: چەکی دژە ئاسمانییە. ئەگەر پارەی کاشیش نەبێ، بەقەرزی نەوتو گاز چەك دابینئەکرێ. بۆنمونە کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، کاری لەپێشینەیان دەستەبەرکردنی چەکبو کە بوە هۆی زاڵبونیان بەسەر چەندین وڵاتیترداساڵی ١٩٥٦. واتا دوای هەشت ساڵ لەدوستبونی قەوارەکەیان. هەروەها لەشەڕەکانیتریشا. چەکی هاوپەیمانان هەرەسی بەدەوڵتی ئوسمانی هێنا. بۆمبای ئەتۆم پشتی ئەڵمانی شکاند!. فڕۆکەکانی ئنگلیز پاشانشینەکەی شێخ مەهمودی لەناوبردو چەندین نمونەیتر. پارەی کڕینی ژمارەیەك فڕۆکەی جەنگیش، کەمترە لەپارەی ساڵێکی گەندەڵی. با جارێ هۆکارەکانی راگەیاندنو زانکۆکانو پرۆژەکانی تونێلو باڵەخانەی بەرزو شەقامی زۆرو هاوردەی فەنتازیاو هاوشێوەکانیان کەمکرێنەوەو دەستگرتنەوە (تقشف) لەهەمو بوارەکاندا تا ئاسایشی نەتەوەییمان دابینئەکەین. وەستا رەجەب بەتەنیا تۆپی جەنگیی دروستکرد بۆ میرنشینیی رەواندز. کەچی لەماوەی ساڵانێکی زۆری تەمەنی هەرێما، نەتوانراوە فیشەکێك دروستکرێ!. ئەمە شورەییە. بەسە ئیتر بودەڵەیو گەندەڵی. بەسە ئیتر دەسپانکردنەوە لەمولەو بۆ هەنێ چەکی ئێکسپایەری دەوڵەتان. ئەی خۆمان چین!؟ کڕین یا دروستکردنیان. خۆ ئێمەش مرۆڤین وەك ئەوان.

چەپڵەیەکی زۆر.

بەشیر موشیری گەورەی گەورەکان

بەو ئاڕاستەیە، دوای گەشتی ژیان

`

وەك بۆمبای ئەتۆم سێ دانەی تەقان

یەك بۆ هەمیستگان ، دوەم بۆ جیهان

سێیەم بۆ مریەم شاجوانی جوانان

مریەم هاتەدەنگو وتی:

لەهۆنراوەی (بۆ بێ دەوڵەتین، کوا قارەمان؟) رومانکردە قارەمانو وتمان:

لەیەك کاتا، بەچوارلادا، یەکەمین دەسوەشێنەربە

ئاشتی لەلولەی چەکدایە، چەکی گران پەیاکەربە

لێرەدا ئەم شارایەش ئەخەینەسەر خەرمانی هەمانبیرۆکەو هەمانگرنگیی چەك:

## هۆنراوەی چەک

خۆشەویستەکەم

شێری هەمو دەم

خاوەنی دڵی بێبەزەییو رەق

ئەی ئاوەڵی شەق

`

دۆستی دێرینی دارو تێلاو لیس

هێزی سەربازو پێمیمو پۆلیس

ئاشتیپارێزی دورە رێو ناوەند

مایەی ئارامیی نیشتەجێو رەوەند

تۆ بەرهەمێکی بەردەوام باوی

بەدکار لێگەڕێ، بیلبیلەی چاوی

تاوان تۆ نایکەی، تاوانکار هۆیە

ئەو دڵی رەشو پاڵنەری تۆیە

تۆ بۆخاوەن ماف، دەستی فریادی

جێبەجێکاری بریاری دادی

زلهێز بەتۆوە دەنگی دلێرە

فەرمانی وەکو فەرمانی شێرە

ئەی پارێزەری پشتوێنی سنور

قەڵغانی یاساو سەروەریی دەستور

`

ئامێری پارسەنگ

بۆئاسایشو رونەدانی جەنگ

هۆکاری رەواو گێڕانەوەی ماف

بێ لافو گەزاف

ئێمەی بەشخوراو

ماڵ دابەشکراو

هەروەکو خۆراك

هەندەی پیرۆزیی نیشتمانو خاك

لامان مەبەستی

بۆ سەربەخۆیی، ئامڕازی دەستی

هۆ هاوڕێی کوتەك:

گیانەکەم ئەی چەك

گوێ نەگری لەڕای پیاوی ترسنۆك

فەلسەفەی نەزۆك

`

گوایە لەمرۆدا باوت نەماوە

فەرمایشتی وا، بیانوی دۆڕاوە

بانگی کەسانی پڕبوی دۆلارە

خاوەنی سەری سەرنەویو لارە

مەرد ئەو کەسەیە هەڵوێستی هەبێ

ملکەچی دەستی سەردەستی نەبێ

ئەی چەك: تا هەتا هەرتۆ پێشەنگی

سوارچاکی مەیدان، براوەی جەنگی

گفتو پەیمانە

مەرجی مەردانە

دوای رزگاریمان، بۆ تاوێ وچان

ئەیکەین بە شاییو ئاهەنگی شەوان

وێنەی ئینجانەی سەرمێزی پڕ گوڵ

ئەتنێینە شوشەی کریستاڵی دڵ

`

**شریخەی چەپڵە گەیشتە هەوری ئاسمان**

**مریەم بەردەوامبو: ئا بەم بڕوایەوەو بەزەبری چەك، باپیرە گەورەی من ئەسکەندەری مەکدۆنی، ساڵی ٣٣٤ پێش زاین، لەیۆنانەوە هەزاران کیلۆ مەتری بڕیو گەیشتە ئێرانو، بەلەشکرێکی کەمەوە، فارسەکانی کەلەپاچەکردو راوینان بۆئەودیو سنوری ئێران، دەستیگرت بەسەر هەمو مڵکو ماڵیانداو ئیمپراتۆریەتی فارسیی ئەخەمینی روخان.**

**ئەی رۆڵەکانی کوردی دلێر: ئەسکەندەری باپیری من ، مامۆستایەکی فەیلەسوفو گەورەی وەك ئەرەستۆی هەبو. ئێوەش مامۆستایەکی فەیلەسوفو بلیمەتێکی گەورەی وەك بەشیر موشیرتان هەیە!. رابن، رابن ئەی دلێران.**

**هاڕەی چەپڵە، زەویی هێنایە لەرزین!.**

**دو رۆشنبیر کە لەدور وڵاتەوە هاتبون، خۆیانکرد بەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا. کتێبێ لەبندەستی یەکێکیان. ئەویتریان دروشمێکی بەرزکردبوەوە کە بریتیبو لەبەرگی کتێبەکەو لەسەری نوسرابو:**

(دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان-لەناوەوە بونیادنان، لەدەرەوە دانپیانان) **نوسینی د. بورهان یاسینو سەردار ئەزیز.**

**چەپڵەیەکیان بۆلێدرا. بەشیر دوای بەخێرهاتنیان، وتی: رۆڵەکانم، کارێکی باشتان ئەنجامداوە. دەسخۆش بۆئەو کتێبەتان. هیوادارم ئەوانەی لەتاراوگەن، نیشتمانو**

`

نەتەوەی خۆیان بیرنەچێتەوە. هەریەك لایخۆیەوە چیی پێبکرێ درێغی نەکا. مرۆڤی رەسەن ئەوەیە جەستەی لەهەرکوێبێ، دڵی لای نیشتمانو نەتەوەی خۆیەتی.

کارەکەتان باشە، شیکردنەوەی زۆر هەڵئەگرێ. مەگەر بەکتێبێ. لێرەدا زۆر بەکورتی، هەندێ سەرنج:

ئەگەر دەوڵەمەندێ خەستەخانەیەکی دروستکرد، هەڵەیە بڵێین بۆئەوەیە زەوییەکانیتری بایەخی زیاتر پەیاکەن!. راست ئەوەیە هانی خەڵکیتر بدەن ئەوانیش قوتابخانەیەك دروسبکەن. چەنجار ئەوەتان دوبارەکردۆتەوە کە بانگەشەی فلان هیزب بۆسەربەخۆیی بۆئەوەیە لەهەڵبژاردنا دەنگی زیاتر بێنێ!. ئەوە هەڵەیە. راست ئەوەیە هانی ئەوانیتریش بدەی هەمان ئاڕاستەبگرنو کاریبۆبکەن ئەگەر راستئەکەن نیشتمانپەروەرن. واتا با دروشمەکە ببێتە هۆکاری پێشبڕکێ بۆسەربەخۆیی. ئەوسا میللەت سەرنجئەدا کامیان بەڕاستیانەو کامیان بۆموزایەدەیە. ئەوەتا هەر خۆتان ئاماژە بۆبەرەی دژە سەربەخۆییەکانیش ئەکەن، کەواتە با پەرە بەئاڕاستەی سەربەخۆیی بدەینو بەرەی دوەم رسواکەین وەکچۆن خەڵکەکە ناویاننناون (زۆڵەك - ئایدیایان مارکسیبێ یا ئاینی یا ئیراکچی یا گەمژەیی یا هەرچیتر). لەهەمان کاتا ئەوەش راستنیە کە خاوەنی یەکەمی بیری سەربەخۆیی، پارتیبێ! وەك ئێوە نوسیوتانە. نەخێر ئەو خاوەنە: کاژیکو پاسۆکبون کە ١٩٥٩/٤/١٤و ١٩٧٦/٩/١١ بانگی سەربەخۆییانداو کوردایەتییان لەدروشمەوە گۆڕی بۆبیروباوەڕ، هەرچەندە دۆخەکە لەبارنەبو بۆگەشەکردنیان. دیسان ئەوەش دروستنیە ئێوەی سەربەخۆییخواز لەناو رێکخراوێکی سیاسی وادابن کە دامەزرێنەرەکەیو کادیرە

`

بالآكانی، تاسەر ئێسقان، یا دژە سەربەخۆییبون! یا دەستیان سور بەخوێنی کورد، یا جاش ئایینداری درۆ!. ئەوەش راستنیە کە وتوتانە: (وتاری دژەدەوڵەت بۆتە وتاری بیستراوو بەهێز!) کەی وایە؟ ئەی دەنگی سەربەخۆیی ٩٣٪، ٩٨٪ نەبو لە دو گشتپرسییەکەدا؟.

ئێوە دەرئەنجامەکەتان لەسێ ئەگەردا چڕکردۆتەوە لەلاپەڕە ٣٤٥دا کە لە (شیردا بۆداپیر) ئەچێ! هیچ دەورێکتان دانەناوە بۆتواناو خواستی گەلی کورد!. ئێوە، بۆسەربەخۆیی، بونیادنانی ناوەوەتان سپاردوە بەپارتەکان! لەکاتێکا ئەو پارتانە هەمویان پارتی بازرگانینو ڤایرۆسی لەناوبردنی سەربەخۆیین. ئاخر گورگ چۆنئەکرێ بەپاسەوانی مەڕ!؟. لەئاستی نێودەوڵەتێش، بەتەمانەبن هیچ دەوڵەتێ لەڕاهی خوادا ئێراك هەڵوەشێنێتەوەو دەوڵەت بۆکورد دروستکا مەگەر بۆمەرامی خۆی. دەوڵەت ویستو کاری نەتەوە خۆیەتی نەك کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی. کوا بەدرێژایی مێژو کێ دەوڵەتی بۆ کێ دروستکردوە؟ وەرن لەگەڵمانا بزانن دەوڵەت چۆن دروستئەکرێ.

دەنگێ بەرزبووەوە: گەورەم کێشەی ناوچە داگیرکراوەکان لەباشور بەمادەی سەدو چل چارەسەرئەکرێ؟

لەوەڵاما: کوڕم ئەو کێشەیە بەو مادەیە چارەسەر ناکرێ. ئەو کێشەیە بەفەرمودەکانی خۆیان  چارەسەرئەکرێ: ومن اعتدی علیکم فاعتدوا علیه بمثل ما اعتدی علیکم.. وجزاء السیئة سیئة مثلها. ئەگەر وامانکرد، هەمو هاوردە تەعریبچیەکان قەلفڕی بۆئەکەن.

`

چەپڵەیەکی ئەوەنە بەهێزی بۆلێدرا کە لەسەرتاسەری پارێزگاکانی دهۆکو هەولێرو سلێمانیو کەرکوکو دیالەو بەغاو سەلاهەدینو نەینەوا دەنگیدایەوە.

*

## راپەڕینە گەورەکە

ئەو گردبونەوەیە لەڕێی چەند کەناڵێکی تەلەفیزیۆنییەوە پەخشکراو هەمو شارو شارۆچکەکانی هەرێم بینەریبون. گردبونەوەکە رێکەوتی کاتێکیکرد کە گەندەڵیی دەسەڵاتو هەژاریی خەڵکی، بەجۆرێ پەرەیسەندبو، میللەت تەواو بێزاربوبو. تەنانەت پرژی هەژاریو بێزاری، بەر پاسەوانەکانی دەسەڵاتیش کەوتبو. بگرە بێزارییەکەی ئەو پاسەوانانە زیاتربو لەخەڵکیتر!. چونکە ئەمان لەنزیکەوە ئاگاداری گەندەڵییەکانبون. بێزارییەکەیان بەزۆری لەوەدابو کە شەوان تا بەرەبەیان تالاوی سەرمایانئەچەشت، گەندەڵەکانیش لەژوری گەرموگوڕا، مێزی مەی و قوماریان رازاوەبو!. نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەمان ئەیانزانی دەسەڵات بەهۆی ئەمانەوەو پشتبەست بەمان دەمیان ژەنیوەتە خوێنی ئەو خەڵکە. ئەشیانزانی ژێرزەمینە پڕدۆلارەکان لەکوێن. لەبەرئەوە، کە رابونو راپەڕین دەستیپێکرد، بەجۆرێ تەشەنەئەکا، نەك هەر شارەکان، بەڵکو گوندەکانیشی ئەگرێتەوە. هەرچی گەندەڵکارانیشە، کونە مشکیان لێئەبێ بەقەیسەری، دەسگیرئەکرێنو ملکو ماڵی ناڕەوایان لێئەسەنرێتەوەو بەر سزای گەل ئەکەون. تەنانەت هی ئەوانەی لەگۆڕیشدابن. ئیتر سروشت هەروایەو هەروابوە، کە جام پڕبو، لێیئەڕژێ. ئەنجامی گوشار، تەقینەوەیە. تەقینەوەکەش لەپڕ ئەبێ.

`

بەڵێ راپەڕینی جەماوەر لەپڕ بەرپابو. زۆر بەخێرایی ئەو چاکسازیانە ئەنجامدران کە پێشتر ئاماژەیان بۆکرابو لەگەڵ راسپاردەکانی هاوڕێیانیش. لەهەموی بەپەلەتر: یەکخستنی هەمو هێزە چەکدارەکانو موتوربەکردنیان بەهەزاران هەزار گەنجی خوێنگەرم لەهەردو رەگەز.

بەو چاکسازیانە، خەزێنەی میری پڕبو، موچە پاشەکەوتکراوەکان گەڕێنرانەوە بۆموچەخۆران، پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران کە وەستێنرابو، بەرزکرانەوە. پرۆژە پێویستە راگیراوەکانو پرۆژەی تازە خرانەوە گەڕ. چەکی بانکیە سڕکراوەکان رەهاکرانەوە. پێشینەی هاوسەرگیری دەسپێکرایەوە. هەروەها پێشینەی خانوبەرەو رهون، یارمەتیی خوێندکاران. بەو جۆرە خۆشگوزەرانی بەرپابو.

بەهەمان جۆر، لەهەمیستگانیش، بەسەرۆکایەتی بەشیر موشیر، راپەڕین بەرپابو.

بەرلەوەی زلهێزەکانو چوار پایتەختەکان کاردانەوەیان هەبێ، کۆنسوڵخانەکان بانگکرانو ئاگادارکران کە ئەوەی رویداوە، تەنیا بۆچاکسازییەو ئاڵوگۆڕێکی ناوخۆییەو پەیوەندییە دەرەکیەکانمان وەك خۆیان ئەمێننەوە.

بەشیر لەهەمیستگانیش دیماغی خستەکارو بەپای پیلانو لەڕێی نێردەیەکیەوە، چپەیەکی بەگوێی کاربەدەستانی ناوەندا کردبو کە دورنیە گەندەڵیو بێزاریی خەڵك لەهەرێما، تەقینەوەیەکی لێبکەوێتەوە، لاتان ئاساییبێ، پەیوەندییەکانی هەرێمو

`

ناوەند، وەك خۆيان ئەمێننەوە. ئەوەش وایکرد کە ناوەند کاردانەوەیەکی نەبێ. بەڵکو خۆی بەوەوە بابدا کە پێشەکی ئاگاداری ئەو جموجۆڵەبوە!.

بەدەم قرخەقرخی پێکەنینێکەوە، دەنگێ بیسترا: ئەمەیە ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیەی ئەتانوت دایئەمەزرێنین!؟ خۆ ئەمیش هەر ئۆتۆنۆمیەکەیە! پفففف.

بەشیر وەڵامیدایەوە: دەفەرمو ئەمیش گاگویەکیتر! ئاخر هەی دیماغ، بۆچی ئەمە خومخانەیە!؟ تۆ نابێ دانبەخۆتا بگریو ببینی کاروانەکە چۆنو بە چ رێگەیەکا ئەڕوا؟

چەپڵەو پێکەنین.

بەنەهێشتنی گەندەڵیو بەهۆی چاکسازییەکانەوەو پەرەدان بەسامانی ژێرزەویو سەرزەوی، لێرەو لەبەرزەخیش، هەرێم بەجۆرێ دەوڵەمەندبو کەبتوانێ خۆی پڕچەکبکاو بەرگری لەخۆیبکا. سەرەتا ژمارەیەکی زۆر درونو موشەکو کارگەی دروستکردنی درونو هەمو جۆرە چەکێ لەناوچە شاخاوییەکانا بەجۆرێ جێگیرکرانو سەقفی شیشبەندو کۆنکرێتییان بۆدروستکرا کە فڕۆکەو مانگی دەسکردیش نەیانبینن. ژمارەیەك ئەندازیار نێردرا بۆناوەندی ئەو کارگانە بۆفێربون، بەتایبەتی فێربونی دروستکردنی فڕۆکەی جەنگیو درونو ئەتۆمیش. لەگەڕانەوەیانا، چەن پسپورێکیان لەگەڵ خۆیان هێنا بۆراهێنانو زانیاریی زیاتر.

دەنگێ بەرزبووەوە: چییی! ئەتۆمیش!!!؟؟؟

`

بەڵێ ئەتۆمیش، ئەیخۆ ئێمە لەپاکستان کەمترنین. جولەکە لەگەڵ دامازراندنی دەوڵەتەکەیانا بیریان لەچەکی ئەتۆمکردەوەو زۆرینەبرد دروستیانکرد. هەر ئەو چەکەشە بۆتە زامنی مانەوەی دەوڵەتەکەیان. ئەگینا هەمویانیان فرێئەدایە دەریاکان!. ئۆکرانیا هەڵەیەکی گەورەیکرد کە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، وازی لەدروستکردنی چەکی ئەتۆمی هێنا، لەکاتێکا هەنێ کارگەی ئەتۆمی لەسەردەمی سۆڤێتا لەئۆکرانیابو. ئەگەر بەردەوامبونایا لەسەر وەگەڕخستنی ئەو کارگانە، روسیا نەیئەتوانی هێرشیان بکاتەسەر. ئەگەر روسیاو رۆژئاوا هاوسەنگ نەبونایە لەچەکی ئەتۆمیا، دەمێبو جەنگی جیهانیی سێیەم هەڵگیرسابو. ئێمە ئەگەر ببینە خاوەن چەکی ئەتۆمی، تورکی رەگەزپەرست پرکێشی ناکا بڵێ دەوڵەتی کوردی لەسەر مەریخیشبێ لەناویئەبەم! بەڵکو ئێمە تۆڵەیان لێئەکەینەوە. بەکورتی ئەگەر چەکی ئەتۆمی جارێك پێویستبێ بۆ گەلان، بۆئێمە چوار جار پێویستە. دروستکردنی ئەم چەکەش کاری نەکردەنیە، ئەگەر ئیسرائیلو رۆژئاوا رێگر نەبونایە، دەمێبو مەلاکانی ئێران دروستیانکردبو!.

لەلایەکیترەوە، سەرۆك زۆربەنهێنی کەوتە کڕینی ویژدانی دوژمنانو بەجاشکردنیان لەهەر جێیەك.

سەرۆك گرنگییدا بەهێزی گوشار (لۆبی) لە وڵاتانی دەوروبەرو وڵاتانی زلهێزەکانیش بۆ زیاتر ناساندنی ئێمەو پەیاکردنی دۆستو پشتگیریمانو وەبەرهێنانی زیاتر.

`

لەهەرێم، دەرگا کرایەوە بۆهاتنی گەنجانی پارچەکانیترو دامەزراننیان لەریزەکانی جەنگاوەرانا. زۆر گرنگیدرا بەبەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەرانو گەنجانو هەمو تاکێکی نەتەوە بەگشتیو بوژانەوەی کەسێتییان.

هەمو ئەو چاکسازییانە ئەنجامدران کە پێشتر ئاماژەیان بۆکرابو، بەتایبەتی سیستمی پارتایەتی هەڵپسێردرا تا ئەوکاتەی ئاستی رۆشنبیریی نەتەوە ئەگاتە ئاستی رۆژئاوای جیهان.

سێ پەندەکەی زەردەشت کرا بەچوار: بیری چاك، گفتاری چاك، کرداری چاك، گورزی چاك.

گرنگییەکی زۆردرا بەکەرتی پەروەردەو پەروەردەی نەتەوەیی لەباخچەی منالانەوە تا دوا پلەی خوێندنو..هتد

لەگەڵ هەمو ئەو هەوڵو بەرنامەو خالانەشا، گیانی بەشیر روانی هێشتا هەل لەبارنیە بۆراگەیاننی سەربەخۆیی. چونکە پەیمانەکەی سایکس بیکۆ، لەتۆڵەی کردەوەکانی سەلاهەدینی ئەیوبیا، بەجۆرێ کوردستانی لەتلەتکردوە کە کورد هەمیشە کەمینەو ژێردەستەو کۆیلەبێ لەناو چوار دەوڵەتەکە، بۆئەوەی نە بە شەڕو نە لەڕێگەی سنوقی دەنگدانەوە، نەتوانێ بەمافی سەربەخۆیی بگا.

لەدیدێکیترەوە، ئێستا هەرێمو پارچەکانیتر، شادەماری ئابوریی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەن بەهۆی سامانی گازو نەوتو ئاو و چەندین کانزایترەوە. لەبەرئەوە، ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە، هیچکامیان رازینابن بەشێك لەجەستەیان بکرێتەوە. نەك

`

هەرئەوە، بەڵکو ئەگەر لەهەرکامیاناو بەهەر پاساوو هۆیەك، دەوەڵەتێکمان ڕاگەیان، ئەوا بەهەمویان گەلەکۆمەکێی لەناوبردنی ئەکەن وەك لە گشتپرسیەکەی ساڵی ٢٠١٧ دا بینیمان. تەنانەت ئەگەر ناوەندە دەسکردەکەش هەڵوەشێنرێتەوە، وەك کتێبەکەی ئەو دو برادەرە (لەناوەوە بونیادنان، لەدەرەوە دانپیانان) ئەوا دراوسێکان میراتەکەی بۆخۆیان برابەشئەکەن وەك سەردەمی چاڵدێران. کوردەکەش سفر هیچ بەدەستەوە ئەبێ!.

لەگەڵ ئەو ڕاستییە تاڵانەشدا، ئایا دامەزرانی دەوڵەتێ، لەدەس سەرکردەو قارەمانو بلیمەتێکی گەورە دەرئەچێ کە گیانی بەشیر موشیری تیا چێنرابێ!؟

بەشیر لەبەرزەخەوە کەوتەوە دەریای خەیاڵ، ئەمجارە بەجۆرێکیتر دیماغی خستەکار: دانی بۆ سەرکردەو کاربەدەستو کەسایەتییە گەورەکانی ناوەند ڕۆکرد. دڵنیایکردنەوە لەوەی دوژمنی هەردولامان یەکە. چارەنوسمان یەکە، بەرژەوەندیمان یەکە، لەیەك کەشتیداینو لەهەر لایەکەوە کەشتییەکە دەلاقەیەکی تێکەوێ، هەمومان بەیەکەوە ژێر ئاو ئەکەوین. لەبەرئەوە، با وەك دو برا، پشتبنێین بەیەکەوە، ئەگەر برا لەپشت برابێ مەگەر قەزا لای خوابێ. ئەوەی دوبارەکردەوە کە دوژمنمان یەکە. هەرێم پەناگەی ئارامی ئێوەیە، لەهەر کاتێکا مەترسی لەسەر دەسەڵاتتانو لەسەر گیانتان دروستببێ، هێزەکانمان ئەبنە فریادڕەستانو قەوارە سیاسییەکەتانو ناوەندەکەتان ئەپارێزن لەمەترسییەکانی ئاژاوەگێڕانو کودەتاچیانو دائشو شێوەکانی دائش.

`

جارێکیتر گەمژەکە دەستیگرت بەدەمیەوەو بەدەم قرخەقرخەوە وتی: ئای لەوە! خۆ ئەمیش هەر ئیراکچێتیەکەیە! پفففف.

دەنگێ وەڵامیدایەوە: چاوەڕوانکە، بزانە رۆمانەکە بەچیئەگا. گرنگ ئەنجامە.

دوایئەوە، گیانی بەشیر خۆینایەوە بۆهەلێ کە دەسەڵاتی ناوەند بکەوێتە بەر مەترسییەکو داوای پشتگیریی سەربازی لەهەرێم بکا. ئەوەش ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە لەهەر کاتێکا. . ئەم وڵاتە هەر ئەو وڵاتەئەبێ کە سەد ساڵە ئارامیی بەخۆیەوە نەدیوە، چەندین کودەتای تیاکراوەو سەری گەورەی تیاپەڕێنراوە.

لەگەڵ داوایەکی لەوجۆرەدا، تەنانەت بەبێ داواش، بەشیر گفتەکانی خۆی جێبەجێئەکا. هێزێکی زۆرو کاریگەر ئەڕژێنێتە چواردەوری ناوەند. تەنانەت لەکاتی کودەتایەکیشا کە هێشتا کودەتاچیەکان جێپێی خۆیان توند نەکردوە، هێزەکانی بەشیر، بەئاسانی، کودەتایەکی پێچەوانە بەسەر کودەتاچیەکانا ئەکەن چونکە ئەو کودەتاچیانە سەرەتا بەهێزنین.

**هێزەکانی رژانە ناوەند**

**زۆرینەبرد، پێشبینییەکە هاتەدی. ئاژاوەیەك لەناوەند بەرپابو. مەترسیی** کودەتایەك دروستبو. دەسەڵاتی ناوەند هانای بۆدەسەڵاتی هەرێم هێناو ئەمیش هێزەکانی رژانە ناوەندو دەستیانگرت بەسەر ناوچە گرنگەکانا. ئنجا بەناوی پارستنیانو پشودانەوە، هەمو سەرۆکو وەزیرەکانو ئەفسەرە پلەبەرزەکان،

`

بەخێزانەکانیانەوە، گەیەنرانە هاوینەهەوارەکانی هەرێمو لەڤێلاکانا نیشتەجێکرانو هەمو پێویستییەکی ژیانیان بۆدابینکرا.

بەشیر دەسەڵاتێکی تازەی لەناوەند دامەزران هەر بەناوی هکومەتی پێشو و کاتییەوە. پۆستی سەرۆك کۆمارو وەزیری بەرگریو وەزیری ناوخۆ بۆکورد. هەمو وەزارەتەکانیتر دران بەئەرەب لەکەسانی تەکنۆکراتو مامۆستایانی زانکۆ کە زوربەیان ئافرەتبون. پۆستی سەرەك وەزیران نەهێڵرا. سیستمی دەسەڵات بو بەسەرۆکایەتی. سوپاو پەرلەمانو هیزبەکانو میلیشیاکان سڕکران. میللەت لەچەك داماڵرا. گەندەڵکاران دران بەدادگایەکی تایبەتو دوا فلسیان لێسەندرایەوەو بەسزا گەێنران بەوانەشەوە کە لەگۆڕابون. چاکسازییەکی گشتیی ئەنجامدرا. زۆرینەبرد گەلی ئیراك بوژایەوەو بێکاریو هەژاری نەماو ئارامیو ئاسایش بەجۆرێ بەرپابو کە لەسەد ساڵ پێشترەوە وێنەی نەبینرابو. وڵات بو بەدەوڵەمەندترینی ناوچەکە بەجۆرێ کە دراوسێکانی لەرزیانلێهاتو کەوتنە کلکەلەقێ بۆی. ئەم دروشمە، بو بەویردی سەرزمانی خەڵکی: **(ماکو کبیر الا بشیر)**. وەزیری بەرگری، بەبێدەنگیو نهێنی، هەمو فرۆکە جەنگیو چەکە **قورسەکانی گواستەوە بۆهەرێم بەناوی پاراستنیانو پاراستنی گیانی ئەوانەی لەهاوینەهەوارەکان** نیشتەجێکرابون!. میلیشیاو سوپاو هەمو هێزە چەکدارەکانیتر سڕکران. ئەوانە هەموی بەناوی هکومەتی تازەی ناوەندەوە. زوزو بانگەشەی یەکپارچەیی وڵات ئەکرا. بەو رێکارانە، دەمی هەمو ئەو نەیارانەی داخست کە وەك توتی هەر بە یەکیتیی ئیراکەوە ئەیانبزڕکان، بەوجۆرە دەسەڵاتی سەرتاسەری ئیراك، کەوتە دەس کورد. بۆ نا!؟ ئەی ساڵەهایەك ئەو

`

دەسەڵاتە بەدەس تورکی ئوسمانیوساڵەهایەکیش بەدەس سوننەو ساڵانێکیش بەدەس شیئەوە نەبو؟ ئیتر بەنۆرەشبێ نۆرەی ئێمەیە.

کابرای قرخن کەوتە هەڵپەڕینو وتی: وەباڵ بەگەردنم سەرۆکی چاکە. ئەی ئافەرین. خۆ قوڕیدا بەدەم هەمو دراوسێ نەیارەکانو زلهێزەکانیشا کە هەمیشە یەکێتیی خاکی ئیراکیان کاوێژئەکرد دژی سەربەخۆیی کوردستان. بیانویانی بڕی!. دەمی جلخوارە ئیراکچیە زۆڵەکەکانیشی داخست!.

## دەوڵەتی ساسانیو مادی دوەم

بەشیر موشیر هەناسایەکی شادیی هەڵمژیو بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: رێگەیان بەهەرێمێکی سەربەخۆو ئازاد نەئەدا بۆئێمە، بۆیە منیش بەمجۆرە دەوڵەتی سەربەخۆی ساسانیی دوەمم دامەزرانەوە کە ئەوە مافێکی رەوای خۆمانەو هی خۆمانبوە. مافی هەمو نەتەوەو کەمینەو خاوەن مافێکیش لەم دەوڵەتەدا ئەپارێزم. هەر نەتەوەو لایەنێکیش بەم دەوڵەتە کوردییە قایلنەبێ، ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆنیشتمانی دێرینی خۆی پێش دەوڵەتی ساسانی.

دو ئەنجومەنیشی پێکهێنا: ١-ئەنجومەنی یاسادانان ٢-ئەنجومەنی پیران کە لەئایندەیەکی نزیکا ئەرکو دەسەڵاتەکانیان دیاریئەکرێ.

لەدوا وتەیا فەرموی: ئیتر با نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی لەپێشبڕکێی داهێنانی مرۆڤانەدابن بۆرازەی مرۆڤایەتی. ئەوەیە مانای نەتەوایەتی. نوخشەبێ لەپارچەکانیتری کوردستان کە بەهەمان رێکارو بەکەمترین قوربانی، سەربەخۆییان

`

ئەنجامئەدرێ. منیش پشتگیرییان ئەکەمو ئەنجام هەمومان لەیەك قەوارەدا یەکئەگرینەوەو مژدەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی مادی دوەم ئەدەین بەگیانی دیاکۆی مەزن. ئەوەیە رێگەی رزگاریمان بەکەمترین قوربانیو زیاترین دەسکەوت.

دوای وچانێ، دەستێکی بەهێز، بەشیر موشیری بەرزکردەوەو لە بازنەی ناوەڕاستی بەهەشت دایناو لەگەڵ مریەم ئامێزانی یەکدیبون.

(رۆمانەکە تەواو)

## بەشی سێیەم

# شانۆنامەی بەشیر موشیر، بەهۆنراوە

یەکەمجار، سالی **1969** لەشێوەی شانۆنامەیەکا، بەسەرهاتی بەشیر موشیرم نوسییەوە. ساڵی **1971** رەشنوسەکەم دا بەبەڕێز کاك کەیفی کە ئێستا لەئەمەریکا ئەژیو ئەوسا فەرمانبەرێکبو لەلکی کۆمپانیای رۆنی روەك لە سلێمانی. ئەویش

`

بەخەتە خۆشەکەی، پاکنوسیکردەوە. دوایی دام بە فەرمانگەی چاودێریی چاپەمەنی لەهەولێر بەمەبەستی رەزامەنی بۆچاپکردنی. ئەوانیش دابویان بە د.ئیزەدین مستەفا رەسوڵ وەك شارەزایەك بۆهەڵسەنگاندنی، ئەویش ماوەیەکی زۆر لای خۆی گلیدابوەوەو هەمو زانیارییەکانی لەبارەی بەشیر موشیرەوە لێوەرگرتبو، دواییش بەشێوازی خۆیو و بە شێوێنراوی، کردبوی بەبناغەی پەرتوکیکی ئاڵۆزو ئەنتیکەو سوکایەتیکردن بەبەشیر موشیرو دۆستەکانی بەشیر موشیر! پەرتوکەکەی خۆی ناونا (ئوستاد)و بەناوی خۆیەوە لەچاپیدا.

رەوان شاد (جەمیل رۆژبەیانی)ی شەهید، لێیراپەڕیو وەڵامێکی خۆیئاساییانەی تەزێنەری دایەوە.

منیش چەنجارێ داوای ئەنجامم لەچاودێریکرد، کەس نەیئەزانی شانۆ نامەکەی من چیی بەسەرهاتوە! دوای **20** ساڵێ، نازانم مامۆستا ئەزیز گەردی لە چ کونێکدا دۆزیبویەوە، بە برادەرێکا بۆیناردمەوە، ماڵی ئاوابێو سوپاسی ئەکەم..

لەو ماوەی دیارنەمانەدا، جارێکیتر شانۆنامەکەم نوسییەوە، ئەمجارە بەهۆنراوە. بەڕێز کاکە فاروق حەفید گەیاندییە سوید. ساڵی **1992** لەژێر ناوی (گەورە پیاو)دا، لەگەڵ **3** شانۆنامەیترا (ئەحەی جاو، نازە، ئافرەتو نوشتە) بەهەوڵی جەمالی برای خۆشەویستمو خاتو جوان ئەبدولقادرو مامۆستا فەرهاد عەبدولقادر، لەلایەن دەزگای چاپەمەنیی رۆژ لەسوید چاپو بڵاوکرایەوەو **10** دانەیان بۆ منیش نارد، لەگەڵ رێزو سوپاسم بۆیان. جا لەبەرئەوەی، گەورەپیاو، ئەوسا دەرفەتنەبو لەکوردستان بڵاوکرێتەوە، پێمباشە، وەك بەشێ لەم پەرتوکە، بڵاویبکەمەوە.

`




**کات : ساڵەکانی 1948 – 1963**

**شانۆکە ئەکرێ بەسێ بەشەوە:**

`

١-دوكانی بەشیر موشیر- فرۆشیاری كتێبو وردەوالآو مەڵبەندی رۆشنبیران لەبەغا، لەچەپی شانۆكەدا

٢-بەرخانەقای سلێمانی- جێگەی دەمقاڵی سیاسی، لەناوەڕاستی شانۆكەدا.

٣-باخی تەكێ لەسلێمانی- كۆڕی وێژەوانو رۆشنبیران، لەراستی شانۆكەدا.

ئەكتەرەكان:

`

**بەشیر، سوجادی، وردی، گیو، مەجی**

**گوڵە: نیشتمان**

**شەماڵ: نەبەز**

**یەکە: ژیر**

**وەرزێر: مهەمەد**

**هەژدە: ئیزی**

**شەشە: چالاك**

**زریان: هەمەی مەلا**

**بەشیر بەمەقەستێ وێنەی نوسەرێکی لەرۆژنامەیەك دەرهێناوە!**

`

**كڕيارێك بەسەرساميیەوە بەهێما ئەپرسێ بۆ!؟**

**بەشیر: کاکە تۆ بۆچی سەرت سوڕماوە؟**

**هەڵبەت ڕەقابە دەریهێناوە**

**شەماڵو زریان پەیدائەبنو ئەپرسن بۆ!؟**

**بەشیر: من ئەڵێم خۆم چوم لەتارانەوە هەتا ئەستەموڵ بەپشتی پاپۆڕ**

**ئەو ئەڵێ نابێ، کوا دەریا هەیە؟ لەتارانەوە هەتا ئەستەموڵ، وەستا قسەی قۆڕ!**

**شەماڵ: چۆن چۆن مامۆستا!؟**

**کێ وتی وەستا!؟**

**بەشیر: ڕۆهەکەم وەستاش خاتری ئەوبێ، ئەو بەخۆیئەڵێ خەزنەی زانستیم**

**خەزنەی زانستی! خەزنەی تەڕەماش، گەر ئەو خەزنەبێ، ئەیباشە من چیم!؟**

**زریان: چۆنچۆن مامۆستا، من گوێملێنەبو، کێیە ئەوکەسەی تۆئەڕەنجێنێ!؟**

**بەشێر: ناوی مەهێنن، ئیتر نە وێنەی، نە سەروتاری، نابێ بمێنێ**

**ئەو ئەڵێ نابێ، کوا دەریا هەیە لەتارانەوە هەتا ئەستەموڵ**

**(لە وتەیەکیتریا وتوێتی لەتارانەو هەتا ئەنکەرە)**

`

**دەتوخوا وەرە مەمرە لەداخا! ئەوە نەیگریو بیدەیتە بەر شولْ!**

**شەمالْ: باشە لەبەرچی!؟**

**ئەی تۆ وتت چی؟**

**بەشیر: وتم رۆهەکەم تۆ نە مامۆستای، نە خوێندەواری**

**نە فەیلەسوفی، نە دەوڵمەندی، نە خەزنەداری**

**منیش ئەزانم ئێستاکە دەریای گەورەو بەرینی وەها نەماوە**

**من باسی کاتی سەفەربەرئەکەم، تۆبۆچی سەرت والێشێواوە!؟**

**شەمالو زریان پێئەکەنن. لەتەکێوە، گوڵە، ئەم هەڵبەستە ئەخوێنێتەوە:**

**لەجەژنا شادیو گڕەی دەرونم**

**تێکەڵاوئەبێو پەیامی رونم**

**ئەنێرم بۆ تۆو بۆکوردستانم**

**بۆتۆ بزەی لێو، بۆئەویش گیانم**

**یەکێك وەك شەڕەهۆنراوە، بەپیتی (م)  وەڵامیئەداتەوە:**

**مەمکە بەخاڵۆ ئەی خاوەن خاڵان**

`

دڵم زێڕێکە نایدەم بەتاڵان

نەمداوە بەکەس هێشتا ساوایە

تازە خاڵێکی خاڵی تۆی تیایە

یەکێکیکە بە(هێ) ئەڵێ:

هاتم نوستبوی مەستی خەوبینین

سەرم نایە سەر سەری سەرسەرین

بای هەناسەم دای لەکوڵمو گۆنا

رووشانیو تك تك خوێنی لێهێنا

وەڵام بە (ئا) :

ئاوێنەی دڵم خاڵی تۆی تیابێ

شاڵاوی پیری با بە ڕوما بێ

من هەر مناڵم گرِوگاڵ ئەکەم

داوای مژینی گۆناو خاڵ ئەکەم

لە بەرخانەقا، **شەشە**، لاوێکی باریکەلەیە، تۆپێکی بەدەستەوەیە کە نەخشەی جیهانی لەسەر کێشراوە، یاریی پێئەکاو ئەڵێ:

`

**شەقام بەرینە، ساڵ چلو هەشتە**

**زۆرانبازییە، یارییەو گەشتە**

**با دایمەزرێنین: گەنم گەنمێنە (یارییەکی فۆلکولۆریی کوردییە)**

**گەنم بۆکێبێ، کێکەین بە وێنە**

**بۆ گوڵی گەنم زەماوەندەو ساز**

**چ بەختەوەرێ ئەبێ بەدڵخواز؟**

**لاوێکی باڵابەرز، یەکە، ئەڵێ:**

**گەنم بۆ یەکەی، گەنم هی منە**

**گەنم لەکوێیە؟ بۆ گەنم ونە؟**

**لاوێکی تۆزێ گۆشتن، هەژدە، تۆپەکە ئەڕفێنێو ئەڵێ:**

**لاچن فڕیوە، لاچن فڕیوە**

**گەنم بۆهەژدەی، کێ گەنمی دیوە؟**

**یەکە: نابێ بۆهەژدەی**

**شەشە: ئەبێ بۆچەندەی؟**

`

**یەکە: ئەبێ بۆیەکەی**

**هەژدە: نابێ بۆیەکەی**

**شەشە: ئەبێ بۆچەندەی؟**

**هەژدە: ئەبێ بۆهەژدەی**

**یەکە: نابێ بۆهەژدەی**

**شەشە: ئەبێ بۆچەندەی**

**یەکە: ئەبێ بۆیەکەی**

**هەژدە: ئەبێ بۆیەکەی، نانا هەڵەمکرد، ئەبێ بۆهەژدەی**

**یەکە: هێی هێی هەڵەیکرد، بو بە لێفەشڕ، بمدەرێ کوا دەی**

**شەشە پەنجە بۆلای تەکێ رائەکێشێو ئەڵێ:**

**گەنم لەوێیە کێتان ئازایە،**

**با گەنم بێنێ، شایی ئارایە**

**یەکە ئەچێ لەتەکێ دەستی گوڵە ئەگرێو ئەیهێنێ بۆبەرخانەقاو لەسەر ئاوازی پۆستوئیدارە هەڵئەپەڕن. هەژدە نەڕەیەك ئەکاو هەڵپەڕینەکە ئەوەستێ.**

**هەژدە: نابێ بۆیەکەی**

`

**شەشە: ئەبێ بۆهەژدەی؟**

**یەکە: بۆچی بۆ هەژدەی؟**

**شەشە: چونکە هەژدەهەم بەرەی خۆمانە**

**یەکە: جوانە زۆر جوانە، جادەکەی پانە!**

**شەشە: هەروایە گیانە**

**دەوروزەمانە**

**یەکە: ئەی بۆچی گەنم بەپێی لێهاتن، بە بەهرە نەبێ؟**

**شەشە: نابێ نا نابێ، پێویستە گەنم هەر لەم بەرەبێ**

**مۆسیقای دروێنە ئەبیسرێ، هەژدە دەسی گوڵە ئەگرێو سەمای دروێنە ئەکەن. یەکە، نەڕەیەك ئەکا، سەماکە ئەوەستێ.**

**یەکە: من تێناگەم بۆ؟**

**ئەبێ چیبێ هۆ!؟**

**هەژدە: بۆی ناوێ وایە**

**بریاری شەشە راستو رەوایە**

**ناگونجێ گەنم بەپێی بەهرەبێ**

`

پێویستە گەنم هەر لەم بەرەبێ

یەکە: ئەی بۆچی ئێوەش بەرەی ئێمەنەنین؟

هەژدە: چی!؟ بەرەی ئێوە؟ بۆچی ئێوە چین!؟

نووسەرێك ئەچێتە بەر دوکانەکەی بەشیرو ئەڵێ:

مامۆستا هاتوم بۆ پارەی کتێب، چەنجارە من دێم پێیناوێ چیتر

بەشیر: ئتتەقی شەڕە مەن ئەحسەنتەهو، دەفەرمو ئەمەش گاگویەکیتر!

نوسەر: بۆ وامپێئەڵێی؟ من چیمکردوە، بۆچی مامۆستا؟

بەشیر: من ناهەقمبو وەهام پێوتی کە رقم هەستا؟

چیتئەوێ لەمن؟ من کتێبیشت بۆساغکەمەوەو پارەشت بەمێ!؟

ئەی ئەم یانەیە بەچی بگێڕم؟ ئەفەندی تۆبۆ تێناگەی کەمێ؟

نووسەرەکە وەك تێبگا، سەرێك رائەوەشێنێو ئەڕوا. بەشیر گرژو توڕە ئەبێ.

شەماڵ: دە گوێی مەدەرێ مامۆستای بەڕێز، ئەم خەڵکە درەنگ لەئێوە ئەگەن

**زریان**: ئەزانی بۆچی؟ چونکە فەرمانو بۆچونی ئێوە هەموی فەلسەفەن

بەشیر: کاکە شەماڵ گیان هەرئەوەنیە، من خەمم زۆرە، قەت نایە لەبن

ئەولادەکانم، نە بلیمەتن نە فەیلەسوفن، هیچیان وەکو من!

زریان: باشە مامۆستا ئەی بۆچی ئەڵێن گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە

بەشیر: لەسەر بنچینەی دایکیان رواون! لەسەری مەڕۆ، با ببڕێتەوە

ئەوە چل ساڵە خێزانی منە، ئەمڕۆ بۆمدەرکەوت کەوا کوردنیە

پەروەردەی مناڵ چۆن وەهائەبێ! بەئاگاو هۆشو دەستوبردنیە

بۆیە جوابمدا، پێی ناوێ ئیتر

نە دیاریی ئەرەب، نە شیری وشتر

هەراکەی بەرخانەقا بەردەوامە

شەشە: ئێوە لاداوی خەتی راستە ڕێن

کەس تێتان ناگا، ئێوە بەرەی کێن!

هەژدە: ئێوە لاداوی خەتی راستەڕێن

کەس تێتان ناگا، ئێوە بەرەی کێن!

شەشە: ئێوە لەدێون، درنجن، لەچین؟

بەکورتی ئێوە نەبونو هەرنین

`

بەسەرسامییەوە یەکە سەیرێکی خۆی ئەکاو لەخۆی ئەپرسێ:

یەکە: بۆچی ئێمە نین!؟

کە نەبین، ئەی چین!؟

ئەمە قۆڵمە، ئەمە شانمە

ئەمە دەستمە، ئەمە رانمە

گوێم لەدەنگمە، هۆشیشم هەیە

ئەزانم ئێستە رۆژگار کەیە

ئەوە گەنمە، ئەوە نیشانەی فەرمانڕەوایە

ئەوە دەسەڵات، ئەوە رژێمە، ئەوە یاسایە

شادی ئەنۆشم، ئەخۆمەوە خەم

بیرئەکەمەوە، کەواتە من هەم (رووئەکاتە هەژدە)

ئەگەر ئێمە نین، تۆ لەگەڵکێتە؟ تۆکێ ئەدوێنی

لەکێڵگەی کێدا، تۆوی جەنگێکی دژوار ئەچێنی؟

هەژدە: ئەزانی بۆچی تۆنابێ ببی، یابڵێین تۆنیت

`

چونکە لەمەرجی بیری زانستی، بێبەشو بەریت

شەشە: تۆهەتیوێکی بەبێباوانی ونی چارەڕەش

کوا زەویی یەکسان، ئابوری، کلتور، زمانی هاوبەش!؟

یەکە: هەمویم هەیە، جگەلەوانەش، من خۆم ئەزانم دڵنیام کە هەم

بە چەن رایەکی نازانستانەو بە قسەی ئێوە چۆن باوەڕ ئەکەم!؟

گوایە بۆچی نیم؟

ئەی باشە من چیم!؟

هەژدە: لەسەری مەڕۆ نەخێر تۆ هەر نیت

یەکە: ئەگەر من نەبم، پێمناڵێی تۆ چیت!؟

شەشە: کۆنەپەرستیت

بۆیە تائێستا نازانی تۆ چیت

ئەشێ نەزانی ئێمە بەرەو کوێ کەوتوینەتە رێ؟

هەژدە: ئێمە جیهانین، بیرۆکەی تەسکی دواکەوتوانو

کۆنەپەرستان ئەخەینە ژێر پێ

`

**شەشە: نایەڵین ئێوە ببن بەگرێ لەڕێی جیهانا**

**لەڕێی یەکێتیی بەبێگومانی کرێکارانا**

**هەژدە: ئێمە پێویستە یارمەتی هەمو گەلانێ بدەین**

**شەشە: (بەتەوسەوە) بێجگە لەخۆمان! راستە پێویستە درێغی نەکەین**

**یەکە: من چیمپێئەکرێ، خۆم کەرتوپەرتم، خۆم کۆڵەوارم**

**من جارێ بزر، من نەبیسراوم، بێ دۆستو یارم**

**هەژدە: من ناهەقمبو کە ئەموت تۆنیت؟ هەیهەی لەودەمە**

**بیری زانستی لەسەر ڕەوایە کەئەڵێ: کەمە**

**(کەمە: ئەقەلیە)**

**بانەبێ بەشی، یا بۆ زۆرینە ببێ بەقوربان**

**کە ئەو قۆناغبێ، ئەم گرێیە بۆ؟ لەڕێگەی جیهان!**

**یەکە: من وایتێئەگەم کە کردەوکۆشەم جێگەی داخنیە**

**بوونم تاسەرە، زانستیش ئەڵێ: کە قۆناغنیە**

**هەژدە: یەکە تۆدیارە زۆرئەفرێتو بەخۆت ئەنازی**

**زانستیش ئەڵێ هەتاسەرنابی تۆی بۆرجوازی**

`

**لەگەڵ ئەو ئەبیت، لەگەڵ ئەو ئەژیت، لەگەڵ ئەو ئەمریت**

**کە ئاوەهابێ بونو نەبونت، دەئیتر تۆ چیت؟**

**شەشە: بونت جۆرێکە لەقۆناغێکی بۆرجوازێتی**

**تۆ کەئاوابی، ئیتر چیتداوە لە شانازێتی؟**

**یەکە: ئێوە زۆرهەڵەن من ئاوازێکم دڵگیرو بەسۆز**

**من مەشخەڵێکم، من باوەڕێکم نەمرو پیرۆز**

**من پێش بۆرجوا، لەدایکبومو تاهەتا ئەژیم**

**من بیرم هەیە، لەشم ئەبزوێ، ئیتر بۆچی نیم!؟**

**(مۆسیقایەکی ترسناك، روناکی کزئەبێ، یەکە بەسەرسامیەوە بەچوارلادا ئەخولێتەوە، شەش کەس خاشاوڵی بۆئەبەنو ئەڵێن):**

**مرۆڤایەتین، مرۆڤایەتین**

**ئێوە نەبونو، ئێوە هەرگیز نین**

**(لە دوکانی بەشیرەوە):**

**شەماڵ: نابێ بۆ هەژدەی، ئەبێ بۆ یەکەی**

**زریان: نابێ بۆیەکەی، ئەبێ بۆهەژدەی**

`

هەژدە پێشکەوتنخوازی وڵاتە

یەکە هەر نیە، یەکە هەلاتە

شەماڵ: یەکە بۆنیە؟ یەکە ئەبزوێ، دیارە جێدەستی

زریان: ئاخر وائەڵێ بیری پێشکەوتنخوازو زانستی

شەماڵ: من یەکەم دیوە بەچاوانی خۆم

زریان: بەڵێ ئەزانم، منیش لەگەڵ تۆم

بەڵام بێ زمان، بێ خاک، بێ کلتور، ئابوریی هاوبەش

شەماڵ: ئەوانە ببن نەبن، ئەو نابێ لەژیان بێبەش

زریان: جگەلەوانە، هەژدە دیموکرات، پێشکەوتنخوازە

یەکە قۆناغە، یەکە بانەبێ، یەکە لاوازە

ئەبێ بزربێ، بۆ زوربە لاواز، یا کەمایەتی

هەژدە هەڵگری باوەڕی بەرزی مرۆڤایەتی

(گوڵە لەتەکێوە ئەم هۆنراوەیە ئەخوێنێتەوە):

ناوێکی قەبەی بەبێ ناوکە مرۆڤایەتی

`

وێڵی سەرەڕۆی بەبێ باوکە مرۆڤایەتی

یا ئەشێ بڵێین کوێرە پیاوێکە مرۆڤایەتی

یا لەڕێگەدا سوێرە ئاوێکە مرۆڤایەتی

بوکی موغازەی شۆخو قەشەنگە مرۆڤایەتی

دەنگو ئاوازی بێ بۆنو ڕەنگە مرۆڤایەتی

شمشاڵی دەمی جادوگەرانە مرۆڤایەتی

ئاواتو خەمی بێخەبەرانە مرۆڤایەتی

بەواتەی خەڵکی تاکوتەنیایە مرۆڤایەتی

کچی ئاسمانو بوکی دەریایە مرۆڤایەتی

لەخشتەبراو یا خەڕۆیەکە مرۆڤایەتی

لەبۆسەنراو یا درۆیەکە مرۆڤایەتی

سەرم سوڕماوە لەوگێلەپیاوو هەرزەکارانە

بەبێ بینینی، بێ بۆنی خۆشی ئەو پەریخانە

دڵداریی گەشی کاکەمەمێکی لەگەڵدائەکەن

`

**یا پەردەی ڕەشی تازەخەمێکی بەسەردائەدەن**

**وێنەی دەروێشی نەدیدە شێخێ هەیئەڵایانە**

**شێوەی سەرخۆشی کولاوەڕێشێ واوەیلایانە**

**ئەم تەپڵە بۆشە، ئاوازی رۆژە، یاهی شەوانە**

**ئەم مژدە خۆشە، پاداشی زۆرە یا خەموژانە؟**

**گریمان ئەمبێ مرۆڤایەتی یائەویتریان**

**هەتا ئێستاکە لەڕێکەوتیشا نەیدی کوردستان**

**نەیدی شۆخی وا، نیگای چاوێکی لێوەبباری**

**یابزەی دەمی بەرەوڕوی ئێمە جارەنەجاری**

**گێلەپیاوەکان، هەرزەباوەڕی وتاری پەتی**

**کێ لەگەڵ منو تۆ ئەکا شەڕی مرۆڤایەتی!؟**

**(لە بەرخانەقاوە):**

**یەکە: من تۆئەناسم تۆهەژدەی هاری ئەم شارە نەبوی؟**
**ئەم وانەی بەرزی مرۆڤایەتییە لەکوێوە فێربوی!؟**

**هەژدە: تۆ کلکی گەڕی ئیمپریالستی، بەرەی ماکارسیت**

`

شەشە: تۆ دژی گەلیت، دژی پێشکەوتن، تۆ دژی ئاشتیت

یەکە: نا توڕەمەبن، تۆزێ لەسەرخۆ

من وایئەزانم توڕەبون، بێ هۆ

بەڵگەی ناپاکی، یا لاوازییە

جارێ سەرەتای گەمەو وازییە

شەشە: یەکەی شۆڤێنی کردت بە وازی!؟

یەکە: من وا هەستئەکەم تۆ زۆر لاوازی

شەشە: نانا بەقوربان، من پاڵەوانم

یەکە بە ساقە، ئارامی گیانم

یەکە: دەمێکی گەرمو زمانێکی لوس، بەرەشەبایەك تۆهەرەسدێنی

گوڵو گوڵخونچەو گەڵاو پەلوپۆی نەمامی باخت هەڵئەوەرێنی!

ئنجا روئەکاتە هەژدە:

تۆش لەوەئەچێ کەوڵی ناپاکیت بۆمابێتەوە لەباوانتەوە

ئەم جرتوفرتە مۆری نهێنیی دەسەڵاتێکە بەچاوانتەوە

`

**لەدوكانی بەشیرەوە:**

**زریان: ئێمەی كرێكار بەبێ نەتەوەو بێ نیشتمانین**

**ئێمە كۆگەلین، ئێمە دانیشتوی هەمو جیهانین**

**شەماڵ: ئەمە بیرۆكەی زانستینیە، ئێوە ناڕەوا لەسەر زانستی ئەركنو بارن**

**مرۆڤ هەرچیبێ، نیشتمانیشو نەتەوەی هەیە، ئێوە نە پاڵە، نە كرێكارن**

**ئێوە ڤایرۆسی ناكۆكیی گەلن، كۆمەڵێ گرێن**

**دەردی دەرونن، خۆشتان نازانن لەچینو لەكێن!**

**ئێوەی جیهانی**

**واتان ئەزانی**

**هەمو یەك بیرو باوەڕو ڕێگەن، كۆكوئارامن، یەك راستەخەتو هێڵیجیهانین**

**ئێستا هەریەكە لەئاشێ ئەكەن، دژوناكۆكن، بڕوانە ئەلبان، بڕوانەرە چین!**

**زریان: ئەوانە دیاردەی پەلهاویشتنی ئیمپریالیستن، جا ئەوانە چین؟**

**شەماڵ: هەرگیز وانیە، ئەوانە دیاردەو بەڵگەی ئاشكران كەنەتەوەیین**

**خۆ لەوێ كەسێ بۆرجوانییە، نەدەرەبەگو نەسەرمایەدار**

شەڕی مانەوەی خودی خۆ ئەکەن بندەرەبەگو پاڵەو کرێکار

بەشیر: رۆحەکەم ئێوە شەڕی چیتانە؟

هەرمەلایەك گەر لەم رێگەوبانە

هاتو بینیتان ئێوە پێمبڵێن،

ناوشانی ئەکەم بەخەڵتانی خوێن

شەماڵ: مەلای لابەلا ئێستاکەش ماوە!

بۆچی مامۆستا، شتێ رویداوە؟

بەشیر: تۆزی لەمەوبەر

چوار فسکولبەسەر

هاتن بۆپاکەت، پارەی قەڵبیاندا لەجیاتی دینار

باقیمدانەوە، کۆڵێ پەنجایی، ئاخ لەمەلای خوار

(سوجادی کە فسکولی لەسەرایە، دێت. بەشیر گەزەکەی لێڕاستئەکاتەوە)

سوجادی: کوڕە چیئەکەی؟ بۆچی ئەمکوژی، چیتە ماڵوێران

شەماڵ: ئەمە مامۆستا عەلائەدینە، سوجادیی خۆمان!

`

بەشیر: گیانە ببورە، ناهەقمنیە

سوجادی: ئەم توڕەبونەی ئەمڕۆت هی چیە؟

بەشیر: چوار فسکولبەسەر مەلای لابەلا

پاکەتیان کڕی، پارەی قەڵبیاندا!

سوجادی: کوانێ؟ قەڵبی چین؟

ئەمانە لیرەن، لیرەی لبنانین

بەشیر ئاهێکی پیادێتەوەو ئەڵێ:

وتم موسوڵمان شتی واناکا!

ئێستاکە لیرە یەکی چەنئەکا؟

سوجادی: تۆ باسی کامجۆر لە لیرە ئەکەی؟

بەشیر: تۆش وەکو ئەوان پەنگم پێنەدەی!

تۆ ئێستا نەتوت ئەمانە لیرەن!؟

منیش ئەپرسم لیرەیەك بەچەن؟

زریان: لێیگەڕێ بۆمن، کەچومەوە شار، نرخی وەرئەگرم

لەلای خەلیفەی لفکەو بەنەخوێن، لیرەت بۆئەکڕم

`

(**خەلیفە** ناوی فرۆشیارێکی سەرپێیبو، هەر لفکەو لیرەو بەنەخوێنی ئەفرۆشت، چەنجارێ هاوارئەکا):

ئەوە لفکەیە، ئەوە لیرەیە، ئەوە بەنەخوێن

زریان: خەلیفە وەرە، لیرە بەچەندە؟ دارێژراوی کوێن؟

خەلیفە: لیرەی رەشادین، یەکی دە روپێ هیچ کەمینیە

زریان: ئەی ئەم لیرانە، ئێستا بەچەندن، بایەخیان چیە؟

خەلیفە: زریان ئەمانە پارەی لبنانین، یەکی سەد فلسە نرخی ئەمڕۆیان

بەشیر:چێ چی؟ سەد فلس!؟ چۆن دەستیانبرپیم لەمالی خۆما مەلای بێویژدان

من هەرخۆم وتم ئەم کارە جوانە

هی بێدیننیە، هی موسوڵمانە!

(لەبەرخانەقا، فرۆشیارە گەڕۆکەکان هاوارئەکەن:

شەربەتفرۆش: کەللە  تەزێنە، سەفرا شکێنە

عیللەت پەڕێنە، ئازار رەوێنە

ئەوەندە خەستە هیچ خوڕەی نایە

کاکە شەربەتی مێوژم لایە

`

**سەعەی قالەو سالەشێت**: شەکرلەمەیە حاجیبادەمە

چۆرەکی تازە، ئەوە بەکسەمە

**منداڵێک**: سالە درۆیە، سالە درۆیە

کەی شەکرلەمەو چۆرەك هی تۆیە؟

(سالە شیت مناڵەکە بەبەرد راوئەنێو فێی لێدێ)

**ئەوڕەحمان**: شیرەو شەکرە، محەلەبیە

هەتاکو نەیخۆی نازانی چیە

)گوڵە لەتەکێوە):

ئاشتیپەروەرین

دوژمنی شەڕین

بۆ کوردایەتی

گونجاوە ئاشتی

ئاشتیمان ئەوێ

کە کورد بسرەوێ

`

ئەبێ بەهێزبین بۆئەوەی ئاشتی

ببێ بەکالاّ بۆکوردایەتی

ئاشتی لای ئێمە ژێردەستینیە

ژیانی دیلی سەربەستینیە

کاتێ میللەتان ئەژین وەك برا

هەریەك بەهیواو ئامانجی بگا

هەژدە: شەقام بەرینە ساڵ پەنجاو هەشتە

زۆرانبازییە، یارییەو گەشتە

یەکە: مامۆستا رۆژباش

هەژدە: بەڵێ ئەنتەڕناش

بۆ سپی ئەکەی بە رەشو بە کەسك؟

بڵێ مەرحەبا، بیروباوەڕ تەسك!

ئەشێ نەزانی ئێمە ئێستاکە چەنێ لەپێشین

ئەم بیرە تەسکە، وازلێنەهێنی، تۆش رائەکێشین!

`

**یەکە: هەژدە کوا هاوڕێ شەشەی دێرینت؟شەشەی چلوهەشت خەریکی چیە!؟**

**هەژدە: ناوی مەهێنە، روخا، ناوی وت، ئێستاکە شەشە له ئێمە نیە**

**گوڵە: دەنگ وابلاوە بە ئەشکەنجەدان**

**هەندێ تێڕامان، هەندێکیش خزان!**

**هەندێکیش وەکو ئەزمەڕی روسور،**

**نەڕوخان، وتیان ئەڕوانینە دور**

**وردی ئەچێتە دوکانی بەشیرو بەهێما ئەپرسێ بۆچی توڕەیە؟:**

**سوجادی: دەسیان بڕیوە، بەلیرەی لبنان، کەچی بەشیر گیان**

**گەزی خەیاتیی بۆمن داوەشان، خۆم لانەدایە، سەرمی ئەشکان!**

**ئەوە ئێستاکەش لەپاشی دە ساڵ توڕەی ئەوەیە**

**بەشیر: نانا رۆهەکەم، ئەوە تێپەڕی، ئەمڕۆ هیکەیە:**

**ئەو ورگ زلە، رۆژێ هەسەنە، رۆژێ ئەوڕەهمان، رۆژێ دەوڵەمەن، رۆژێ هەژارە!**

**خۆی نەناسیوە! خۆزگە ئەمزانی ئا ئەم گاگوە کێ هێنایەناو کووچەی ئەم شارە؟!**

**وردی: مامۆستا ناسیم، فلانی شاعیر، دەسکورتو فەقیر**

`

بەشیر: وردی بێدەنگبە. پێیمەڵێ شاعیر، پێیبڵێ شەعیر

وردی: بۆچی مامۆستا

بەشیر: لێرەدا وەستا

بەمنی فەرمو: نە فەیلەسوفی، نە بلیمەتی ! کەی تۆ شاعیری!؟

وتم رۆهەکەم، ئەتۆ گەوادی، ئەتۆ ظالمی، تۆ مام شەعیری

لە بەرخانەقا، هەرا گەرم ئەبێ. کۆمەڵەی هەژدەو کۆمەڵەی یەکە سەنگەر لەیەکدی ئەگرنو قۆڵهەڵئەماڵن بۆ شەڕو لەیەکدی سورئەبنەوەو ئەیانەوێ بەیەکدیدا بدەن! گوڵە ئەکەوێتە نێوانیانەوە).

کۆمەڵەی هەژدە: هەیجۆهەیجۆیە، هەیجۆهەیجۆیە، هەژدە: گوڵەجۆ سامانی تۆیە

(هەیجۆهەیجۆ- یارییەکی کوردەوارییە)

کۆمەڵەی یەکە: هەیجۆهەیجۆیە، هەیجۆهەیجۆیە، یەکە: گوڵەجۆ شایانی تۆیە

هەژدە: هەیجۆ هەیجۆیە، گوڵە هی خۆمە، هەیجۆ هەیجۆیە

یەکە: وەرە گوڵەجۆ، شەڕی ئەمجارەش هەر لەسەر تۆیە

هەژدە: وەرە گوڵەجۆ ئابوریی وڵات، تۆ هەمو شتیت، تۆ گەشەی ژیان

وەرە گوڵەجۆ دەماری ژینم هەر لەتۆدایە نهێنیی گۆڕان

`

**یەکە: گوڵەجۆ ژیرە، گوڵەجۆ ژیرە**

**نهێنیی گۆڕان گوڵەجۆی بیرە**

**بیرە سەرچاوەی گۆڕانو ژیان**

**بیرە جیاوازیی ئاژەڵو ئینسان**

**هەردو کۆمەڵەکە هەوڵی رفاندنی گوڵە ئەدەنو لە شێوەی یاریی ئاگرەسورەدا، لەیەکتری هەڵئەدەن. بەشیر لەدوکانەکەی خۆیەوە ئەپرسێ:**

**دەنگوباس چیە، شار لەچیدایە؟**

**وردی: لەشار ئاژاوەو شەڕو هەرایە**

**بەشیر: شەڕ بە تەگبیرو شەڕ بە پای پیلان**

**من بە خاکەناز ئنگلیزم شکان**

**کات سەفەربەربو، من لەشەڕدابوم، زابت قوماندان**

**ئێمە لەمبەرو لەشکری ئنگلیز کەوتە ئەوبەرمان**

**ئەوان سی هەزار، خاوەن چەکی زۆر، ئێمە بێ توفاق، ئێمە تەنیا سی**

**یەکێك پێیوتم قوربان باڕاکەین، وتم ئەولادم نابێ بترسی !**

**خێرا داپۆشن دەسو پێو سەرو روتان بەکلکو دەمی خاکەناز**

`

بیکەن بەهەراو بەبگرەوبەردە، مارشی شەڕبڵێن بەدەنگو ئاواز

گوللە، بەر دەمی خاکەناز ئەکەوت، کاتێ دراینە بەر گوللەو دەزرِێژ

ئنگلیز شڵەژا، رایکرد، لەوساوە گلۆڵەی باری کەوتە سەرەولێژ!

لە هەمو لایەکەوە چەپڵەی بۆلێئەدەن. گوڵەش لە تەکێوە ئەڵێ:

گەلێ ئازادیی لەیادو بیربێ

خاوەنی رۆڵەی وەکو بەشیربێ

بەشیر موشیربێو کاملۆ ژیربێ

بۆ کوردستانی قەڵغانی شیربێ

ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات

سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات

لە هەر سێ لاوە چەپڵە بۆبەشیر لێئەدرێ.شەڕە بۆکسو شەڕەشەق لەنێوان دو کۆمەڵەکدا روئەدا. کۆمەڵی هەژدە، لە تەکێوە گوڵە ئەرِفێنن بۆ بەرخانەقا:

بەهێزی بازوو هێنامانەوە گوڵە بۆ هەژدە

ئامادەی جەنگین، بابێتەپێشێ ئەوەی نەبەردە

کۆمەڵەی یەکە هێرش ئەهێنن:

`

**کوانێ گوڵەجۆ کوانێ گوڵەجۆ؟**

**لاچۆ لەڕێدا بۆرێنادەی تۆ؟**

**هەژدە: گوڵەجۆ نادەین، گوڵی خۆمانە**

**ئەگەر لانەچن لەم ڕێگەوبانە**

**پەلتان ئەبەستین، راتانئەکێشین**

**پیشانتانئەدەین چەنێ لەپێشین!**

**یەکە: ئێمە لەپێناو دەنکێ گوڵەجۆ**

**لەئاگر، ئاسن ناکەین سڵو کۆ**

**شەڕو پێکدادانێکی سەخت لەنێوان دو کۆمەڵەکەدا روئەدا، گوڵە شپرزانە خۆی ئەکا بەدوکانی بەشیرا**

**گوڵە بەهەناسکەبڕکێ:**

**منیش دەربازبوم**

**بەشیر: ئەی نەگبەتی شوم!**

**هەزاران جارم پێوتن جارێ**

**شوشەی یەکتری مەهێننە خوارێ**

`

ئێوە میراتی چی بەشبەش ئەکەن!؟

لەکام پێناوا خۆ ئەکەن بەپەن!

ئێوە هەموتان وەکو کرێچین، نەبونە خاوەن ماڵێکی تەواو

ئەم گوڵە جۆیە، بۆ ئەڕەنجێنن، ئای لەناکامی! لە دڵی شکاو!

سوجادی: راستو بەجێیە

زریان گوێت لێیە!؟

بەشیر: وازی لێبێنە، ئای چەن لەداخی هەرزە گێلەکان ئەخۆم داخو خەم

جاری وا هەیە ئەگاتە تینم ئەڵێم ئێستەودوا گەورەیی نەکەم!

سوجادی: نا، بۆخاتری خوا، زویری لەکێ؟

شتی وانەکەی پشتمان ئەشکێ!

شەماڵ: ئەوە هیتلەریش جارێ لەجاران

وتی هێشتاکە گەلی ئەڵەمان

ئەوە ناهێنێ ئەو سەرۆکیبێ

بەشیر: ئەویش هەقیبو، رەحمەتی لێبێ

`

**گوڵە: گەورەیی شایەن هەر بەئێوەیە، ئومێدو کابەی ئامالی کوردان**

**مامۆستا ئەڕۆم**

**بەشیر: گوڵەخان زوە**

**وردی: گوڵە ئۆغربێ؟**

**گوڵە: بۆتۆزێ وچان (ئەڕوا)**

**ڕێبوارێك: ئێرە دوکانی وەستا بەشیرە؟ مامۆستا بەشیر کوانێ کامەیە؟**

**بەڕاستی بەرزە، نووسەری چاکە، مامۆستا بەشیر خاوەن خامەیە**

**بەشیر: فەرمو ئەولادم، بەشیر موشیرم**

**ڕێبوار: ئەڵێم مامۆستای مەزنی ژیرم**
**هەندێ پرسیاری زانستیم هەیە**

**بەشیر: دیارە نازانی ئێستە کات کەیە !؟**

**ڕێبوار: من چیمە بەسەر کاتو وەختەوە، بەڕێزت جارجار وتار ئەنوسی**

**بەشیر: بێدەنگبە، بڕۆ، من کاتم نیە، تۆ کە نازانی، بۆچی ئەپرسی!؟**

**(ڕێبوارەکە بەسەرسوڕمانەوە ڕۆی)**

**سوجادی (بە قاقای پێکەنینەوە): وردی پێبکەنە، لەچی ئەترسی؟**

`

ئەبێ بزانی ، ئەوسا بپرسی!

لە بەرخانەڤا گوڵەو یەکەو هەژدە دەرئەکەون

گوڵە: کوڕینە رۆژباش

هەژدە: گوڵەخان رۆژباش

یەکە: ئێستاکە هەژدە ناڵێ ئەنتەرناش!

هەژدە: یەکە، وازبێنە لە کای بەباچو

مەیکولێنەوە زامی رابوردو

یەکە: راستییەك هەیە ئەبێ بیزانین، رابوردو ئەبێ مێژو بینوسێ

کەسێ خاوێنبێ، لە هەڵەکانی، زویر نابێتو نابێ بترسێ

من ئێستا بۆیە لەم چیرۆکەدا، ئەنوسم مێژوی رۆژانی دێرین

هەتا نەوەی نوێ ئاگادار ببێ، بزانێ بۆچی هەڵنوتاین، کەوتین

پێشینان ئەڵێن پەند لە رابوردو

هەژدە: یەکە بەسێتی، هەرچی رۆیی، چو

بەسێتی کای کۆن، بەسێتی تانە ، نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لەخوانە

`

یەکە: من ئەگەر دەروونناسی بزانم، ئەوانەی ئەمە ناوئەنێن کای کۆن

ئەوانە هێشتا راڕاو دودڵن ، پاکنەبونەوە، هەژدە، وەکو تۆن!

تۆ راستە ئێستە لەگەڵ ئێمەدای، بەتەنیا بەلەش، نەك بە دڵوگیان

گومانم نیە دانت بۆرۆکەن، هەر هەژدەی هاری وەك جاریجاران

زریان: مادە لەپێشە، بیر بەرئەنجامی گەشەی مادەیە

مادەش هەربوە، هیچ هێزێنیە لەودیوی سروشت

سوجادی: بیر سەرەتایە، بیر پێش مادەیە، گیان پێکهێنەرو

بەرێوەبەرو گەشەپێکەری گێتیو هەمو شت

بەشیر: هەردوکتان هەڵەن، کێبێ بزانێ مریشکو هێلکە، کامیان لەپێشە!؟

رۆحەکەم ئێوە هەرای چیتانە؟ شەڕی چیئەکەن، کامەیە کێشە!؟

ئەوەی کەدیارەو ئێمە بیزانین، هەستی پێبکەین، ئەوەیە کەوا بیرو هەم مادە

هەردوکیان هەنو هەردو هۆکاری گەشەو گۆڕانی گێتیو سروشتو ئادەمیزادە

وردی: مامۆستا ئەوە دێکارتیش وایوت

بەشیر: ئەویش هەقیبو، وایە کوتومت

زریان: مادە دیالەکتیك، کارتێکردنو کارلێکردنو گۆڕینو گەشە، هەمیشە جوڵان

`

**سوجادی: بیر دیالەکتیکە**

**بەشیر: رۆحەکەم بەسە، لەداخی ئێوە منیش خەریکە جێبێڵم دوکان**

**(گیو موکریانی دێت، سروشتی وابو قسەی لەگەڵ هەرکەس بکردایە، سەری پەنجەکانی ئەدا لە لاقەپرغەی ئەوکەسە! بەشیر بەوە زۆر پەستئەبو)**

**گیو: داماوی کولۆڵ، داماوی نەگبەت**

**وردی: باسی کێ ئەکا؟**

**سوجادی: حوزنیی موکریان**

**گیو:چەند رۆژە وێڵم بۆپەرتوکێکی داماوی برام، کەچی بەشیرگیان**

**لێمتورەئەبێ، من لای شکئەبەم ، ئەو ئەڵێ نیە!**

**بەشیر: تۆ داماوداماو داماوی چیتە؟ ئەمەی بۆچیە!؟**

**کەی ئەو داماوبو؟ داماو کەسێکە لەوبەری ئاوێ**

**بە بێ قوففەبێ، مەلەش نەزانێ خۆی لە ئاو هاوێ**

**دە بیبرەوە ئەڵێی توترکی!**

**کرپیارێك: بەلا فەد شخاط وە باکێت تورکی**

**بەشیر: داماو کەسێکە بەتەنیا، پیادە**

`

**دوجانتای پێبێ لەوبەری جادە**

**ماشین رێنەدا بپەڕێتەوە**

**وردی: ئەو پاکەتکرە ئەپاڕێتەوە!**

**بەشیر: داماو بەم زاتە، بە شەماڵ ئەڵێن، ئەوە دو ساڵە لێرە ئەگەڕێ**

**دەستی ناکەوێ دوهۆدەوهەیوان، نە موشتەمەلێ، نە خانوەشڕێ**

**کڕیار: شنولموشتەمەل!؟ ئنطینی باکێت، بەڵا مەشینی، عەمی ودەعتەك**

**بەشیر: لێش طەوەلتها، ئنتە شجابەك، لوێش تدەخەل، هاذا موشوغڵەك**

**رووح ماکو باکێت، وەخر، لەك ئمشی، لاتحچی کلمە**

**کڕیار: هاذا موباکێت!؟ هاذا  تەعەدی ، ئنتە غێر زلمە!**

**بەشیر بەگەزەکەی پاڵێکی پێوەئەنێو ئەیدا بە زەویدا، کابرا هەڵئەسێتەوەو ئەڵێ:**

**کڕیار: وەڵا ئەریدە، لێش ماکو باکێت، لەعد های شنو کولله ئەمامی!؟**

**هاذا تەعەدی، هاذا ئیهانە، ئەروح ئەشتەکی، ئەلزەم محامی**

**بەشیر: ئحنا مەشغولین بگیو، بداماو، لێش ماتفتەهم!؟**

**کڕیار: یا گیو؟ یا داماو؟ منو هەذۆلە؟ ئەرید ئەفتەهم**

`

**شەماڵ: یا ئەخی، داماو، ئەدیب، صوحوفی، موئەرخ کوردی**

**کڕیار: ئی نەعەم، هەسە کولشی صار مەعلوم، ئەعروفەلوردی**

**هوە یدەرس ئیبنیلصغەیر**

**وردی: ئنته ئەبو مەن؟**

**کڕیار: ئەبوشطەیر**

**(وردی دەس لەملی ئەکاو پاکەتەکەی ئەدەنێو پاڵیپێوەئەنێن)**

*****

**(لەکۆڕێکی وێژەییدا لەتەکێ):**

**گوڵە: پورەهەنگێکی ناو دارستانێ، بەباڵ ئەفڕین**
**بۆمژینی لێو، بۆتامی خۆشی خۆراکی شیرین**

**تیایانا هەبو بزرئەبونو سەریان دائەنا لەو پێناوەدا**

**بۆپاراستنی شانەو لانەیان، بەدزیانەوە، شێرانە، ئەدا**

**نمونەی بەرزی کارامەیەتیو یاساو رژێمو لەخۆبوردنبون**

**بۆ هەرچی تامی شیرینی هەیە، بەخەندەوبزەی لێوەوە ئەچون**

**کەچی مرۆڤێ کۆڵێ شیرینیی لەسەر کاغەزێ بڵاوکردەوە**

`

پورە هەنگەکە نەچون بەلایا، بەکۆمەڵ خۆیان لێئەشاردەوە

ئەیانوت نەبا، جێگەپێو دەسمان لەهاتوچۆدا، بەسەرکاغەزا بەپێچەوانە رەنگبداتەوە

وەکوپێنوسی هەندێ مرۆڤی ئەودیوی ویژدان، لەسەنگونرخی پورەهەنگیمان کەمبکاتەوە!

لەدوکانی بەشیر:

وردی: دیارە نەتدیوە سیپارەی بەرزی رەواپەرستی

هەموی فەلسەفەو پەندو بۆچونو بیری زانستی

**وەرزێر**: کامەیە ئەوە؟ من بۆنەمدیوە نوسراوی وەها!؟

وردی: لە سیو یەکدابو کەلەچاپیدا، بەنرخو بەها

گیو: لەو ساڵەدابو کە ویستی ببێ بەوەزیری گەل

سوجادی: نەخێر، سێ ساڵێ پێش ئەو بەرواره..بۆی نەڕەخسا هەل

ساڵی بیستو هەشت هەندەینەمابو ببێ بە وەزیر

ئەمین زەکی بەگ لەگەڵ پاشادا، لەپاشی تەگبیر

وتیان چاك وایە بەتەعین نەبێ، باخۆیلێبدا

بۆپەرلەمانو، خەڵکی شار هەموی دەنگی بۆبدا

`

داخەکەم دەستیان لەویشا وەردا، واتا بەتەزویر

نەیانهێشت ببێ بەنوێنەری گەل، نەبو بەوەزیر

بەشیر: ئیتر خۆم نەمکرد. وەزیریم نەکرد، نەبوم بەنوێنەر، لە من ئەترسان

وەرزێر: زۆرزۆر چاکتکرد، مامۆستای مەزن، ئومێدوکابەی ئامالی کوردان

(پۆستەچی نامەیەك ئەهێنێ)

بەشیر: بیخوێنەرەوە ، بزانە چییە؟

من چاویلکەکەم ئێستە پێنییە

وەرزێر: ئەمە نوسراوی خوشکە هێلگایە، ئەمەشیان نامەی لۆدڤیك خانە

سوجادی: ئەم بەزمە چیە! لۆدڤیك کێیە؟

وەرزێر: کچێکی شۆخو جوانی ئەڵمانە-++-

ئەڵێ مامۆستا من سەرسامی تۆم ، وەرە بۆبەرلین

بەشیر: بێگومان ئەچم، ئێوەدانیشن، وردی بابچین

بەخەیاڵ لۆدڤیکی لێئەبێ بەمریەمو ئەکەونە دانس، مریەم کچی ئەو میر لیوایەیە کە بەشیری خەڵاتکرد بەبۆنەی نەبەردییەکانیەوە، کاتێ لەسوپای ئوسمانیدا زاپت قوماندانیبو، مریەمیش، بەو بۆنەیەوە، چەپکێ گوڵی پێشکەشکردو لەمەوە بەشیر

`

کەوتە داوی ئەوینی مریەمەوەو هەمیشە بووکی رازاوەی خەیاڵیبوو!. بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە رۆمانی بەشیر موشیر.

گیو: بەشیر مار وێران چما پێتمایە؟ ئەم کیژانەی چین!؟

بەشیر: وردی نەهاتی! گەشتێکی خۆشو پڕلەپێکەنین

وردی: مامۆستا لەکوێ؟

بەشیر: لەئەستەمولۆ مینشنو بەرلین

سەرنج: دەرهێنەری ئەم شانۆنامەیە، ئەتوانێ هەندێ دیمەنو بابەتو خەیاڵەکان لە رۆمانەکەی بەشیر وەرگرێ، وەك ئاهەنگەکەی ئەستەموڵ، بونی بە وەزیری بەرگری، خەیاڵەکەی یەکەم رۆژی زیندانیەکەی، رێورەسمی بەخاکسپاردنەکەی، پێشوازییەکەی مینشنو...هتد تێکەڵ بەم شانۆنامەیەی بکا.

گیو: ئەوە دەرێ چێ!؟ ئەو چشتانە چین

سوجادی: بە خەیاڵ ئەچێ تا ژێری زەمین!

وەرزێر: مامۆستا بەشیر سەرسامی زۆرە، لەئەوروپادا لەناو ئافرەتان

لە شاری جنێڤ مادامێ هەیە هەتابڵێی جوان، برۆنزینۆ خان

چەنجار بەنەبەز ئەڵێ، وەك تکا

ئومێدی وایە بەبەشیر بگا

`

**بەشیر: ئەیچۆن رۆحەکەم، بۆچی من وردیم!**

**وردی: وردی چیەتی، مامۆستا من چیم!؟**

**بەشیر: نانا رۆحەکەم، ئەزانی بۆچی ناوتئەهێنم؟**

**چونکە چەنساڵە تۆهەرئەنوسی: ویستم ژنبێنم**

**(ویستم ژنبێنم، ناوی نامیلکەیەکی وردییە)**

**لە بەرخانەڤاوە:**

**هەژدە: تۆ بیری کۆنی رەگەزپەرستیی لێرە ئەچێنی**

**تۆ ڤۆناغێکی، بایەخت چیە، یەکەی شۆڤێنی !؟**

**من دیموکراتیم، مرۆڤایەتیم، بۆهەمو جیهان گۆرانی ئەڵێم**

**من دژی بیرو باوەڕی تەسکم، ناپرسم لەخۆم چیبوم یاخود کێم**

**لە تەکێوە:**

**کۆمەڵەی هەژدە: ئێمە زانستین، مرۆڤایەتین، بۆهەمو جیهان گۆرانی ئەڵێین**

**ئێمە لەدژی باوەڕی تەسکین، ناپرسین لەخۆ، چیبوین یاخود کێین**

`

**باوەڕی تازەی زانستییانە، ئەڵێ: ئەبێ کەم، قوربانی زۆربێ**

**لەسەر بنچینەی ئەم بیروڕایە، یەکە بۆ هەژدە، ئەبێ پێخۆربێ**

**گوڵە: ئەی پێنوسەکان**

**ئێوە زوربەتان**

**ساڵەهای ساڵە لەدەرگای ماڵی ئەموئەو ئەدەن**

**نە خێرەومەنێ دەرگای واڵاکرد، نە کەسێ پرسیی لەسەرگۆی زەوی، ئایە ئێوەهەن؟**

**هەرلەبەربورە، بیرێکیکۆنی بەچاووڕاوو بەزەبری ئاگر، سەپێندراوی، هەندەرانی دور لەئێمەتانکرد، بە ڕۆژی تازەی پاڵەوسەپانو لانەوازانو بەچارەنوسی مرۆڤی روسور!**

**لەهەردو وەردی بەبێ ژێرخانو بەبێ سەرخانی زەویی ئێمەدا، لەبتی نەبو، بەڕیزە بتی درۆتان چەقان**

**لە ئەندێشەدا، بۆروخاندنی ئەو بتخانەیە، لەتەمومژو لەتاریکیدا، هەزاران تۆپی وشەتان تەقان!**

**لەبازاڕێکی بەبێ موغازەو بەبێ ئامێری بەرهەمی زۆرو بێ بانکی پارەو بێ سکەو زێڕو بێ سەرمایەدا، شەڕی دو چینی نەبوتان گڕدا**

**لەو پێناوەدا، بێ پرسینەوە، بەشێکی زۆری هێزو وزەتان لە کێشە گەورەی نابوتو دارا لەبیرولەشو بازوی نەتەوە، داتاشیو بڕدا !**

`

له کێڵگەی دورا چارەتان ئەدی، بەبێبایەخی لەخاکی خۆتان وردئەبونەوە

جگەرگۆشەتان ئەکرد بەقوربان ئافەرینێکی گاڵتەجاڕانە، بێ پیاچونەوە

ئەی پێنوسەکان:ئێوە ئەوانەی بونە کۆسپی ڕێ، هەلتان لەکیسی خاوەن کێشەدا

بەدوی کلاوی بابردوتانا  ویلو بزربون، سەردەمێ ژیان لەئەندێشەدا

ئێوە ئەوانەی لەچاڵی بیری تەنگەبەرتانا  ئێستاکە تاسی رەنجی بێوەریو نابەکامێتی ئەتانباتەوە

دوای ڕەوینەوەی تەمومژ لەسەر کانیو سەرچاوەی ئەو ئاوەلێڵە، ئیتر با ویژدان، ئیتر با روداو کۆتانکاتەوە

ئەی پێنوسەکان لێتان نەبێتە کوردەناموسی، وەرن پێکەوە لەگەل ئێمەدا ئەو تۆزە رەنگەی تیاتانا ماوە

بیکەن بەنەخشەی کێشەی سەرەکیی ئەوخاکوخۆڵو ئاووهەوایەی بوەونەبویان لەپێشبڕکێدا کەوتونە دواوە

کۆمەڵێ پۆلیس هەڵئەکوتنە سەر شانۆکەو بەشیر باڵبەستئەکەن. پەردەی شانۆکە دائەدرێتەوە. دوای ماوەیەك پەردە ئەکرێتەوە. بەشیر لەلایەن ئەفسەرێکەوە لێپرسینەوەی لەگەڵئەکرێ:

- ما هو اسمك؟

+ بشير المشير

- كم سنة عمرك؟

+فوق الثمانين

-ما هو شغلك؟

+رئيس قوم الكورد، وعندالايجاب كبير خياطين

-شنو شهادتك؟ باى مكان؟

+مشيرالركن ، كلية اركان

-لاى حيزب عدو تنتمى ؟ او حزب الاحباب؟

+اننى فوق اى اتجاه، ميول، واحزاب!

-الم تقل لى: رئيس الاكراد!؟

+جميع القوم، احزاب، وافراد

-ما هو حزبك؟ من هم رفاقك، مايفيدك حيەل، لا تدوخ راسى

+ ابنى، لايجوز اميل لجهة، اترك اخرين، افراد القوم كلله سواسى

-عمى اعترف، ترى اضربك، اقطع اياديك، ثم ازبك بحوض الاسيد

`

+انی ما اكذب، ماعندی وجهين، اننی بشير! اذا تقتلنی، ساكون شهيد

-انت مخبل؟ او تقشمرنی!؟ اوكلك خرة، هنا مو محل قشمر  ومزاد

+عجيب وغريب! ليش ماتفتهم؟ انت ادبسز، خرة بحلكك، ترس، يا گواد

-تعال ياجلاد، هاذا مخبل، بعد ضربه، خلی يولی، هو راح يموت! يريح بالی

ليكن درسا لكل الاكراد، جحوش ام رفاق، حزبی، مستقل، عميل عراقی،او انفصالی

(دەسئەكەن بەئەشكەنجەدانی بەشێوەیەكی درندانە، چەنجار ئەبورێتەوە، داوای ئاو ئەكا،ئاوی گەرمی بۆدێنن! پەرداخەكە تورئەدا)دوای جوێنبارانكردنی، بەرەلاَیئەكەن) پەردە دائەدرێتەوە. . پەردە ئەكرێتەوە.

گەڕایەوە دوكانەكەی

سوجادی: چیە مامۆستا؟ خەو ئەتباتەوە! یا لەخەیالاَی، ئەمڕۆ زۆرخراپ دێیتە بەرچاوم!

بەشیر: رۆحەكەم ئێستا من زۆر نەخۆشم، خەریكە ئەمرم، ئەیتۆ نازانی چەندیان لێداوم؟

سوجادی: بابا ئەزانم، خوانەكا، چیتە!؟ كوڕینە هەستن بێن بەلایەوە، ئادەی وردی گیان

راكە پزیشكێ، یابرینپێچێ بێنە بۆئێرە، باسەیریبكا، یادەرزیی لێدا، یاداوودەرمان

`

بەشیر: یاران وەسێتە، کەمردم گردی یارە جێگامبێ، لەوێ بمنێژن

ئەمجارە دەردم دیارە کارییە، کەمردم ئەسرین بۆمن مەڕێژن

لەباتی ئەسرین، بانگی یەکێتیو برایی بدەن

شەڕی ناوخۆییو ئەم چینو ئەوچین لەگەڵ یەك مەکەن

ئێوە هەموتان زۆرلێکراون

ئێوە هەموتان بێپایەو ناون

(وردی، مەجی شەیتانی برینپێچ ئەهێنێ)

**مەجی**: قۆڵت هەڵماڵە با دەرزیت لێدەم

دوایئەوە بنو ئارامو بێخەم

من کە دوکتۆری دەرزی لێدانم، کێ هەیە وەك من دەسی واسوکبێ!

هەتا ئێستاکە نەمدیوە هیچکەس، دەسی وەکو تۆ، ئاوا بێ توکبێ!

وەستا هەستە پێ، دەماری دەستت خۆیشاردۆتەوە

وەستا دانیشە.. کاکە هەڵمەسە هەرلەخۆتەوە

کێ دەستی وەکو دەستی من سوکە

بەڵام بلێمچی لەم هەمو توکە!

`

وەرزێر: کاك مەجی ئەڵێن تۆ دەرزیتداوە لەژێر زمانی دایکی رەحمەتیت، ئەویش مردوە!

مەجی: شتیوانیە، دایکم خۆی نەخۆش، خۆی پەرێشانبو، خەڵکی چوزانن دایکم کوشتوە!؟

وەستا بەشیرگیان چی تازە هەیە؟ کتێبی کوردی؟

بەشیر: وازملێبێنە، دەرزی لێنادەم ، پێیبڵێ وردی

وردی: مامۆستا، وەرزێر بەگاڵتەیەتی، مەجی چاکترین دەرزی لێدەرە

ئادەی یەکەگیان، بچۆ ژێربالی، وەرزێر خۆتلادە، دەی مەجی وەرە

سوجادی: بەشیر غیرەتێ، ئە ئاوا ئەتوت ئنگلیزم بەزان؟

مەجی: دەس بنوقێنە

وردی: وەرزێر تۆ وەرە، ئادەی یەکەگیان

تۆزێ یارمەتیی مەجیم بۆ بدەن، خۆ ئێوە کوڕن

بەشیر: وردی بەسێتی، بۆچی تۆو مەجی، گا سەرئەبڕن!؟

مەجی: دیسان هەر نەیگرت، هەر پێئەکەنن! ئێوە نایەڵن

تکایە تۆزێ دوربکەونەوەو بەجێی بهێڵن

`

**بڕی دورئەکەونەوە**

**ئێستا تەواوە، ئەها چییانکرد! وەستاگیان هەستە**

**ئادەی دانیشە، ئەم دەسەت لادە، بینە ئەو دەستە**

**نا نا ئەم دەستە**

**دە تۆزێ هەستە**

**بەرزیکەرەوە ئەو دەستەی تریش**

**بەشیر مەجوڵێ، ئنجا قاچێکیش!**

**دەی دەی بە شیرگیان، ئەو قاچەی کەشتان!**

**بەشیر:چی چی وتت چی؟ کافری شەیتان!؟**

**سوجادی: بەشیر باڵگرە، بەشیر بفڕە**

**وردی مەجیدیش وەکو خۆت شڕە!**

**مەجی: ئەڵێم هەردوکیان**

**بەشیر: ئنچەب! ئەی شەیتان**

**سوجادی: دەرزیلێدانە، یا ئاوەڕوتە!؟**

`

ئەمیش نەکوژێ ئەم شەیتانلوتە!

بەشیر: بڕۆ دەی سیکتر، دەرزیم لێمەدەن

دەرزی لێدانبو، یا کردن بە پەن !!

من کەی نەخۆشم ! جێ دارو شەقی ئەوگەوادانە

هیلاکی کردوم، سەرتاپا جەستەم ئازارو ژانە

ئەمجارە ئەمرم، بەرگە ناگرم

گوڵە: خوانەکا خوایە

وردی: ماندوی ڕێگایە

وەرزێر: نەخێر نا گیانە

هی دەرزییەکانە

بەشیر: دەرزیو مەرزیی چی! من کە گرتمیان ئەشکەنجەدرام

ئەو گرتنەبو کاریتێکردم، لەهۆشیخۆمچوم، کەوتمو گلام

مەیل دیسان مەیل دڵ پڕە لەمەیل

دڵ کەیلە لەخەم لەبەر مەیلی لەیل

`

لەیلی من وەتەن، منم مەجنونی

هەردولا توشبوین کزیو زەبونی

وەرزێر: دەی تەواویکە، هۆنراوەی چاکە

بەشیر: خەریکە  ئەمرم! لێمگەڕێ کاکە

سوجادی: دەی تەواویکە، تۆزێ پەلەکە

با هەر شەقبەرێ  ورگزلەکە

بەشیر: لەیلی من مریەم، منم مەجنونی

ئەوا من ئەمرم، ئەو بەمەحزونی

دێتە سەر گۆڕم، دەس بەگوڵەوە

بە کامی هەستو جۆشی دڵەوە

ئەڕێژێ ئەسرین بۆگەورەی کوردان

بەڵێنبێ مریەم، شاجوانی جیهان

لەو دنیاش ئەگەر زیندوبومەوە

بۆ کوردو بۆ تۆ، تێهەڵبچمەوە.

`

(زمانی لەگۆکەوتو چاوەکانی لێکناو ئەو چرایەمان کوژایەوەو ئەمیش چوە ریزی رەوانشادان!) داوا لەدەرهێنەر ئەکەم، بۆ رێورەسمی بەخاکسپاردنەکەی، سود لەوەسێتو راسپاردەکانی وەرگرێ کە لە رۆمانی بەشیر موشیرا ئاماژەی بۆکراوە.

ئەم شانۆنامەیەم لەپەرتوکی گەورەپیاوا بلاوکردۆتەوە کە لەسوید ١٩٩٢ چاپکراوە.

(شانۆنامەکە تەواو)

-----------------------------------------

`

## بەشیر موشیر لەدیدی نوسەرانو هونەرمەندانەوە

بەرێز سیروان رەحیم لەبەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا بە تێرو تەسەلی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی نزیک بە بەشیر موشیر کردوە، دەتوانن لە رێگەی ئەم لینکەی خوارەوە بینەری بەرنامەکە بن:

- بەشیر موشیر - بلیمەت (دۆکیومێنتری) - Beshir Mushir - Blimet - Documentry - YouTube

هەروەها لە وتارێکیتردا دوبارە باسی ئوستاد دەکات کە لەم لینکەدا دەتوانن بیبینن

- بەشیر موشیر؛ ناوێک دەبوو بیناسیت | رووداو.نێت (rudaw.net)

- بەڕیز شاکار ستار لەم ڤیدیۆیەدا وا ئەڕوانێتە ئوستاد

بەشیر موشیر.. ئوستادی کوردایەتی, بەشیریزم چییەو بەکێ دوترێ – YouTube

بەدەستخۆشیەوە سایتی دیپلۆماتیک مەگەزین کورتە ڤیدیۆیەکیان ئامادەکردوە لەسەر کەسایەتی بەشیر موشیرو کاریگەری ئوستاد لەسەر کەسە دیارەکانی مەیدانی کوردستان، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن لەرێگەی ئەم لینکەوە بینەری بن:

`

https://www.facebook.com/100000127156452/posts/4116072398406958/?d=n

**بەڕێز هێمن باقر لە چەند وتارێکدا باسی بەشیر موشیر دەکات،**
**لینکی وتارەکان لە خوارەوە دانراوە:**

- Diplomatic Magazine | بەشیر موشیر، ئەو سەرۆکەی ژمارەی کوردی گەیاندە 100 ملیۆن
- Diplomatic Magazine | بەشیر موشیر، دۆنکیشۆتێک بە جلوبەرگی کوردییەوە

**پەرتوکی فەلسەفەی بەشیری لەسایتی (ئەمرۆ)دا بڵاوکراوەتەوە.**
**کلیک لەسەر لینکەکەی بکە:**

https://www.emrro.com/felsefeybeshiri.htm

**بۆ پەرتوکەکە بە پ د ف کلیک لەسەر ئەم لینکە بکە**

https://emrro.com/pdf/felsefeybeshiri.pdf

`

سایتەکە ئەکرێتەوە، ماڵپەڕی کامیل ژیر بدۆزەرەوە، پەرتوکەکە ئەبینی.

لەدوا لاپەڕەدا، دو کۆڕی یارو یاوەرانی بەشیر موشیر بەدەنگی بەشیر خۆی و یاوەرانی ئەبیستری لەسەر دو ڤیدیۆ

ڤیدیۆکان

سەبارەت ئەم دو ڤیدیۆیە:

ئامادەکارو پێشکەشکاری هەردو کۆڕ: کامیل ژیر

ئامادەبوانی کۆڕی یەکەم ١٩٥٩، ناوەکان: بەشیر موشیر، کامیل ژیر، جەمال نەبەز، رەفیق پشدەری، تۆفیق وردی.

ئامادەبوانی کۆڕی دوەم ١٥/٠٦/١٩٦٠، ناوەکان: بەشیر موشیر، جەمال نەبەز، رەفیق پشدەری، تۆفیق وردی، کامیل ژیر، محەمەد احمد قادر، فازیل نیزامەدین، یوسف میران، کەمالەدین تۆفیق.

شوێن: ژورێك لە وتێلێکی سەر شەقامی رەشیدی بەغداد

`

**بەسەرهاتی دو ڤیدیۆکە: ساڵی ١٩٦٣ کاسێتی هەردو ڤیدیۆکەم نارد بۆ رەوانشاد دوکتۆر جەمال نەبەز لە ئەڵمانیا لەسەر داوای خۆی، دوایئەوەی لەبەری گرتنەوە، بۆیناردمەوە. منیش لەگەڵ هەندێ بابەتی پەیوەند بەبەشیر موشیرەوە، لەناو بۆکس فایلێکدا دامنان، بەلاّم وەك بزربوبن لێم وابو. کە دەستمدایە نوسینی پەرتوکی فەلسەفەی بەشیری، دو کاسێتەکەم دۆزییەوە. وا لەگەڵ ئەم پەرتوکەدا پێشکەشتانی ئەکەم.**

`

## سی ڤی نوسەری ئەم پەرتوکە

## CurriculumVitaeC.V

ژیر، نازناوی کامیل نیزامەدین جەلالە، لەدایکبوی**1934/12/20**لەسلێمانی، دەرچوی کۆلێجی ماف لەبەغا**1966**، هەشت کۆرس زمانی ئنگلیزیی لەپەیمانگەی ئەمریکی بۆ فێربونی زمان لەبەغاو یەك کۆرس ئەلْمانی لەپەیمانگەی گۆتە لەبەغا خوێندوە. پێنج مانگ لەجنێڤ هەولْی فێربونی زمانی فەرەنسیی داوە، سالْێك لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەبەغدا هونەری نواندنو دەرهێنانی خوێندوە. دو بڕوانامەی لەبواری کارگێڕیدا لەبەغدا وەرگرتوە، چوار بڕوانامەی رێزلێنانی لەبواری رۆشنبیریدا پێبەخشراوە،

**لە بواری ڕامیاریدا**

---

*ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بووە (١٩٤٨) بۆ (١٩٥٨) لەو بڕوایەوە کە کورد لەو ڕێگەیەوە ئەگاتە مافی چارەنووسی خۆی، بەهۆی چالاکییەکانی لەو حیزبەو ڕێکخراوەکانیدا، چەند جار زیندانی کراوە. لە خوێندن پچڕێندراوە. (١٩٥٤-١٩٥٥) گیراوەو ڕاپێچی شوعەیبە کراوە، (١٩٥٧) تا (١٩٥٨) وەك دوور خراوەیەکی سیاسی، نێردراوە بۆ ئەبو غرێب.

- دامەزرێنەرو ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد (کاژیك) بوە

`

که بۆ ماوەی (١٥) ساڵ لە خەباتی نهێنیو ژێر زەمینیدا بوە.

- پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ پاسۆکدا هەبوەو دوای ڕاپەڕین، لەگەڵ چوار هاوبیریدا، مەکتەبی سیاسی پاسۆکیان پێکهێنا.
- ساڵی (٢٠٠٤) لە دامەزرێنەرانی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان بوە.
- سەرپەرشتیاری گۆڤاری (هیوا) بوە (١٩٥٧) و (١٩٥٨) هەروەها سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی سەربەخۆیی ئۆرگانی پاسۆك بوە (١٩٩١) تا (١٩٩٣).
- ساڵی ١٩٦٣ حاکمی عەسکەری گشتی ڕەشید موسڵیح فەرمانی گرتنی بۆدەرکردوە بەتۆمەتی ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمەلا مستەفای بارزانی کڕیوە.. ئەمیش ئەڵێ: ئەگەر بمبوایە پاسکیلێکم بۆخۆم ئەکڕی!.
- ساڵی (١٩٧٤) (١٩٧٥) دادوەرو پشکنەری دادبوە لە شۆڕشی ئەیلول.
- سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان / سەرکردایەتی باشوور.

`

سەرپەرشتیاری گۆڤاری هیوا **1957،1958**، سەرپەرشتیای رۆژنامەی خەبات بەشی کوردی **1959**، سەرپەرشتیاری رۆژنامەی سەربەخۆیی **1991**تا**1993**بوە. پارێزەر لەدادگاکانی بەغاو سلێمانی. لەدامەزرێنەرانی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستانە. بەرپرسی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانە لەباشوری کوردستان. ساڵی **1954** نەفیکراوە بۆ شوئەیبەو ساڵی **1957** نەفی کراوە بۆئەبوغرێب. ساڵی **1967**هاوسەرگیریی کردوە. لەفەیسبوك بە **3**بابەت (کورتە وەڵام، دیوان، بەشیر موشیر) لەگەڵ نزیکەی پێنج هەزار هاوڕێیدا لەگفتوگۆدایە.

**-ئەم خەڵاتو رێزلێنانە کراوە:**

**1**-خەڵاتی جوانترین هۆنراوە بۆ بەهاری کوردستان **2**-خەڵاتی یەکێتیی ئەدیبو نوسەرانی کورد **3**-خەڵاتی وەزارەتی رۆشنبیریی کوردستان **4**-خەڵاتی بزاڤی رۆشنبیری **5**-خەڵاتی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان **6**-خەڵاتی رۆژنامەی خەبات **7**-خەڵاتی پێشمەرگە. ٨-خەڵاتی رێکخراوی کوردستان دیالۆك: **خەڵاتی**

**خەڵاتی رێزلێنان بە مامۆستا کامیل ژیر دەبەخشرێت**

مامۆستا کامیل ژیر، ئەدیب، نووسەر، سیاسەتمەدار و کەسایەتیی کوردستان، بەبۆنەی 50 ساڵ خزمەت بە هزری کوردایەتی، لە سلێمانی خەڵاتکرا.

رێکخراوی کوردستان دیالۆگ، ئەمڕۆ (سێشەممە، 1-9-2020) خەڵاتی رێزلێنانی بەخشییە مامۆستا کامیل ژیر. سەربەست مەنمی، سەرۆکی رێکخراوەکە لە لێدوانێکدا بۆ کوردستان24 رایگەیاند: "مامۆستا کامیل یەکێکە لەو جوامێرانەی

`

زیاتر لە 50 ساڵە خزمەت بە کورد و کوردستان دەکات، بەتایبەتی لە گەشەپێدان بە هزری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی."

مامۆستا کامیل ژیر، خۆشحاڵە بە وەرگرتنی خەڵاتەکە و گوتی "لە راستیدا من چاوەڕوانم نەدەکرد لەم کتوپڕیە رێکخراوێك من بەسەر بکەنەوە، ئەوە جێگەی شانازییە و خۆشحاڵم."

ئەمڕۆ ساڵێك تێدەپەڕێت بەسەر دامەزراندنی رێکخراوی کوردستان دیالۆگ، کە رێکخراوێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، کۆمەڵێ گەنج لە پایتەختی رۆشنبیرییەوە دایانمەزراندووەو بەگوتەی سەرۆکی رێکخراوەکەش لە ماوەی ئەمساڵدا چەندین چالاکی کولتووری و فەرهەنگیان ئەنجامداوە

`


خەبات


کوردستان
Kordistan Journalist's Syndicate
لقی سلێمانی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

`



حکوومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پێشمەرگە
فەرماندەیی سلێمانی- یەکەی ٤٨

«خەڵاتی پێشمەرگە»

بەڕێز/ مامۆستا کامیل ژیر

لەپای ئەو هەوڵ و کۆشش و شەونخونی و ماندووبوونانەی ساڵانێکی زۆر لە پێناو نەتەوەی کورددا کێشاوتانە، وەک پێشمەرگەیەکی ئاسا تەمەنێکی پڕ لە سەروەریتان بەخشیە نەتەوەکەمان و خزمەتگەلێکی بەرز و بەنرختان پێشکەش کردووە، بەناوی سەرجەم پێشمەرگەکانمانەوە دەستخۆشیتان لێدەکەین.. هەر لەو سۆنگەیەشەوە بڕیارماندا ئێمەی پێشمەرگە رێزتان لێ بنێین و، وەک پاداشتێکی شۆڕشگێری خەڵاتی شایستە بەخشینە کەسێکی شایستە بەناوی «خەڵاتی پێشمەرگە»، کە بەرزترین خەڵاتی شۆڕشگێریە لە کوردستان.

لەو سەروبەندەیشدا بەڕێزتان دەستنیشان کران لە لایەن بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی فەرماندەییمان ( فەرماندەیی سلێمانی- یەکەی ٤٨ )، سەر بە یەکەکانی ( ٨٠ )، ئەم خەڵاتە ناوازەیەتان پێشکەش بکەین. هیوادارین لەمەو دوایش درێژە بە رەوتی کاروانی رۆشنگەری و بیری کوردایەتی و نەتەوەپەروەری بدەن و بە پێشووس و هێز و بیری گەشتان نەوەکانی نەتەوەکەمان پەروەردە بکەن لەسەر بنەمای هزری نەتەوەیی و زانست و زانیاری و رۆشنبیریەکی گەشەدار..

دووبارە سوپاس و پێزانینمان ئاراستەتان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین..

مەلا عەلی زیناکۆ
فەرماندەی فەرماندەیی سلێمانی



خەڵاتی جوانترین هۆنراوە
بەسەر بەهاری کور دستاندا
درا بە هۆنراوەکەی
کامیل ژیر
1957



بۆ کامل ژیر

خزمەتی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی مەزنترین میدالیای هەرە بەرزی ژیانی ئێوەی کردە دارییمانە.. یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد بە بۆنەی سێیەم میهرەجانی شیعری کوردییەوە، قەدرزانی و رێزگرتنی ئێوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ چونکە ئێوە برادەری رۆژنامەی بوون لەم رێگە بیرەوەرەدا کە خزمەتی چاکی گەل و ئەدەبی کوردیتان کردووە.

ئێوە سەربەرزی و تەمەن درێژیتان بۆ دەخوازین

یەکێتی
ئەدیب و نووسەرانی کورد

١٩٨٦-٩-١١

`



له كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نیدا ده‌سه‌ڵاتی رۆشنبیر به‌رجه‌سته‌ده‌بێت

هه‌رێمی كوردستان
وه‌زاره‌تی رۆشنبیری
بزاڤی رۆشنبیری له سلێمانی

رێكه‌وت: 22 / 2/ 06

بۆ به‌ڕێز/ كامیل ژیر

ڕۆژ: 2006/2/23
شوێن: هۆڵی سلێمانی – ته‌نیشت سه‌نته‌ری گه‌نجان
كات: 10:30 سه‌رله‌به‌یانی
3:00 پاش نیوه‌ڕۆ

بزاڤی رۆشنبیری له سلێمانی



حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان
Kurdistan Regional Government

MINISTRY OF CULTURE — وه‌زاره‌تی رۆشنبیری

رێزنامه

به‌ڕێز/ كامل ژیر

له‌گه‌ڵ چوونه‌ بۆ ساڵێكی نوێ و به‌رده‌وامبوون له‌سه‌ر جێبه‌جێكردنی بڕیاری سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران ژماره‌ (٨٦)ی تایبه‌ت به‌ ڕێزلێنانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌ نووسه‌ران و هونه‌رمه‌ندان، خۆمان به‌رچاوی به‌ڕێزتان له‌ ئاستی به‌رهه‌مه‌كانتان به‌رز ده‌نرخێنین و هیوای سه‌ركه‌وتن و به‌رده‌وامیتان بۆ ده‌خوازین.

فه‌له‌كه‌دین كاكه‌یی
وه‌زیری رۆشنبیری

به‌رهه‌مه هزرییه چاپكراوه‌كانی:

1. ئافره‌ت و نوشته‌، شانۆنامه‌- كوردی **1956** چاپی به‌غداد
2. نازه‌نین، هۆنراوه‌(شێعر) كوردی **1957** چاپی به‌غداد
3. كوردایه‌تی، هۆنراوه كوردی **1960** چاپی به‌غداد

`

4. جوانی، هۆنراوە، کوردی 1983 چاپی سلێمانی
5. گەورەپیاو، شانۆنامە کوردی 1992 چاپی ستۆکهۆل
6. هەڵبەستەکانی ژیر، هۆنراوە،کوردی 1993 چاپی ستۆکهۆلم
7. کوردایەتیودەوڵەت، توێژینەوە،کوردی 1994چاپی ستۆکهۆلم
8. افكار، توێژینەوە، عەرەبی 2002 چاپی سلێمان
9. کوردایەتیوسەربەخۆیی،توێژینەوە،کوردی 2002چاپی سلێمانی
10. کوردایەتی بیروبزاڤە،توێژینەوە کوردی 2006 چاپی سلێمانی
11. کوردایەتیو گەندەڵی، چیرۆك کوردی 2008 چاپی سلێمانی
12. کوردایەتیو جوانی، هۆنراوە کوردی 2010 چاپی سلێمانی
13. کاژیك،وەڵامی62پرسیاری هەڵۆبەرزنجەیی، کوردی2014چاپی ئەلەکترۆنی
14. داستانی بەشیرموشیر، کوردی 2014چاپی ئەلەکترۆنی
15. باخچەی هۆنراوەکانم، کوردی 2020 چاپی ئەلەکترۆنی
16. فەلسەفەی بەشیری ، کوردی 2021 چاپی ئەلەکترۆنی
17. کوردایەتیو دژەناوخۆییەکان، رەخنە، کوردی2015چاپی ئەلەکترۆنی
18. یادەکانم، بیرەوەری، کوردی 2021 چاپی تاران
19. هەندێ پەراوێزی کاژیکنامە 2021 چاپی تاران
20. بەشیر موشیر ئەو سەرکردەیەی نە درۆیکردوە نە راستیوتوە

**بۆچاپ لەئایندەدا:**

21. حوار مع الذات- عەرەبی
22. بەشی دوەمی یادەکانم
23. باخچەی سەرجەم هۆنراوەکانم

`

24.کورتە وەڵامەکان

25.سەبارەت سەربەخۆیی کوردستان.  سمینارێك لەکۆڵن

- :

لێدوانێکی کورت بۆ هەندێ لەبەرهەمەکان: (کوردایەتی و جوانی): بە گشتی بەهاکان (قیم) ی کوردایەتی و جوانیی ڕەوشت و جوانیی سروشت و جوانیی ئافرەتی لە خۆگرتوەو بریتییە لە ژمارەیەك هۆنراوەی تازەو هەندێ هۆنراوەی هەڵبژاردە لەکۆمەڵە هۆنراوەکانی پێشو کە لەم ڕۆژگارەشدا، هەمان گیانو گوڕو کاریگەرێتییان تێدایە. لە ئاستی وێژەیشدا، هەمان گیانو گوڕو کاریگەرێتییان تێدایەو، هەمان قورسایی خۆیان هەیە. دیوانەکانی پێشوش، لە بازاڕدا نەماون، بۆیە لێرەدا چاپکردنەوەیان بە پێویست زانرا.

کوردایەتی و کۆمیدیای گەندەڵی: بریتییە لە بیست کورتە چیرۆکی ڕامیاری لە بەرگێکدا بە شێوازی لاکرتی (سخریە، ساتیر) بەو گەندەڵیانەی لە دەسەڵاتدا بەربلاون. (٢٠٠٨) لە سلێمانی چاپکراوە.

کوردایەتی بیرو بزاڤە: بریتییە لە برێك باری سەرنجو بیرەوەرییە سیاسییەکانی نوسەر لە نێوان (١٩٤٨-١٩٩٤) دا وەك وەڵامدانەوەش بۆبەڕێزان: شۆڕش قادر، هیمدادی حسەین، گۆڤاری تایم، گۆڤاری جەماوەر، گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی، ڕۆژنامەی هاوبیر، عەتا قەرەداغی، د. جەمال نەبەز، د. عوسمان بەرزنجی، زانیار قرگەیی، ئاسۆس هەردی، کاندێش، ڕۆژنامەی هەواڵ، ڕۆژنامەی رایة الحریة، سیروان کاوسی، مەلا بەختیار، چێنەر جۆلا، بۆتان

`

جەلال، هەروەها هەندێ پەرچدانەوەشی گرتۆتە خۆ بەرامبەر بەڕێزان: فریاد ڕەواندزی، د.کوردۆ عەلی، شێرکۆ بێکەس، ڕێبین هەردی، د.کەمال مەزهەر، ئەحمەد حامیدو د.حسەین محەمەد عەزیز، لەگەڵ شەش بابەت: بارزانیو کاژیك، خاوەن فایلەکان، گەمەی عێراق، دەستوری کوردستان و عێراق، کێشەی کوردو یاسای نێودەوڵەتی، خۆپیشاندانەکەی ١٤/٢/٢٠٠٤ و شتی تریش. (٢٠٠٦) لە سلێمانی چاپکراوە.

کوردایەتی و سەربەخۆیی: لەم پەرتوکەدا، سەرەتا پێناسەی کوردو کوردستانو کوردایەتی ئەکات. زانستیانە هانی بزافی کورد ئەدات کە لەبازنەی سەپاو دەرچن. لەهۆی نەبونی سەربەخۆیی ئەدوێ. وەڵامی پرسیارەکانی هۆی سەرنەکەوتنی میرنشینیەکانو حکومەتەکەی شێخ مەحمودو کاژیکو پاسۆك ئەداتەوە. ئەو راستییە ئەسەلمێنێ کە پێکەوەژیان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا، بەهەر ناوێکەوە، ئەستەمە. ئەڵێ سەرکردایەتی پارتییە کوردییەکانی ئێستا لەئاستی هەلومەرجی سەربەخۆیدا نین. نەخشەو بەرنامە بۆسەربەخۆیی کوردستان دائەنێو هەمو ئەگەرەکان لەوبارەیەوە ڕەچاوئەکا. لەدەرگای هەندێ بابەتیکەش ئەدات (٢٠٠٢) لە سلێمانی چاپکراوە.

أفكار: كتاب باللغة العربية. يردفيه، بشجاعة وأقتدار، وبأحدث الأفكار على آراء عدد من الباحثين الذين ينظرون إلى المسألة الكوردية بمنظار ظاهره التعاطف وباطنه التظليل قصدا أو جهلا. كما يصحح آراء عدد آخر من الكتاب المخلصين لهذه المسألة. ثم يأتي بآرائه الموضوعية لأنشاء وتنظيم الأمن القومي والرأي

`

العام فى كوردستان. كما يأتى بحل واقعى للعقدة المستعصية لأعادة توحيد الأدارتين فى جنوب كوردستان. ثم يلقى الأضواء على جملة من المفاهيم الخاطئة السائدة فى عقول مغلقة بسبب مؤثرات قرون من الأحتلال والأضطهاد التى نتج عنها سيلا من مركبات النقص والخوف والخجل والأنحراف وعدم الثقة بالنفس أضافة إلى ابحاثه القانونية لأصلاح النظام القانونى فى كوردستان مع الترجمة الكوردية لبعض المصطلحات القانونية المتداولة فى المحاكم وغيرها من المواضيع. طبع الكتاب فى (٢٠٠٢) فى السليمانية.

كوردايەتیو دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆ: ئەشێ بڵێین ئەم پەرتوكە كە لەبنكەی چاپەمەنی ڕۆژ لەسوید- ستۆكهۆڵم ساڵی (١٩٩٤) لە (١٠٧) لاپەڕەدا چاپیكردبو، چاپی یەكەمی پەرتوكی (كوردایەتی و سەربەخۆیی)ە كە لەسەرەوە ئاماژەی بۆكراوە، لەگەڵ هەندێك جیاوازیو دوای ئەوەی هەندێك بابەتی نوێی خرایەسەر.

هەڵبەستەكانی ژیر: كۆی هۆنراوەكانێتی، تا ساڵی (١٩٩٣) كە دەزگای چاپەمەنی ڕۆژ لە سوید كۆیكردبووەوەو لە (٤٢٨) لاپەڕەدا چاپیكردوە لەتەك توێژینەوەیەكدا بەناوی (پراوەكانم لە هەڵبەستداو وانەیەك لە بارەی هەڵبەستەوە). كە بەهەردوكیان (٤٦٣) لاپەڕەی گرتۆتەوە.

گەورەپیا،: بریتییە لە سێ شانۆنامە بەهۆنراوە. لەتەك چاپی دوەمی (ئافرەت و نوشتە) كە ئەمیش هەمان دەزگا لەسوید لە (١١٧) لاپەڕەدا چاپیكردوە:

`

١-شانۆنامەی یەکەم (ئەحەی جاو) بە شێوازێکی کۆمیدی لەبارەی ئەو پیاوەوەیە کە لەسلێمانی هەندێ کەس پێیانئەوت (شێت!) هەندێکیش پیانئەوت (وەلی!).

٢-شانۆنامەی دوەم (نازە) کێشمە کێشێکە لەنێوان بەگو جوتیارو ڕۆشنبیرو دەوڵەمەندو پزیشکو پیشەسازو ئەندازیارو تێکۆشەرو گێرەشێوێندا.

٣-شانۆنامەی سێیەم (گەورە پیاو) بەشێوازێکی کۆمیدی لەبارەی بەشیر موشیری ناودارەوەیە. شیاوی وتنە، ئەو بەرهەمانەی لە سوید چاپکراون، ژمارەیەکی کەمیان گەیشتنە کوردستان.

جوانی: تایبەتە بەو هۆنراوانەی لەبارەی جوانیی ئافرەتەوە وتراون. (١٩٨٣) لە سلێمانی چاپکراوە.

کوردایەتی: تایبەتە بەو هۆنراوانەی لەبارەی کوردایەتییەوە، ساڵەکانی (١٩٥٨) تا (١٩٦٠) وتراون، لەتەك پێشەکیەکی د،جەمال نەبەزدا.

نازەنین: یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەکانێتی کە لەنێوان (١٩٥٤) تا (١٩٥٧) وتراون.

ئافرەت و نوشتە: شانۆنامەیەکی کۆمیدییە، ساڵی (١٩٥٦) چاپکراوەو لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان لەسلێمانی نمایشکراوە.

`

کوردایەتیو جوانی : هۆنراوەکان تا ساڵی ٢٠١٠ لە ٤٠٢ لاپەڕەدا .

یادەکانم ١٩٣٤ — ٢٠٢١ لە ٥٠٣ لاپەڕەدا. پێشتر بەچاپی ئەلەکترۆنیش بڵاوکراوەتەوە.

کوردایەتیو شاڵاوی دژەناوخۆییەکان بەهاوکاریی ب هەندرین، ،

باخچەی هۆنراوەکانم لەدیدی هاوڕێیانەوە. بەچاپی ئەلەکترۆنی:

کورتە وەڵامەکان لەفەیسبوکو لەسایتی ئەمڕۆ بڵاوکراوەتەوە

پرسیارەکان تینوی وەڵامن بەهاوکاریی هەڵۆ بەرزنجی

ژمارەیەك دیمانەی تەلەفیزیۆنی.

لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستانا-سمینارێك لە کۆڵن-ئەڵمانیا، بۆ رەوەندی کورد لەکۆڵن بەئامادەبونی د.جەمال نەبەز، د. جەواد مەلا، د.حسەین حەبەش، بروسکە ئیبراهیم، ئیرمگارد، چیا ژیر، نەجات ماروف، شنە ماروف. ٢٠١١/٨/١٣

`

`

`

`

`

`